313

# ڕامان

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی چوارەم/ ساڵی بیست و شەش/٥ی ١١ی ٢٠٢٣



- **خاوەنی ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیڤ و پۆرتریت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام

**ناونیشان/ هەولێر ـ میدیا سەنتەر**
**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net**
**ژمارە مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە) / 07504494662**
**(دەرەوە) / 009647504494662**
**پۆستی ڕامان: sarkautwali@yahoo.com**



**چاپخانەی ڕۆکسانا/ هەولێر**
**نرخ/ ٧٥٠ دینار**

## ناوەڕۆکی ڕامان


● دەق

- پەنجەرە ئاوییەکان/ ئەحمەدی مەلا/ ٣
- تیشکە خۆڵەمێشییەکان/ عەبدوڵڵا سلێمان مەشخەڵ/ ٦
- کارێک بکە/ محەمەد فائق/ ٨
- خربەڕۆژک/ خەجێ ئۆمەری/ ١٠
- ڕاڤە/ لە ئەڵمانییەوە: زانا خەلیل/ ١١
- شەقامی بێ کۆتایی/ موختار کەریمی/ ١٤
- سنوور/ لەیلا نوور/ ٢١
- پشیلەی خۆرهەڵات و پشیلەی خوراوا/ محەمەد کەریم نانەوا/ ٢٥
- مەریەما فلەهـ/ فەلات دلگەش، تیپگوێزی: هێمن عومەر خۆشناو/ ٢٩
- مۆتەکە/ فرووغی فەروغزاد، لە فارسییەوە: خالید فاتیحی/ ٣٢

● هەڤپەیڤین

- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ هونەرمەند (نەوزاد مەجید)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ ٣٦

● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

- پێوەندی بنەماڵەی خادم السجادە لەگەڵ هەریەک لە مەولانا خالید و نالی و حاجی دا/ پ. د. عوسمان دەشتی/ ٦٢
- بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری گرایس لە تەنزی کوردیدا/ ئاشنا فەرزەندە خدر/ ٦٩

● دەق و ڕەخنە

- خوێندنەوەیەک بۆ شیعری سیفری هەڵفڕین/ دەق: یوونس ڕەزایی، ڕەخنەی: محەمەد ڕەمەزانی/ ٧٨

● هزر و فەلسەفە

- فەلسەفەی هزری ئیسلامیی سەردەم/ پ. د. حەمید عەزیز/ ٨٣

● وتار

- ڕازی دەق/ حەمەکەریم عارف/ ٩٣
- سێ هەنگاوی مەزن/ محەمەد ئەدیب/ ٩٩
- شەش خاڵ لەسەر لاس و خەزاڵ/ فەرامەرز ئاغابەیگی/ ١٠٦

● زمانزانی

- پڕکردنەوەی زمانی، لە سەروبەندی ئاخاوتندا/ عومەر عادل عەبدوڵڵا/ ١١٢

● مێژوو

- ڕەچەڵەکی کورد «توێژینەوەیەکی زانستی فرەپسپۆڕی»/ لە ئینگلیزییەوە: هەڵکەوت محەمەد پشدەری/ ١٢٠

● هونەر

- ئیستێتیکا و تەکنیکی دراماتورگی لەلای میرهولد/ د. فازڵ جاف/ ١٣٢
- ئاواز و گۆرانی هەورامان، لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ بەردەوامە/ دارا هەورامی/ ١٣٦

● خوێندنەوەی کتێب

- ڕەهەندی پەروەردەیی لە ڕۆمانی «بەندەر فەیلی»دا/ م. بەڕێز عەباس عەلی/ ١٤٢
- خەیاڵی مێژوویی لە ڕۆماندا «سەبارەت بە ڕۆمانی لەمێژە مردبووم»/ داستان بەرزان/ ١٤٨

● نامە

- چەپکێک نامە... / ئا: سەرنووسەر/ ١٥١

● بە باڵابڕین

- لە هەر ژمارەیەکی (ڕامان)دا، ئەوانەی بابەتیان بڵاودەکرێتەوە، هەڵگری بیروڕای جیاوازن/ ئیسماعیل بەرزنجی/ ١٥٩

● سووکە لەنگەر

- پرۆژەی ساغکردنەوەی دیوانی شاعیران، لە ڕوانگەی عەرووزناسییەوە/ د. یادگار ڕەسووڵ باڵەکی/ ١٦٠

# پەنجەرە ئاوییەکان

ئەحمەدی مەلا
(ئیسپانیا)

بە جەستە کتێبی ڕەش و سپی دەکەینەوە، کتێبی گەورە و بچووک، کتێبی پیرۆز، سوورەتە کورتەکان، سروودی هەوەڵینن:

**سوورەتی یەکەم:**

چیامان گوشی وەک سیپاڵێکی هەڵگەچرا (چیاش وەکوو خۆی) بە تونێل دڵیمان هەڵدڕی. چیا بوو بە کۆلارە، سووک سووک بەسەرمانا هەڵدەفڕی، باشووکەکان گەڕانەوە، بە دەنووک سەریان هەڵدەکۆڵین، لینجاوی مێشکیان قووت دەدا. چیا گریا، دەیگوت بریا ئاگرێک سەری هەڵگرتبام. ڕووتەکان گەڕانەوە، دوای ئەوەی چیایان بەردباران کرد، ئاگریان لە هەناوی خاک بەردا. سروشتی گیرخواردووی نێو قەفەزەکان، کۆنترین عاشق هاتە زمان، بە دەنگ تابلۆیەکی نووسییەوە، پەڕ دەبوونە گەندەموو، خۆڵی ژێر پێمان وەک گەردەلوول، بەرەو ئاسمان لوولی خوارد، هێلانەکانی خاپوور دەکردین.

**سوورەتی دووەم:**

ئاڵامان بەرز ڕاگرت، لە بەر سێبەری نەوتا گیرساینەوە. بە موولوولەکانمان هەڵگەڕا، پڕ چاوی لە قەوزە کردین. لەشمان دادەچۆڕی وەک هاوینێکی بێ مۆڵەت، بەسەر شۆستەکاندا خاو بووینەوە وەک ئومێدێکی بێ پەروا، دەست لە لایەک، پێ لە لایەک، زارمان هەڵدا، کەوتینە بیرێکی قووڵەوە. نە دەنگ دەبێتە زەنگ، نە ڕەنگ جارێکی دی دێتە دەنگ...
ڕمەکانمان هەڵدا لە دە لاوە چەقینە دڵمان.



**سوورەتی سێیەم:**
خۆر ئاوا بوو
ئاوا بوو خۆر
شەو و ڕۆژ پێچرانەوە...

**سوورەتی چوارەم:**
خوداوەندم بینی زویر... هەنییەی سووتاو، بە بێ گورز هەڵدەگژا بە کۆسارانا... وێڵ و عەودالٚ، سواری بەلەمێک بوو لە ئیجەدا ون بوو لە پێش چاوی هەموومانا.

**سوورەتی پێنجەم:**
بەڵێ، ئەمەی دەگوترێت، ڕووی داوە، ڕوو دەدات.
هەڵهاتین: لە پەنجەرەکانەوە، لە دەرگاکانەوە، لەسەربان و حەوشەکانەوە، هەڵهاتین بە کۆمەڵ، بە تاقی تەنیا، دەستە دەستە، بە پێخواسیی، بە کڵاشی هەورامانەوە، بە کلێتە و هەوری هەورامانەوە، بەو کەمە هەورەی کە ها بە سەرمانەوە، بە گۆزەی بەتاڵەوە، بە گۆزەی دڵ لەسەد لاوە شکاوەوە، بە بەرماڵی گۆشەگۆشە، بارستایی مەرقەدمان لەسەرشان، بەسەر گۆڕەکاندا ڕامان دەکرد، خانووەکانمان سووتاند، بەردمان هەڵدایە کانییە وشکەکانەوە، ڕیشمان بەردایەوە، کەوشەکانمان لە لۆچی کتێبەکاندا شاردەوە، گوڵی سیسەوەبوومان لە بسکمان دا، لەبەر دەرگای مزگەوتەکانی نیودەلهی، لەسەر سەکۆکانی لەندەن، لەگەڵ قەوزەکانی ڤینیسیا، لە قاوەخانەکانی گەڕەکی لاتینی، لە ڕۆما، لە ئەمێستردام، لە کۆنە شارەکانی ژنێڤ، لە کۆردوبا...چوارمەشقی دانیشتین بیرمان لەگەڕانەوە دەکردەوە... وەک کۆترێکی بەچکە توڕدراو هەڵتووتاین... مووی ڕوحمان سپی بوو، بە نینۆک گۆڕمان لە نێو قسەکانماندا هەڵکۆڵی، گۆڕێکی گەرموگوڕ وەک بۆنی نیشتیمان.

**ئایەتە ونبووەکان:**
کە گۆزەکانمان شکاند، تۆماری لوولدراومان دۆزییەوە، بە خەتی ئاویی باسی سروودەکانی دەکرد.
دەیان ئایەتی فەرامۆشکراومان دۆزییەوە.
توێکڵە تووڕەکەی خاکمان هەڵدایەوە، ڕەشەبایەک هەڵیکرد، هەورەتریشقەیەک شارۆچکە شاراوەکانی ژێر خاکی ڕۆشن کردەوە.
یەکێک چوارمەشقی دانیشتبوو، پەڕەمووچێکی بەدەستەوە
چاوەکانی سپی بوون وەک گەچی خوساو
شارێکی لە ناو لەپ هەڵگرتبوو
لە لافاو و لەهی ڕزگاری کردبوو
منیش
وەک ئاوارەیەکی هەمیشەیی
بە گۆچانێکەوە
لە شارێکی بێ ناوەوە
لە خۆرهەڵاتێکی بێ خۆرەوە
پڕ گیرفانەکانم ئەستێرەی وردوخاش بوو
بە پێی پەتی
لە ئاو دەگەڕام
هیچ دەمارێکم نەبینی شینایی تەڕی کردبێ
هیچ جۆگەلەیەک نەبوو یادەوەریی تیا شین بووبێ
هیچ لاپەڕەیەک نەبوو یەک دوو کانی لەسەر پشت هەڵگرتبێ
هیچ دەلاقەیەک نەبوو دوو کتێبی لەسەر شان
هیچ پەنجەرەیەک نەبوو گوڵێکی پەژموردە سەری بۆ دنیا شۆڕکردبێتەوە
هیچ تەڕاییەک نەبوو بۆنی مەرەکەبی لە دڵا بێ
هیچ وشکاییەک نەبوو مێژووی ڕۆشنایی لە هۆشیا بێ
هیچ ئەشکەوتێک نەبوو  تاژییەک پاسەوانی بێ
هیچ ئاهێک نەبوو لە تیانووسێ هەڵگیرابێ....
بە گریانەوە
خۆڵ دەباری

خۆڵی نارنجی وەک توێکڵی نارنج
زەڕاتی ژەهر بوون دەڕژان و دەڕژان
بە دوا تەقینەوەکەی دەکرد...

شەڕی بەرکەوتنی خاک و مادده بوو
شەڕی تێسرەواندنی بێ دەنگی و قیژە
شەڕی مەرگ بوو لە ناو مەرگا
شەڕی سڕینەوەی دوا سڕینەوە
شەڕی دوا گوند و
یەکەمین گوندی دنیا
شەڕی بێدەنگی و دەنگی چەپێنراو
شەڕی زەنگوڵە ئەسرینی سوێراو
شەڕی نێوان شەڕ و شەڕ بوو
بوو بە دوا شەڕی ئینسان!

**نهێنییەکان:**
یەک ڕچە مابوو
کە لەسەری نووسرا بوو:

ئەمە سەفەری بێ گەڕانەوەیە
هەموو ئاوڕدانەوەیەک گڕ تێپەربوونی مێشکە
هەموو لادانێک خەرەندێکە
هەموو شوێن پاژنەیەک مۆرێکە
هەموو هەنگاوێک ئاوابوونێکە
هەموو وەستانێک تیاچوونێکە
هەموو چرکەیەک فەنابوونێکە
هەموو هەستێک سووتانێکە
هەموو ئاهێک شکۆفەی حەسرەتێکە
هەموو نیگەرانییەک داخێکە
ناڵێکی داخکراوی نەخشی ناوچەوانێکە

ئەمە دوا سەفەری بێ مەتارەیە
هەر دڵۆپە ئاوێک خەونێکە
هەر نەسیمێک کولانەوەی برینێکە
هەر نەشئەیەک خورپەیەکە

هەر خۆرئاوابوونێک نسکۆیەکە
هەر هەڵاتنی ستارەیەک گومڕابوونێکە
هەر خەونێک ژانێکە وەک قەوانێکی ئەبەدی
لە سەر دیسکی بێ ئومێدی بخولێتەوە....

ماڵئاوا ئەی خاک!
هەموو گرێکوێرەکانت
گوریسێکی شۆڕبووەوەن
لە بنمیچی دڵەوە تا شۆرەکاتی شوێن.
هەموو وشکاییەکانت
تەڕایی بوون لە دەلاقە بێ ئاسۆکانی ئاسمان.
هەموو هەڵەتەکانت بیرەوەریی بوون
وەک کانییەکی ئاگرین
بە بێ وچان لە هەناودا هەڵدەتۆقین.
هەموو شۆڕبووەوە و بەزینەکانت
بەیداغێک بوون لە سەر گردەکانی برین.
هەموو داتەپینەکانت مۆرێک بوون
ختمێک بوون لە ختمەکانی ئەوین
هەموو نائومێدییەکان دەشەکانەوە
لە بەر پێی ئاوارەبوون...

ماڵئاوا
هەمووت دەدەمەوە
تەنها
بهێڵە
تەنیایی ببێ بەو ڕەشماڵەی
کە لە ژێریا ئاوارەیی گوڵ بگرێ


هەموو بۆ تۆ
تەنها
ئەم چرکانە نەبێ
کە بێ هوودە
ئەم وشانەی تیا دەسرەوێن.

٢٠٢٣/٧/١٢

# تیشکە خۆڵەمێشییەکان

(بۆ ئەو کەسەی تیشک ئاسا خۆی کرد بەنێو نیگاکانم)

عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)
(کەنەدا)



من سەرقاڵی ژماردنی ڕۆژە ساردەکانی خۆم بووم
تۆ لەکوێدا هاتی و خۆت کرد بەکەلێنی ئەم ژینەما
من خەریکی ئەسپاردنی گیانی ئەم غوربەتەی
خۆم بووم
دەپێم بڵێ چۆن بووی بە تاڵە تیشکێکی خۆڵەمێشی و
گوزەرت کرد بە ئاسمانی گلێنەما
وەرز سەرەتای زستان بوو؛ تۆ چۆن گۆڕیت بە
بەهارێکی پڕ لە گوڵ
ئەی چۆن توانیت خەمستانی ئەم دڵەی من پڕ
بکەی لە شینایی عەشق
تۆ هەر لە دووری دوورەوە بە درۆنی نیگاکانت
پێدەشتی ئەم سبەینێیەت لێ کردم بە
باخچەیەکی پڕ لە ئەوینی سەوز و جوان
تۆ هەر لە دووری دوورەوە بە دووربینی وشە و
سیحری بینینی خۆت
دیمەنێک بووی لە حەیران و حەپەسان و واق
وڕماوی منی بەتەڵەبووی خەندە نەرمەکانت
ئێستاش حاڵی نەبووم بۆچی بە بزەیەکی گەرم و
نەرم
منت کێشکردە نێو گەمەی ئەوەی پێی دەڵێن
ئەوین و خۆشەویستی
من خەریک بووم ئەستێرەکانم ڕیز دەکرد
وەرزەکانم دەناردەوە لای لووتکەکانی خەمساردی
و لای گردەکانی بێباکی
خانووم دەکرد بۆ پاسارییەکانی سەرما و
باهۆزەکانی شێواویم تیا دادەنا
ئەی چۆن زانیت سبەینان زوو گونجاوە بۆ فڕینی
باڵندەی شیعر

چۆن ڕێت پێدام لەبەردەم ئەم هەموو سەمفۆنیای جوانییە
چەشنی زۆربا دەربکەوم و سەما بکەم
بۆچی هێشتت بکەومە شوێن سێبەرەکانی خەیاڵت
چۆن دەتزانی لە فەلسەفەی خۆشەویستی تۆ حاڵیم و وا خۆ دەنوێنم تێناگەم
چۆن دەتزانی هێند هۆگرتم دوور لە زمانی ئاسایی
هەڵوەدای زمانی جەستە و جووڵەی لێو و لەرەی مەمکم
چۆن دەتزانی دەنگت تێکەڵ گمەکانی کۆتر بکەی
ئەی چۆن دەریات هێنایە نێو بیابانی ئەم دڵەی من
چۆن هەتاوت کرد بە تیشکی خۆڵەمێشی و هێنات بەسەر وێنە تەڵخەکانی ژیان
نازانم بۆ ئەو سبەینێیە، بووم بە حیکایەت و چوومە نێو کەلێنە تاریکەکانی غوربەتم
نازانم کام شیعر هات و بەو بەیانییە ناردمی بەرەو لای دەرگاکەی ماڵی ئێوە
بەم بەیانییە بۆچی منت دا لەخاچی ئەوینێکی سروشتی جوان
بەم بەیانییە بۆچی بوومە پاڵەوانی نێو ڕۆمانێک لە پرسیار و
بووم بە ئاوێنەی عەشقێکی ئەبەدی سەر دیوارەکانی بەدبەختی و نەهامەتی
ئێستا ئیتر من ئەوینێکم لە دڵا جۆش ئەسێنێ، وێنەی نییە
ئێستا ئیتر دەتوانم خۆم وەک عاشق و ئەویندار و قوربانیدەر
لەژێر تیشکی خۆڵەمێشی ئەم بەیانییە ببینم و بێتە بەرچاوم
ئیتر لەم ساتە بەدواوە منی عاشق (بەیانی باش)ـەکانی تۆ
دەنێمە نێو دڵی گەرم و سەر بیلبیلەی هەردوو چاوم.

کانوونی دووەمی ٢٠٢٣

# کارێک بکە..

محەمەد فائق
(دەربەندیخان)

**کارێک بکە..**
با جیهان سەری لێ نەشێوێت،
هەناسەیەک بدە و (با) دڵی بەخۆی خۆش بێت.
سڵاو لە ئیختیارێک بکە و
با ئایین و مێژوو ئاشت ببنەوە.
**مۆرەکیژ..**
بەیانیان ستیانەکەت بدە بەر خۆر
با کەون لە بۆنی پیسیی مرۆڤدا نەخنکێت.
چاوی خۆت لە ڕستەیەکی پرسیاردا جێهێڵە،
با بەشەر هێندە دیکارت بە نەفرەت نەکەن،
با نیگایان پڕبێت لە نەعنای گومان.
**کارێک بکە..**
بۆ نموونە: لەسەر قەدی درەخت شەرحی پاییز بۆ بەهار بکە،
با خۆی لێ بایی نەبێت.
لە جۆگەی قەراغ جادەکاندا داو داو مێخەکەکەت هەڵوەرێنە، با شەقام وانەزانێت جوانیی لەبیری کردووە.
**زۆر شت هەن تۆ بیانکەیت..**
من تۆبم، قافیە لە مامۆستا و شیعر دەستێنمەوە و دەیدەم بە گورگ،
تا ئیستێ لە جوگرافیای عاقڵبووندا بدات.
سووریی لە خوێنی ڕژاو دەستێنمەوە و لە ڕۆمانێکدا دەیدەمەوە بە گوڵاڵە،
با تاقە مێژووی هەر شیعر نەبێت.
پێشمەرگە بخەرەوە بەر چاویلکەی ڕێزمان،
با لەو پاشگرە عەبەسییە ڕزگاری ببێت.
ئەو بوغزە لە ئێوارە داماڵە کە گەرووی عاشقان




توند دەکات.
ئاهەهـ دەهەستە نازەنین
ڤیلۆنەکەت هەڵگرە و بەتەنیشت ئەم زمسانەوە
عەزفێک بکە،
ئینسان، خەتەر کەوتووەتە زەمهەریرەوە... خەتەر
تەنهاکەوتووە خەتەر!
من تۆبم، ناهێڵم شەوی غەریبان دابێت،
ساڵی سەد جنێو بۆ شەوی یەڵدا دەبڕمەوە و
خاڵی دەکەمەوە لە غرووری درێژترین
مرۆڤ فێر بکە بەر لە دەستبردن بۆ ژیان نینۆکی
بکات،
فەسڵەکانی پڕکرد لە زبڵ بەو دەستانە.
**کەنی باوانت ئاوا..**
زۆر شت بەبێ تۆ مانایان نییە،
کارێک بکە... پێبکەنە...
بڕوات هەبێ گریان دڵی لێمان دەشکێ ئیتر
گۆرانی بڵێ، سیگار پێ بکە و وێنەیەک بگرە
ئەو وێنەیەت میهرەبانی لە دڵی دیکتاتۆرەکانیشدا
سەوزدەکاتەوە.
**زۆر شت ماون کاڵەکیژ..**
زۆر شتی سادە ماون بیانکەیت،
مۆچیارییەکی کتێبەکانی کافکا دەکەیت و
بە عیشوەوە لە پەراوێزدا دەنووسیت: ناشرین!
ژیانت ناخۆش کرد،
تۆ یا خودا نەناسیت، یان ژن؟
لە قەراغ ئاودا دەفتەری خنکان دەخوێنیتەوە و
ماسی و شاعیر لە میهرەبانی ئاو دەخەیتە گومانەوە.
سەرلەنوێ نەخشەکان تێک دەدەیت،
وادەکەیت چیتر سەفەر دوور نەبێت..
وابکە ماڵئاوایی بایی نقووڵێک ئیفتیخاری بۆ
بمێنێتەوە..
**تۆ دەتوانیت..**
گوڵێک لە شیعردا تەوزیف بکەیتەوە و کەون
لەبۆنی نغرۆبێت،
دەتوانیت سێو لە یادەوەریی ئادەم و هەڵەبجەدا
بکەیتە گۆرانی،
زەمەن لە موتڵەقیەتی ئەنفال بسێنیتەوە و
بیکەیت بە کراسی ژنە گەرمیانییەکی موعتاد بە
چاوەڕوانی،
باران ڕابگریت و هەیوانی هەژاری لە فرمێسک
وشک بیێتەوە.
**تۆ دەتوانیت..**
هیچیش نەکەیت، دنیا بەو غرورەت لێوڕێژبێت لە
دڵنیایی،
عەجولیی منیش ببەخشیت کە هەموو کات
دەتخاتەوە سەر کەڵکەڵەی ئەزیەت کێشان..

٢٠١٥

# خربەڕۆژک

خەجێ ئۆمەری
(نسێبین- ڕۆژئاوای کوردستان)

د همبێزا کادزێ دە
ب لۆرێکین شەڤا ب بێ رە
داقوولی خەونێن خوە دبم
ل رۆژاڤایێ خەونێن خوە
ل وەسلەک هەتاڤ!
ل وەسلەک دەریا دگەڕینم چاڤێن خوە
نە لەیلێ و مەجنوون هەیە ل ڤێ فەزێ
نە ژی شەمالەکە کو تاڕێ بچیڕینە
ب کراسەکی ژ قەسەبا قەمەرێ
و ب خەملا هەزار و یەک شەڤی
خوە ل گەردەنا شەڤێ دگەڕینم
دا کو ڤەچیڕینم ئەڤۆرا شەڤێ
ب سەر خربەڕۆژکان دە..
گوولیێن بووکێن نوو گووهێزتی کور دکم
دەڤێ کەربان ڤەدکم
دفووڕم ب بەر ئاسمانێ هەفتا
ئەی خوەدا!
ب کالین و نالینا دلێ ب لاڤەلاڤ
ل بشرینێن تە بێن چیرووسینەر دبشرم
«ڕۆنی پچەکی دن ڕۆنی»




ئـەڤ هەلبەسـتە ژ پەرتـووکا (فیغانێـن پێنووسـێن نـازک ـ ئانتۆلۆژییا هەلبەسـتا کـوردی یـا نـووژەن ـ هەلبەسـتڤانێن ژن) ل١٠٨ هاتییـە وەرگرتـن، ئـەوا ژ ئالیـێ ئەڤیـن شـکاک ڤـە هاتییـە ئامادەکـرن.
(ڕامان)

# خربەڕۆژک

**خەجێ ئۆمەری**
**(نسێبین- ڕۆژئاوای کوردستان)**

د همبێزا کادزێ دە
ب لۆرێکین شەڤا ب بێ رە
داقوولی خەونێن خوە دبم
ل رۆژاڤایێ خەونێن خوە
ل وەسلەک هەتاڤ!
ل وەسلەک دەریا دگەڕینم چاڤێن خوە
نە لەیلێ و مەجنوون هەیە ل ڤێ فەزێ
نە ژی شەمالەکە کو تاڕیێ بچیڕینە
ب کراسەکی ژ قەسەبا قەمەرێ
و ب خەملا هەزار و یەک شەڤی
خوە ل گەردەنا شەڤێ دگەڕینم
دا کو ڤەچیڕینم ئەڤۆرا شەڤێ
ب سەر خربەڕۆژکان دە..
گوولیێن بووکێن نوو گووهێزتی کور دکم
دەڤێ کەربان ڤەدکم
دفووڕم ب بەر ئاسمانێ هەفتا
ئەی خوەدا!
ب کالین و نالینا دلێ ب لاڤەلاڤ
ل بشرینێن تە یێن چیرووسینەر دبشرم
«ڕۆنی پچەکی دن ڕۆنی»



ئەڤ هەلبەستە ژ پەرتووکا (فیغانێن پێنووسێن نازک - ئانتۆلۆژییا هەلبەستا کوردی یا نووژەن - هەلبەستڤانێن ژن) ل١٠٨ هاتییە وەرگرتن، ئەوا ژ ئالیێ ئەڤین شکاک ڤە هاتییە ئامادەکرن.
(ڕامان)

# ڕاڤە

موريد ئەلبەرغوثی (١٩٤٤- ٢٠٢١)، شاعیری فەڵەستینی.
لە ئەڵمانییەوە: زانا خەلیل
(ئەڵمانیا)



**ڕاڤە**

شاعیرێک لە قاوەخانەیەکدا
دانیشتووە و دەنووسێ.

پیرێک وا تێدەگا
نامە بۆ دایکی دەنووسێ
هەرزەکارێک وا تێدەگا
بۆ خۆشەویستەکەی دەنووسێ
منداڵێک وا تێدەگا وێنە دەکێشێ
بازرگانێک وا تێدەگا سەفقە ڕێک دەخا
گەشتیارێک وا تێدەگا
لەسەر پۆستکارت دەنووسێ
فەرمانبەرێک وا تێدەگا
قەرزەکانی ساف دەکا
پۆلیسێکی نهێنی
بە هێمنی و پێدزکێوە بەرەو لای دەڕوا.

**مار**

مار گوتی:
لەگەڵ ئەوەیش
کە مرۆڤ نەفرەتم لێ دەکەن
بەڵام هێشتا هەر لە هەندێکیان باشترم
چونکە کە من بە یەکێوە دەدەم
بە لایەنی کەمەوە
ناڵێم ئەو برادەرم بوو.

**هیچ کێشەکم نییە**

بە هەستەوە دەست بە حاڵمدا دێنم

هیچ کێشەیەکم نییە.

شێوەم پەسندە،
بۆ هەندێ لە کچانیش
بەو پرچە سپییەمەوە سەرنجڕاکێشم
چاویلکەکانم تەواون و
پلەی گەرمی جەستەشم
سی و حەفتی تەواوە
کراسم ئوتووکراوە و
پێڵاوەکانم ئازارم نادەن و
هیچ کێشەیەکم نییە.

دەستەکانم بێ پێوەندن و
زمانم هێشتا لە گۆ نەکەوتووە
تا ئێستا حوکم نەدراوم و
لە کار دەرنەکراوم
ڕێگەپێدراوم سەردانی
خزمە زیندانییەکانم و
گۆڕی هەندێکیان لە وڵاتان بکەم و
هیچ کێشەیەم نییە.

ئەگەر برادەرێکم
قۆچ لە سەریدا بڕوێنێ
تووشی سەرسوڕمان نابم
لێزانی ئەوم خۆشدەوێ
کە کلکی دیاری
لە ژێر جلەکانی دەشارێتەوە و
هێوریی چڕنووکەکانیشی.
لەوانەیە پەلامارم بدا،
بەڵام دەیبەخشم
ئەو برادەرمە
بۆی هەیە جار جارە ئازارم بدا و
هیچ کێشەیەکم نییە.

ئیدی بزەی بێژەری (تی ڤی)
نابێتە هۆکاری نەخۆشییەکانم
(بەوە ڕاهاتووم ڕۆژ و شەو
لەسەر ڕەنگەکانم بموەستێنن)
هەر بۆیە ناسنامەکانم
لە مەلەوانگەش هەر لەلایە و
هیچ کێشەیەکم نییە.

دوێنێ خەونەکانم
سواری شەمەندەفەری شەو بوون
نەمزانی چۆن ماڵئاواییان لێ بکەم
هەواڵم پێگەیشت
شەمەندەفەر کەوتۆتە
ناو دۆڵێکی وشکەڵان و
لەنێو هەموو سەرنشینەکان
تەنیا سایەقەکە ڕزگاری بووە
سپاسی خوام کرد
زۆر نەگریام و
هەندێ کابووسی بچووکم هەن
ئینشائەڵڵا دەیانکەمە خەونی گەورە و
هیچ کێشەیەکم نییە.

لەو ڕۆژەوەی لە دایکبووم تا ئەوڕۆ
بە هەستەوە دەست بە حاڵمدا دێنم و
لە بێئومێدیدا بیرم دەکەوێتەوە
لە دوای مردن، ژیان هەیە و
لە دوای مردن، ژیان هەیە و
هیچ کێشەیەکم نییە.

بەڵام دەپرسم:
ئەی خودا
ئایە بەر لە مردن هیچ ژیانێک هەیە؟

**تۆ و من**

تۆ جوانیت وەک وڵاتێکی ئازادکراو
من ماندووم وەک وڵاتێکی داگیرکراو
تۆ غەمگینیت وەک شەرمنێک کە بەرگری دەکا
من وەستاو؛ وەک جەنگێ کە خەریکە ڕوودەدا
تۆ بە ئیشتیا؛ وەک وەستانی بۆمباران
من دڵشکاو وەک گەڕیدەی ناو وێرانە
تۆ جەربەزە؛ وەک فرۆکەوانێک کە ڕاهێنان دەکا
من وەک داپیری پڕ لە شانازیی ئەو
تۆ برسیت وەک دایکێکی نەخۆش
من هێمن وەک پەرستار
تۆ میهرەبان وەک بارانێکی نەرم و
من پێویستیم پێتە تا گەشە بکەم
هەردووکمان سەرکێش بۆ تۆڵە
هەردووکمان گوێڕایەڵ بۆ بەخشین
تۆ بەهێزیت وەک ستوونی دادگە
من سەرسوڕماو وەک دۆڕاو
هەر کاتێکیش بە یەک گەیشتبین
وەک دوو پارێزەر، بەبێ وەستان
لەبارەی دنیاوە قسەمان کردووە.

مۆسیقای بێ مس
دەزانم وەڵام ناداتەوە
بەڵام لەنێوان دوو بۆمباراندا
پرسیارێکی ئاسانم لە جەنگ کرد
تۆ ئەو هەموو هیمەتە لە کوێ دەهێنی؟

دەزانی تۆ
لەوەتەی مرۆڤ هەیە
داوای مۆڵەتی کارت
لە زەمینی مرۆڤ وەرنەگرتووە.

بیر لە ماڵێکی تایبەت بە خۆت ناکەیتەوە
دەرگایەکی هەبێ
دارتاشە ڕاستەقینەکان
لە درەختی با دایانتاشیبێ و
دەرگایەک کە ئەگەر کرایەوە
وەک دەرگاکانی دیکە دابخرێ؟
پەنجەرەیەکی هەبێ
بڕوانێتە سەر دیمەنێک و نەیگۆڕێ؟
قەت ڕێکەوتی سەرینێکت نەکردووە؟
بیر لە ژووری پێشوازیی ناکەیتەوە
تا تێیدا چایەکی هەڕەشە لێ نەکراو و
مۆسیقایەکی بێ مس
پێشکەش بە میوانەکانت بکەیت؟

**بنیشت**

بنیشت گوتی:
هەست بە ونبوون دەکەم.

لە دەوی سیاسەتمەدار
بوومەتە بەیاننامەیەکی گرنگ.
لە ڕۆژنامە، بوومەتە سەروتار.
لە بەڵێنی عاشقاندا
بوومەتە ڕتووشی درۆ.

تەنیا لە دەوی سۆزانیدا
خاسییەتەکانی خۆم دەپارێزم.

سەرچاوە:
https://www.aldiwan.net/cat-poet-Mourid-Barghouti



# شەقامی بێ کۆتایی

موختار کەریمی
(سەقز)

بەیانییە و دەنگی جیکەجیکی پەلەوەرەکانی حەوشە دێنە گوێ. کاتژمێر بەسەر ٩ و ١٠ دەقەدا تێپەڕیوە و دەنگی چرتە چرتە یەک لە دوای یەکەکانی بە هێواشی دێت، ڕێبین، دوای چەندجار تل خواردن و بەم لاولاکەوتن، وەک هاتوچووی خەیاڵێکی تەماوی بە مێشکیدا، هەڵسان لەخەو بە زەینیدا دێت و وەک چۆن منداڵێک نایەوێت بزانێت و خۆی گێل دەکا، ئەویش یەک دووجار خۆی لێ گێل دەکات و بە هیوایە کەمێکی دیکە لەو دۆخەدا بمێنێتەوە، بەڵام خەوی زڕاوە و دەنگی جرووکە جرووکی پەلەوەرەکانی حەوشە زیاتر خەوەکەی دەزڕێنێت و دوای کەمێک بێ جووڵەبوون لە نێو نوێنگەکەیدا بە ناقایلییەوە هەڵدەستێت و لە ژوورەکەی دێتە دەرەوە.

ئاوێنەکەی نێو ڕێڕەوەکە کە ڕێک لە بەردەم درگای دیوی خەوتنەکەیدایە سەرنجی ڕادەکێشێت و وەک هەمیشە سەیرێکی خۆی دەکات، چاوەکانی ماسیون و هیلاکی و کەم خەوییان پێوەدیارە، لەسەر ئامێری خۆکێشانەکە خۆی دەکێشێت و ژمارەی ٧٤ و ٣٠٠ کیلۆگرام پیشان دەدات، لەدڵی خۆیەوە بە جێگیر بوونی کێشی ڕازییە و بزەیەکی نەرم دەیباتەوە، ڕووی لە وێنای ناو ئاوێنەکە هەڵدەگەڕێنێتەوە و لە کاتی ڕۆیشتندا هەست بە ئێشێکی بچووک دەکات لە گەدەی و وێنای خواردنی شتێکی خۆش دێتە مێشکییەوە و بەرەو ژووری دەستشۆرەکە دەڕوات؛ کە لە بەرانبەر ئاوێنەکەدایە، بە کەمهێزییەوە درگاکە دەکاتەوە و سەرێکی ئاودەستخانە دەدات و دواتر دەست و دەموچاوی بە پاککەرەوە و دوو سێ شڵپ ئاو دەشۆرێت و دێتەدەرەوە، لە کاتی وشک کردنەوەی

دەست و دەموچاوی بیر لە کارەکانی ئەوڕۆی دەکاتەوە و بەخۆی دەڵێت: (سەر لە بەیانی ئەمڕۆ کارێکم نییە و دەتوانم بەدڵی خۆم هەرچی پێم خۆشە بیکەم)، ئای چەنێک لەم کاتانەی کەم بووە و هەمیشە بە ئاواتی ڕۆژی ئاواوە بووە و لەوانەیشە هەر وا بمێنێت. درگای بەفرگرەکە دەکاتەوە و لەتە خەیارێکی چرچبووی تێدا دەردێنێت و دەیداتە بەر قەپ و دواتر سووڕێک لە چێشتخانەکەدا دەخوات و دێتەوە بۆ هۆڵەکە و مۆبایلەکەی بەدەستەوەدەگرێت و ئینتەرنێتەکەی هەڵ دەکات و دەچێتەسەر بەرنامەی ئینستگرام، بزانێت ئەمڕۆ چ باسە و چی ڕووی داوە و لایک و کۆمێنت و شتی وا چی هەیە. دوای ماوەیەک گەڕان یەکێک لە پەیجەکان کە کاری دانانی پرسەنامە و هەواڵی مردنی کەسانی شارە، سەرنجی ڕادەکێشێت، ئەم پەیجە دوای سەرهەڵدانی پەتای کرۆنا و مردنی یەک لە دوایی یەکی خەڵک، بووەتە جێی سەرنجی هەمووان و بەشێکی زۆر لە خەڵک وەک ڕابواردنیش بێت، هەر خولێکی پیا دەخۆن، نەوەک ناسیاوێکی تێدا بێت و لانی کەم ناوی دوو سێ کەس دەخوێننەوە و لە ڕێکەوتی مردنەکەیان دەڕوانن و بزانن چ باسە و ئەمڕۆ چەند کەس مردووە و کێ بووە و کێ نەبووە و دەیناسن، یان نا و... ڕێبینیش لە کاتی ئەم گەڕانە هەمیشەییەدا هەرکات ناوێک سەرنجی ڕاکێشابێت، چرتر بووەتەوە و بیرێکی لێ کردووەتەوە و لە دانیشتنە بنەماڵەییەکانیاندا برێک جار باسیان کردووە کە ئەمڕۆ چەند کەس مردوونە و فلان کەس کێ دەیناسێت و بابی کێ بووە و خوشکی کێ بووە و دووکان و ماڵی لە کوێدا بووە و.. تاد.

ئەم جارە ڕێبین ناوێک سەرنجی ڕادەکێشێت، ڕێک ناوی خۆیەتی و تەمەنیشی لەگەڵ ئەم، زۆر مەودای نییە و لەوە دەچێت یەک دوو ساڵێک لەم گەورەتر بێت و نەبێت. ڕێبین چرتردەبێتەوە و چەندجار ناوی کوڕە مردووەکە کە هەر ناوی خۆیەتی و بە درێژایی تەمەنی ئەم ناوەی بیستووە و کاردانەوەی بەرانبەر بووە لەژێرلچەوە دووپات دەکاتەوە، تەنانەت هەر کاتێک ناوێک لەویش دەچوو سەرنجی ڕادەکێشا، ئێستا ڕێک هەر هەمان ناو... تەمەنێکی نزیک لە تەمەنی خۆی و... خەیاڵ باڵ بەسەر ڕێبیندا دەکێشێت و بە چەند ساتێک لە شوێن و کاتدا ون دەبێت و دەچێتە نێو خەیاڵەوە، ڕێبین هەموو کات لە تەنیاییەکانی خۆیدا لەگەڵ خەیاڵدا ئاوێتە بووە و ماوەیەکی زۆر خەیاڵ بردوویەتی و بەرەو کۆمەڵێک شوێنی نادیار و دیاری بردووە و زۆرجار چێژی لێ وەرگرتووە و زۆرجاریش خەم دایگرتووە و دڵنیگەرانی بۆ بەرهەم هێناوە.

ئەم جارەیەش ڕێبین خەیاڵ دەستی گرت و لەگەڵ خۆی ڕایکێشا (مردن...، ڕێبین مرد، چ قوڕ... دوای ساڵەها هەڵات هەڵات، بە ڕووداوێکی هیچ... دەمریت و دەڕۆیت، دەی دوایی چی؟ منیش دەمرم دوای منیش چی؟ هیچ... دوو سێ ڕۆژ گریان و خەم و پرسە؛ پرسە...، پرسەی چی؟ خۆ دوای ئەم پەتایە پرسەیش نەماوە، هەر تەلەفۆنێک و سەرەخۆشییەکە، چەند دەستەواژەی هەمیشە دووپات کراوە کە هەمیشە خۆیشم بێ ئەوەی لە ماناکەی وردبووبێتمەوە بە سەر زارمدا هاتووە و دەرمپەڕاندووە: (خوا بیبەخشێت، بە بەهەشتی بەرین شاد بێت، خەمی ئاخرتان بێت، خەمی ئاخر... ؟ شتی وا چۆن دەبێت خەمی ئاخر هەر بوونی نییە، ئەوەڵ و ئاخری نییە، تا کەسیان مابێت و کەسیان لێ بمرێت هەر خەم

هەیە و هەر مردن هەیە و ... کەچی؟) ڕێبین دوای ئەم وتووێژە دەروونییە لەژێر لچەوە و بە ناقایلییەوە دەڵێت: (ئەم دنیایە بۆ ئەوەندە قۆڕە؟ کەس نازانێت چییە و چۆنە و بۆ هەیە و بەرەو کوێ دەچێت و چی لەم خەڵکە دەوێت) تەلەڤزیۆنەکە هەڵ دەکات و دەیخاتەسەر کەناڵی ڕووداو، دەشتودەر و سروشتی کوردستان پیشان دەدات و بە کامێرای پێشکەوتوو و چۆنایەتییەکی سەرەوە دیمەنەکان پیشان دەدات و دەڵێت: (ئای کە چەند ئەو دەشت و دیمەنە جوانن و سروشت چەند دڵڕفێنە و هەست بزوێنە.) لە ژێرنووسەکان دەڕوانێت و هەواڵەکان دەخوێنێتەوە: (ئەمڕۆ پیاوێک ژنەکەی بە چەقۆ کوشت. پیاوەکە هەڵاتووە و ٣ منداڵ بێ دایک و باوک کەوتوونە. ژنێک دوای دەمەقاڵێ لەگەڵ شووەکەی بە چەقۆ شووەکەی کوشت و ئێستە دەستگیرکراوە و لە بەندیخانەیە. ژمارەی کوژراوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یەک ڕۆژدا ٦٤ کەسە و ژمارەکەیشی لە بەرزبوونەوەدایە و ڕۆژانە کەسانێکی زۆری دیکە بە تووشبووان زیاد دەبن. بوومەلەرزە داویەتی لە مەریوان و کۆمەڵێک گوند زیانی ماددی و گیانییان بەرکەوتووە...)

ڕێبین دوای خوێندنەوەی ئەم هەواڵانە، بە دەنگی بەرز دەڵێت: (حەی حەی، کاول بوو و ئا... مردن... مردن.... کوشتن.... پەتا.... نەخۆشی.... بوومەلەرزە، ئیتر ئەنفال و هەڵەبجە و داعشیش هەر هیچچچچچ) تەلەڤزیۆنەکە دەکوژێنێتەوە، دێتە دیوەکەی خۆی، کتێبخانەکەی ڕێک بەرانبەری درگای دیوەکەیە و کاتێک لە درگاکە دێتە ناوەوە یەکسەر کۆمەڵێک کتێبی ئەستوور دەبینی کە لە کتێبخانەیەکی دارینی سێتیکەدا چنراون. لای چەپ کتێبە ئەستوورەکانە کە ڕێبین خۆشیانی دەوێت و تا دەڕوات بەلای پەنجەرەکەدا کتێبە لاوازەکان بە بابەتی جۆراوجۆر دانراون، ڕێبین هەر لە منداڵییەوە حەزی لە کتێب بوو، هەرکات دەچوو بۆ ناوشار لەگەڵ سەندنی ڕۆژنامەیەک سەرێکی کتێبفرۆشییەکانی دەدا، بەڵام لەبەر نرخی بەرزی کتێبەکان کەم پێش دەهات بۆی بکڕدرێت، زۆرجار وەک پێشانگایەک لە کتێبەکانی دەڕوانی و دەهاتە لای مامۆستا کتێبفرۆشە ناوچاوتاڵەکەی بەر مزگەوتی جامیعە و لەو کتێبە هەرزانانە یەک دوو کتێبی دەسەند. کتێبخانەکەی کتێبی کۆنی زۆرە و لەم دواییانە کەمێک باری ئابوورییەکەی باشتر بووە کتێبی نوێ و گرانیش دەکڕێت. ئەڵبەت هەرکات کتێبی تازە و ئەستوور و گرانی بۆ نەدەسەنرا، بە وتەیەکی نیتشە خۆی ئارام دەکردەوە کە لە کتێبفرۆشێکی سەرشەقام کتێبی شۆپەنهاوەری سەندبوو و بیر و ژیانی گۆڕدرابوو. پاساوێکی بیرمەندانە بوو، بەڵام لە ناخیەوە دەیزانی ئەمە جگە لە پاساوێک هیچی تر نییە و کوڵی هەناوی بەمە دادەمرکێنێ، ئەگینا کتێب تا تازەتر بێت، خوێندنەوەی خۆشترە و کتێبی باش لە کتێبفرۆشەکانی سەرشەقام کەمتر دەست دەکەوێت، مەگین بە دەگمەن و ڕێکەوتێکی پەرجوویی.

لە کتێبەکانی ڕوانی... کتێبی مانای ژیانی تری ئیگڵتۆنی بەرچاو کەوت کە کتێبێکی بچووکی گالینگۆڕی شینی تۆخە. زۆری خۆش دەوێت، یەک دووجار خوێندبوویەوە هەستێکی خۆشی بۆ بوو، وەک بێژی کتێبێکی تایبەت و جوانە بیرەوەری خۆشی لێ بوو و هەموو کات لە نێوان کتێبەکاندا دەری دێنا و دەیخستە ڕیزی یەکەمەوە با چاوی لێ بێت، بەڵام ئێستا... نا تاقەتی ئەمەی نەبوو... چاوی بەسەریدا خشاند

و کەمێک لەولاترەوە کتێبی فەلسەفە و مردنی ماڵپاس و سیسۆلۆمۆنی بەرچاو کەوت ڕەنگێکی تەماوی و خۆڵەمێشی، وەک بڵێی ئەمە باشە و بە دۆخی دەروونی ئێستام دەخوات و کات کاتی ئەمەیە، دەری هێنا و لە ڕووبەرگەکەی ڕوانی. ڕەسمێکی لەسەر بوو و مێزێک و شتێکی وەک لیوان لە سەر مێزەکە لە تەنیشت گۆزەیەکدا لە سەری بوو، یەکەم نیگا وەک کەللەسەرێک لای گۆزەکە دەهاتە بەرچاو کە ددانی پێشان داوە و دووچاوی ڕەشی هەیە، بەڵام کە وردبیتەوە، دەزانی لە شتی دیکەیش دەچێت. بە گشتی کێشراوەیەکی خەمبارانە بوو، ئەڵبەت بۆ کتێبی وا هەر کێشراوەیەکی وایش دادەنرێت ئەی خۆ ڕەسمی دەڵقەکێک دانانێن قاقاپێکەنیبێت.

لاپەڕەی یەکەم هەڵدەداتەوە لە پێشوتەی وەرگێڕ دەڕوانێت، هەرکات کتێبێک دەخوێنێتەوە بە ڕابوردوو و ئێستاشەوە، ئەو ڕستانەی لای سەرنجراکێشە، بە قەڵەم هێڵێک لە ژێری دەکێشێت، وەک بە خۆی بڵێ ئەمە گرنگە و دەبێت زەق بکرێتەوە و لەبەری بکەی. یەکەم ڕستەی دیاریکراو سەرنجی ڕاکێشا... (لە باری دەروونناسیی و کولتوورییەوە، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مردن بە هەر شێوەیەک، ئێمە دەباتەوە بۆ لای مردنی خۆمان و بە بیرخستنەوەی مرۆبوونمان، جۆریک ترس و نائارامی هەست پێ دەکەین، بۆیە بۆ هەڵهاتن و دەرباز بوون لەم ترسە دەروونییە، زۆرجار لە وتوویژ سەبارەت بە مردن خۆمان دەپارێزین).

ڕێبین دوای خوێندنەوەی ئەم ڕستەیە چووە نێو قووڵاییەکەوە، لەگەڵ خۆی قسەی کرد: (جۆرێک ترس و نائارامی... منیش جۆرێک ترس و نائارامیم هەیە؟ ترس لە مردن؟ ترس لە مردنی کێ؟ خۆم، یان کەسانی دەورووبەرم؟ لەوانەیە هەردووکیان، بەڵام زیاتر خۆم؟ هەموو شتێک خامۆش دەبێت، دوایی منیش... وەک چۆن دوای مردنی کەسانی دیکە ئێمە هەر ماوین و ژیان بەردەوام دەبێت، دوای منیش ژیان بەردەوامە و هەر من نیم، ئەگینا خۆ ئەوانی دیکە هەر هەن). دوای چەند چرکەساتێک بێ جووڵە بوون و مات مان...

وەک چۆن دەرەقەتی ئەم دۆخە نەیەت و لە بەرانبەر ئەم خەیاڵانە دامابێت، سەرێک ڕادەوەشێنێت و خۆی لەو دۆخە کە دەڵێی لە نێو کۆڵانێکی بنبەستراوەدا گیری خواردووە، خۆی دەرباز دەکات و دێتەوە سەر دنیای ڕاستەقینە و دنیای بیرکردنەوە بەجێ دێڵێت، مات و خاوە دەڵێی ژارێکیان پێدابێت و بێ هێزە و جووڵەی هێواشە...ماڵ بێدەنگە و جارنەجارێ دەنگی پەلەوەرەکانی حەوشە دێنە گوێ، ماتۆڕێکی دەنگ زیقنی بێزارکەر بە شیرەشیرێ گازدانەکەی بێ دەنگییەکە و تەنیاییەکەی دەشڵەژێنێت، بەڵام کەمێ دواتر دیسان بێ دەنگی و بێ جووڵەیی سەرهەڵدەداتەوە. دەچێتە لاپەڕەیەکی دیکە و ڕستەیەکی دیکەی زەق کراو دەخوێنێتەوە (مردن و ژیان دوو دیاردەی جودا لەیەک نین، بەڵکوو مرۆڤ دەبێت هەر چرکە لە ژیانیدا بە تەمای مردن بێت وەک ژیانێکی دووبارە و لەدایک بوونێکی دیکە) بە دەنگێکی بەرزکراوەوە دەڵێت: (لە دایک بوونێکی دیکە... قسەی قۆڕ... مردن وەک لەدایک بوونێکی دیکە؟ ئەمە ئیتر قسەی هیچوپووچە، ئەم فەیلەسووفانەیش بە زۆر گەرەکیانە قسەی حەڵەق و مەلەق بتەپێننە نێو ئەم کتێبانە با بڵێن ئێمە زۆر بیرمەندین. منیش ئەمەم لا بەرچاو و سەرنجراکێش بووە هێڵم کێشاوە بە ژێریدا، کوڕە هەر بیریشم لێ نەکردووەتەوە،

لێی حاڵی نەبووم وتوومە لەوە دەچێت گرنگ بێت... ئەگینا لە دایک بوونێکی دووبارە بۆ مردن کەی دەشێت هەر وتەکەی ئەپیکوورە مردن هیچە و هیچ).

دوای کەمێک تێرامان دەڵێت: (بەڵام وا نابێت... مردن هیچیش نەبێت دوای ئەوە هەیە و ترس و نائارامی دروست دەکا، ئەگەر هیچ بووایە، بۆ ترس و نائارامی دروست دەکرد، ئەم قسەی ئەپیکوور هەڵهاتنێکی دیکەیە لە بابەتی مردن. ناهەقی نییە ئەم باسە زۆر قورسە و پشتی پیاو دەشکێنێت، نە کەس لە مردن هاتووەتەوە و نە شتێکی زۆری لەبارەوە دەزانین، هەر کۆمەڵێک شیعر و بیروڕادەربڕینی فەلسەفی کۆن و تازەمان هەیە، زانستیش کە جارێ ئەوەندەی شتی تر هەیە بۆ لێکۆڵینەوە، هەر بیری مردن ناکەوێتەوە، بیریشی کەوێتەوە لە ئاستی مردندا بە وتەی هەژار گێل و نەزان ڕادەوەستن). کتێبەکەی هەڵگرت و چووە هۆڵەکە... لەسەر قاڵییەکە داینا و چوو بۆ چێشتخانە، لەتێک کولێرەی ماڵی کە لە دێوە بۆیانیان هێنابوو، دایە بەر قەپ و بیری لەوە کردەوە بە ماستەوە بیخوات، بەڵام تاقەتی نەبوو و هاتە لای کتێبەکە و لە ناو هۆڵەکە ڕاکشا و کتێبەکەی کردەوە و دەستی کرد بە لاپەڕە لێدان و ڕوانین لە ڕستە زەقکراوەکان، (سەربەستی، واتە ژیان بە پێی حەزی خۆت، سیزیفووس پاشای کرێنت)، ئەم ڕستانە یەک لە دوای یەک بیری ڕێبینی زیاتر دەئاڵۆزاند: (ئازادی چی؟ کاتێک مردن هەیە و هەر دەمریت، نە بە حەزی خۆت هاتوویتەتە جیهان و نە بەحەزی خۆشت دەڕۆی)، لە پڕ ڕێبین شتێک دای لە مێشکی؛ (کەوایە خۆکوشتنی کەسانی بیرمەندی وەک کامو و ... ڕێک شەڕکردنە لەگەڵ ئەم بابەتە کە وەک بێژی بە حەزی خۆم نەهاتووم، بەڵام ناهێڵم بە حەزی خۆت بمبەی و بممرێنی، ئەمەیان نادەم بە دەستی تۆوە؛ خۆم خۆم دەمرێنم با لانی کەم لەمەدا هەست بە سەربەستی بکەم.

ڕەنگە وایان بیرکردبێتەوە، یان وایان بیربکردایەتەوە باشتر بوو، ئاخر سەربەستی چی؟ نە دەستپێک و نەکۆتایی بە حەزی تۆ نییە، بەینەکەیشی شیرین بە حەزی تۆیە؟ تا هەڵهاتنە هەڵهاتنە، تا خەمی نانە خەمی نانە، تا دەتەوێت بژیت نەخۆشین و کێشە و شتی وا سەرهەڵدەدا... هەر فریا ناکەوی بیریش بکەیتەوە، ئیتر شەڕ و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسیش ببیستێت. ژیانێکی قوڕ... بوونێکی بێ هوودە... هەڵهاتن و هیلاکی؛ دەرد و مردن و...) ڕێبین بۆ چرکەساتێک ڕاوەستا و بیری برێک قووڵتر کردەوە و وتی: (دەی کەوایە مردن ڕزگارییەکی باشە لەم قوڕایەتییە؟ بۆ خراپە... ئەمری و نەجات... هەرجارێک نەزیرە وتی مردن هیوای ژیانە. ئەمریت و بە هیوای ژیانت کە مردنە ئەگەیت و ئا... ئەشیا ئەو دنیا قوڕە بە بێ حەزی خۆت لە دایک دەبیت و هەڵدێیت و گەورە ئەبیت و دواییش هیواکەت دەبێت بە مردن و لە شەقامێکی بێ کۆتاییدا بەرەو مردن ڕادەکەی... ئەشیا ئەو بەسەرهاتە... دەی ئەگەر مردن هیوای ژیانە ئەی بۆ هاتینە دنیا؟ دەی نەهاتینایە قورستر نەبووین؟ نازانم... نازانم... لەوانەیە مردن هیوای ژیان بێت، بەڵام بۆچی مردن هیوای ژیانە؟) ڕێبین هەناسایەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و هەست بە ئازارێک لەسەر ئەنیشکی دەکات کە لەسەر قاڵییەکەیە و خۆی دەخات بە بارێکی دیکەدا قەپێکی دیکە لە کولێرەکە دەگرێت

و هەست بە تینوێتی دەکات. کتێبەکە بە کراوەیی لەسەر قاڵییەکەدا دادەنێت، بۆ ئەوەی لاپەڕەکەی نەشێوێت و هەڵدەستێت و دەچێت ئاوخۆرییەک ئاو دەخواتەوە و دەگەڕێتەوە سەر کتێبەکە، ڕستەیەکی دیکە دەخوێنێتەوە (تەواوی ئامۆژگارییەکانی جیهان ناتوانن ترس لە مردن لە ناوبەرن ترسێک کە لە هەمووماندا بە کەم، یان زۆر هەیە (ڕێبین بیری لە مردنی باوکی ئارمان کردەوە، مردنێکی سەخت... لەوانەیە سەختترین ئەزموونی مردن بوویێت کە بینیبێتی، بەڵام ئێستا چی؟ ئێستاش سەختە بۆی؟ نا، بەڵام کە بە بیرەوەرییەکانیدا دەچێتەوە، گریان و خەمباری و دڵنیگەرانییەکانی دێتەوە بیر دەڵێت: (بۆ کێ بوو؟ بۆ خۆم بوو؟ بۆ ئارمانی هەڤاڵم بوو؟ یان بۆ باوکی ئارمان، یان لەوانەیە لە ترسی مردنی باوکی خۆم و بۆ مردنیکی هێشتا نەهاتووی کەسانی خۆم بوو... کە هەر دێت و هەڵهاتنی نییە و تەنیا بڕێک درەنگ و زووی هەیە.... نازانم... لەوانەیە بۆ هەموویان بوویێت. ئاخر مردن ڕۆیشتنە، ڕۆیشتنێکی بێ هاتنەوە و تاهەتایی، تۆ ئیتر کەسەکە نابینیتەوە، نامێنێت، هەستی ناکەیت، نادوێت، تەنانەت بیرەوەرییەکانیشی بەرەوە کۆتایی هاتن و کاڵ بوونەوە دەچن... هەر هیچ نامێنێت هیچ هیچ. دواتر تۆ فێر دەبیت بێ ئەو بژیت و ماوەیەک جارێ نەبێت هەر بیریشی ناکەویتەوە).

ئەو کاتەی دێتەوە بیر کە ئارمان دوای ماوەیەک لە مردنی باوکی ڕۆژێک کە لە پیاسە دەهاتنەوە و پێکەوە باوکی ڕێبینیان دی؛ ئارمان بە خەمبارییەوە وتی: (ڕێبین، تۆ نافامی، ئەوەی کە باوکت لە دوورەوە دەبینیت و دێتەوە بۆ ماڵ و زیندووە و لە ناوتاندایە چ بەختەوەرییەکی گەورەیە). (لەوانەیە ڕاست بێت. نافامم تا ئەو کاتەی نامێنێت، ئیتر ئەو کات بە تەواوەتی دەیفامم، یان باشتر بڵێم ژیان پێم دەفامێنێت).

ڕێبین بیر دەکاتەوە: (مردن نەبوایە چ دەبوو تا هەتاهەتایە مرۆڤەکان پێکەوە دەژیان و هەر دەژیان و هەر دەژیان و... دەی تا کەی... کە چی؟ خۆ ئەمە لەو پەندتر... بێ کۆتایی بوونی ژیان خۆی بێ ماناترە لە کۆتایی هاتنی ژیان). ڕێبین وەک بڵێی لەم هەموو هاتوچۆیەی هزرە دژەکانی نێو مێشکی هیلاک بوویێت، یەک تەکان هەڵدەستێت و کتێبەکە بۆ لای تەلەڤزیۆنەکە فڕێ دەدات و بەدەنگی بەرز دەڵێت: (مردن هەر سووکایەتییە، خراپەی ڕەهایە، کە ژیان هەیە، بۆ دەبێت مردن هەبێت، کە مردن هەیە بۆ دەبێ لەدایک بین؟). بەرەو تەلەڤزیۆنەکە دەڕوات و تەلەڤزیۆنەکە هەڵ دەکات لەبەر ئەوەی لەسەر کەناڵی ڕووداودا هەڵنەبێت بەر لە ڕۆشن بوونی کەناڵەکە دەگۆڕێت و دەیخاتە کەناڵێک کە هەر دارستان و ئاژەڵ و مار و مێروو پێشان دەدات. دوو شێر کە لەوانەیە دانەیەکیان نێر و دانەکەی تریان مێ بێت لە تەنیشت یەکەوەن و لە ناو دارستانێکی چڕدا هەر سەر لە یەک دەساون و لەشیان لە لەشی یەکدی دەخشێنن و هەڵبەز هەڵبەز دەکەن.


لە ژێر لێوەوە دەڵێت: (ئاوا بڕێک ژیانیش پێشان بدەن هەر کوشتن و بڕین و تاڵی...) لە پڕ کارمامزێک دەردەکەوێت و یەکسەر هەردووکیان دەکەونە دوای و ئەم لا و لای لێ دەگرن، دانەیەکیان بە قەپ ملی دەگرێت و ئەوی تریان لاقی پشتەوەی کارمامزەکە دەگرێت و دەیدەن بە زەویدا و دەنیشنە ملی و گەرووی دەدڕن و دەست دەکەن بە هەڵدڕینی ورگی و

خوێن فیچقەدەکات و ...

ڕێبین لە بەر ئەو دیمەنەدا خۆی پێ ناگیرێت و بە بێزارییەوە کەناڵەکە دەگۆڕێت و سەرێک دەلەقێنێت. کونترۆڵەکە دادەنێت و دەڕواتە بەر پەنجەرەی هۆڵەکە کە ڕوو لە حەوشەکەیە و دارەکانی حەوشەکە دەبینێت. پێنج داری گەورە و بچووک کە پارەکە کابرای ساحێب ماڵ پیاوێکی لێزانی هاوردبوو هەرەسیانی کردبوو و ئێستا دیسان ژیابوونەوە و پەلوپۆ و گەڵایان دەرکردبووە و هەڵاڵەی سپی و جوانیان دابوو، وشەی ژیانەوە هاتە مێشکییەوە و لەگەڵ خۆیدا وتی: (ژیانەوە... دار و گەڵا و گوڵیش سەرهەڵدەدەن، دەمرن و دیسان دەژیێنەوە. ژیان چ مەتەڵێکی سەیرە. خۆر دەڕوات و دیسان دێتەوە، وەرز دەگەڕێت و دەسووڕێتەوە، دیسان دێتەوە، لەوە دەچێت هەموو شت سەرهەڵدان و هاتنەوە و لە ناوچوونی هەبێت؟ مرۆڤیش لەوانەیە دیسان بێتەوە، دیسان زیندوو بێتەوە و درێژە بە ژیان بدات.... بەڵام ئاخر چۆن؟ لە کوێ؟ بە چ لۆجیکێک؟ سەیرە سەیر، لەوانەیە ئەم بیرکردنەوانەیش بێ مانا بێت لێی گەڕێ و بیر لەم دیمەنە جوان و ناوازەیە بکەرەوە. خۆ دەزانی ئێستا لە هەموو ساتەکانی ژیانی داهاتووت کەم تەمەنتریت و ڕەنگە ئیتر نەتوانیت ئەم دیمەنە ببینیت؟)

بزەیەک دەکات و دەڵێت: (ها... هاکا مردیت... جەڵتەیەکی دڵ چەندی پێدەچێت... ئەوە نییە دایکی کاک بێهزاد دوێنێ بە جەڵتە گیانی لە دەست دا لە چرکەساتێکدا بە بێ هیچ نەخۆشییەک...) ترسێکی کەم و خەمێک دایگرت، هەر خێرا ئازیزانی بیرهاتەوە خێزانی، دایکی و باوکی، (دوایی من چەندە خەمبار و دڵنیگەران بن). لەم بیرکردنەوانەدا بوو کە سێبەری دارە بچووکەکەی ناوەڕاست حەوشە سەرنجی ڕاکێشا هات و کتێبە فڕێدراوەکەی هەڵگرت و چووە حەوشە و سەندەڵییە سوورەکەی لە حەوشە لە بەر پەنجەرەی دیوە گەورەکە هەڵگرت و بردییە ژێر دارەکە و لەسەری دانیشت و درێژەی بە خوێندنەوەی کتێبەکە دا... (ئایینزا سارێژکەری ترس لە مردنە، کەسێک تا ئێستا ژیانی نەناسیبێت، چۆن دەتوانێت مردن بناسێت).

ڕێبین بیردەکاتەوە: (بەڕاستی مردن دەناسرێت؟ بەری پێ دەگیردرێت؟ کە من مردم ژیان نییە کە ژیان ببێت مردن نییە، کەوایە بۆ بیری لێ بکەمەوە؟ دیسان هەڵهاتن و دۆشدامان لە بەرانبەر پرسیارێکی قووڵی یەکلایی نەکراو، ئەمە بۆیە زۆر کەس خۆشییان لە فەلسەفە نایەت، ئاخر وەک نیشانشکێنێک وایە، ڕێک ئەو شوێنە دەپێکێ کە مرۆڤ لە ئاستیدا لاوازە. مردن و بوونی مردن حاشای لێ ناکرێت و بەرخۆدانیش لە بەرانبەریدا ناکرێت بە هێزە و حاشاهەڵنەگر.... بەرانبەری ڕاوەستان ژیرانە نییە لە دەسەڵات و توانایی کەسدا نییە و نەیشبووە. ئەی چ بکەم ؟ بیر نەکەمەوە؟ ... خۆمی لێ گێل کەم؟ خۆ لەمە گێلتر دەبم... ئەی چی؟ وەک پرسیارێکی بێ وەڵام بیهێڵمەوە و تەنیا بە نازانمێک کۆتایی بەم شەڕە قووڵە بینم؟ نازانم...)



# سنوور

**لەیلا نوورانی**
**(مەهاباد)**

بە شیشەی ماشێنەکەدا کزەبایەک مووی لە قالبم دەکردە نەشتەر، چاوەکانم ئاویان تێزابوو، کەسکایی تەپکەکانم لێڵ لێڵ دەدیت، دەسرۆکەکەم توند توند دە مست گرتبوو.

دایکم دەیکوت دە تووخوداکەی کابرا هەر جارێک، جارێک، کوڕە بە دڵمدا هاتووە تازە دیدارم بە دیداری ناکەوێتەوە، کوڕە بەو خودایەی کەم ئەگەر ئاگاداری حاڵانە، شەو نییە خەونی پێوە نەبینم، جا بزانە بەو داخەوە سەر دەنێمەوە، یان نا، لە ڕێی پیاوچاکان وەرە مەردی خودای بە هەر ئەو تاقەجارە! بە ڕانی خۆی دادەدا و لۆژەلۆژی بوو. بابم سەری ڕادەوەشاند و لە سەرەخۆ دەیکوت: وەڵڵاهی وە بیللاهی وە تەڵڵاهی داوای ڕوحم لێ بکەی هاسانترە، لە چەند جێیان ڕام سپاردووە، قاقەزمان نادەنێ هیچ، سەرباری هەموو دەردان، کوڕەکان دەڵێن گەڕانگەڕی مینڕێژیش کراوە، ها چم لێ دەکەی دەستێکم کەوتووەتە ئەولا و دەستێکم کەوتووەتە ئەم لا. بێ دەنگ دەبوو و دەستی بە سەروسمێڵیدا دەهێنا و ئاخێکی لە قووڵایی دڵەوە هەڵدەکێشا.

کابرای شوفێر لە گۆڕاییەکەی پەنا پایەگاکە ماشێنەکەی ڕاگرت و ئاوڕێکی داوە و کوتی: بابەکەم هەر هەتا ئێرە ئیزن دراوم، دەبێ لێرەڕا بەتەنێ بڕۆی، چاوەڕێت دەبم، خۆت نەگنخێنی ها! زوو وەرەوە با وەبەر شەوێ نەکەوین. دووجار سەرم بۆ لەقاند و دابەزیم، دڵەکوتەم بوو. هەستێکی نامۆ لە دەمارەکانی لەشمدا دەگەڕا. جانتاکەم بە شانمدا دا و بۆ لای سەربازە نابووتەکە چووم، دەتکوت جیوەی تێ کراوە هەر دە هاتوچۆ دابوو، گەیشتمە بن دمی، سڵاوم کرد و قاقەزەکەم دایە... خێرا چاوێکی پێدا خشاند و بە فارسییەکی تێکەڵاو بە تورکی کوتی دەبێ بچینە

لای سەرکردە بۆت مۆر کا. لە چوار پێپلیکان وەسەر کەوت و لە دەرکەی ژوورەکەیدا و ئیزنی چوونە ژووری خواست، وەژوور کەوتین، ولات بە دووکەڵی سیغار قانگ درابوو لێچکەکەم تۆزێک هێنا پێشەسەرم و لەسەر کورسییەکە دانیشتم، دەسرۆکەکەم لە گیرفانی کراسەکەم هاویشت. کابرای پشت مێزەکە شەپکەکەی برێک هەڵهێنا و چاوێکی لە قاقەزەکە کرد و کوتی: ها چ کارەی کای کۆن بە با دەکەی؟! چت لەو بەزموڕەزمە داوە؟ تفی زارم قووت داوە و کوتم خۆ نووسراوە! شوێنەوارناسم مانگێکە لە هەندەران گەڕاومەتەوە، لەولا لە لایەن زانکۆوە ئیزنیان داوم، ماوە فەرمایشی جەنابتان! دوای ئەوەش ئەوێ زێدی باو و باپیرانمە. بە گاڵتەوە درێژەی پێ دا، بە قسە شەش دانگیت کردە ئی خۆتان، ئەوە بۆ دەڵێی دە گوێی گادا نووستوی و هێ هێ هێ پێکەنی! هەر پیشم دەخواردەوە و هیچیشم لە دەست نەدەهات، چاری ناچار دانم بە جەرگی خۆ داگرت و متەقم نەکرد. پەپوولەیەکی سپی لە ژوورەکە دەهات و دەچوو.

دایکم مافوورەکەی بریبوو و لە نیوەڕاستی ژوورەکە ڕایخستبوو و هەرتک دەستی لەسەر دادابوو، کەزێکانی وەک جۆگەیەکی باریکەڵە کەوتبوونە سەر مافوورەکە و سوورایییەکەیان تێکەڵاو بووبوو، لە پەنجەرەکەڕا شۆقێکی بەتین و زیندوو، دە ژووری چەقیبوو و مافوورەکە دەتکوت گڕی ئاورە داییسێ، هەر دەستی بە سەر وێنەکانیدا دەهێنا، هێندەی کۆتری باڵنەخشین تێ هاویشتبوو نەبێتەوە، لە بەستێنی ڕۆناسی مافوورەکەدا، هەموویان دەتکوت لە گۆمی خوێندا باڵەفرکەیانە. بە دڵی پڕەوە و لەبەرە خۆیەوە پێی کوتین کە هەر بە یادی دایەگەورەتان بەبێ نەخشە کردوومە...! دڵم نایە ڕایخەم کوڕەکان بێنەوە با بۆم هەڵواسن.

شەوانە جێوبانەکەی دەهێنا و بەرانبەر مافوورەکە ڕایدەخست، ئەگەر دووخەو دەبوو لەسەر دۆشەگەخورییەکە دادەنیشت و دەسحێبی دەگێڕا و چاوی تێ دەبڕی. سەت دانە جاریشم بە گوێی خۆم گوێ لێ بووبوو کۆترەکانی دەدواند، حەوت کۆتری تێدابوو گەورە و چکۆلە، سێیان بەرەوڕوو باڵیان کردبووەوە و دووانیان دوورتر لە شەقەی باڵیان دابوو و هەڵفڕیبوون و لە لای خوارێشی دووانی تریان لەسەر نەخشی داروگوڵەکان هەڵکورمابوون. ئەگەر نوێژی دەکرد ئاوڕی دەداوە بەرەو مافوورەسوورەکە و فووی بەرەو کۆترەکان دەکرد و نزای بۆ دەکردن.

بە دەنگی کابرای سەرکردە یەکبەخۆم هەڵبەزیمەوە، کوتی: کێت لەگەڵە ؟ کوتم :کەس! تەق، مۆرێکی بە قاقەزەکەمەوە نا و بۆ لای من ڕایداشت و کوتی: ئەوە هەوەڵجار و دواجارت بێ! بەو ئارامانەدا بێیەوە لێت قەبووڵ ناکەین، سەربازێکت لەگەڵ دێ، زوو وەرەوە، جانتا و مۆبایلەکەشت لێرە دەبێ لەو سەری دەستیان دەیە. دەسرۆکەکم لە گیرفانم هێناوە دەر و لە خۆشییان قاقەزەکەم بە سینگمەوە نا و وەک بەسەتان ڕێم کەون گورجوگۆڵ چوومە دەرێ. هەڵیکردبووە زریان و داروبەرد وەک داری چاکی دەچوو. سەربازێکی ڕوح سووکی دەستەپیاو وەپێشم کەوت و بە کوردی کوتی: وەرە خانم! وەرە دەبێ بەو باریکەڕێیەدا هەڵگەڕێین، جریوەجریوی چۆلەکان دەهات، عەرز تەڕ بوو و سندەگڵ بە بنی پێڵاوەکانمەوە دەنووسا و جارجار هەڵدەخلیسکام، تفم بۆ قووت نەدەدرا و هەر هانکەهانکیشم بوو، تێل دڕووەکان ڕیزاوڕیز وەدەر کەوتبوون و وەک دڕوو لە گلێنەی چاوم ڕادەچوون.

سەربازەکە جارجار سووکەئاوڕێکی دەداوە و

دەیکوت هێندەمان نەماوە! دەی خێرا بڕۆ .... ئەوە بۆ دەرناچی باجی! ئەگەر گەیشتینە سەر تەپکەکە، هێزم دەبەردا نەمابوو چاویش بگێڕم، سەربازەکە ئیزنی دانیشتنی دا، چەکەکەی لار کردەوە و دەستەوئەژنۆ لە پەنام دانیشت، تیزماڵکێکی شاڵ، لە دەستی کردبوو، کوتی ئەرێ پرسیارێکت لێ بکەم؟! بە لەقاندنی سەر بەڵێم بۆ کوت. کوتی وەدوای چ کەوتووی؟ بزەم هاتێ و بە هەناسەبڕکێ تۆزێ لێوم تەڕ کرد و کوتم: ئەتۆ وای دانێ وەدوای ئاواتێکی لەمێژینە! یان ڕەنگە مێژووی ونی خۆم، یان دایکم ... ئاخێکی هەڵکێشا و کوتی: ئەگەر دەچین بۆ ئاوکێشانێ لەو کانییەی بەرەوە، زۆرجاران دەچمە لای، هەمووجارێ ماڵە خۆمانم بیر دەکەوێتەوە، قامکی بەسەر شاڵەکەی دەستیدا هێنا. نازانم بۆ دڵم بۆی دەچێ. زۆری بەیتوباو بە دواوەیە، ئەو کوڕانەی ئێرە دەڵێن هەرکەس لقێکی ئەو دارە لێ کاتەوە نەهاتی بەسەر دێ، بۆیە ناوێرن بیبڕن، پێش مینرێژکردنی ئێرە خەڵک زۆر دەهاتن، کوڕەکان لە شاریرا، دوور و نزیک شاڵی بۆ دێنن.

هەناسەی با سەروپرچی ئاڵۆز کردبووم، دەسرۆکەکەم لەسەر ئەژنۆم دانابوو و دەستم بە گوڵەزەرد و سوور و کۆترەکاندا دەهێنا کە بە مەرگەوخەیاتە لەسەر هومایلی سپی نەخش کرابوون. چاوی لە سەر دەسرۆکەکە هەڵنەدەگرت، دامە دەستی و کوتم: ئەوە دەستونەخشی دایەگەورەمە. سەرم هەڵبڕی و کوتم خۆ ئاسەواریان نەهێشتووە دەنا کاتی خۆی ئێرە دێهاتی عەشیرەتی ئەوان بووە، موڵک و ماشی مەلیکبەگی قەڵادزەیی! دایەگەورە حەزی لە کوڕی کوێخا کردووە، بابیشی حوکمی لە کوڕە کردووە دەبێ دوو ساڵان شوانکارەیان بێ جا قایل دەبێ. پاشی ئەو ماوەیە مەلیکبەگ دڵی نەرم دەبێ، پەڵەزەوییەکیان، لەسەر ئەو تەپکەیە دەداتێ و ئەوانیش سازی دەکەن، گۆیا هەرتکیان حەزیان لە کۆترەشینکە بووە، کۆترخانێک لە پەنا دارەتوویەکەی حەسارەکەیان ساز دەکەن، دوو کچیان دەبێ، یەکیان دایکمە.

سەربازەکە چاوی ئەوەندە زەق کردبووەوە بە قامک ئاماژەی بە تەنیشتی چەپەی کرد و پرسیاری کرد ئەو پیرەدارەی حازری؟! کوتم ئەرێ ڕاست بۆخۆیەتی و قرچەپێ هەستام و کوتم با بڕۆین. زریان نەیدەهێشت هەتاو، کە دەتکوت بۆ نێوەڕاستی ئاسمان پاڵی پێوەدەنێن، ئارەقی ڕەشوشینمان پێ دەرکا. پیرەدارەکە بە بێعاری لقوپۆپی هاویشتبووە ئەم بەر و ئەوبەری تێل دڕووەکان وای بۆ دەچووم گاڵتەی بە یاساوڕێساکان دەهات.

دایکم پیشەی خۆی بوو، بێنێوبێر ڕۆژ هەتا ئێوارێ بیرەوەری دەگێڕایەوە، هێندەی دەکوتنەوە هەمووەمان لەبەر بوون، لەگەڵیان ژیا بووین، تێکەڵاوی هەناوەمان بووبوو، بووبوونە ڕابوردووی هەمووەمان. هەتا ما قەت لە زاری نەدەکەوتەوە. دایەگەورەتان لە کۆترەشینکەکان وا حاڵی بوو، دەتکوت ودمی سلێمانی نەبی پێ بوو لە زمانیان دەگەیی! قاقەزی پێدا دەناردنە ئێرەو ئەوێ، لە سەر هەموو دەسکردێک کۆتری هەر نەخش دەکردن، ، کردەکانی لەو مەڵبەندە نێوونێوبانگیان هەبوو و ماڵی دەسترۆییو نەبایە، پێیان نەدەکرا. هەتا ئەو زاڵم و زۆردارانە بە زۆرەملێ لە هەموو شتیان کردن. دایەگەورە و بابەگەورەتان هەر ملیان نەدابوو، بە حاستەم و دوو بەڵام لەبیرە وەک خەونێک، شەووڕۆژ هەر جینگڵی دەدا و لێوەلێوی بوو، سەری قسە و بنی قسەی یەک شت بوو، ئەوە دەڵێن چی تۆ بی ئەو خودایە! سەرحەد چ بەزیادنەبوویەکە، هەی داماوی بارەگای خوڵای


بن! ڕێککەوتنی زۆردار هەر ماڵوێرانی لێ دەکەوێتەوە، نۆبەی ئەو نەقڵەیە، پێستەسەریان بەنەحلەت بێ، ئەوجار لێکمان هەڵداوێرن، خەڵکی ئەو دێهاتانە وەک یەک ماڵەکی وان چ خێری خودای پارچە پارچەمان دەکەن، پەڕیوەی ئەو سەر و ئەم سەری دنیایەمان دەکەن! لەسەر هیچ و پووچ و خۆڕایی... بە نامەی خودا و ڕەسووان نابزووم. ئاوەدانی پەپووی لێ دەخوێند هەر ئێمە مابووین. دایکم ئەگەر دەگەیشتە ئێرە ئیستێکی چاک ڕادەما و دەیکوت ئای ڕۆڵە گیان، بەیانێکی ئەگەر هەستاین دیتمان دەرمانیان دەباڵ کۆترەکان کردبوو و هەموو لە جێی خۆیان ڕەقهەڵاتبوون، ئیدی دایەگەورەتان حاڵاتی گۆڕا، تێیدا شل و کوت دەبوون زاری هەڵنەدەپچڕا، ئەمەی هەر بە یەکجاری لەبیر کرد، وەک نەبین وابوو، ئەگەر لە سەربانی کۆترخانەکە بابەگەورەتان پێ کرا و سارد بووەوە هەر بەجارێک بە بای فەنا چووین، بۆ سەرەخۆشی بابمان کوێراییم گاتێ، ئەمن و خوشکەزبێدمیان بردە ماڵە مامم لە قەڵادزێ. دایکم هەر نەهات بە تاقی تەنێ لە گوندە چۆڵوهۆڵەکەمان مابووەوە، بەرخی بن سەوەتەی بووین چ دەسەڵاتمان نەبوو، نەیاندەهێشت تخوونی کەوین، لە تاوی دایکم و بابم ژێر نەدەبووینەوە. ئامۆژنەپیرۆز هەر لە ڕووی خۆی دەدا و دەیکوت بە مەرقەدی پیاوچاکان، دەستیان لێ وەشاندووە، ئای لەو شێرەژنەی چۆن وای لێ هات و وەک هەوری بەهار دەیباراند.

سێ مانگەی بەهارێ بە ڕاکێشڕاکێش و زۆرەملی هێنایانەوە. بنچاوی بستێک قووڵ بووبوون و زارولێوی شینشین هەڵگەڕابوون، تەنیا قسەیەک کە بەسەر زاریدا دەهات هەر ئەوە بوو: سەرحەدی چی و سنووری چی شاباڵمان دەکەن ... شاباڵ! و بە دەستی چەپۆکی بە خۆیدا دەدا، دەنا خۆی ڕادەژاند و یەکپشوو دەیگماند و چاوی لە داوێنی شینی ئاسمان دەبڕی. هەتا ڕۆژێک بە جارێک ون بوو، هیچکوێ نەمابوو لێی نەگەڕێن، دێهاتەکانیش سەرپاکی تەخت کرابوون کەس شکی وەی نەدەکرد بە پێیان ئەو ڕێیەی کووتابێ و گەڕابێتەوە. مانگێکی پێچوو چ باس نەبوو، هەتا شوانێک لە بن دارتووەکەی خۆمان دیتبوویەوە. دوای ئەو کارەساتە سەرۆک عاشیرەتان کۆ بوونەوە و لێیان توند کردن و زۆرداران ملیان دا و قەراغیان زیاتر لێ نەکێشا هەتا نەکا ئاژاوەیەک، شتێک ساز بێ، هەر لەوێ سپاردەی خاکیان کردبوو، قەبرەکەی ڕاست کەوتووەتە ناوەندی سنوور. دایکم ئەگەر دەگەیشتە ئێرە، هەر حاجەتێکی پێی بایە دایدەنا و هەرتک دەستی وەک باڵ دەکردەوە و چاوی لە حەوا دەکرد و جا دەیباراند ئەمما باراندن.

سێبەری دارەتوویەکە بەسەر قەبرەکە هەڵکشابوو و نێوقەدی شاڵی لێ هاڵابوو. دەسرۆکەکەم لە کێلە سپییەکەی گرێ دا. وەسێتی دایکم بوو، ئەو شەوەی بە دەستە چرچولۆچەکانی پەنجەکانمی توند گرتبوو بە سرتە کوتی: ڕۆڵە، سنوورگیان! نەکەن لێی خافڵ بن ها! پێی لێ نەبڕن، شیری ئەو مەمکانەتان لێ حەرام دەکەم بەخودای! هەر حەولی لە دوو بدەن و سەردانی بکەن.

سەرم وە کێلەکە کرد و چاوم توند قوچاند و فرمێسکەکانم هاتنە خوار، بۆنی گیاوگۆڵ دەهات، سەت کۆتریش لە مێشکمدا گمەگمیان بوو.

**ڕەزبەری ١٤٠٢ی هەتاوی (٢٠٢٣ز)**



# پشیلەی خۆرهەڵات و پشیلەی خۆراوا

محەمەد کەریم نانەوا

ڕۆژێکیان هاوین بوو، ڕۆژێکی زۆر گەرم بوو، جادە (برک)ی دەکرد، هەرمی لێ هەردەستا، ڕۆژێک بوو سەری کەچەرانی دەسووتاند، کارەباش، وەکوو قەندیلۆکە.. چرا ڕەشکەی زەمانی کۆن.

داپیرەم هەندەک قورە سۆری لە گەردەنی هەرسوویبوو، جا کارەباش بووکەخانی دیوەخان، هاوشێوەی چرا ڕەشکەی ڕەحمەتی داپیرەم، پرت پرت، پرتە پرتی بوو.

ناچار، هەیپام لێ کرد، شاندەر، خۆت بگرە واهاتم.. بە تاقی تەنیا لەسەر تەختێک لێی دانیشتم، شوێنەکی، خۆش و فێنک، کڕ و بێدەنگ و بێ ژاوە ژاو و هێمن، خۆشتر لە باخچەی پاشا، مژم لە جغارە دەدا، دووکەڵم بەبادەدا.. گابەردێک، لەناوەڕاستی چیمەنەکە دانرابوو، بۆنی چیا و خوێنی لێ دەهات، هەندەی پێنەچوو، دوو کۆترە باریکە لە عاسمانەوە هاتن، لەسەر گابەردەکە ورین دەم لەناو دەم، خەریکی ماچومووچ بوون، نەخێر، دیارە بە مژینی شیلەی نێو دەمیان، دڵیان دانەکەوتووە، قەوماندیان.

یەزدانی مەزن، هیچ شتێکی فەرامۆش نەکردووە، لەسەر عەرد و بن عەرد، لەسەر ئاو و ژێر ئاو، ئەوەی ڕۆحلەبەرە، نێرومێی، بۆی خولقاندوون.

کەمێک لەولاتر، پشیلەیەک، خۆی دانووساندبوو، بەڵکوو چۆلەکەیەک، بلبلێک، کۆترە باریکەیەک، بکاتە ژەمی ئێوارە.

لــەو دەمــەدا، پشــیلەیەکی خرپــن، خاوێــن، چاوشــین، قردێلەیەکــی ســووری لــە ملیــدا بــوو، هاوشــێوەی گەردانــەی گەردنــی کێلــی شــۆڕەژنان، لــەولاڕا بەخۆبــادان دەهــات.. چــاوی بە پشــیلەکەی لای خۆمــان کــەوت، هەڵوێســتەیەکی کــرد، پاشــان لای دا بــۆلای هاوڕەگەزەکــەی، ئەوجا مەرحەبایەکی لــێ کــرد، پاشــان

- پێی گۆت: هاوڕێ، ئیزن هەیە دانیشم..؟!

: جــا بەنــدە، بەحوکمــی ئــەوەی لــە هەنــدەران، کارمەندبــووم، لــە باخچــەی ئــاژەڵان لــە زمانــی ئــاژەڵان و باڵنــدان حاڵــی دەبــووم.

پشیلەی مەملەکەتی خۆمان لە وەرامدا گۆتی:

- بەخۆشحاڵییەوە فەرموو کەرەم کە..

ئیــدی دوای چاکوچۆنــی، پشــیلەی خۆراوایــی لێــی پرســی:

- خێــرە، ئەوهــا لــەڕ و لاواز و بــێ نمــوود و چرکــن و دەغــەر و بێــوازی..؟!

پشــیلەی هاومــاڵ، لــە دڵــی خۆیــدا، گۆتــی: ئەوەیــە دەرێــن..!

(هــەر کەســە و لەبــاری خــۆی دەژمێــری)، پاشــان لــە وەرامــدا گۆتــی:

- ئێمەمانانــی خۆرهەڵاتــی، لەســەر تەنەکــەی زبڵ و گوفەکــی گەڕەکــە تێرنەخۆرەکانــە، ئەوانــەی قەت تێــر نابــن، بــە ڕۆژ تەنەکــە و زبڵدانــی پاشــماوەی ماڵــە زەنگینــەکان بەســەر دەکەینــەوە، نەختێــک لــە قــۆرە قــۆڕی هورگمــان هێــور دەبێتــەوە.

بــەڵام کاتێــک کــە بــە دوای بۆنوبەرامــی گۆشــتی بــرژاو، خاوەبــرژ دەچینــە ناندینــی خانــم خاســان، بەدیــار دەســت و کێــرد و چەقــۆی کابانــی ماڵــدا، کــز و مەلــوول هەڵدەقونجێــم، چاوەچــاوی میهــر و بەزەیــی کابانــی مــاڵ، بەڵکــوو لەتــە گۆشــتێک، هیــچ نەبــێ چەرمــە چەقاڵتەیــەک، قیچــە بەزێــک، نەخێــر، کابانــی چاوچنــۆک، بەچەقــۆ و گێســکی دارگــەز، هەڕەشــەم لــێ دەکات، ئەگــەر نــەڕۆم..؟! چــاو چرکەمــەوە.

هاواری منداڵە چەتوون و لاسارەکانی دەکات!..

(چەتــۆ، بەکــۆ، کــورە حەمۆکــە، وەرن ئەو پشــیلە پیــس و چەپــەڵ و مردارخــۆرەم لەکۆرکەنــەوە، دەریکــەن، چــاوی مــۆن کردووەتــەوە، هــەر مەژغــوول بــم..؟!

خــۆی تــێ دەکات، دەســتە گوڵــی خــۆی لــە گۆشــتەکە دەدات.

جا ئەو چەتوونانە، بەداروبەرد بەدوام دەکەون.

لــە ترســان، ئەگــەر دەرگای حەوشــە واڵانەبــێ بــە ســەلامەتی بــۆی دەرچــم قوتاربــم، ناچــار بەســەر دیــواری حەوشــەدا، بــازدەدەم، بــۆ ماڵێکــی دیکەی ئەوبــەری کــۆڵان، بپەڕمــەوە، بڕۆمــە ناندینــی خانمێکــی دیکــە، بەڵکــوو بەزەیــی پێمــدا بێتــەوە، بــەڵام پێشــینان فەرموویانــە (ســەت خۆزگــە بــە کفــن دز)

جــاری وایــە لەکاتــی پەڕینــەوەدا، لــەم گــەڕەک بــۆ ئــەو گــەڕەک، لــە ناوەڕاســتی شــەقام، تورەمبێلەکــی جــام ڕەش، هەتیوەکــی مەغــروور و لەخۆبایــی، بەخــۆ و چاویلکــەی ڕەش، پێشــە خــۆی نابینــێ، خەڵتانــی خوێنمــان دەکــەن.

هێشــتانەکێ ئــەو.. لــە خەمــی تورەمبێلەکەیەتــی بەخوێــن پیــس بــووە، تیژتێدەدەپــەڕێ، ئاوڕیــش ناداتــەوە.

: چــاوم لێیــان بــوو، هەســتم ڕاگرتبــوو، بــاش لێیــان حاڵــی دەبــووم.

ئــەوە لەمێــژ نەبــوو، لــە هەنــدەران گەڕابوومــەوە باوەشــی دایــە گــەورە، کەچــی وەختــی خــۆی، زۆر بــە ئیشــتیاقەوە، مێشــە کەرانــەم هاتــێ بگــرە، بەهــەزار دەردەســەریی و مەینەتــی ڕێگا و مەترســی نەهەنگەکانــی دەریــای ئیجــە و فرتوفێڵــی داک خۆگێیــی قاچاخچــی، بــە هــەزار نــاری عەلــی، خــۆم

گەیانده وڵاتانی خۆراوا.. بڕوانامەی دبلۆمم، لە باغەریدابوو، لەوێ بە فلووسەکی سووتای.. بۆیە بە هەزار ترومنەت، لە باخچەی ئاژەڵان، بە شێوەی گرێبەست، دایانمەزراندم، ئەگەرچی سەبارەت بە ئێمەمانانی خۆرهەڵات، شیاو نییە بچینە ژێرباری هەموو جۆرە پیشەیەک.

بەڵام بەدوای نان و بژێوی، ژیانی کەمپ و دەربەدەری وا لە مرۆڤ دەکات، چاوپۆشی لەو جۆرە پیشانە بکات، چونکی لە کوردەوایدا دەڕێن (باب مردی خەوی لێ دەکەوێ، زگبرسی خەوی لێ ناکەوێ)

بەڵام بێجگە لەوەی بەم کارەم، قۆڕەقۆڕی هورگم دەمکوت کردەوە، وەلێ لەبارەی زمانەوە، سوودمەندبووم، ئێستا، زۆربەی هەرە زۆری زمانی ئاژەڵ و باڵندانم ئەزبەرە..

ئیدی وابوو، دوابەدوای چەندان ساڵ، لەئاوارەیی، هەست و سۆز و دوور لە نیشتمانی دایک، گڕی ئاگرێکی گڕوفڕ، سەبروقەرا و ئارامی لێم هەڵگرت، بە پەلەپڕووزێ گەڕامەوە ئامێزی دایکم.

ئیدی خۆرهەڵاتی بەردەوام بوو، جاری وایە، کە لە گەڕەکی جاجماوە، بەدوای خواردندا، دەچینە گەڕەکی دڕکاوە، بەربینگمان لێ دەگرن، فتیلەی ئاگری شەڕ دادەگیرسێ، دەبیتە جەنگی مەغلووبە و سات و قەرا، ئەوەی تێدەچێ..؟! لەتری سەی دەچێ.

ئیدی کە ئێوارە دادێ، بە مەبەستی مڕومۆکردن لە پاشماوەی تەنگەستوورەکان، سەر بە تەنەکەی زبڵداندا دەگرم، حەشتەبای تێدا نییە، شێیان لە لوولاقیش بڕیوە، چاوچنۆکن، کەس خێر لە (هین)یان نابینێ.

ئیتر، لەم کۆڵان بۆ ئەو کۆڵان، گووفەک و زبڵدانەکان بەسەر دەکەمەوە هەتاکوو شەو بە قووندا دەکەوێ، تاریک دادێ، ناچار بۆ پشوودان و چاو گەرم کردن، بۆ جەستەی شەکەت و ماندوو، لە سەرما و بەستەڵەکی زستان، تاقیبی کوورەخانەکانی شاردەکەم، ئەوانە هەمووی هیچ، بەجێی خۆی.. کابان و خانم و خاتوون خاسانی ماڵ، لە کاتی خۆ شووشتنی هاوسەرەکانیان، پێیان دەڕێن..!

(خۆتان جوان بشۆن، نەک خۆتان پشیلەشۆر بکەن، بە چڵک و قرێژەوە بێنە دەرەوە، ئەڵڵا قۆیسەن، کابرا چووەتە حەمام و ساونا).

ئەگەر وەرز هاوین، یان پاییز، یان بەهار بێ، شەوان لە پەناوپێچی کۆڵانەکانی شاردا، شەوگار بەڕێ دەکەین، وادەبێ شەوێ لە شەوان، لە برسان ڕەق دەبینەوە، حاڵی هاوڕەگەزەکانم لە حاڵی من خۆشتر نییە، گەلێک سەخت و دژوارترە، ئەگەرچی ڕەزالەتە، بەڵام لە ژیانی پەناهەندەیی خۆشترە.

پشیلەی ڕۆژئاوا، باشە پرسیارێک:

– ئەی لەبارەی حەز و ئارەزوو دامرکاندنەوە چۆن..؟!

– بەڵێ گیانە، پەک ناکەوێ.. بەڵام کەمێک وەرە پێشتر با (خەفییە) شارەوانی گوێی لێ نەبێ.

بۆ ئەمەیان، چەند گەڕەکێک هەن، لەناو جەرگەی شار، بە ناوی کولتووری، بوونەتە کەلاوە و شوێنی تەراتێن و جلیتبازی، مشک و جورجە کۆرە و زیندەوەری نامۆ، ئەگەرچی بۆنوبەرامی ئەم شوێنانە، هێندە ناخۆشن، بەبێ عارەقی قاچاغی عەنکاوە، مرۆ گێژ و هێڕ و هوڕ دەکات.

ئەوجا ئێمەمانانی بێ دەرەتان، لە سایەی ئەو شوێنە کولتوورییانەوە، بە پەلەپڕووزێ، هەر بە پێوە، جاشکانی... هەروەکوو باوە دەڕێن

(هینــە مەترســە و هینــە مەلــەرزە) دەیقەتێنیــن..
هــاوڕێ، ژیــان پێنــج و دوو ڕۆژێکــە، بەدەروێشــی بــێ، بــە پاشــایەتی بــێ، هــەر دەقەتــێ.. مــەرج نییــە ئــەوەی زۆر بخــوا زۆر بــژی.
پشیلەی خۆرهەڵاتی، بۆ هاودەمە خۆرئاواییەکەی
– ژیــان و گوزەرانــی ئێــوەی خۆراوایــی، چــۆن چۆنییــە.؟!
– بەڵــێ بەڕێــز.. خۆرهەڵاتــی، دەســت پێشــخەری کــرد، قســەی پــێ بــڕی، گۆتــی: ئــەوە یەکــەم جــارە لــە ژیانمــدا پێــم بڕێــن (بەڕێــز)
زۆر بەداخــەوە ئازیــزم، خۆزگــە، هەرگیــز سەرگوزشــتەی ژیــان و گوزەرانــی ئێــوەی هاوڕەگەزم نەدەبیســت، بەهەرحــاڵ، ئــەو ئــازار و مەینەتییــەی ئێــوە بەگشــتی لەنەبوونــی نەخشــە و بــێ پلانییــە.
ئیدی، با وەرامی پرسیارەکەت بدەمەوە.
لەبــارەی ژیــان و گوزەرانــی هاوڕەگەزانــی ئێمــەی خۆراوایــی، بەپێــی یاســا، قــەت بــێ ڕێزیمــان پــێ ناکــرێ.. لەبــارەی خــواردن، خواردنــی تایبــەت بــە خۆمــان هەیــە، دەبــێ بۆمــان دابیــن بکــەن.. شــەوان، نــەک لــە کوورەخانــی گەرمــاوان بخەویــن، شــوێنی تایبەتیمــان بــۆ ئامادەکــراوە، لــە حەفتەیەکــدا، دووجــار بــە ئــاوی شــیرتێن و لیفکــە و شــامپۆ دەمانشــۆن، پاشــان بە (مجەفیفە)، پوختــە و جــوان، نەبــادا ســەرمامان بــێ، هیشــکمان دەکەنــەوە، دوکتــۆری تایبــەت بــە خۆمــان هەیــە، بــە دەگمــەن، ئەگــەر بکەوینــە ژێــر تایــەی تورەمبێــل، بەپێــی یاســا...
یاســا ســەروەرە، لێکۆڵینــەوە لەگــەڵ هاژەرەکــە دەکــرێ، بەڕێــز بــۆ دامرکاندنــەوەی حــەز و ئــارەزوو بێگومــان ئــەوە پێویســتییەکی ژیارییــە، نکــووری لــێ ناکــرێ، لــەکات و ســاتی پێویســت، بــۆ ئەنجامدانــی ئــەم کارە ڕۆژی بــۆ دیــاری کــراوە، بــە جوانتریــن شــێوە دەمانڕازێننــەوە، بــەم بۆنــەوە گرد دەبنــەوە بەچەپڵەڕێزان، لەگــەڵ دڵخــوازی خۆمــان حــەز و ئــارەزوو دادەمرکێنینــەوە.. کەســێک نییــە بەپلووکــە بــەرد ڕاوەدوومــان بنــێ، یــان ڕێگریمــان لــێ بــکات.
پاشان هەناسەیەکی هەڵکێشا و گۆتی:
مخابن، بۆ ئێوەی خۆرهەڵاتــی، بــە تایبەتــی بــۆ تــۆی خۆشەویســت، چونکــی هێشــتانەکێ جــوان و جحێڵــی، کەچــی لەنێــو خــەم و خەفەتــی ژیــان، خــۆت دیتــووە..؟! چەنــد چەلەنگــی، ڕەنگــی نەخۆشــی (وەرەم)دارت لــێ نیشــتووە..
مــن، لــە حەفتــەی داهاتــوو، ســەفەر دەکــەم، بــۆ وڵاتــی خــۆم دەگەڕێمــەوە.
– ئەوجــا، ئەگــەر ئــارەزوو بکەی، خــۆت تەیاردە، لەگەڵــە خــۆم دەتبــەم، هەنگــێ دەزانــی ژیــان یانــی چی..؟!
دەرێی چی..؟!
– زۆر ســپاس گیانــە.. بــەڵام مــن هەرگیــز وڵاتــی خۆم جێ ناهێڵم، ئەدی کێ..؟
شــەڕی ئــەو هەمــوو، مشــک و جورجــە کــۆرە و کورەوییبــاب و ئــەو هەمــوو زینــدەوەرە قرتێنــەرە نامــۆ و زیانبەخشــانە بــکات.
– ئامــۆزا، ئەگــەر وارێ خــۆم ژەقنەبووتیــش بــێ..؟! هەرگیــز ناتوانــم دەســتبەرداری بــم، چونکــە وڵات شــیرینە، هەنگوینــی ئاوارەیــی ژەهرە، بــەڵام (کاولەکــەی وەتــەن هێنــدە شــیرینە، ژاری دووپشــکی عەربــەت هەنگوینــە).
نــا نــا.. هــاوڕێ، ببــوورە نایــەم، وارێ مــە، کوردســتان بەهەشــتی ســەر زەمینــە، دڵــم بەرەوەســت نــادا، پشــتی تــێ بکــەم.



# مەریەما فلەھ (١)

**فەلات دلگەش**

**تیپگوێزی: د. هێمن عومەر خۆشناو**

**(زانکۆی سەڵاحەددین- کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە)**

نا نا نە دیا منە! ژ دێرکێ، ژ دێرکا چیایێ مازییە. قەدەرێ سی و پێنج سالان بەرێ ژ دێرکا چیایێ مازی دەرکەتیە و هاتیە ل ستەنبۆلێ دژی. ب ئاوایێ کو گۆت، هەشت زارۆکێن وێ هەنە. خویایە هەموو ژی زەوجینە. لۆما ل تاخا کۆجا مستەفاپاشا ب تەنا سەرێ خوە ڕوودنێ. نها ب مێڤانی هاتیە تاخا مە. ل با کەچا خوەیە. ناڤێ کەچا وێ ئانژەلە. ئانژەل جیرانا مەیە. مێرێ ئانژەلێ ترکە. بەلێ وێ هەتا نها یەک گۆتنەکێ ژی ب زاڤایێ خوە ڕە خەبەر نەدایە و ژ نها پێ ڤە ژی ئەوێ نکاربە خەبەر بدە.

گاڤا کو ئەز ژ هەڤالێ خوە دقەتیام، کەچا وێ ژ پاشڤە گازی من کر. ئەز زڤڕیم و من ئەو ناسی. سێ چار سال بوو کو من ئەو نەدیتبوو. قاسی ئەز دزانم، جارنا وێ و خانما من هەڤ ددیتن. ب شەرمۆکی و سەرێ وێ د بەر وێ دە، ژ من ڕە گۆت کو دیا وێ دخوازە ب من ڕە بپەیڤە. ل سەر ڤێ یەکێ ئەز ژی ل هەمبەری دیا وێ ڕوونشتم، وەک کو جارنا ل هەمبەری دیا خوە ڕوودنشتم. هن جاران ژ بەر پرسێن من یێن مزاوری، دیا منا فەقیر بەرێ خوە ژ من ددا ئالی، چاڤێن خوە ژ من دڕەڤاند. بەلێ وێ قەت تشتەک وسا نەکر، ب بەشەرەک خوەش تەڤ ل من نهارت.

وەک کو ب لاوەک خوە ڕە، ئان ب گوندی ئان جیرانەک خوە ڕە دپەیڤە، پەیڤی. ژیێ وێ هەفتێ و سسێ بوو. ل ڤێ دنیا کامباخ هەفتێ و سێ سال ل پەی خوە هێشتبوو. گەلۆ چ دیتبوو و ژ چ ڕە بووبوو شاهد؟ خوەدێ دزانە. هێ د هلما پێشی دە، شەجەرا مالا خەزوورێ من ڕاخست بەر چاڤان.

ل دیا خەسیا من حەجی سلتانێ پرسی. من ژی گۆت کو شوکر هێ ساخ و ل سەر خوەیە. گلیێ حەجی بەکرێ مێرێ حەجی سلتانێ کر. ب ئاوایێ کو وێ گۆت، گاڤا کو حەجی بەکر هاتیە کوشتن، ئەو کەچکە هەفت هەشت سالی بوویە. وێ ژی قەبوول کر کو حەجی سلتان، د دۆرا سەد سالان دە یە.

سەد سالێن قراسە و ئەڤینا حەجی بەکر! چاخێ من گۆت، شکر هێ حەجی سلتان ل سەر خوەیە، هەر ڕۆژ لمێژا خوە دکە. وێ گۆت، لاوێ من، خوەدێ کەسی نەکە ناڤ دەست و پیان. من ژی گۆت، ئەرێ خاتی. تو ڕاست دبێژی.

دەمەک ب شوون دا، کەچا وێ ژ من ڕە گۆت، تو زانی دەنگ ناچە دیا من. ئەو قەت تو تشتەکی نابهیسە. ئەو ل لێڤێن تە دنێڕە و دپەیڤە. هنگێ ئەز شاش و مات مام. سوبحانەڵڵا، چ کوردییەک نەرم، خوەش، زەلال و هەرکبار. وەک هەلبەستەکێ دپەیڤە، ئەز هێ ل سەر ڤان تشتان دفکریم، وێ چیرۆکا خوە یا، بێ کا چاوا کەڕ مایە ژ من ڕە گۆت:

لاوۆ هێ ئەز زارۆک بووم! نەخوەشینەک، عیللەتەک ل دێرکا چیایێ مازی دەرکەت. گەلەک زارۆک ژ بەر ڤێ عیللەتێ مرن. هنەک ژێ سەقەت مان. یێ من ژی ل سەرێ من خست و ئێدی هەو من بهیست. ژ وێ ڕۆژێ ڤر ڤە ئەز نابهیزم. تەنێ کورمانجی دزانم، یەک پەیڤەکێ ژی ب ترکی نزانم. ئاه دە ئەم ژی ب ڤی ئاوایی، ژ خوە ڕە دژیم. نە کورمانج بن، کەسی فێم ناکم. شکر ل تاخا مە، ل کۆجا مستەفاپاشا گەلەک کورمانج، گەلەک هەڤالێن من هەنە. ئەز ل ور عاجز نابم. بەلێ گاڤا کو ئەز تێم ڤان دەران، ئەز عاجز دبم. ل پارکێ ڕوودنێم، ئیجار کەس تونە ئەز پێ ڕە خەبەر دم. تەفلێ دیا من، دایکا من تێ بیرا من. جارنا ئەو ژی ژ خوە ڕە دچوو پارکێ و دخوەست کو ب ژنکێن ل وان دەران ڕە چەند گۆتنان بپەیڤە. بەلێ کەسی ب کورمانجی نزانبوو. ئەڤ یەک پڕ ل زۆرا وێ دچوو و عاجز دبوو. هن ڕۆژان ئەز پێ ڕە دچووم پارکێ و من ددیت، بێ کا چقاس دخوازە ب هن کەسێن کو د عەمرێ وێ دە نە ڕە بپەیڤە. هنگێ ئەز ل سەر گۆتنا، مرۆڤ هەبوونەک جڤاکی یە بێتر ب کووری دفکریم. ئەرێ، ئەم مرۆڤ ل مرۆڤێن وەک خوە دگەڕیان کو ب وان ڕە بپەیڤن، بدن و بیستین. بەلکی ژی غەریبی تونەبوونا کەسێن کو ب زمانێ مە دپەیڤنە. هەتا ڕۆژەکێ دیا من ژنکەکە کورد و بووکا وێ ل پارکێ ناس کربوو و ب وان ڕە بووبوو هەڤال. گەلەک کێفا وێ هاتبوو و پشت ڕە مە هەڤالێن وێ ل مالا مە کربوون مێڤان ڤێ ڕەوشا دیا من، کر کو ئەز بێتر گۆهێ خوە بدم خاتیا مەریەم. من زانبوو کو ئەو ل کەسێن کو ئەوێ چەند گۆتنان ژ وان ڕە بێژە، ل کەسێن کو ئەوێ وێ گۆهداری بکن دگەڕە. من زانبوو کو ئەو چەند پەیڤان ب من ڕە بکە، ئەوێ گەلەک دلشا و کێفخوەش ببە. لۆما من خوەست کو ئەز دلێ وێ شاکم. ڕۆژێن من ئێن غەریبیێ هاتن بیرا من. ڕۆژێن کو ئەز ژ تونەبوونا کوردەکی ب خوە ب خوە ڕە دپەیڤیم. دا کو ئەز وی زارێ خوەیێ شێرین، وێ کوردیا خوەش ببهیزم. وەک شاعیرێ ڕۆمایی، ژ بۆ کو ئەز پەیڤێن زمانێ خوە ژ بیر نەکم، من خوە ب خوە ڕە سۆحبەت دکر.

دەنگێ من دەردکەت، ئۆلان ددا و دهات گۆهێ من. ها، من دکر ژبیر بکرا، ئەڤ دایکا کو ئەز پێ ڕە پەیڤیم و من ب چەند گۆتنێن کوردی دلێ وێ خوەش و شا کر، ب ئەسلێ خوە نە کورد بوو، ئەرمەنی بوو. ئانگۆ فلەهـ، فلەهێ دێرکێ بوو. ژێ ڕە مەریا کەڕ دبێژن. د ناڤ دێرکیان دە ب ناڤ و دەنگە.

یەک ژ وان فلەهێن مەیە کو ب کورمانجی دپەیڤە و ژ کورمانجی زێدەتر ب تو زمانەکی دن نزانە. ئەگەر ب کورمانجی نەپەیڤە، وەکی

من، ئەز دزانم کو ئەوێ زمانێ وێ ژی د دەڤێ وێ دە ببە گلۆک و بمینە. وێ ژی وەک مە چاڤێن خوە ب کورمانجی ل ڤێ دنیایێ ڤەکریە و ب ڤی زمانی خوەدایێ خوە دپەرزە، هەر ڕۆژ ناڤێ عیسایێ نوورانی ببیر تینە و ل سەر ناڤێ وی دوعا دکە. بەلکێ دەمەکێ، ژ بەر کو فلەه بوو، گەلەک تەنگاهی ژی کشاندبوو. هەم ژی ژ بەر کەسێن کو وەک وێ ب کورمانجی دپەیڤین. بەلێ ئیرۆ ئەو، د کۆچەیێن ڤی باژاڕی دا، ل کەسێن کو ب کورمانجی دپەیڤین دگەڕیا. شڤاکێن مالا وێ ب کورمانجی ل دنیایێ ڤەدبوون. ب سەر کو یەک دەنگ، یەک گۆتنەک ژی نەدچوویێ، ژ لەقین و لەبتینا لێڤێن مرۆڤ کورمانجی فێم دکر. خوەدایێ بەرز، بهیستن ژێ ستاندبوو، بەلێ ئەو ب مەریفەت و قابیلییەتەک مەزن ڕاپێچابوو.

کەچا وێ گۆت، تو دەنگەک ناچێ و ب ترکی پەیڤەکێ نزانە، بەلێ ژ کۆجا مستەفاپاشا لێ دخە و تێ ڤرا. ئەز دترسم کو ڕۆژەکێ عەرەبەیەک لێ خە. ل پشت وێ تۆپ بتەقە دەنگ ناچێ. بەلێ دیسا ژی لێ دخوە و تێ ڤێ دەرێ. خاتیا مەریەم، فلەه و مسلمانێن دێرکێ، مال ب مال، باڤ ب باڤ دزانە. تێ بێژی دۆ ژ دێرکێ هاتیە. دلێ وێ ل دێرکێ ل دخە. چاخا قالا دێرکێ دبە، ڕۆناهی تێ چاڤێن وێ، ڕوویێ وێ دبشرە. بەلێ ئەو ژی دزانە کو ئێدی ژ بێن دەما وێ، هەما بێژە کەس ل دێرکێ نەمایە. حەجی سلتانا دیا خەسیا من ژی، ب زۆرا کوڕێ خوە و کەچا خوە، د عەمرێ خوە یێ نۆت و هەشتان دە، هاتیە ستەنبۆلێ. ئەو ژی هەر ڕۆژ قالا دێرکێ، مالا خوە و گۆرا حەجی بەکر دکە؛ بێ کا ب چ ئاوایی ب گول و چیچەکان خەملاندییە.

خاتیا مەریەم، ب بەرناڤێ خوە یێ ب ناڤ و دەنگ، مەریەما کەڕ، ئانگۆ مەریەما فلەه، د کوچە و کۆلانێن ستەنبۆلێ دە ل کەسێن کو ئەوێ کاربن ب کورمانجی چەند گۆتنان پێ ڕە بپەیڤن دگەڕە. ئەگەر هوون ژ دێرکێ بن، ئان ژی چەند کەسێن دێرکی بزانبن، ئەوێ هێ سۆحبەتەک کوور و دوور ب وە ڕە بکە. بەلێ هوون نە ژ دێرکێ بن ژی، خەم نینە. ئەوێ جاردن، وەک دایکەک کوردا دلۆڤان، ب کێفخوەشی و دلگەرمی ب وە ڕە سۆحبەتەکێ بکە. ل سەر وێ گەلەک تشت دکارن بێن گۆتن، بەلێ ب گۆتنا کن و کورت، دکارم بێژم کو درووڤێ دیا من، درووڤێ دیا تە، درووڤێ دیا مە پێدخست. ئەگەر کەچا وێ نەگۆتا، ل دنیایێ من پێ دەرنەدخست کو دەنگ ناچێ.

سۆحبەتا ب خاتیا مەریەمێ ڕە، گۆتنێن هەڤالەکی من ئێ پڕ نێزک، کەک نازمی یێ کو ب ئەسلێ خوە سووریانییە ئانین بیرا من. برایێ نازمی ڕۆژەکێ ژ من ڕە وەها گۆتبوو، گاڤا کو ئەم ل وەلات، ل شرنەخێ بوون، ئەم فلەه بوون. ئەم هاتن ستەنبۆلێ، ئەم بوون کورد. ئەم ڕەڤین چوون ئەورۆپا، ئەم ل ور ژی بوون ترک. مەعلوومە، ل وەلات یێن کو هەری زێدە دهاتن پەلچقاندن و د بنی دە بوون، فلەه بوون. ل ستەنبۆلێ یێن کو هەری زێدە تێن پەلچقاندن کوردن. ل ئەورووپا ژی یێن کو هەری کێم و هۆڤ تێن دیتن، ترکن. حاسل ژیانا مە وەها بۆری. ل ڤێ دنێ، ژیانەک ئازاد و ب ڕوومەت ژ مە ڕە نەبوو نەسیب.

**(١) ئەم چیرۆکە لە بنچینەدا بە ڕێنووسی لاتینی نووسراوە و هێشتا بڵاونەکراوەتەوە، لە چەند ژمارەیەکی پێشووتری ڕامان-دا چەند چیرۆکێکی تری فەلات دلگەش بڵاوکراونەتەوە.**



# مۆتەکە

فرووغی فەروخزاد
لە فارسییەوە: خالید فاتیحی
(ڕانیە)

کاتێک پەرویزی بچکۆلە نیوەشەو لەخەوڕابوو، تاریکی و بێدەنگی باڵیان بەسەر ژوورەکەدا کێشابوو. جگە لە هاشوهووشی دەریا کە لە دوورەوە هەڵدەستا و لە پەنجەرەوە دەهاتەژوور، دەنگێکی دیکە نەدەبیسترا.

یەکسەر هەستی کرد لەنێو جێوبانی خۆیدا نییە. بەسەرنجەوە لەدەوروبەری خۆی ڕوانی، لەوکاتەدا قسەی باوکی وەبیرهاتەوە کە بەدرێژیی ڕێگا بەردەوام دەیگوت:

«خوابکا لەکاتی خۆیدا بگەینێ، کەناری دەریا لە هاویناندا زۆر قەرەباڵغە، ڕەنگە ژوورمان دەست نەکەوێ.»

لەوکاتەدا مژۆڵەکانی چەند جارێک لێکنان و بەپارێزەوە لە جێگاکەیدا تلاوتلی کرد، ئێستا ئیدی چاوەکانی بە تاریکی ڕاهاتبوون و هەموو هێڵەکانی دیوار و پەردەکانی لێک دەکردنەوە. کەمێک لەلای خۆیەوە و لەلای چەپی کەسێک نووستبوو. سەری بردەپێش و بەسەرنجەوە لێی ڕاما: ئاهای، ئەوە خوشکە بچووکەکەی بوو. دەستی درێژکرد تا وەخەبەری بێنێ و لەگەڵیدا باسی زەریا و هەتاو و ئەو گوێچکە ماسیانەبکا کە لەکەناری دەریا کۆیان دەکەنەوە، بەڵام دەستبەجێ پەشیمان بووەوە، دڵی نەهات خەوە ئارامەکەی لێ تێک بدات. لەسەرخۆ وەکوو مار خزی و چووەسەر جێگاکەی، ئەوجار سەیری ئەولایەی دیکەی ژوورەکەی کرد. لەلای ڕاستەوە، لەسەر قەرەوێڵەیەکی بچووکی یەک کەسی دایکی و باوکی بەتەنیشت یەکەوە خەوتبوون. لەبەرخۆیەوە گوتی:

«نازانم ئەم شەو لەبەرچی دایکم ڕێگای داوە لە ژوورەکەیاندا بخەوین؟»

لەوکاتـەدا وەک کەسێک کە بیـەوێ خۆی لەدەست بیرێکـی بـە ئـازار ڕزگاربکا، دەسـتی کـرد بـە ژماردنـی پەنجەکانـی: یـەک... دوو... سـێ... چوار...

لـە دیوارەکـەی بەرانبـەری تابلۆیـەک هەڵواسـرابوو. وێنـەی پیاوێکـی ڕیـش درێژبـوو بـە عەبایەکـی ئاودامانـەوە. لـە تاریکیـدا نەیدەتوانـی بـە باشـی تابلۆکـە ببینـێ، بـەڵام هەمـان تارمایـی کەمڕەنگـی ڕوخسـاری پیاوەکـە، هەمـان شـەڕ و هـەرای وەبیـر هێنایـەوە کـە لـە یەکێـک لـە چایخانەکانـی سـەر ڕێـگادا دیتبـووی. دەسـتەکانی هێنانەخـوار و لـە تاریکیـدا کەوتەبیرکردنـەوە:

«بنیادەمێکـی چەنـدە سـەیربوو، دەبـێ زۆر خـراپ بـێ، لەنـاو جانتاکەیدا هەمـوو شـتێکی چاوبەسـتنی پـێ بـوو.»

دوایـی قەڵافەتـی داپیـرەی هاتەوەبەرچـاو کـە زسـتانان لەپشـت کورسـی(١) دادەنیشـت و چیرۆکـی پـڕ لـە نهێنـی بـۆ دەگێڕایـەوە. دووبـارە لەبەرخۆیـەوە بیـری کـردەوە:

«حەتمـەن ئـەو پیـاوەی داپیـرەم باسـی دەکـرد دووعـا دەخوێنـێ و فـوو لەخـۆی دەکا، مـرۆڤ دەبێتـە شـتێکی دیکـە، هـەروەک ئـەوەی لـە ڕێـگا دیتمـان. کـە چووینـەوە تـاران بـۆی دەگێڕمـەوە. ئـەرێ چەنـدە شـکڵ و شـێوەیەکی سـەیری هەبـوو. حەتمـەن لەگـەڵ جنۆکـە و پـەری و فریشـتەکان سـەروکاری هەیـە، دەنـا چـۆن شـتی وادەبـێ!»

وشـەی (جنۆکـە) تەزوویەکـی ترسـناکی بـە لەشـیدا هێنـا. هەسـتی کـرد کاڵانـەی چاوەکانـی گەورەتردەبـن. بەترسـەوە لـە تاریکییەکـە ڕامـا وای هاتەخەیـاڵ لـە گۆشـەیەکی ژوورەکـە بوونـەوەری کورتەبـاڵا، بـەو شـێوەیەی داپیـرەی وەسـفی کردبـوو، خەریکـن دێنەپێـش. داپیـرەی هەمیشـە دەیگـوت:

«بسمیللایەکی بڵێ و نەجاتت دەبێ.»

لەوکاتـەدا و لەکاتێکـدا بەدەسـتی لەرزۆکـەوە بەتانییەکـەی بەسـەر سـەری خۆیـدا هەڵدەکێشـا، لەبـن لێوانـەوە دووبـارەی کـردەوە:

« بسمیللا... بسمیللا... بسمیللا....»

هاشوهووشـی زەریا، ئاوازی ڕێبوارێکی سەرلێشـێواوی لەڕەشـاییدا بـاڵا پـێ دەگـرت و لـە پەنجـەرەی ژوورەکـەوە دەهاتـەژوور. لـە کونێکـی بچووکـەوە کـە لـە بەتانییەکـەوە دروسـتی کردبـوو، چاوێکـی هێنابـووە دەر و سـەیری ئاسـمانی دەکرد کـە لـە دوورەوە وەکوو شووشـەیەکی ڕوون دەهاتـە بەرچـاو. ئەسـتێرەکان دەدرەوشـانەوە، ئەویـش لـە کاتێکـدا بەپارێـزەوە لـە دەوروبـەری، بەتایبەتیـش لـە گۆشـەی ژوورەکـەی دەڕوانـی، بیـری کـردەوە:

«چەنـدە بـەو دە شاییانە دەچـن کـە باوکـم هەندێ جـار دەمداتـێ بیانخەمـە دەخلیەکـەم و منیـش ئـەوان بەسـەر فەرشـەکەدا دێنـم تـا بریسـکەیان لـێ هەسـتێ.»

ئەوکاتـە دەسـتی کـرد بـە ناولێنـان و ژماردنـی ئەسـتێرەکان، کـە گەیشـتە سـەدەمین، لـە نـاکاو ڕاوەسـتا و گوێـی قـوڵاخ کـرد. لـەو لایـەی ژوورەکـە، ئـەو جێیـەی باوکـی و دایکـی لێـی نووسـتبوون، ورتـە ورتێـک دەهـات. وەک ئـەوە وابـوو یەکێـک خەریکبـوو بخنکـێ: دەنگـی هەناسـەی سـوار و قـورس.

«یانی چی؟»

وەرسـووڕایە لای ڕاسـتی و دووبـارە لەهەمـان کونـەوە، سـەیرێکی گۆشـەی ژوورەکـەی کـردەوە. ئـای لـەوێ، لەسـەر قەرەوێڵـەی دایکـی و باوکـی جووڵـە جووڵێکـی کـەم و دەنگـی هەناسـان، بیـری کـردەوە:

«حەتمـەن دایکم، یـان باوکـم خەویـان بەدێوەوە بینیـوە، واباشـە هەسـتم و بانگیـان بکـەم.»

بـەڵام دەنگـی هانکـە هانکێکـی کـپ کـە دوای هەناسـەبڕکێ لەولایـەوە دەهاتـە بەرگوێـی، ئـەوی لـە جێـی خـۆی وشـک کـرد. وەک ئـەوە وابـوو بەیەکـەوە قسـەبکەن، دەسـتی باوکـی دیـت کـە لەژێـر سـەرچەفەکەوە هاتـەدەرێ، بەرزبوونـەوە و

بـەرەو لای گـەردن و شـانەکانی دایکـی دەچـوون و وای هاتەخەیـاڵ دایکـی دەپاڕێتـەوە. دایکـی دەیـەوێ نەهێڵـێ باوکـی کارێـک بـکات. بـە هەژانـەوە بەتانییەکـەی بـۆ لایـەک هەڵـدا، ئێسـتا تـەواوی ڕوخسـاری و شـانەکانی لەژێـر بەتانییەکـە هاتبوونـەدەر. دەمـی کـردەوە تـا بانگـی دایکـی بـکات، بـەڵام هـەروا کـپ و بێدەنـگ لـە شـوێنی خـۆی مایـەوە.

هێشـتا بابەتەکـە لـەلای لێـڵ و نادیاربـوو. سـەرەنجام غیرەتـی وەبەرخۆینـا و بەدەنگێکـی نووسـاوەوە گوتـی:

«دایە ... دایە ...»

«دایە ... دایە ....»

بەڵام ئەوان گوێیان لێ نەبوو، دەنگیان نەبیست.

«شـەوانی دی کـە بانگـی دایکمـم دەکـرد، زوو وەڵامـی دەدایـەوە، ئەگەرچـی لـە ژوورێکـی دیکـەش بـوو، ئـەو شـەو چـی بـووە؟ بـۆ گوێـی لـە دەنگـی مـن نییـە؟»

تاریکـی ڕوخسـاری داگرتبـوو، لـە تاریکیـدا چاوەکانـی بەترسـولەرزەوە دەدرەوشـانەوە. هەسـتا سـەری هەڵێنـا، لەیـەک چرکـەدا هەسـتی کرد نیگای دایکـی لەگـەڵ نیگای ئـەودا تێـک ئاڵقان. لـە خۆڕا و بـێ ئـەوەی بزانـێ بۆچـی، بەخـۆدا شـکایەوە. دوو جـاران خـۆی بەسـەر جێگاکەیـدا کێشـا و لـە تووڕەییـان مشـتە بچکۆلەکانـی بـەم لاو لای خۆیـدا کێشـان. لەوکاتـەدا دەنگی چپەچپێکـی هاتەبەرگوێ. سـاتێک بێدەنگـی، ئـای یەکێـک بـەرەولای دێـت. هەستوخوسـتی لەخـۆی بـڕی و گوێـی هەڵخسـت: باوکـی بـوو مەلافەیەکـی سـپی لەخـۆی هاڵاندبـوو. پێڵووەکانـی لێـک نـان و لەتاریکیدا بیـری کردەوە:

« ئـای لـەوە! باوکـم لەبیـری چـووە ئـەم شـەو بێجامـە لەبەربـکا.»

بـەڵام لەوکاتـەدا هەسـتێکی نادیـار وای لـێ کـرد خـۆی دەخەوبـکا. باوکـی هەنگاوێکـی مابـوو بیگاتـێ. ڕاوەسـتا، ماوەیـەک لەتاریکیـدا لێـی ڕامـا.

«پەرویز، پەرویز...»

بەڵام چووکترین جووڵەی نەکرد. وەک ئەوکەسـەی کەوتبێتـە خەوێکـی قووڵـەوە بـە ئارامـی هەناسـەی دەدا. باوکیشـی هەسـتاو لێـی دوورکەوتـەوە، پەرویز گوێـی لـێ بـوو کـە بـە دایکـی دەڵـێ:

«نا، بەستەزمانە نووستووە.»

کاتێـک ئـەوان لەسـەر قەرەوێڵەکـە لەپەنایـەک درێژبـوون، پەرویزیـش لـە کونی بەتانییەکەوە سـەیری دەکـردن. ئەوجـار دەنگەکـە بەرزتـر و ئاشـکراتر لەجـاری پێشـووبوون. دووبـارە دەنگـی ناڵەناڵـی دایکـی دەهـات. بەسەرسـوڕمانەوە لەبەرخۆیـەوە گوتـی:

«بۆچـی دایکـم چـی کـردووە...؟ ئـەرێ بۆچـی دایکـم هـاوار نـاکا؟ ڕەنگـە دەمـی بەسـتبێ. ڕەنگـە بـە دەسـتماڵ دەمـی بەسـتبێ.»

ناڵەناڵـەکان وەک ئـەوە وابـوو کـە بەزەحمـەت لـەو دەنگانـەی کـە بەدەسـت گیرابـن دەهاتنـەدەر. ئارەقەیەکـی سـارد سـەرتاپای لەشـی داگـرت. دەمـی وشـک بووبـوو. دەیویسـت هاواربـکا، بـەڵام دەنگـی دەرنەدەهـات. بەزەحمـەت لەنـاو جێگاکەیـدا وەرسـووڕا و لەنـاکاو گوێـی لـە دەنگـی باوکـی بـوو کـە وشـەیەکی لێکـدا لێکـدا دووبـارە دەکـردەوە:

«دەنگێ مەکە... دەنگێ مەکە... ئەگـەر دەنـگ بکەی...»

تەنیـا وشـەیەک بـوو کـە توانیبـووی لەسـەرەتاوە تـا ئێسـتا لەنێـوان ئـەو هەمـوو ورتەورتـەدا بـە ڕوونـی تێـی بـگا. بـە ڕقـەوە ددانـی چیرکـردن.

« ناهێڵێ، ناهێڵێ دایکم هاواربکا.»

سـەرتاپای لـە ترسـولەرزدا دەلـەرزی. جارێـک دەسـتی هێناپێـش تـا خوشـکەکەی وەخەبەربێنـێ، بـەڵام زوو پەشـیمان بـووەوە.

«هیچـی پـێ ناکرێ، هەڵدەستێ دەست دەکا بـە گریـان و هاتوهـاوار، ئـەوکات هیـچ شـتێک ناکـرێ. باوکـم هەموومـان بەیەکـەوە دارکاری دەکا.»

بیری کردەوە:

«دەبێ هەر چۆنێک بێ خۆم بگەیەنمە پەنجەرەکە، لەوێوە خۆم فڕێ دەمە خواری و خەڵکی ئاگاداربکەمەوە کە دەیانەوێ دایکم بکوژن.»

بەبێ دەسەڵاتییەوە دووبارەی کردەوە:

«دایکم دەکوژن.»

ئێستا ئیدی دەترسا سەیری ئەولایەی ژوورەکە بکات، یەکجێ ئەوەی وەبیرهاتەوە کە ساڵی پار داپیرەی کتێبێکی بۆ خوێندبووەوە. لەسەر بەرگی کتێبەکە وێنەی پیاوێکی لەسەربوو کە ڕیش و سمێڵێکی درێژی هەبوون و لەسەرسنگی دێوێک دانیشتبوو، دەستێکی بە شاخێکی دێوەکەبوو، بە دەستەکەی دیکەشی کێردێکی گەورەی بەرەو لای دەبردەپێش. کاتێک بیری لەو پیاوە دەکردەوە وای بە خەیاڵدا هات کە باوکی زۆر لەو پیاوە دەچێ. هەوڵی دا ئەو پێوەندییەی لەنێوان ئەو پیاوە و باوکیدا هەبوو، وەبینێ، بەڵام ئاقڵی بەهیچ جێگایەک نەگەیشت. لەوکاتەدا بەوپەڕی ماندوویەتییەوە لەبن لێوانەوە پرتەپرتێکی کرد.

«بابەگیان، تۆ لەگەڵ دایکمدا زۆرباش بووی، ئێستا بۆ دەتەوێ بیکوژی.»

دەنگی ناڵەیەکی درێژ و بەرز کە وەک قیژە دەچوو تەواوی ژوورەکەی داگرت، ئەویش بەترسەوە گەڕایەوە لای قەرەوێڵەکەی باوک و دایکی و چاوی تێوەبرین، بەڵام قەرەوێڵەکە لەهەرچەشنە جووڵە و تەکانێک کەوتبوو. داهاتەوە و بە شڵەژاوی سەیری ئەولایەی کرد و وای بەبیرداهات کە دایکی لە جووڵەکەوتووە و خوێن لە گەردنییەوە هەڵدەڕژێ و دڵۆپ دڵۆپ دەڕژێتە سەر فەرشەکە، باوکیشی کەمێک ئەولاتر لە هیلاکیان کەوتووە و لەهۆش خۆی چووە.

دەنگی هاوارێکی کپ لە لێوەکانی هەستا:

«سەرەنجام دایکمی کوشت.»

دەمی خستە سەر باڵنجەکە. دەترسا. بیری کردەوە ئەگەر باوکی گوێی لە دەنگی بێت ڕەنگە ئەویش بکوژێ. شانەکانی توند دەلەرزین و ڕوومەتەکانی پڕ بووبوون لە فرمێسک و شتێک چنگی لە سینەی گیردەکرد. لەوکاتەدا وای هەست کرد کە بەزوویی دەخنکێ.

کاتێک یەکەمین تیشکی خۆر لە پەنجەرەوە هاتەژوور، دیوارەکەی ڕووناک کردەوە. بێ ئومێد و ماندوو لە قەرەوێڵەکەی هاتەخوار. تەنیا سەیری ژێرپێی خۆی دەکرد. بەلارەلار بەرەولای دەرگاکە دەڕۆیشت. حەزی نەدەکرد ئیدی باوکی ببینێ. ڕقی لێ دەبووەوە بڕیاری دا ڕابکات. لە پەنا دەرگاکە یەکێک بانگی کرد:

«پەرویز، پەرویز.»

سەرتاپای دەلەرزی. ئەوە دەنگی دایکی بوو. گەڕایەوە و بە سەرسوڕمانەوە سەیری کرد. نا، ئەوە دایکی بوو. بەهەڵە نەچووبوو. دەستی کە بە دەستگیرەی دەرگاکەوەبوو، سست بوون. ماوەیەک لە چاوەکانی دایکییەوە ڕاما، کەوەک دوو ئەڵماسی ڕەش بە ڕوخسارییەوە دەدرەوشانەوە، خەندە تەڕ و گەشەکەی دیت کە لەسەر لێوەکانی سەمایان دەکرد. لەوکاتەدا سەری وەدیوارەکە کرد و لەخۆشییان گریا و وای هاتە خەیاڵ کە تەواوی شەوی ڕابوردوو لە مۆتەکە و ترسێکی تۆقێنەردا بووە.

**پەراوێز:**

(١) کورسی: لە زستاندا کاتێک تەندووریان دادەخست، کورسییەکی چوارگۆشەیان دەخستە سەر تەندوورەکە و بەڕەیەک، یان لێفەیەکیان بەسەردا هەڵدەکێشا و هەموو ئەندامانی ماڵەکە قاچیان دەخستە ژێر کورسییەکە، بەو شێوەیە گەرمایی بۆ هەموویان دەهات. (وەرگێڕ)

**سەرچاوە:**

لە کتێبی (شناخت نامە فروغ فرخزاد- نشرە قطرە- گرد اورندە، شهناز مراد کوچی، چاپ دوم، تهران، ١٣٨٢) وەرگێراوە.



## نەوزاد مەجید:
## تاقەتی وێنەکێشانم نەبوو.. خوێنەری کوردیش حەزی لە خوێندنەوەی دەقی شانۆیی نییە.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(١ - ٤)

* نەوزاد مەجید کەریم، کە لە ناوەندی هونەریدا بە نەوزاد مەجید ناسراوە و ناوی ڕۆیشتووە، هونەرمەندێکی پڕ بەخششی بواری شانۆ و سینەما و درامایە، ناوەکەی زۆر بەوانە ئاشنایە کە حەزیان لە بەدواداچوون و بینینی هونەرە، ئەو هونەرمەندە کەسێکی فرە بەهرەیە، لە زۆر بواردا بەهرەکەی خۆی تاقی کردووەتەوە، لەوانە: دەرهێنانی دراما و شانۆ، نواندن، سیناریست، یاریدەدەری دەرهێنەر، دیکۆرسازی، ڕووناکی، هونەری فۆتۆگراف، سکرێپت، وێنەگری سینەمایی و تەلەڤزیۆنی، بەڕێوەبەری هونەری، بەڕێوەبەری بەرهەم و زۆر کاری هونەری دی، لە هەموو ئەو بوارە هونەری و کارگێڕیانەدا زۆر بە بێدەنگی و دوور لە ژاوەژاو کاری کردووە و بەرهەمی هەبووە، بۆیە جێ پەنجەی بەسەر هونەری کوردییەوە دیار بووە.

* ئەزموونی پتر لە (٦٠) ساڵی لە کایەی هونەردا هەیە، لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ١٩٦٠ – ١٩٦١، تا ساڵی ١٩٦٤ کە لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، بەشی شانۆ دەرچووە، لەسەر دەستی هونەرمەندە پێشەنگەکان و مامۆستایانی پەیمانگە، بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە هونەری شانۆی خوێندووە و زۆر زانیاری بە کەڵکی بە دەست هێناوە و بەشێوەیەکی پراکتیکی هونەری تاقی کردووەتەوە، چونکە خۆی هەر لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندییەوە حەزی بە هونەر کردووە، بۆیە هەموو ساڵەکانی خوێندنی پەیمانگەی بە سەرکەوتوویی بڕیوە، زۆربەی لقەکانی هونەری شانۆی لە نواندن، دیکۆر، ڕووناکی بەسەر کردووەتەوە، تەنانەت لەو ساڵانەی ئەو لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان خوێندوویەتی، هیچ

کارێکی هونەریی نەبووە کە ئەو ڕووناکی بۆ دانەنێ.

* لەبەر شارەزایی لە زۆربەی بوارە هونەرییەکاندا، گەلێ ئیشی دەرەوەی پەیمانگەشیان پێ سپاردووە، لەوانە دروستکردنی شانۆی سانەوی (حەریری) لە ناوچەی ئەعزەمییەی بەغدا، هەروەها دروستکردنی شانۆی ئامادەیی قورەیش لە کازمییە، تەنانەت شانۆی پۆلەکەشیان، ئەو پەردە و ڕووناکی و دیکۆری بۆ داناوە، بەهۆی ئەو کار و چالاکییانەوە، لە ساڵی دەرچوونی لە پەیمانگە، تێزی دەرچوونەکەی کۆتا ساڵی، کە دەبوو بەرهەمێک پێشکەش بکا، ئەویان لەو ئەرکە بەخشیوە و نمرەیەکی باشی دەرچوونیان داوەتێ، کە پەیمانگەی تەواو کردووە، گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی.

* سەرەتای گەشتی وەزیفەی، دوای چەند مانگێک لە دەرچوونی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانەوە دەست پێ دەکات، ئەوە بوو لە پەروەردەی هەولێر فەرمانی دامەزراندنی بۆ دەردەچێ و لە ١٣/١١/١٩٦٥، لە باتاس دەبێتە مامۆستا، لەو ڕۆژەوە پێوەندی بە قوتابخانەی (باتاس)ی سەرەتاییەوە دەکات و دەست بەکار دەبێ، بەڵام لە هەریر ژیاوە و ژوورێکی لە ماڵی (مەلا غەفار) گرتووە، بۆیە هەموو ڕۆژێک لە هەریرەوە بەپێ دەچێتە باتاس و ماوەی (٣) ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە، هەر لە سەرەتای چوونە ئەوێوە، لە پۆلەکاندا، یان لە کۆبوونەوەی باوکاندا، هاوکاری قوتابییەکانی کردووە بۆ پێشکەشکردنی کاری هونەری و خۆشەویستی هونەر هانی داون.

* ساڵی ١٩٦٨ گەڕاوەتەوە بۆ شاری سلێمانی و لە قوتابخانەی نارنجەلەی سەر بە شارۆچکەی بیارە دەست بەکار دەبێ، دوای کەمتر لە ساڵێک، بەهۆی پشووی نیوەی ساڵەوە دەگەڕێتەوە سلێمانی، لەوێ داوایان لێ کردووە ڕووناکی بۆ ئەو تابلۆیانە دابنێ کە لەسەر دیوارەکانی هۆڵەکەدا بە دەرپەڕیوی (بارز) دروست کرابوون، تابلۆکانیش بریتی بوون لە چەند وێنەیەکی گەورەی چوارینەکانی خەیام کە لەسەر تەختەی



ئازاد عەبدولواحید- نەوزاد مەجید

مەعاکس، بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش دروست کرابوون، ئەمانە پارچە پارچە لەسەر دیواری هۆڵەکە بە شێوەیەکی جوان، بە بەرزی و نزمی دانرابوون، لە دەرەوەی هۆڵەکەش، لەناو ئەو حەوزی ئاوەی کە لە باخەکەی یانەدا هەبووە، پەیکەری شاخ و ئەشکەوتێک دروست کراوە، کە دەستکردی هونەرمەند ئەنوەر توفی بووە، داوایان لێ کردووە ڕووناکییەکی هونەری بۆ ئەو حەوزی ئاو و شاخ و ئەشکەوتە دابنێ، دوای هیلاکییەکی زۆر، کە ڕووناکییەکەی داناوە، هەرچەندە کەرستەی پێویست کەم بووە، بەڵام بڕیار دەدا دروست بکرێ، هەرچەندە دانانی ڕووناکی لە ئاوەکەی ناو ئەشکەوتەکەدا کە پێیدا دەهاتە خوارێ، کارێکی زۆر زەحمەت بووە، بەڵام هونەرمەندی بەهرەدار و دەستڕەنگین نەوزاد مەجید ئیشەکانی تەواو کردووە و بەدڵی هەمووان بووە، لەوەوە یەکسەر بۆ قوتابخانەی (بادینان)ی سەرەتایی کوڕان لە سلێمانی دەیگوێزنەوە.

* ساڵی ١٩٦٩ کۆمەڵێک هونەرمەندی سلێمانی کە بە نیاز بوون تیپێکی هونەری دابمەزرێنن، پێوەندی پێوە دەکەن، بۆ ئەوەی لە دامەزرانەکەیدا لەگەڵیان بەشدار بێ، هونەرمەندەکان ئەمانە بوون: نووری وەشتی، تەها خەلیل، ڕەئووف یەحیا، ئەمینی میرزا کەریم، مەحموود زێوەر، جیهان عومەر، محەمەدسدیق مەحموود محامی، پێکەوە

مۆڵەتی ئەو تیپە وەردەگرن، دوای ئەوەی داواکاری وەرگرتنی مۆڵەتی تیپەکە دەدەنە لایەنی پێوەندیدار کە موتەسەڕیفیەتی سلێمانی بووە، ڕەزامەندی تیپەکە وەردەگرن کە ناویان ناوە (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی)، مۆڵەتەکە لە ڕۆژی ١٩٦٩/١٢/٣١ وەردەگرن و لەو ڕۆژەوە دەست بەکار و چالاکییە کوردییەکانی خۆی دەکات، یەکەم کاری بەناوی (کێچ) لە نووسینی حەمەسدیق مەحموود محامی بووە، کە وەک دەرهێنەر و ڕاییکردنی ڕووناکی کاری کردووە، ئەم شانۆگەرییە لە سلێمانی و هەولێر پێشکەش کراوە، دواتر وەک درامایەک لە تەلەڤزیۆنی بەغدا تۆمار کراوە، ماوەی دوو هەفتە لە سلێمانی بینەرێکی زۆر سەردانیان کردووە و بینیویانە.

* لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری هونەرمەندە گەورەکانی بواری شانۆ و سینەما و دراما کاری کردووە، لە (٤٧) بەرهەمی جۆراوجۆری هونەریدا بەشدار بووە، بەشێک لەو کارانە شانۆگەریی و فیلمی سینەمایی و درامای تەلەڤزیۆنی بوون، بەشی زۆری بەرهەمەکان دەقی خۆماڵی بوون، بەشەکەی دیکەشیان وەرگێڕان و ئامادەکردن و بە کوردی کردنی دەقی بێگانە بوون، بەشی هەرە زۆری بەرهەمەکانی بۆ کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، پاشان بۆ کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان بوون.

* کارەکانی دیکەی بۆ تەلەڤزیۆنەکان بووە: بەغدا، کەرکووک، کوردستان، گەلی کوردستان، خاک، دەزگای ڕاگەیاندنی شۆڕش لە شاخ، ئینستووتی کورد لە فەڕەنسا، ڕادیۆی کوردی بەغدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بزاڤی ڕۆشنبیرانی سلێمانی، کۆمپانیای بابیلۆن، کۆمپانیای جوان، کۆمپانیای کوردستان، یەکێتیی لاوان، تا ئێستاش لە کار و چالاکییەکانی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، شان بە شانی دەستەی بەڕێوەبەر و ئەندامانی بەردەوامە، کارەکانیشی هەر لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ لە کۆمەڵ، بواری (دەرهێنان، نواندن، دیکۆر، ڕووناکی) دەگرێتەوە، بەپێی قسەی هاوەڵەکانی لە هیچ کارێکدا کە پێیان سپاردبێ، کەمتەرخەمی نەنواندووە و زۆر بە ڕێکوپێکی جێبەجێی کردوون، بۆیە ئەویش شانازی بە هەموو کارەکانییەوە دەکات و لە هیچیشیان پەشیمان نییە.

* هەر لە سەرەتای ژیانییەوە، بە تایبەتی کە لە پۆلی پێنجی سەرەتایی بووە، حەزی لە هونەر، بە تایبەتیش شەیدای هونەری سینەما و فۆتۆگراف بووە، زۆربەی فیلمەکانی ئەو سەردەمەی بینیوە، بە تایبەتی فیلمە ئینگلیزییەکان، هەر لەو کاتەوەش کامێرای فۆتۆگرافی هەبووە و وێنەی زۆری پێ گرتووە و لە ستۆدیۆی نووری شێخ فەرەج بۆیان چاپ کردووە و زۆریش خاتریان گرتووە لە کاتی شووشتنەوەی وێنەکانی، کەمتر پارەیان لێ وەرگرتووە، سەرەڕای ئەوەش خاوەنی ستۆدتۆکە زۆر هانی داوە و هەموو جارێک پێی وتووە وێنەکانت زۆر جوانن. بۆ چوونە سینەما و کڕینی کامێرا، هەر لە پۆلی چواری سەرەتاییەوە قۆڵی لێ هەڵماڵیوە و ئیشی کردووە، بە تایبەتی لە پشووی سەری ساڵان، کە شاگرد دەلاکی و دارتاشی و کرێکاری کردووە، لە کاتی دەوامی قوتابخانەشدا، بەیانیان زوو، لە سەعات چوار و پێنجەوە چووە بۆ ئیش و تا نزیکی کاتی مەکتەب ئیشی لە کارگەی شەهلا بۆ دروستکردنی ساردەمەنی (سۆدە و سیفۆن) کردووە، بۆیە توانیویەتی بچێتە سینەما، یان کامێرا و پاسکیل بۆ خۆی بکڕێ.

* نەوزاد مەجید، هەندێ ئیشی کردووە دەتوانین بڵێین یەکەم جار بووە لە شانۆی کوردیدا کراوە، لەوانە: دەست پێشخەر بووە لە دەرهێنانی شانۆی شیعری، ئەویش شانۆگەری (کاوەی ئاسنگەر) ـە کە شێرکۆ بێکەس نووسیویەتی، نمایشی ئەم شانۆگەرییە ماوەی پتر لە (٢) سەعاتی خایاندووە، هەروەها یەکەم کەس بووە سینەمای تێکەڵی شانۆ کردووە، کە شانۆگەری (هەڵەی دوکتۆر) و (مرۆڤ و زەوی) و (کاوەی ئاسنگەر) نموونەی بەرجەستەن. یەکەم هونەرمەندە کامێرای ڤیدیۆیی V.H.Sی بەکارهێناوە. چەندان شانۆگەری، لەوانە: (دوژمنی

گـەل) و (پەتـا سـپیکە) و شـانۆگەرییەکانی تیپـی سـالار و چەندانـی دیکـەی تۆمـار کـردووە، بێجگـە لـەو بوارانـە، لـە هونـەری فۆتۆگرافیشـدا دەسـتێکی بـاڵای هەبـووە، بۆیـە کـە لـە زووەوە کامێـرای هەبـووە و بـە وێنەگرتنـەوە خەریـک بـووە، یەکـەم کەسـە لـە شـاری سلێمانی و بەغدا و دیوانیـە پێشـانگەی کردووەتـەوە، سـەرەتا لـە ١٩٧٧/١١/٢٨ بـۆ مـاوەی (٣) ڕۆژ پێشـانگەی فۆتۆگرافـی لـە سـلێمانی کردووەتـەوە، ساڵی دواتـر (١٩٧٨)، لـە بەغدا، هـەر لـەو ساڵەشـدا لـە دیوانیـە پێشـانگەی کردووەتـەوە.

* لـە تەمەنـی ١٢ — ١٣ سـاڵی لەگـەڵ هونەرمەنـد سـەلاح فـەرەج (سـەلاح بـاڵا بـەرز) کـە لـە گەڕەکـی قـەزازەکان بـوون، ڕیکلامـی فیلمـی سـینەماکانیان وەک ئارەزوویـەک کـە لـەو ڕۆژگارە بـاو بـووە کۆکردووەتـەوە. هـەر ئـەو سـەردەمە بـۆ هەمـوو فیلمێـک بـە عەرەبانـەی دوو ئەسـپی، دەهـۆڵ و زوڕنـا بەنـاو شـاری سـلێمانیدا گـەڕاون و ڕیکلامیـان بـۆ فیلمەکانیـان بڵاودەکـردەوە، یـان کـە لـە ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانـدا ڕیکلامـی فیلمـەکان بـڵاو دەکرانـەوە، زۆر کـەس هەبـوون وەک یـادگاری کۆیـان دەکردنـەوە.

* بێجگـە لـە سـینەما، نـاو بەنـاو کـە شـانۆگەری پێشـکەش کـراوە، سـەردانی کـردووە، لەوانـە چووەتـە شـانۆگەری (عوتەیـل) کـە لـە نـاو هۆڵـی پـەروەردەی سلێمانی نمایـش کـراوە، کاتـێ بینیویەتـی خەڵکەکـە بـە پێـوە وەسـتاون، لەبـەر قەرەباڵغـی زۆر، بـە زەحمـەت ئەکتەرەکانـی ئـەو شـانۆگەرییەی بینیـوە، دواتـر کـە لـە سـانەوی سـلێمانی و قوتابخانەکانـی دی شـانۆگەری نمایـش کـراوە، ئـەو بـۆ بینینیـان نەچـووە، لەبـەر ئـەوەی لـە شـانۆگەرییەکەی نـاو پـەروەردە (ئێسـتا کاسـەمۆڵە) هیچـی نەدیـوە، ئەوکاتـە کـە کۆتایـی پەنجاکانـە، هـەر کارێکـی هونـەری بکرایـە، بینـەری زۆری هەبـووە و خەڵکـی بـۆی دەچـوون.

* وەک چـۆن هـەر لـەو سـاڵانەدا لـە ڕادیـۆی کرماشـان، سـەعات (٥)ی ئێـوارە تەمسـیلی کـوردی هەبـووە و هەمـوو چایخانەکانـی شـار ڕادیۆکەیـان کردووەتـەوە و خەڵکـی زۆری لـێ کۆبووەتـەوە کـە هیـچ جێگەیـەک نەمـاوە، خەڵکەکـە ناچار لـە دەرەوەی چایخانەکـە گوێیـان گرتـووە، ئەوانـە هەمـووی هانـدەر بـوون بـۆ ئـەوەی زیاتـر حـەز لـە هونـەر بـکات، تـا ئـەو ڕۆژەی لـە پۆلـی سـێی ناوەنـدی، لەوانـەی وێنەکشـاندا م. ئـازاد شـەوقی پێـی وتـوون وێنـە بکێشـن، بـەڵام ئـەو لەنـاو تەختـەی دانیشـتنەکەی کتێبـی (الاخـراج السـینمائي) بـە سـڵ کردنـەوە و شـڵەژانەوە خوێندووەتـەوە، مامۆسـتاش کـە هەسـتی کـردووە وێنـە ناکێشـێ و خەریکـی شـتێکی تـرە، هاتووەتـە سـەری و کتێبەکـەی دەرهێنـاوە و زۆر لەسـەرخۆ پێـی وتـووە ئەمـەش هـەر هونـەرە، بـۆ ناچـی بـۆ پەیمانگـەی هونـەرە جوانەکانـی بەغـدا بخوێنـی؟ بەڵێنیشـی پـێ داوە لـە سـێی ناوەنـدی دەربچـێ یارمەتـی بـدات، ئیـدی ئـەو قسـەیەی م. ئـازاد شـەوقی وەرچەرخانێکـی لـە ژیانیـدا دروسـت کـردووە کـە زیاتـر حـەز لـە هونـەری نوانـدن و سـینەما بـکات، هـەر بـە هـاوکاری ئـەو هونەرمەنـدە پێشکەشـی پەیمانگـەی هونـەرە جوانەکانـی بەغـدای کـردووە و لـە پـاش چاوپێکەوتـن، دوای دوو ڕۆژ نـاوی دەرچـووە و لـەوێ ڕێکەوتـی هونەرمەنـد (تەهـا خەلیـل)ی کـردووە.

* بـۆ مۆڵـەت وەرگرتـن، هـاوکاری چەنـدان تیپـی هونـەری شـانۆیی کـردووە، لەبـەر ئـەوەی خـۆی و هونەرمەنـد تەهـا خەلیـل بڕوانامـەی ئەکادیمییـان هەبـووە، سـەرەڕای ئـەوەش هەنـدێ جـار ئیشیشـی لەگـەڵ کـردوون، لەوانـە تیپەکانـی: کۆمەڵـی هونـەر و وێـژەی کـوردی، ئەزموونگـەری، ئاشـتی، سـەندیکای کرێـکاران.

* دەبـوو زۆر زووتـر ئـەو هونەرمەنـدە پـڕ بەخشـش و فـرە بەهرەیـە بەسـەر بکەینـەوە و بیدوێنیـن، بـەڵام درەنـگ کەوتنەکـە بەخێـر گـەڕا، دواجـار توانیمـان لـە ماڵەکـەی خـۆی لـە سـلێمانی بەسـەری بکەینـەوە و هەڤپەیڤینێکی بەرفراوانی لەگەڵ ساز بکەین و لەسـەر هەمـوو وێسـتگەکانی ئەزمـوون و ژیانـی بوەسـتین، تکایـە خوێنـەری ئـەو هەڤپەیڤینـە بـن تـا بزانـن ئـەو هونەرمەنـدە مانـدووە چـی لـە هەگبەکەیدایـە.

**ڕامان:** ئەمڕۆ کە ڕۆژی هەینییە، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/٣٠، کۆتا ڕۆژەکانی ساڵی ٢٠٢٢ـە، لە ماڵی هونەرمەند نەوزاد مەجیدم، بەنیازی سازدانی هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان و دوورودرێژ لە ماڵەکەی خۆیاندا لەگەڵی کۆبوومەتەوە، زۆر زووتر لە بەرنامەمدا بوو گفتوگۆیەکی فراوان لەگەڵ ئەو هونەرمەندە ساز بکەم، بەڵام هێندێک کاری لا بە لا و ڕاگوزار هاتنە پێشەوە، بەتایبەتی ئەوەی پێوەندیی بە نەخۆشی خۆیەوە هەبوو، بۆیە کارەکەمان دوا کەوت.. سەرەتا بەخێرهاتنت دەکەم بۆ سازدانی ئەم گفتوگۆیە.

**نەوزاد مەجید:** منیش سپاست دەکەم و بەخێرهاتنی تۆیش دەکەم، هەر خۆش بن.

**ڕامان:** ئەم گفتوگۆیەی ئێمە، گفتوگۆیەکی هەمەلایەن و بەرفراوان دەبێ، سەر بە هەموو ئەو وێستگانەی کاری هونەریت، ژیانی تایبەتی و ئەزموونت، ئەو کەسانە خوار دەکەینەوە کە لە نزیکەوە ناسیوتن، ئێمە باسی ئەمانە هەمووی دەکەین، سەرەڕای ئەوەش بیروڕای تۆمان بەلاوە گرنگە، تا وەک خاوەن ئەزموونێک بەرانبەر بە کۆمەڵێک کەسایەتی، یان هەندێک دیاردەی هونەری، ڕای خۆتیان لەبارەوە بدەی.. سەرەتا ئێمە کردوومانە بە نەریت، دەمانەوێت بزانین ئەو ژینگە خێزانییەی تێیدا پەروەردە بووی، ئایا لەو ژینگەیەدا بێجگە لە خۆت کە دواجار دەبێت بە هونەرمەند و دەناسرێیت، کەسی دی لەناو خێزانەکەتاندا هەبووە وەک باوک، برا، یان خاڵێک، مامێک، گەورەیەکی ناو خانەوادەی خۆتان حەزی بە کاری هونەری کردبێت؟

**نەوزاد مەجید:** من هەر لە منداڵیمەوە خولیای هونەرم هەبووە، بەتایبەتی هونەری سینەما، لاتان سەیر نەبێت بڵێم برایەکم مردووە، لەجیاتی لە پرسەکەی دانیشم، هەستاوم چووم بۆ سینەما، ئەوە زۆر غەریبە، خۆیشم هەستم پێ کردووە، بەڵام دەمگوت نەکا فیلمەکە بگۆڕن، با لە کیسم نەچێ، بۆیە نەمهێشتووە هیچ فیلمێکی بیانیم لە دەست دەربچێ و نەیبینم.

**ڕامان:** بۆ فیلمی عەرەبی و فارسی و تورکیش هەروا بووی؟

**نەوزاد مەجید:** نەخێر، ئەو کاتە فیلمی چینیش هەبوو، کەمتر بۆ ئەوانە دەچووم، وەک لە فیلمە ئەمریکییەکان، هەر ئەمەش وای لێ کردم هۆگری هونەر بم. لەناو خێزانەکەماندا تەنیا باوکم شمشاڵێکی بۆڕیی ئاسن، یان فافۆنی هەبوو، جاروبار کە بێتاقەت دەبوو، خۆی پێنج دەقە، دە دەقە، چارەگێک، ئاوازێکی پێ لێ دەدا، هەر ئەوەمان هەبووە.

**ڕامان:** باوکت ئەو شمشاڵ ژەنینە لە کێوە فێر ببووبوو؟

**نەوزاد مەجید:** باسی باوکم تۆزێک قووڵە، چونکە ئێمە حەوت هەشت برا بووین، دوایی بووین بە دە براش، یەکێک لە گرفتەکانی دایکم ئەوە بوو لە خوا دەپاڕایەوە کچێکی ببێ، هەر نەیدەبوو، باوکیشم، باوکێکی فەقیر، بێدەنگ، ڕۆژێک برایەکم، ئەوەی وا لە خوار تەمەنی خۆمەوەیە، گوتی بابە، ئەرێ تۆ هیچ خزمێکت، برایەکت، مامێکت، پوورێکت، کەسێکت نابینی؟

**ڕامان:** باوکت وەڵامی بۆ ئەو پرسیارە چی بوو؟

**نەوزاد مەجید:** باوکم هەر سەری داخستبوو، بەبێ ئەوەی هیچ قسە بکات، نەرمەپێکەنینێکی بچووک پێدەکەنی، دەیگوت بابە ئەگەر تۆ تەعەدایان لێ کردووی، ئێستا ئێمە حەوت کوڕمان هەیە، دەچین وا و وایان لێ دەکەین،

دوایی دەرکەوت ئەم باوکەی من، نهێنییەکی زۆر قایمی هەبوو، بۆیە دەڵێم نهێنی، چونکە هیچی نەدەدرکاند، لەوە دەچوو لە کاتی خۆیدا لە دێی نگڵ خزمێکی خۆی خۆشویستبێ، بەڵام نەیانداوەتێ، بۆیە سەری خۆی هەڵگرتووە و هاتووە بۆ ئێرە.

**ڕامان:** یەکسەر لەو گوندەوە هاتووە بۆ سلێمانی؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، لەولای سنەوە شوێنێک هەیە پێی دەڵێن نگڵ، نگڵ لە بەینی مەریوان و سنەدایە.

**ڕامان:** باوکت و باپیرانت خەڵکی ئەو گوندە بوون؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، ئیتر کە هاتووەتە ئێرە گەنج بووە، لێرە ماوەتەوە، ئەو شمشاڵەی لەگەڵ خۆی هێنابوو، کەوتووەتە ئیش و نسیبی لەگەڵ دایکم کەوتووە، با بڵێین دایکمی هێناوە و دە کوڕی لێی بووە.

**ڕامان:** دایکت لە بنەچەوە خەڵکی سلێمانییە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، ئەوان سەرشەقامین، عیسمەتی ساڵح لەرزانە، بۆ ئەوەی لاتان ڕوون بێت، ساڵح لەرزانەی ناو بوو، لەو کاتەدا لە گومرگی سلێمانی ئیشی دەکرد.

**ڕامان:** دێینەوە سەر بابەتەکە و ئەو نهێنییەی باوکتم پێ بڵێ، کە هاتووە بۆ ئەمدیو، نهێنییەکە چییە؟

**نەوزاد مەجید:** باوکم لێرە ژیانی خۆی ڕێکخستووە و ژیاوە، ئافەرم بابە! من شانۆگەرییەک پێشکەش بکەم، شانۆگەری «پیسکەی تەڕپیر»، کە هەموو کەس دەزانێ من و هونەرمەند ئەحمەد سالار و هونەرمەندانی دیکە بووین، ڕووداوەکانی پیسکەی تەڕپیر باسی یەکێک دەکا، کەسایەتییەکی تێدایە کە لە ئێرانەوە هاتووە و لە سلێمانی جێگیر



**سلێمانی، ١٩٦٩، لە ڕاستەوە: غازی بامەڕنی، نەوزاد مەجید، ولیەم یۆحەننا.**

بووە و ژیانی باشە، ئەو شانۆیە زیاد لە دە جار پێشان دراوە، ئەم باوکەی من جارێک نەیگوت ڕۆڵە ژیانی منیش ئاوا بووە، منیش هەر لە ئێرانەوە هاتووم و لێرە خۆم گرتووە.

**ڕامان:** کەی نهێنییەکەی بۆ درکاندن؟

**نەوزاد مەجید:** من دەزانم، لە هەموویشی باشتر، هاوسەرەکەشم باشتر دەیزانێ، ئەو ڕۆژەی کە تەندروستی تێک دەچێ و لە سەرەمەرگدا دەبێ و خەریکە بمرێ، نهێنییەکە بە دایکم دەڵێ، ئەو کاتە ددانی پێدا ناوە و دەڵێ من خەڵکی نگڵم و دوو خوشکم هەیە ناویان ئەوە و ئەوەیە.

**ڕامان:** ئەو دوو خوشکەی ناویان چ بوو؟

**نەوزاد مەجید:** یەکێکیان ناوی پیرۆز، ئەوی دیکەشیان ئاسکۆڵ بوو، ئەم قسەیە هی ساڵی ١٩٧٥ بوو، دایکیشم لەو کاتەدا زۆر لێی تووڕە دەبێ، دەڵێ سەرت شین کەی! ماڵت بە قوڕ گیرێ! کە کوڕەکان لە دەرەوە، لە مەریوان بوون، هەموو مانگێ یەک دوو جار دەچوومە لایان، بۆ زووتر پێت نەگوتووم، ئەحواڵێکیانم بزانیایە، ئەوان لەوێ نزیک بوون، ئیتر باوکیشم

سەری نایەوە و عەمری خوای کرد.

**رامان:** لەو کاتەی باوکت لە سلێمانی بوو، هیچ جارێک سەری ئەو دیوی نەدایەوە؟

**نەوزاد مەجید:** هیچ سەری نەدایەوە و بۆ یەک جاریش باسی ئەوەی نەکرد، تاقە یەک کەسیش لە سلێمانی ڕەفیقی بووبێ، (حاجی حەمەمین)ی باوکی دڵشاد مەریوانی بوو، ئەوانیش مەریوانی بوون، یەکتریان ناسیوە و زۆر لە یەکترەوە نزیک بوون.

**رامان:** تۆ لە چ گەڕەکێک لە دایک بووی؟

**نەوزاد مەجید:** لە گەڕەکی سەرشەقام لە دایک بووم، تەمەنی منداڵیم، تا چوار پێنج ساڵی هەر لەو گەڕەکەدا، لە ماڵی خۆمان و باپیرم (ساڵح لەرزانە) بەڕێ کرد.

**رامان:** ئەو کەسەی وای لێ کردی بچیت بۆ سینەما و حەزت کردووە بەردەوام سەردانی سینەماکان بکەی، کێ بوو؟ هەر لە خۆتەوە حەزت لێ بوو، یان هاوڕێیەکت، کەسێکت هاندەرت بووە؟

**نەوزاد مەجید:** لە خۆمەوە ئەو ئارەزووەم هەبووە، هەر بە تەنیا دەچووم، کە دەچوومە بەر سینەماکان، هەموو تابلۆکانم دەخوێندەوە، لەبیرمە ئەوکاتە پۆلی پێنجی سەرەتایی بووم.

**رامان:** مەبەستت خوێندنەوەی شیتی بەر سینەماکانە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، مەبەستم شیتی سینەماکانە، هەموویم دەخوێندەوە، تا ئێستایش زیاتر لە پێنج سەد بۆ هەزار ناوی ئەکتەرەکانی ئەو زەمانەم لەبەرە.

**رامان:** چۆن تا ئێستا ناوەکانت لەبیر ماوە؟

**نەوزاد مەجید:** ئێستایش ناوەکانیانم لەبەرە.

**رامان:** ئەوە نیشانەی ئەوەیە تۆ زۆر عاشقی سینەما بوویت.

**نەوزاد مەجید:** ئەوەش هۆیەکەی ئەوە بوو زۆر تەماشای فیلمەکانی سینەمام دەکرد، وەک گوتم هەموو فیلمەکان دەچووم، هەر لەو سەردەمەدا کامێرایەکی بچووکی....

**رامان:** پێش ئەوەی بچینە سەر باسی کامێرا و هونەری فۆتۆگراف، ئەوەم پێ بڵێ، تۆ پارەی ئەو چوونە سینەمایانەت لە کوێ بوو، باوکت دەیدایتێ؟

**نەوزاد مەجید:** نەخێر، من شانازی بە خۆمەوە دەکەم، کە تاکە مێرمنداڵێک بووم، لە ژیانمدا ڕۆژێک نەبووە ئیش نەکەم.

**رامان:** جۆری ئیشەکانت چی بوون؟

**نەوزاد مەجید:** ئیشەکانم زیاتر لە هاوین و بەهاران بوون، یەکێکیان کارگەی شەهلایان پێ دەگوت، کە چلوورە و سیفۆن و شەربەت و ئەو جۆرە شتانەیان دروست دەکرد، پێت سەیر نەبێ ئەگەر بڵێم هەموو ڕۆژێک پێش مەلابانگدان هەستاوم و چووم بۆ کارگەکە، ئەو کاتە ماڵمان لە گەڕەکی قەزازەکان بوو، لێمانەوە نزیک بوو، دەچووم بۆ شەقامی کاوە، کە ماڵمان لەسەر شەقامی کاوە بوو.

**رامان:** ڕۆژانە چەند سەعات کارت دەکرد؟

**نەوزاد مەجید:** دوو بۆ سێ سەعات ئیشم دەکرد، دەڕۆیشتم ئەو جلە تەڕانەم دادەکەند، چونکە بەهۆی کارەوە جلەکانم تەڕ دەبوون، جلێکی دیکەم لەبەر دەکرد، کتێبەکانم هەڵدەگرت و دەچووم بۆ قوتابخانەی گۆیژە، کە ئێستا شوێنەکەی یانەی سیروانە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە من هەمیشە ئیشم کردووە، هەر ئەوەشە وای کردووە بەو تەمەنەوە کە هەشتا و سێ ساڵە، نەتوانم بەیانیان زوو لە خەو هەڵنەستم.

**رامان:** ئیشەکانت لە تەمەنی چەند ساڵییەوە دەستی پێ کرد، پێش ئەوەی بچیتە قوتابخانە،

یان دوای چوونە قوتابخانەت بوو؟

**نەوزاد مەجید:** ئەگەر وردتر بم، دەتوانم بڵێم لە شەش ساڵییەوە، ئەمەش هەر خۆشە و من هەر بۆ داهاتوو دەیگێڕمەوە، ئەو کاتە باوکم بۆچوونێکی هەبوو، دەیگوت کوڕەکەم، ئەگەر سنعاتێک نەزانی، هەموو ساڵێ یەکەم بی، لای من هیچ نییە، چونکە سنعات بازنی زێڕە، ئەڵماسە، شتێکی وای دەگوت.

**رامان:** لە کوردەوای دەڵێن پیشە زانین بازنی زێڕە لە مەچەکتدا.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، بازنی زێڕ، دایکم دەیبردمە لای دەلاک، لای دارتاش بۆ شاگردی، بۆیە زۆر منداڵ بووم، چوار ساڵ و پێنج ساڵ بووم، ئیشم کردووە، بەتایبەتی زۆر لای دووکانی دارتاشەکە مامەوە، هەر دارتاشخانەکە بە تەنیشت کارگەی شەهلاوە بوو، ئەوان تەکلیفیان لێ دەکردم و پێیان دەگوتم ئەوە بەرە بۆ ئەو دووکانە، ئەو ساردییە بەرە بۆ ئەو چایخانەیە لە ئەسحابەسپی.

**رامان:** ئیشی دارتاشییەکەشت دەکرد و یارمەتیی ئەوانیشت دەدا؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی دواتر لە کارگەی شەهلا ئیش بکەم، پارەکەشی بۆ گیرفانی خۆم بوو.

**رامان:** لە کاری دیکۆرکێشان و شانۆدا سوودت لەپیشەی دارتاشی وەرگرت؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، تەنانەت برادەرێکیشم، سەلاح باڵابەرز، ئەویش لە دارتاشیدا زۆر باش بوو، منیش باش بووم، ئەوە هەر بۆ مێژوو دەگێڕمەوە، کە هاوسەرگیریم کرد، ماڵەکەم هیچی تێدا نەبوو، من و سەلاح باڵابەرز کە خۆی ناوی (سەلاح فەرەج)ـە، بە پارچە تەختەی دیکۆر، قەنەفەیەکی بچووکمان بۆ ژوورێکی دوو کەسی دروست کرد، ئا لەوێ دامانناا (دەستی بۆ سووچێکی ژوورەکە ڕاکێشا)، لەو ژوورەی ئێستادا کە هیچی تێدا نەبوو، ئەو قەنەفەیە نەبێ.

**رامان:** ئەو خانووەی ئێستا تێیدا نیشتەجێن، هی ئەو کاتەیە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، من لە ساڵی ١٩٧٥وە ئەم خانووەم هەیە.

**رامان:** ئەوسا ئەم ناوە، گەڕەکی تووی مەلیک، چۆڵ بوو؟

**یەکەم کەس بووم هونەری سینەمام تێکەڵی دراما کرد.**

**نەوزاد مەجید:** ئەم خانووەم کە کرد، هیچ کەسی لێ نەبوو، ئازایەتی خۆم نەبوو، ئەمەش بۆ مێژوو باس دەکەم، برادەرێکم هەبوو، عەلی توانای ناوە.

**رامان:** بەڵێ، لە نزیکەوە دەمناسی، هونەرمەندێکی بەناوبانگە.

**نەوزاد مەجید:** ڕۆژێکیان گوتی بۆچی سلفەیەکم بۆ ناکەی؟ گوتم بۆ چیتە؟ گوتی ئیشم پێیەتی. ئەوکات سلفە ١٥٠ دینار بوو، بەڵام کە دەیاندایتێ، ١٤٠، ١٤١ دینار بوو، ١٤١ دینارەکەم دایێ، گوتی ئەگەر بێتوو ١٠ دیناری دیکەشم بدەیتێ، ئیشەکەم تەواو دەبێ. گوتم ئەوە ١٠ دیناری دیکەش، دەوری ١٥٠ دینارم دایێ.

**رامان:** ناشێ بەو بڕە پارەیە زەوییەکی لە تووی مەلیک بۆ کڕیبێتی؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، حەفتەیەک تێ نەپەڕی، نەخشەیەکی گەورەی هێنا، گوتی ئەمە زەوییەکانی تووی مەلیکە، بۆ فرۆشتن ئیفراز کراون، ئەوە هەمووی عەرزەیە، ٤٠٠ مەتر عەرزە، بە ١٥٠

دینـار، ئەمـە سـاڵی ١٩٧٥ بـوو، عەلـی توانـا، کـە خۆشەویسـتترین کەسـم بـوو، یارمەتیـدەری گـەورەی مـن بـوو، بـە ١٥٠ دینـار، ٤٠٠ مەتـری لەسـەر جـادەی تـووی مەلیـک بـۆ کڕیـم.

**ڕامان:** ئەرزەکەت لەسەر تاپۆ کرا؟

**نـەوزاد مەجیـد:** مـن حـەز دەکـەم ڕوون بێـت، کـە ئەرزەکـەم کـڕی، وامدەزانـی کەسـوکارەکەم دڵیـان خـۆش دەبـێ و دەڵێـن ئازایانـە توانیویەتـی ئـەو عـەرزە بکـڕێ، کەچـی یەکێـک دەیگـوت ئـەوە شـتە کڕیوتـە، وەڵـڵا گورگـی ئـەو نـاوە دەتخـوا، یەکێـک دەیگـوت ڕەشـەبا دەتبـا، یەکـێ دەیگـوت لـە سـەرمان ڕەق دەبیتـەوە، بەم قسـانە پەشـیمان نەبوومـەوە، بـەڵام وایـان لـێ کـردم خەریـک بـوو پەشـیمان ببمـەوە.

**ڕامـان:** بەڕاسـتی هونەرمەنـد عەلـی توانـا چاکەیەکـی گـەورەی لەگـەڵ کردووی.

**نـەوزاد مەجیـد:** ڕۆژێکیـان عەلـی توانـا هـات، گوتـی تـۆ سـەیری ئـەولات جادەیـە، تەنیشـتت جادەیـە، پشتیشـت جادەیـە. گوتـم ئـێ. گوتـی دە وەرە ئـەو عـەرزەی خـوار خۆتـەوە بکـڕە، ٣٣٠ مەتـرە، بـە ١٢٥ دینـارە، بـا لـە داهاتـوودا خـۆت دراوسـێکەت هەڵبژێـری، کەچـی بـۆ ئەمەیـان یەکێـک نەبـوو تۆزێـک هانـم بـدا، بۆیـە نـەک هـەر نەمکـڕی، بگـرە هەمـوو وەڵامەکـەی مـن ئـەوە بـوو پێـم گـوت بەخـوا زۆر قسـە بکـەی ئەمەشـم نـاوێ. گوتـی باشـە باشـە، ئەگینـا ئـەو ٣٣٠ مەتـرەم، بـە ١٢٠ دینارێـک دەکـڕی، ئـەوە بابەتەکـە بـوو، لـە مەسـەلەی کاسـبییەکەوە هێنامـان.

**ڕامـان:** بگەڕێینـەوە سـەر چوونـە سـینەماکان و سـەرەتای هونەرەکـەت، پێشـتر گوتمـان بـە پـارە و کاسـبی خـۆت بـۆ سـەردانی ئـەو سـینەمایانە دەچـووی؟

**نـەوزاد مەجیـد:** بـا یـەک شـتی دیکـە بڵێـم،



سلێمانی (گەڕەکی حاجی حان)، درامای ڕەیخانە، ٢٠١٠، لە ڕاستەوە: نـەوزاد مەجید، عوسمان حاجی، سـەلاح باڵابـەرز، شێروان عیزەت، دەرهێنانی لوقمان غەریب.

پاسـکیلێکم کـڕی، ئـەو کاتـە گەنـج بـووم، لـە کارگـەی شـەهلا کارم دەکـرد، پاسـکیلێک هـەژدە دینـارم پـێ دا، قـەت لـە ماڵـەوە، نـە دایکـم، نـە باوکـم لێـم تـووڕە نەبووبـوون، بـەڵام بـۆ کڕینـی ئـەو پاسـکیلە زۆر لێـم تـووڕە بـوون، منیـش پاسـکیلەکەم بۆخـۆم نەکڕیبـوو، دوو شـاگردی دیکـە هەبـوون، یەکیـان نـاوی حەمـەی شـیرین بـوو، لەگـەڵ خوشـکەزایەکی خاوەنـی کارگەکـە، ڕەفیقـی عەبدولڕەحمانـی خامـەی پـێ دەڵێـن، کـە لـە کێبڕکێـی پاسـکیلدا، وا بزانـم کۆتایـی سـاڵانی پەنجـا یەکەمـی سـلێمانی بـوو، بـاش ئـەوەم لـە یـاد نییـە.

**ڕامـان:** ئـەو پاسـکیلەت بۆچـی کڕیبـوو، لـە کاتێکـدا شـوێنی کارەکـەت زۆر لـە ماڵەکەتـان دوور نەبـوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** ئێمـە، ئـەم سـێ کەسـە لەپێـش مەلابانگـدان، دەچوویـن ئیشـەکانمان ڕایـی دەکـرد، سـندووقە ساردییەکانمان ئامـادە دەکـرد، لـە دەوری چێشـتەنگاودا لـێ دەبووینـەوە، بـە پاسـکیلەکانمان بـۆ نانخواردنـی نیـوەڕۆ، بـۆ ئەزمـڕ، چەمچەمـاڵ، هەڵەبجـە، عەربـەت، قـەرەداغ، دەڕۆیشـتین، ئەمـە لـە توانایـی هیـچ کەسـێکدا نییـە، کەسـێک بـە پاسـکیل بـڕوا

بـۆ ئەزمـڕ، عەربـەت، هەڵەبجـە، چەمچەمـاڵ، قـەرەداغ نـان بخـوات، بـەڵام بڕیارەکەمـان وا بـوو، نانەکەمـان دەخـوارد و دەهاتینـەوە، دوای نیـوەڕۆ دەسـتمان بـە ئیـش دەکردەوە، دیـارە کـە ئەمانـە بـاس دەکـەم بـۆ ئـەم نەوەیـەی بـاس دەکـەم، مـن ئێسـتا کـە تەمەنـم ٨٣ سـاڵە، شـانازی دەکـەم کـە دەتوانـم بەپـێ بـڕۆم و جووڵـەی تـەواوی خـۆم بکـەم و وەکـوو گەنجێـک بـڕۆم، گەنجێکـی سـی سـاڵ چـۆن دەڕوا، مـن ئـاوا دەڕۆم.

**ڕامـان:** دیـارە بـۆ ئـەو جموجووڵـەی ئێسـتات، سـوودی زۆرت لـەو پاسـکیلە کـردووە؟

**نـەوزاد مەجیـد:** بەڵـێ، زۆر سـوودم لەو هیلاکییەی منالّیم و ئیشـکردنی منالّیم وەرگرتووە.

**ڕامـان:** ئـەی وەک وەرزش، پاسـکیلەکەت سـوودی بـۆت نەبوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** بـا، چـۆن سـوودی نەبـوو، چونکـە ئەویـش جـۆرە وەرزشـێکە، کەڕەتێـک بـە پاسـکیل لـە ئەزمـڕەوە دەهاتمـە خـوارەوە، لقێـک گوێـژم دیـت، شـاخی گوێـژە هەمـووی گوێـژ بـوو، بۆیـە پێیـان دەگـوت گوێـژە، بـە پاسـکیلەکە چووم لەسـەر شـەقامەکە لقێکـی جوانـم لـێ کـردەوە، هەمـووی گوێـژی پێـوە بـوو، هێنامـەوە و بـەرەو سـلێمانی هاتمـەوە، ئـەو ڕۆژە لافاوەکـەی سـلێمانی دروسـت بـوو.

**ڕامـان:** لافاوەکەی سلێمانی، ساڵی ١٩٥٧ بوو.

**نـەوزاد مەجیـد:** بەڵـێ، بـۆ ئـەوەی بزانـن لـەو کاتـەوە لـە کارگـە ئیشـی سـۆدە و سـیفۆنم دەکرد.

**ڕامـان:** ئـەو فیلمانـەی کـە لـە منداڵـی سـەیرت کـردوون و لەبیـرت مـاون، کامەیانـت لـەلا گرنـگ بـوو، نـاوی ئـەو فیلمـە گرنگانـە چ بـوون؟

**نـەوزاد مەجیـد:** نـاوی زۆربەیـان دەزانـم، یەکێکیـان هەمـوو سـلێمانی ناوەکـەی دەزانـی، «القرصـان الأحمـر»، بـە کـوردی واتـای «چەتـە سـوورەکانی دەریا»یـە، ئـەوە یەکێـک بـوو لـەو فیلمانـەی کـە قـەت لەبیـرم ناچێتـەوە، یەکێـک لـەو فیلمانـەی دیکـەش کـەوا بڕیـارم دا بچـم ببینـم، کـە لـە سـلێمانی ماوەیەکـی زۆر ئیشـی کـرد، مانـگ زیاتـر ئیشـی کـرد، ئـەوە فیلمـی «ام الهند»یـان پـێ دەگـوت، ئـەو «ام الهند»ــە لـە سـلێمانی مـاڵ نەمابـوو بـە خێزانیـی بـۆی نەچـن.

**ڕامـان:** ئـەو کاتـە سـینەماکان لۆجیـان هەبـوو، لۆجەکـە چـوار، پێنـج کەسـی دەگرت، هەر کەسـەو شـوێنی خـۆی دەگرت و لەوێـوە فیلمەکـەی دەدی.

**نـەوزاد مەجیـد:** ئـەو فیلمـە ناوبانگێکـی گەورەی پەیـدا کـرد، ئـەوەش لـە سـلێمانی مێژوویەکـە، چونکـە خەڵکـی سـلێمانی، بەتایبەتـی خێزانـەکان، یـان بڵێیـن ژنـان، کەمتـر هاتوچـۆی سـینەمایان دەکـرد، بـەڵام بـۆ ئـەو فیلمـی «ام الهند»ــە، هەمـوو ئافرەتانـی سـلێمانی بـۆی چووبـوون.

**ڕامـان:** لـە سـلێمانی، ئەوەنـدەی بیـرت مابـێ، چەنـد سـینەما هەبـوون، ناویـان چ بـوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** ئـەو کاتـە سـێ سـینەما هەبـوو، دووانیـان سـاڵ دوانـزەی مانـگ بـە بەردەوامـی هەبـوو، یەکێکیـان هاوینـە بـوو.

**ڕامان:** ئەی نازانی ناویان چی بوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** سـینەما ڕەشـید، دوای ئـەوە سـینەما سـیروان، لـە پێشـدا چایخانەیەکـی لـێ بـوو، چایخانـەی حەمـە ڕەقیـان پـێ دەگـوت، چایخانەیەکـی گـەورە بـوو، دوایـی تێکیـان دا و خسـتیانە سـەر سـینەماکە.

**ڕامان:** خستیانە سەر کام سینەما، دەبێ سینەما سـیروان بێ؟

**نـەوزاد مەجیـد:** خستیانە سەر سینەما سیروان، سـینەما ڕەشـید یەکەمیـان بـوو، لای سـەراوە نزیـک بـوو، ئـەو تۆزێـک لەولاتـرەوە بـوو، سـینەما گوێژەشـمان هەبـوو، ئـەو سـینەمایە بەرانبـەر

مەکتەبی گۆیژە و یانەی سیروان بوو، ئێستا بازاڕی کۆتاڵفرۆشەکانە، ئەوەیان تەنیا هاوینان ئیشی دەکرد.

**ڕامان:** جگە لەو سێ سینەمایە، سینەمای دیکە نەبوو، من بیستوومە سینەماکان لەو ژمارەیە زیاتر بوون؟

**نەوزاد مەجید:** سینەمایەکی دیکەش لە سابوونکەران هەبوو، کە هی ڕەمزی قەزاز بوو، وابزانم سینەمای (سەلاحەددین)یان پێ دەگوت، زۆر دڵنیا نیم، بەڵام ئەویش هەر هاوینە بوو، واتە چوار سینەما هەبوون، دوو هاوینە و دوو زستانە، یان بەردەوام. دووانی هاوینە بنمیچی نەبوو، دوانەکەی دی بنمیچیان هەبوو، زستانانیش ئیشیان دەکرد.

**ڕامان:** ئەو زەمانە سینەما ڕەواجی هەبوو، خەڵک ڕووی تێ دەکرد؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، ڕەواجی هەبوو، بەڵام خەڵکی زیاتر حەزیان لە فیلمی ئەکشن بوو، ئەو سەردەمە فیلمی فارسیش زۆر بوو، چونکە ئەو سینەمای گۆیژەیە کە لەسەر شەقامی مەولەوی بوو، زۆربەی فیلمەکانی فارسی بوون، «حاجی جەبار» یەکێک لە فیلمەکان بوو، ناوەڕۆکەکەی وەکوو «پیسکەی تەڕپیر»ی لای خۆمان وا بوو.

**ڕامان:** بە زمانی فارسی هەر ئەو فیلمی «حاجی جەبار»ـەت بینی؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، دەیگوت حاجی جەبارم من، پارەدارم من، ئەوەندەی کە لەبیرم مابێت، هەروەها لە سینەمای گۆیژە زۆر فیلمی دیکەم دیت، یەکێک لەوانە پێشتر چیرۆکەکەیم بەناوی «جاندارک»، جاندارکی فەرەنسی خوێندبووەوە، ئەو شۆڕشگێڕەی کە دەسووتێنرێت، ئەوەشم لەبیر ناچێتەوە، ئەوانە فیلمەکانی ئەو زەمانە بوون، وەک گوتیشم هیچ فیلمێکم نەپەڕاندووە، چونکە دەرفەتی بینینیانم هەبووە.

**ڕامان:** سەردانی زۆری سینەما کاری لە خوێندنەکەت نەکردبوو؟

**نەوزاد مەجید:** نەخێر، چونکە من بەو ڕێگەیەدا ڕۆیشتووم، ئێستاش دەڵێم ئەگەر قوتابی لە کاتی وانەگوتنەوەدا گوێ لە مامۆستاکەی بگرێت، بڕوا ناکەم بۆ دەرچوون کۆششێکی ئەوتۆی بوێت، ناڵێم نایەوێ، بەڵام کۆششێکی زۆری ناوێت، تەنیا ئاگای لە مامۆستاکەی بێت، بێتەوە ماڵەوە سەعییەکەی بکات، هەرچەندە سەعی بکات، ناگاتە ئەوەی لە کاتی وانە گوتنەوەدا ئاگای لە مامۆستاکەی بێت.

**کۆمەڵێک کارم کردووە، کەم کەس پێش من بیری لێ کردووەتەوە و کردوویەتی.**

**ڕامان:** تۆ یەکێک بووی لەو کەسانەی کە مامۆستا لە پۆلدا بۆتانی ڕوون دەکردەوە، تەواو لەوانەکە دەگەیشتی؟

**نەوزاد مەجید:** لە کاتی وانە وتنەوەدا دەچوومە ناو چاوی مامۆستاوە، دەچوومە ناو گوێییەوە، جوان گوێم دەدایێ و هەموو شتەکانم لێ وەردەگرت، شتێکیش لێی حاڵی نەبوومایە پرسیارم لێ دەکرد، ئەو وای دەکرد ئەگەر سەعیشم نەکردبایە، دەردەچووم، ناشڵێم یەکەم دەبووم، بەڵام نەکەوتووم.

**ڕامان:** پێتوایە قوتابییەکی باش بووی، ڕات لە ئاستی خۆت بوو؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، زۆریش لە خۆم ڕازی بووم.

**ڕامان:** مامۆستاکان ڕایان لێت بوو، ئاستی تۆیان بە دڵ بوو؟

**نەوزاد مەجید:** مامۆستاکان زیاتریش ڕایان لێم بوو، هەموویان لێم ڕازی بوون. ئەو سەردەمە،

سەردەمی هەژاری بوو، بە دەگمەن قوتابییەک دەردەکەوت سەرەڕۆ بێ و مامۆستا لێی عاجز بێ، یان بەدڵی نەبێت، ئێمە مامۆستامان بە ڕابەرێک دادەنا، من مامۆستام لە ڕێگە دیوە، بۆ بەیانی ترسم لێ نیشتووە بچمە مەکتەب، بۆ ئەوەی نەڵێ ئەوە دوێنێ بۆ لە دەرەوە بووی، بۆ لە بازاڕ بووی؟ یەکێک لەو شتانەی حەز دەکەم باسی بکەم لە گەڕەکی قەزازەکان کە دێیت بەرانبەر وێستگەی پاسەکان، کتێبخانەیەک هەبوو، بە قادرئاغا بەناوبانگ بوو.

**ڕامان:** قادر ئاغای عەتار لە سلێمانی زۆر ناسراوە.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، دەتوانم ناویشی لێ بنێم یەکەم کتێبخانەی سلێمانی.

**ڕامان:** ناوی کتێبخانەکەی چ بوو؟

**نەوزاد مەجید:** ناوی نەبوو، هەر کتێبی دەفرۆشت، کتێبی قوتابخانەی دەفرۆشت، کتێبی دیکەشی دەفرۆشت، خەڵک هەر کتێبێکی بویستبایە هەیبوو، قەڵەم و پاندان و لاستیک و قەڵەم تەراش و ئەوانەشی دەفرۆشت.

**ڕامان:** دیارە بێجگە لە کتێب، پەڕاوگە (قرتاسییە)شی فرۆشتووە؟

**نەوزاد مەجید:** ئا، بەڵام کۆمەڵێک کەس لە بە تەمەنەکان دەچوون لەلای دادەنیشتن و ڕۆژنامە و گۆڤاریان دەخوێندەوە، ئەو ڕۆژگارە گۆڤارێک بە ناوی «پەیام» دەردەچوو.

**ڕامان:** ئەو گۆڤارە، ئەمریکییەکان سپۆنسەرییان دەکرد.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، دەم خۆش، ئەو گۆڤارەی لێ بوو، منیش دەمخوێندەوە، من لە پۆلی دوو بووم، کە کەوتمە خوێندنەوەی ئەو گۆڤاری (پەیام)ـە، ناڵێم لە سەداسەد، بەڵام بۆ باوکم دەخوێندەوە، ئەو دەیزانی بابەتەکە چییە، من بە هەڵە دەمگوت، ئەو بۆی ڕاست دەکردمەوە، دەیزانی چی دەڵێم.

**ڕامان:** تۆ ئەو گۆڤاری (پەیام)ـەت کڕیوە، یان هەر لەلای قادر ئاغای عەتار خواستووتەوە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، بە ٥ فلس و ١٠ فلس بوو، بەڵام جار بە جار دەمخواستەوە، یان هەروا بە خۆڕایی دەیدامێ.

**ڕامان:** ئەو گۆڤارە ڕیکلامی زۆری تێدا بوو.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، تەنانەت ئەو کاتە ئەوەی لەبیرم بێ، باسی جەنگی کۆریای تێدا بوو، باسی کۆریاکە زیاتر بوو، دوای شەڕی ڤێتنام هات، کۆمەڵێک ناوی سەیری تێدا بوو، بۆ نموونە جەنەڕاڵ نووسرابوو، جەنگزاڵ، واتە لە جەنگدا سەر دەکەوێت، لە جەنگەکاندا زاڵ دەبێ، ئەو وشەی جەنەڕاڵە لەوەوە هاتووە، من لەو گۆڤاری (پەیام)ـەدا ئەو وشەیەم دی و تێبینیم کرد، ئەمە بۆ زەوقی خوێندنەوە و بابەتەکانی دەبردم.

**ڕامان:** ئەوە ساڵانی پەنجاکان بوو؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، من ئەگەر لەدایکبووی ١٩٤٠، ١٩٤١ بم، کە نازانم کامەیان ڕاستە، ئەوکاتە لە پۆلی دوو بووم، ئەوەم خوێندووەتەوە، خەڵکەکانیشم دەدی.

**ڕامان:** جارێ با ١٩٤٠ و ١٩٤١کەکەت لە بیر نەچێ.

**نەوزاد مەجید:** من بە مێژوو لەدایکبووی ای ٧ی ١٩٤١م، بەڵام دوو سێ جار لە دایکمم بیستووە، نەک بە منی بڵێ، بەڵکوو کە لەگەڵ ژنان دانیشتووە، من لە ژوورەوە گوێم لێ بووە، کاتێ ئافرەتێکی زگپڕی دەبینی، دەیگوت ڕۆڵە ئەگەر خوا نێرینەی دانێ، ئەوە ڕێک قسەی دایکمە، ساڵێک درەنگتر بینووسن، هەر ئەو

ساڵە تەسکەرەی بۆ دەرمەکەن، بۆ ئەوەی بۆ سەربازییەکەی نەختێک بەخۆوە بێ، من نەوزادم وا لێ کردووە، واتە من ١٩٤١م بۆ نووسراوە، بەڵام بە قسەی دایکم بێ، دەبێ لە دایکبووی ساڵی ١٩٤٠بم، دیارە ئەو کاتی سۆنەر و ئامێری دی نەبووە، بۆیە دایکم دەیگوت ئەگەر خوا نێرینەی دانێ، ئەوە قسەکەی ئەو بوو.

**ڕامان:** پێویستە زیاتر لەسەر قادر ئاغای عەتار بوەستین، بەڕاستی خزمەتی کردووە، باسێکی قادر ئاغای عەتار بکە، ئەو کتێبانەی لێت کڕیوە، چیت لەبیر ماوە، کتێبی کوردیت لێ کڕیوە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، بۆ کڕینی کتێبەکان باوکم پارەی دەدامێ.

**ڕامان:** کتێبی کوردی، یان هەموو جۆرە کتێبێکت دەکڕی؟

**نەوزاد مەجید:** کتێبی کوردی و گۆڤاری کوردی هەبوون، یەکێک لەوانە گۆڤاری گەلاوێژ بوو کە لێم کڕیوە، ئەو گۆڤاری (پەیام)ـەم لێ کڕیوە، یەک جاریش کۆمەڵە چیرۆکێک هەبوو، دوایی زانیم کلیلە و دمنەیە، کۆمەڵە چیرۆکێکی تێدا بوو.

**ڕامان:** بە زمانی کوردی بوو؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، بە کوردی بوو.

**ڕامان:** کێ وەریگێڕابوو؟

**نەوزاد مەجید:** نازانم، منداڵ بووم، کاتێک بۆ باوکم دەخوێندەوە، زۆری پێ خۆش بوو.

**ڕامان:** یەکەم وەرگێڕانی کلیلە و دمنە، لە سلێمانی ساڵی ١٩٣٤ بووە و لەلایەن مەلا کەریم زەنگنە کراوەتە کوردی، ساڵی ١٩٧٠ عومەر تۆفیق خەتات لە عەرەبییەوە وەری گێڕاوە، ئەحمەدی قازی لە زمانی فارسییەوە وەری گێڕاوە، تا ئێستا چەند جارێکی دی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.. باشە باوکت خوێندەواریی هەبوو تا حەزی بە کتێب بێ؟

**نەوزاد مەجید:** هیچ خوێندەواری نەبوو، بەڵام حەزی لەوە بوو شتی بۆ باس بکەم و کتێب و گۆڤاری بۆ بخوێنمەوە.

**ڕامان:** باسێکی ئەوەم بۆ بکە، باوکت بە چییەوە خەریک بوو؟ کار و کاسبی و پیشەکەی چی بوو؟

**نەوزاد مەجید:** باوکم کارگوزاری نەخۆشخانە بوو، لێرەشدا ئەمە مێژوویەکی دیکەیە، ئێستا و ئەوسا هەرچەند بیری لێ دەکەمەوە و بە کارەکەی باوکمی بەراورد دەکەم، سەرم سووڕ دەمێنێت، باوکم لە نەخۆشخانەی سەر شەقامی پیرەمێرد کارگوزار بوو، لە دەرمانخانەکەی ئیشی دەکرد.

**ڕامان:** ئەو نەخۆشخانەیە چی پێ دەڵێن، وا بزانم نەخۆشخانەی پیرەمێردە؟

**نەوزاد مەجید:** هەر ئەم شەقامە ڕاستە، پیرەمێردی پێ دەڵێن، باوکم بەیانی زوو دەچوو بۆ دەوامەکەی خۆی، کە دەهاتەوە یەک قوتوو کەپسوولی بەتاڵی دەهێنایەوە.

**ڕامان:** ئەو قوتووە کەپسوولە چی بوو؟

**نەوزاد مەجید:** ئاخر گرفتەکە ئەمەیە، ڕێک پێنج هەزار دەنکە کەپسوولی تێدا بوو، لە نەخۆشخانە دەرمانیان بۆ گرتبووەوە، بۆیان کردبووە کیسەیەکی نایلۆنەوە، دەهاتەوە لە ماڵەوە سینییەکی پاک دەکردەوە، سینییەکی چاک، یان سینییەکی باغە، ئەم دەرمانەی ڕۆ دەکرد، من و دایکم و خۆی، شەو ئەو پێنج هەزار کەپسوولەمان پڕ دەکرد، بەیانی باوکم دەیبردنەوە بۆ نەخۆشخانە.

**ڕامان:** ئەم کارەی باوکت چۆن دەبینی و چی لێ دەخوێنیتەوە؟

**نـەوزاد مەجیـد:** ئەمـە ئەوپـەڕی دڵسـۆزیی ئیشی ئـەو کاتـە دەردەخـات، خۆ باوکم دەیتوانـی نەیهێنێتـەوە، ئەگـەر ئێسـتا بـێ، کـەس نایهێنێتـەوە ماڵـەوە، هـەر گاڵتەشـی پـێ دەکا، حەفتـەی دوو جـار، سێ جـار پێنـج هـەزار کەپسوولی دەهێنایەوە و ئێمـە دەرمانمـان تـێ دەکـرد، بەیانـی لەگـەڵ خـۆی دەیبـردەوە نەخۆشـخانە.

**ڕامـان:** ئەمـە کارێکـی سـەیرە، ئێـوە تـا بەیانـی دەرمانەکانتـان کردووەتـە کەپسـوولەکانەوە؟

**نـەوزاد مەجیـد:** کەپسـوولەکە سـەرقاپی هەبـوو، سـەرقاپەکەمان دەکردەوە و دەرمانەکەمـان دەکـردە کەپسوولەکەوە.

**ڕامـان:** ئـەی حسـابی ڕێـژەی ئـەو دەرمانـەی دەتانکـردە کەپسـوولەکەوە چـۆن بـوو؟

**نەوزاد مەجید:** دەرمانەکەیان لەوێ بۆ گرتبووەوە.

**ڕامـان:** دەزانـم، بـەڵام ڕەنگە هەندێکیـان ڕێژەیەکی کەمتـر، یـان زیاترتـان کردبێتە ناو کەپسوولەکەوە؟

**نـەوزاد مەجیـد:** قەناعەتـت هەبـێ کـە دامـان دەنـا هەمـووی یەکسـەر پـڕ دەبـوون، واشـمان بکردایـە نـەدەڕژا، ئـەو سـەرقاپەی دەنرایـەوە، ئیتـر نـەدەڕژا، ئـەو هەمـوو حەبـە، تەنانـەت باوکم شـارەزاییەکی پەیـدا کردبـوو، حەبـی دەناسـی، دەیزانـی ئـەوە هی کۆکەیە، ئەوە هی سەرئێشـەیە، بـە تامکـردن دەیناسـین، تۆزێکـی لـێ دەشـکاند و لێـی دەخـوارد و دەیزانـی ئـەوە حەبـی چییـە، ئـەوەی بـۆ بـاس دەکـردم و دەیگـوت حەبـەکان هیچیـان تامیـان ناخـۆش نییـە.

**ڕامـان:** چـۆن وایـە؟ حـەب هەیـە زۆر ناخـۆش و تاڵـە.

**نـەوزاد مەجیـد:** حەبـەکان دانەیەکیـان هەیـە، پێـی دەڵێـن کنیـن، ئـەم کنینـە دەڵێـی ژەهـرە، بۆ نەخۆشـیی سـیل بـەکاردێ، ئەوانـەی تووشـی سـیل دەبـوون، دەدرا بـەوان، بـەڵام چەنـد حـەب؟ ئـەوەی تووشـی سـیل دەبـوو، هـی وا هەبـوو ٣٠٠ –٤٠٠ حەبـی وەردەگـرت، لـە سـاڵەکانی ١٩٥٠ بـۆ ١٩٦٠ لـەم شـارەدا نەخۆشـیی سـیل زۆر زۆر بـوو، دیـارە لەبـەر خواردنـی خـراپ، کەشـوهەوای ناسـاز، خانـووی ناتـەواو بـوو، هەمـووی لەبـەر دووکـەڵ و شـوێنی تاریـک بـوو.

**ڕامـان:** لەبـەر دووکەڵـی ئاگری دار کـە بـۆ نـان کـردن و چێشـت لێنـان بەکاردەهـات، لەبـەر چـرا و شـوێنی شـێدار تـووش دەبـوون.

**نـەوزاد مەجیـد:** لەبـەر ئـەوە نەخۆشـیی سـیل زۆر بـوو. مـن بـۆ نەخۆشـخانە دەچـووم، لـە شـوێنی ئێسـتای نەخۆشـخانەی عەلـی کەمـال، نەخۆشـەکان لەبـەر هەتاوەکـە دەمانـەوە.

**ڕامـان:** باوکـت تـا سـاڵی چەنـد کارگـوزاری نەخۆشـخانە بـوو، تـا خانەنشـین بوونـی هـەر لـەوێ مایـەوە؟

**نـەوزاد مەجیـد:** بەڵـێ، هەتـا خانەنشـین بـوو، هـەر لـەوێ بـوو.

**ڕامان:** چەند ساڵ خزمەتی کرد؟

**نەوزاد مەجید:** بەخوا خزمەتەکەی زۆر بوو.

**ڕامان:** سی ساڵێک خزمەتی کردووە؟

**نەوزاد مەجید:** سی ساڵ زیاتر بوو.

**ڕامان:** گوزەران و بژێوی ئێـوە هـەر بـەو کارەی باوکت بەڕێوە دەچوو؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، هەر ئەو کارەی هەبوو.

**ڕامان:** هیچ ئیش و کاری تری نەبوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** هیـچ ئیـش و کارێکـی تـری نەبـوو.

**ڕامـان:** مناڵەکانیشـی هەمـووی بـەو مووچەیـە پـێ گەیشـتن؟

**نـەوزاد مەجیـد:** هەمـوو پێ گەیشـتن، گەیشـتینە دە مناڵیـش، بـەڵام قـەت دە منداڵەکـە بـە یەکـەوە نەبوویـن، ئـەو سـەردەمە منـداڵ زوو زوو دەمـردن،

تەنیا دوو برام بە یەک زگ بوون، جمک بوون، دایکم ناوی نابوون حەسەن و حسێن، ئەوانەش زۆر نەژیان.

**ڕامان:** حەز دەکەم نەختێ باسی دایکت بکەی، جێ پەنجەی ئەو لەسەر ژیانت چۆن بووە؟

**نەوزاد مەجید:** من حەز دەکەم لەبارەی دایکمەوە باسی شتێک بکەم، دایکم سەرشەقامییە، وەکوو پێشتر گوتم دە کوڕی بووە، بەڵام گلەیی گەورەی کە دەیکرد، دەیگوت ئەو خودایە منی خۆش ناوێ! پێمان دەگوت دایە گیان بۆ خۆشی ناوێی؟ دەیگوت ئەگەر خۆشی بویستبام کچێکی دەدامێ. مەسەلەکە بەوە تەواو نەبوو، ڕۆژێکیان لە نەخۆشخانە منداڵێک بەجێ هێڵرابوو، باوکم دەیهێنێتەوە، منداڵەکە کچ بوو، دەزانێ دایکم بۆ کچ شێت بووە، ماوەیەکی زۆر بەخێوی دەکات، بۆ پێنج، شەش مانگ، دوای ئەو ماوەیە خاوەنەکەی لێیان پەیدا دەبێتەوە و داوایان لێ دەکات منداڵەکەی بدەنەوە، چونکە نیشانە هەبووە و دەیناسنەوە، دایکم دەیانداتەوە.

**ڕامان:** بەم هەنگاوەی باوکت گرفتەکەی دایکت چارەسەر نەبوو، دواتر هەنگاوی لەو جۆرەی نەنایەوە؟

**نەوزاد مەجید:** جارێکی دیکەش هەوڵی دا، هەر لە گەڕەکی قەزازەکان مزگەوتێک هەیە، مزگەوتی قەزازەکانی پێ دەڵێن، بەیانییەک باوکم لە مزگەوت دێتەوە، دەبینێ منداڵێک فڕێ دراوە، دیارە ئەویش کچە، دەیهێنێتەوە بۆ دایکم، دایکم هەر زۆری پێ خۆش دەبێ، دەکەوێتە بەخێوکردنی، ئەویش دەچێتە دەوری نۆ مانگ، دە مانگ، خاوەنی ئەویش پەیدا دەبێتەوە، واتە دایکم زۆر لە ئافرەت بێبەری بوو، ئێستا ئەوەی دایکم بەسەر مندا شکاوەتەوە، منداڵەکانم کە چوونە سەر ماڵوحاڵی خۆیان، کچەکانم زیاتر خۆش دەوێن وەک لە تاقە کوڕەکەم، کچەکانم دوو ئەوەندەی کوڕەکەم خۆش دەوێن.

**ڕامان:** هەموویان تەمەندرێژ بن.

**نەوزاد مەجید:** من بەزەییم بە دایکمدا دێتەوە کە کچێکی نەگرتە باوەش.

**ڕامان:** گوتت یەکێ لە کتێبخانەکان ئەوەی قادر ئاغای عەتار بووە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، بۆ ئەوەی خەڵک بزانێ شوێنەکەی لە کوێیە، سەرەتای شەقامی سابوونکەران کە سەر دەکەویت، بەم بەرەوە یەکەم پاسەکانی تووی مەلیکە، کۆڵانەکە هەر هەبووە و ئێستا سەموونخانەیەکی لێیە، ئەو سەمونخانەیە دوو دووکانی گەورەیە، ئەگەر بە ڕووبەر حسابی بکەم دەوری چل بۆ پەنجا مەتر دەبێ، شوێنەکەی قادرئاغا ئەوێ بوو، پێشتریش ڕووکاری سەر شەقامەکەی، جامخانەیەک بوو، چەندان جۆر قەڵەم و قەڵەم جاف و پاندانی هەبوو، ئەوکاتە دوو جۆر پاندان هەبوون، کە زۆر گران بوون.

**ڕامان:** لەبیرمە پارکەر و شیڤەر هەبوون، پارکەرەکە، پارکەر ٢١یان پێ دەگوت و شیڤەرەکە نووکەکەی ئاڵتوونی بوو، سەری بە زاخاوی ئاڵتوون نرابووەوە.

**نەوزاد مەجید:** نرخەکانیان لە دەوری دینارێک، دینارێک و پەنجا فلس بوون، ئاخر یەک دینار زۆر زۆر بوو، باوکم کارگوزار بوو، یەک مانگ ئەو جووتە ئیشەی دەکرد، حەوت دیناری وەردەگرت، بۆیە ئەگەر بەو مووچەیەی باوکم بەراوردی بکەین زۆر زۆرە، ئەوجا ئەم قادرئاغایە کتێب و گۆڤاری دەفرۆشت، هەر کەسێ کتێب و گۆڤاری بۆ بردبایە، هەرچی بیانی بووایە، لێی دەکڕین و لە ناوەڕاستی دووکانەکە، کە لەو

سـەرەوە پێنـج مەتـر، شـەش مەتـر درێـژ بـوو، لەسـەر ئـەو مێزانـە دایدەنـان.

**ڕامان:** شوێنی دانیشتنی میوانانی هەبوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** بەڵـێ، دوو قەنەفـەی تەختـەی لەوبـەر و دووان لەمبـەر دانابوو، ئـەو ناسیاوانەی خـۆی و ئـەو خوێنەوارانـەی کـە دەچـوون لـەوێ دادەنیشـتن و ئـەو کتێبانەیـان دەخوێنـدەوە، دیارە هـەروا بەخۆڕایـی بـوو، بـەڵام ئەگـەر بیانکڕیبایـە پـارەی لـێ وەردەگرتـن.

**ڕامـان:** ئـەی کتێـب و گۆڤـار بەکرێـدان نەبـوو، بەکرێ و بە پارەیەکی کـەم بیبەیتـەوە ماڵـەوە؟

**نەوزاد مەجید:** نەخێر.

**ڕامـان:** لـەو کتێبانـەی تـۆ کڕیوتـن، بـە زمانـی عەرەبـی، یـان کـوردی، چیـت بیـر مـاوە؟ تەنیـا کلیلـە و دمنـەت لەبیـر مـاوە؟

**نـەوزاد مەجیـد:** کلیلـە و دمنـە و گۆڤـاری گەلاوێـژ و گۆڤـاری پەیـام و...

**ڕامـان:** بـە ئـارەزووی خـۆت کتێـب و گۆڤـارت دەکـڕی؟ باوکـت پێـی خـۆش بـوو کتێـب بکـڕی؟

**نـەوزاد مەجیـد:** مـن هـەر کتێبـە کوردییەکانـم دەکـڕی، یـەک جـار نازانـم چـۆن دەسـتم کـەوت، ئێسـتاش لەبیرمـە، گۆڤارێـک بـوو، پێـم وایـە شـێوەی کتێـب بـوو، بەنـاوی «طبیبـک» دەردەچـوو.

**ڕامـان:** گۆڤـارە بەناوبانگەکـەی د. سـەبری قەبانـی دەڵێـی؟

**نـەوزاد مەجیـد:** نازانـم، چونکـە زۆر چاپکـراوی ئـەو کاتـە بـە عەرەبـی بـوون، عەرەبییەکەشـم بـاش بـوو، بمخوێندایەتـەوە لێـی تێدەگەیشـتم، چونکـە مـن هەرچـی فیلمێکـی بـۆی دەچـووم، وەرگێڕانەکانـم خوێندووەتـەوە و تێـی گەیشـتووم، بـا ددانێـک بەوەشـدا بنێیـن کـە فیلمـی سـینەماکە ئـەو سـەعات و نیـوەی چـاوت لـێ کـردووە، وەک ئـەوە وا بـووە کتێبێکـت خوێندبێتـەوە.

**ڕامـان:** ڕاسـتە، بـە تایبەتـی ئـەو ڕۆمانـە گرنـگ و بەناوبانگانـەی دەکرانـە فیلمـی سـینەمایی.

**نـەوزاد مەجیـد:** هـەر ڕێـک وایـە، لـە پۆلـی دوو، سـێ و چـواردا، مـن بەهـەرەی ئـەوەم هەبـوو، لـە هەمـوو عەرەبییەکـەی تـێ دەگەیشـتم.

**ڕامـان:** سـاڵی چەنـد چوویتـە پۆلـی یەکـی سـەرەتاییەوە؟

**نـەوزاد مەجیـد:** دوای ئـەوەی چوونـە گەڕەکـی قـەزازەکان، ئـەو کاتـە کـە قوتابـی لـە سـەرەتایی وەردەگیـرا، دەبووایـە تەمەنـی حـەوت سـاڵی تـەواو کردبـێ، لـە حـەوت ساڵیدا مـن چوومەتـە قوتابخانـە، سـەرەتاییم لـە قوتابخانـەی گۆیـژە، ماوەیەکیـش لـە قوتابخانـەی مەڵکەنـدی کـە لـە گەڕەکـی گاورانـە خوێنـدم.

**ڕامـان:** پۆلـی یەکـی سـەرەتاییت لـە گۆیـژە خوێنـد، بـۆ پۆلـی چەنـد چوویتـە ئـەولا؟

**نـەوزاد مەجیـد:** پۆلـی چـوار و پێنـج بـووم کـە ئـەو قوتابخانـە نوێیـە کرایـەوە.

**ڕامـان:** کەوابـێ تـا چواری سـەرەتایی لـە گۆیـژە بووی؟

**نـەوزاد مەجیـد:** بەڵـێ، لـە گۆیـژە بـووم، ئـەوەی خـۆش بـوو ئـەو کاتـە کەشوهەوای سلێمانی بەفـر و زسـتانی زۆر سـارد بـوو، مـن لەبیرمـە خۆشـترین شـت کـە لـە زسـتانان لەپێـم دەکـرد جزمـە بـوو، جزمـە پێڵاوێکـی لاسـتیکە، هەتـا هاویـن دەهـات، بەفرێکـی زۆر کەوتبـوو، باوکـم تـا بـەر سـەرا دەیبـردم و دەیپەڕاندمـە ئەوبـەرەوە، قوتابخانـەی فەیسـەڵییە، ئێسـتا بـازاڕی عەسرییە، پشـت ئـەو بـازاڕە قوتابخانـەی مەڵکەنـدی بـوو، دەچـووم بـۆ مەکتـەب، ئـەو کاتـە زسـتانان بەفـری زۆر دەباری.

**ڕامـان:** کـە لـە قوتابخانـەی گۆیـژە خوێنـدت، مامۆسـتاکانت کـێ بـوون، ناوەکانیانـت لەبیـر

ماوە؟

**نەوزاد مەجید:** ئەوەی لەبیرم بێ، یەکەم کەسیان مامۆستا غەفووره، (غەفووری مەلا عەلی)یان پێ دەگوت، مامۆستایەکی زۆر زیرەک بوو، بەڕێوەبەریشم بوو، ئەو کاتە هەموو قوتابخانەکان لە بەهاردا دەچوون بۆ سەیران، ئەم مامۆستایە تاپڕێکی پێ بوو، من بۆیە لەبیرمە، چونکە دوو باڵندە دەنیشتنەوە، چوونە ناو سەوزاییەکەوە، هەر تەقەی لێ کردن، هەردوو باڵندەکەی کوشت، من یەکێک بووم لەوانەی کە چووم یەکێکیانم هێنایەوە، قوتابی دیکەشی لێ بوو هەر لەگەڵم بوون.

**ڕامان:** ئەو لە دوای دەوام ڕاوی دەکرد؟

**نەوزاد مەجید:** ئەوە تەنیا لە سەیران بوو، لە دوای بەهار ئەگەر بە ڕێکەوت ڕۆژێک گەرم دەبوو، خۆش دەبوو، هەموو قوتابخانەکان ڕۆژێک دەچوون بۆ سەیران. حەز دەکەم باسی ئەو سەیرانەش بکەم، من خۆم هەموو سەیرانەکان کە دەچووم، خواردنەکانم یەک شت بووە، بە پلەی یەک خورما و ڕۆنێک، دوو سێ هێلکەی کوڵاو، لەوانەیە ڕێکەوتی کردبێ یەک دوو شفتەشم بردبێ، ئەمە خواردنی ئەو قوتابیانە بووە کە چوون بۆ سەیران.

**ڕامان:** بەڵام ئێستا دەبێ حەمباڵێک خواردن و کەرستەکان بۆ قوتابییەکە هەڵگرێ.

**نەوزاد مەجید:** ئێستا مریشکی برژاو و بریانی و شلە و برنج دەبەن، نەک هەر من، لە سەدا نەوەدی قوتابییەکان خورما و ڕۆنێکیان پێ بوو، هێلکەی کوڵاوی تێدا بوو، ئەگەر لە ماڵەوە دوو سێ شفتەشیان دابایەی، ئەوە هەموو خواردنی سەیرانەکانی ئەو زەمانەمان بوو.

**ڕامان:** تۆ تا چواری سەرەتایی لە گۆیژە خوێندووتە، دواتر چوویتە چ قوتابخانەیەک؟

**نەوزاد مەجید:** دوای تەواوکردنی سەرەتایی، چوومە سانەویی سلێمانی.

**ڕامان:** پێشتر گوتت تا چوار و پێنجی سەرەتاییت لە گۆیژە خوێندووە، ئەی دوای ئەوە بۆ کوێ چووی؟

**نەوزاد مەجید:** بۆ پۆلی پێنج خوێندنەکەم هێنایە مەڵکەندی، قوتابخانەیەکە لە گەڕەکی گاوران، ڕەشید ئەفەندی، ڕەشەی کەریم بەڕێوەبەری بوو، باوکی نەوزاد و ئەفراسیاو، نەوزاد عەمری خوای کرد، ئەفراسیاو هەر ماوە، مامۆستای فیزیایە، ئەوە دێمەوە سەر ناوەکان، هاشم ئەفەندییەکمان هەبوو، عەرەبی پێ دەگوتین، چونکە ئەو کاتە لە پۆلی یەکەوە عەرەبی دەخوێندرا، دەرسی عەرەبی لە پۆلی یەکی سەرەتاییەوە دەخوێندرا.

**ڕامان:** وانەکانتان چی و چی بوون، یەکەیەکە باسیان بکە، وانەکانتان بە زمانی کوردی، یان بە عەرەبی بوون؟

**نەوزاد مەجید:** عەرەبی، کوردی، ئەشیا و سحە، کە زانستی ئێستایە، سروود و وێنەکێشان و وەرزش، ئەوەی کە گوتم عەرەبییەکە کتێبێکی زۆر زۆر جوان بوو.

**ڕامان:** مامۆستای عەرەبییەکەتان باوکی ناوی چ بوو؟

**نەوزاد مەجید:** هاشم ئەفەندی ناو بوو، «ناب، فیل، انف الفیل، قفز الولد من فوق البرمیل»، ئەمە یەکێک لە بابەتەکانی وانەی عەرەبی پۆلی یەکی ئەو زەمانە بوو، زۆر شتی دیکەش هەبوو، ئەوسا زمانی عەرەبی دەخوێندرا، تەنانەت کە دەچووم بۆ سینەما دەمزانی بیخوێنمەوە، چونکە عەرەبییەکەم خوێندبوو.

**ڕامان:** ئەو زەمانە پێوەندی نێوان مامۆستا و

قوتابی چۆن بوو؟

**نەوزاد مەجید:** ئێمە مامۆستاکانمان زۆر خۆش دەویست، ئەوانیش ئێمەیان خۆش دەویست، بە تایبەتی مامۆستا هاشم کە عەرەبی پێ دەوتینەوە.

**ڕامان:** مامۆستای زمانی ئینگلیزیتان باش بوو؟

**نەوزاد مەجید:** م. سالح قەزاز، مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو، خۆشی دەویستم، چونکە لە دەرسەکەی ئەودا زیرەک بووم. ڕۆژێک ناوی ڕەنگەکانمان دەخوێند، لە مامۆستام پرسی بە کونج کونج دەڵێن چی؟ تۆزێ وەستا، وتی دوایی پێت دەڵێم، بۆ بەیانی کە هات وتی پێی دەڵێن (سپۆتی دۆتی).

**ڕامان:** مامۆستای سروودتان کێ بوو؟

**نەوزاد مەجید:** ئەی مامۆستای سروودمان زوو زوو دەگۆڕا، بەڵام سروودەکانمان بەڕاستی سرود بوون، سروودی نیشتمانی بوون، نازانم ئێستا لە قوتابخانەکان دەگوترێنەوە، یان ناگوترێنەوە.

**ڕامان:** ناوی سروودەکانت لەبیر ماوە، ناویان چ بوو؟

**نەوزاد مەجید:** بۆ نموونە «خوایە وەتەن ئاوا کەی»، ئەوە یەکێکیان بوو، زۆر گرنگ بوو، «خوایە وەتەن ئاوا کەی چەند دڵگیر و شیرینە»، «وا وەتەن هەمووی نەوبەهاری میللەتە»، ئەوە یەکێکی دیکەیان بوو، سێ چوار سروودمان هەبوو، هەموو ڕۆژێک، بەتایبەتی ڕۆژانی پێنجشەممەکان کە ڕیز دەکراین، ئەو سروودانە دەگوتران و لەگەڵیدا ئاڵاش هەڵدەکرا.

**ڕامان:** ئاڵای کوێ؟

**نەوزاد مەجید:** ئاڵای عێراق، ئەو کاتە (تحية العلم)مان پێ دەگوت.

**ڕامان:** ئەو ڕۆژی (تحية العلم)، شیعرخوێندنەوەی تێدا بوو؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، شیعرخوێندنەوەشی تێدا بوو.

**ڕامان:** شیعرەکان کوردی، یان عەرەبی بوون؟

**نەوزاد مەجید:** زیاتر شیعری کتێبەکانی خۆمان بوون، واتە کوردی و عەرەبی بوون.

**ڕامان:** شیعری دەرەوەی کتێبەکانی خۆتانی تێدا نەبوو؟

**نەوزاد مەجید:** نا، ئەوەی کە من لەبەرمە «ملكنا ملكنا...»، ئەوەیان یەکێک لە شیعرە عەرەبییەکانمان بوو، ئەویش شیعرێک بوو بەسەر مەلیکدا هەڵدرابوو، کتێبە کوردییەکانیشمان زۆر شیعری تێدا بوو.

**ڕامان:** ئەی وانەی تایبەتی وێنەتان هەبوو؟ ئەگەر وانەی وێنەتان هەبوو، نیگارخانەتان هەبوو؟

**نەوزاد مەجید:** نا، نیگارخانەمان نەبوو، بەڵام وانەی وێنەمان هەبوو، ئەوسا دوو جۆر بۆیە هەبوو، قەڵەمێک بوو لەگەڵ باستیل کە وەک پیو وابوو، پێیان دەگوت سلەبۆیە، لەگەڵ قەڵەم، وێنەمان پێ دەکرد، مامۆستاکان زۆر گرنگ بوون، یەکێکیان ناوی شێخ مستەفا بوو.

**ڕامان:** شێخ مستەفا بەرزنجی، مامۆستای وێنەکێشان و مۆمیاکردن بوو؟

**نەوزاد مەجید:** وابزانم ئەو مامۆستایە دوای خانەنشین بوون بریکاری تەئمین و شتی وابوو، ئەو وانەی وێنەکردنی پێ دەگوتین.

**ڕامان:** ئەو هونەرمەندە لای ئێوە ئیشی مۆمیای دەکرد؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، مۆمیای دەکرد، هەموو شتێکی دەکرد، بەڵام ئەوەی لەبیرمە، کە هاتە مەکتەبی گۆیژە، وێنەی پێ دەگوتین.

**ڕامان:** گوتت حەزت لە وێنەکێشان نەبوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** نـا، تەنانـەت ڕقیشـم لێـی دەبـووەوە.

**ڕامان:** بۆچی ڕقت لە وێنەکێشان دەبووەوە؟

**نـەوزاد مەجیـد:** لەبـەر ئـەوەی حـەزم لـە هونەرەکانی دیکە بوو، حەزم لە سینەما بوو، بۆ ئەم قسەیەم حەز دەکەم سەرگورشتەیەکیشت بـۆ بگێڕمـەوە. لـە ناوەنـدی بـووم، مامۆسـتای هونەرمـان ئـازاد شـەوقی بـوو، بابەتێکـی پـێ گوتین بیکەین بە وێنە، خۆیشی چەند شتێکی کردبوو، دەفتەرەکـەم دانابـوو، وێنەشـم لەسـەر نەکردبوو، کـە دەڕۆیشـت بـۆ سـەرەوە کتێبێکـم لەژێـرەوە دانابـوو، ئـەو کتێبـەم دەخوێنـدەوە، پێـی زانیـم.

**ڕامان:** لە پۆلی چەندی ناوەندی بووی؟

**نـەوزاد مەجیـد:** لە پۆلـی سـێی ناوەنـدی بـووم، کە زانـی شـڵەژاوم و کتێبەکـەم خسـتە نـاوەوە، بینـی هیـچ ئیشـم نەکـردووە، کتێبەکـەی دەرهێنـا و سـەیری کـرد، مێـژووی سـینەما بـوو، گوتـی بابە بۆ دەشڵەژێی، ئەمەش هـەر هونـەرە، ئـەوە ناکـەی، ئەمەیـان دەکـەی، کتێبەکـەی لەسـەر تەختەکـە دانـا و گوتـی ئـەوەش هـەر هونـەرە. گوتی لە وێنەکێشـاندا چۆنـی؟ گوتـم هیچـم بـۆ ناکرێ، هـەر خەریکـی ئـەو کتێبـە بـووم.

**ڕامـان:** هەڵوێسـت و بۆچوونـی م. ئـازاد شـەوقی زۆر جـوان و پەروەردەییانـە بـووە.

**نـەوزاد مەجیـد:** بەڵـێ، بەڕاسـتی تاقەتـم لـە وێنەکێشـان نەبـوو، چونکـە بیـری خـۆم بـۆی تەرخـان نەکردبـوو، زیاتـر بـەلای هونـەری سینەما و شـانۆ و درامادا دەڕۆیشـتم، لەبەر ئەوە بەردەوام لـە وانەکـەی ئـەودا کتێبێکـی هونەریـم پـێ بـوو، ئەوەشـم لەبیـرە کتێبەکـە مێـژووی سـینەما بـوو.

**ڕامـان:** هـەر بەڕاسـتی تاقەتـی وێنەکێشـانت نەبـوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** بەڵـێ، بـەڵام مامۆسـتا گوتـی ئـەوەش هـەر هونـەرە، حـەزت لـەوە نییـە، حـەزت لەمەیـە، کـە ئەمەشـت زۆر حـەز لێیـە بـۆ ناچـی بۆ هونـەرە جوانـەکان، ئەگـەر دەچیـت مـن یارمەتیـت دەدەم. پێـم گـوت مـن زۆر حـەزم لـە هونـەری سـینەمایە.

**ڕامـان:** قسـەکانمان لـە بـارەی قۆناغـی سـەرەتایی و ناوەندییـە، مـن دەمـەوێ جـارێ نەچینـە سـەر قۆناغـی هونـەرە جوانـەکان، دوایـی قۆناغ بـە قۆناغ دەگەینـە ئـەوێ.. لـە سـەرەتایی چالاکیـی هونەریـت چ بـوو؟ هیـچ بۆنەیـەک هەبـووە بەشـداریت تێـدا کردبـێ، بـۆ نموونـە بـە بۆنـەی جەژنـی نـەورۆز خەریکـی نوانـدن بیـت؟

**نـەوزاد مەجیـد:** تەنیـا شـیعر خوێندنـەوەم هەبـووە، هەروەهـا ئـەو سـەردەمە شـتێک بـوو زۆر بـاو بـوو، پێیـان دەگـوت بڵاوکـراوە (نەشـرة)، بڵاوکراوەی دیـوار، ئـەوە شـتێکی زۆر گرنـگ بـوو، کارتۆنێکـی گـەورە، مەتـر و قسـوور بـە نووسـین پـڕ دەکرایـەوە.

**ڕامـان:** ئێـوە لـە چ قۆناغێکـدا بڵاوکراوەتـان دەرکـردووە؟

**نـەوزاد مەجیـد:** لـە قۆناغـی سـەرەتایی، ئـەوە وای لە قوتابـی دەکـرد بـەدوای سـەرچاوەدا بگەڕێ، بابـەت بدۆزێتـەوە و بینووسـێ، دیـارە بـە تەنیـاش نەدەکـرا، دوو سـێ قوتابـی، تـا چـوار قوتابیـش خەریـک دەبـوون، ئێمـە ئـەو بڵاوکراوەیەمـان وەکـوو چالاکـی دەکـرد، ئـەو سـەردەمە ئەوەمـان هەبـوو.

**ڕامـان:** ئـەی چالاکیتـان لـە بـواری وەرزشـی چـی بـوو؟

**نەوزاد مەجید:** لە بواری وەرزشیش زۆر چالاکیمان هەبـوو، ڕاکـردن و چالاکییەکانـی دیکەمـان هەبـوو، تەنیـا فوتبۆڵێنمـان نەبـوو، چونکـە ئـەو کاتـە لـە

قوتابخانەی گۆیـژە گۆڕەپانمـان نەبـوو، قوتابخانـەی (مەڵکەنـدی)ش گۆڕەپانـی نەبـوو، بـەڵام لـە کاتـی نمایـش و ئیسـتعرازاتەکاندا چالاکیمـان دەنوانـد.

**ڕامان:** چالاکییەکانتان چی بوون؟

**نـەوزاد مەجیـد:** بـۆ نموونـە یەکێـک بچێتـە نـاو هۆڵێکـەوە پاڵـی پێـوە بنێـن، یـان خـۆی بچێتـە نـاو گۆنییەکـەوە ڕا بـکات، هەنـدێ شـتی دیکـە بـۆ پێکەنیـن بـوون، وەک دۆزینـەوەی پەنجـا فلسییەک، پارەیـەک لەنـاو عەردێکدا، ئـەو شـتانە هەبـوون، چالاکیـی ئـەو سـەردەمەی ئێمـە ئەمانـە بـوون.

**ڕامـان:** تـا پۆلـی شەشـی سـەرەتاییت تـەواو کـرد، ڕێـک نەکـەوت بچیتـە سـەر شـانۆ، وەک ئەکتـەر خەریکـی نوانـدن بیـت؟

**نـەوزاد مەجیـد:** نەخێـر، دێتـە خەیاڵـم بۆ شـانۆ دەچـووم، بەتایبەتـی شـانۆیەکم دی، هونەرمەنـد ئەنـوەر توفـی شـانۆییەکەی دەرهێنابـوو.

**ڕامـان:** ئـەو شـانۆگەرییەی بـۆی چـووی، نـاوی عوتەیـل بـوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** بەڵـێ، عوتەیـل بـوو، شـانۆیی دیکـەش کرابـوو، لەوانـە هاملێـت، حەمەفـەرەج دەری هێنـا، ئـەو دەورەکـەی دەبینـی.

**ڕامان:** کام حەمە فەرەج دەڵێی، هەڵەبجەییەکە، یـان بێـژەرە لاوازەکـەی بـە خاڵـە حەمـە بانگییـان دەکـرد، بـە دەنگـە لـە بـار و گونجاوەکـەی، زۆر جـوان شـیعری دەخوێنـدەوە؟

**نەوزاد مەجید:** حەمەفەرەج لاوازێک بوو.

**ڕامان:** ئەوەی دەنگی باش بوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** ئـا، دەنگی بـاش بـوو، ماوەیەک لـە ئێزگـەی بەغـدا ئیشـی دەکرد.

**ڕامان:** هەنـدێ جـار سەرپەرشـتیی ئاهەنگەکانـی دەکـرد و بەڕێـوەی دەبـردن، جـار بـە جـار شـیعری پیرەمێـرد و شـاعیرانی دیکـەی کـە لەبـەر بـوو، بـۆی دەیخوێندینـەوە.

**نەوزاد مەجید:** ئا ئا، بۆ ئەوانە دەچووم.

**ڕامـان:** ئـەوە برادەرمـان بـوو، زۆرجـار کـە لـە مـووزەی ئیتنۆگرافـی سـلێمانی بـووم سـەردانی دەکردیـن.

**نـەوزاد مەجیـد:** بەڵـێ، بۆ ئەو بۆنـە و ئاهەنگانە دەچووم.

**ڕامـان:** لـە سـەرەتایی هـەر ئـەو شـانۆگەرییەت بینـی؟

**نـەوزاد مەجیـد:** هـەر ئـەو شـانۆگەرییەم بینـی، ئەویـش بـە ڕێکـەوت دەکـرا، سـەردەمێک بـوو چالاکـی زۆر نەبـوو، وەکـوو ئـەوەی سـاڵەکانی حەفتـا بـەدواوە کـە چالاکـی زۆر بـوون.

**ڕامـان:** کـە چـووی بـۆ ئـەم شـانۆگەرییە، بـاری سـەرنجت لـە بارەیـەوە چ بـوو؟ چـی لـێ فێـر بـووی؟

**نـەوزاد مەجیـد:** زۆرم پـێ خـۆش بـوو، دەمبینـی ئەکتـەرەکان لەسـەر ئـەو شـانۆیەن و ئـەم خەڵکـە سـەیریان دەکـەن، بەتایبەتـی کۆمەڵێـک چـەک و شمشـێر و ڕمیـان پـێ بـوو، ئێسـتاش دێتـە بەرچـاوم، چێژێکـی زۆرم لـێ بینـی، بـەڵام لـەلای مـن هـەر نەدەبـوو بـە سینەماکە.

**ڕامـان:** بـە پلـەی یەکـەم سـینەما کاریگـەری و جـێ پەنجـەی لەسـەرت بەجـێ هێشـتبوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** بەڵـێ، سـینەما کاریگـەری لەسـەرم هەبـوو، بەرهەمهێنـان ئەوەنـدە زۆر نەبوو، لەوانەیـە لـە دوو سـێ سـاڵ جارێـک، یـەک بەرهـەم بکرایـە، وەکـوو سـاڵانی حەفتـاکان و دوای حەفتـاکان نەبـوو، هـەر خـۆم لـە کۆمەڵـی هونـەر و وێـژەی کـوردی، سـاڵی وا هەبـووە سـێ بەرهەمـم پێشـکەش کـردووە.

**ڕامـان:** لـە قۆناغـی سـەرەتایی مامۆسـتایەک هەبـووە کـە زۆر لـەلات سـەرنجڕاکێش بووبـێ و

کەسایەتییەکەی جێ پەنجەی لەسەرت بەجێ هێشتبێ؟

**نەوزاد مەجید:** دەتوانم بڵێم هەموو مامۆستاکان سەرنجڕاکێش بوون، چونکە مامۆستای ئەو کاتە بەڕاستی مامۆستا بوون، ئەو مامۆستایانە وەکوو پەیامبەرێک دەهاتنە بەرچاومان، نەک هەر بۆ من، بۆ هەموو کەسێک مامۆستاکەی لەلا گرنگ و گەورە بوو، هەموویان کاریگەرییان لەسەر قوتابیان هەبوو.

**ڕامان:** هەر ئەو مامۆستایانەش بوون جێ پەنجەیان بەسەر کەسایەتی قوتابییەکانەوە هەبوو، زۆر لەو قوتابیانە دەبوونە نووسەر و هونەرمەند و کەسانی چاکەخواز و بەرچاوی ناو کۆمەڵ.

**نەوزاد مەجید:** هەر ئەوەش بوو وای کرد ئەو نەوەیەی ئێمە، هونەر و ئەدەبێکی گەورەی تێدا بخوڵقێ، من لە دڵەوە ئەو وشەیە دەڵێم، چونکە ئەوەندە ڕێزی مامۆستا دەگیرا، شیعرێکی عەرەبی هەیە کە دەڵێ «قم للمعلم تبجیلا / کاد المعلم ان یکون رسولا»، ئەمە شیعرێکی کۆنە، واتە مامۆستا ئەوەندە دەورەکەی گەورەیە، خەریکە دەبێتە پەیامبەر، بۆیە ئەمە دەڵێم هەموو مامۆستایان کاریگەرییان لەسەرمان هەبووە.

**ڕامان:** ئەی لە کۆڵانەکەی خۆتاندا بێجگە لە سەلاح باڵابەرز، هیچ هونەرمەندێکی دیکەی تێدا نەبوو؟

**نەوزاد مەجید:** تەنیا سەلاح باڵابەرزی تێدا بوو، کوڕێک هەبوو عەلی نووری، ئەویش عەمری خوای کرد، جاروبار دەهات بۆ لای سەلاح باڵابەرز و بە یەکەوە بوون.

**ڕامان:** ئەم هونەرمەندە لە تیپی نواندنی سلێمانی بوو.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، هەردووکیان لە تیپی نواندنی سلێمانی بوون، ئەوان لە پێش منەوە لە تیپ بوون، لە دواڕۆژەکانی شەستەکان کە مۆڵەتی کۆمەڵ هاتەوە، من یەکێک بووم لە ئەندامانی لیژنەی کارگێڕی کۆمەڵ.

**ڕامان:** بێینەوە سەر باسی مامۆستاکان، حەز دەکەم قسەکانت لە بارەیانەوە تەواو بکەی.

**نەوزاد مەجید:** کۆڵانێک لە خوار دووکانی قادر ئاغاوە هەیە، دەچێتە سەرەوە، کۆڵانێکە نزیکەی بیست، بیست و پێنج مەتر درێژە، بەڵام پانییەکەی هەر چوار مەتر، پێنج مەتر دەبێ، لەوێدا فوتبۆڵێنمان دەکرد.

**ڕامان:** ئەم فوتبۆڵێنە بۆچی باس دەکەی، وەک وەرزش کردن باسی دەکەی؟

**نەوزاد مەجید:** بۆ وەرزش باسی ناکەم، دەبوایە ئێمە بە سێ چوار کەس یەکێکمان بۆ گۆڵچی دەستنیشان بکردایە، دەبوو بچێ لەوسەری ئەوسەر، لە نزیک جادەکە و دووکانەکەی قادر ئاغاوە بوەستێ، نەک هەر مامۆستا، بگرە ئەگەر یەکێک لە خەڵکی گەڕەکەکەش هات، خێرا ئیشارەت بە ئێمە بدات، ئێمەش تۆپەکەمان دەدایە ژێر خۆمانەوە و لەسەری دادەنیشتین و قسەمان دەکرد تا ئەوان دەڕۆیشتن، ئەمە نەک هەر بۆ ڕێزی مامۆستا، بەڵکوو بۆ ڕێزی پیاوانی گەڕەک، یان ڕێبوارەکان بوو کە لەوێوە تێدەپەڕین، نەک تۆپێکی وێ کەوتبا.

**ڕامان:** تەمەنت چەند بوو کە هونەرمەندان عەلی نووری و سەلاح باڵابەرزت ناسی؟

**نەوزاد مەجید:** هەر لە سەرەتایی بووم، دەتوانم بڵێم لە کۆتایی خوێندنی سەرەتایی بووم، بۆ ناوەندی دەچووم، تەمەنم دوازدە، سێزدە ساڵ بوو، ئەو سەردەمە ئارەزوویەکی دیکەشمان هەبوو، ئەو کاتەی کە فیلم ئیشی

دەکرد، بە عارەبانە، بە دەهۆڵ و زورناوە دەگەڕان و ڕیکلامیان بۆ دەکرد، کە فلانە فیلم هەیە و پارچەکاغەزی ڕیکلامیان فڕێ دەدایە ناو خەڵکەوە.

**ڕامان:** ئەم دەهۆڵ و زورنایە بۆ سەرنجڕاکێشانی خەڵکی بوو؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، پتر بۆ سەرنجڕاکیشان بوو.

**ڕامان:** ئەمە لەسەر پشتی عارەبانەی یایلی دەکرا؟

**نەوزاد مەجید:** عارەبانەی یایلی، دوو ئەسپی هەبوو، ئەو ڕیکلامانەیان فڕێ دەدا، ئێمە کۆمان دەکردنەوە، بە قەدەر دەفتەرێکی سەد، دوو سەد لاپەڕەیی بە کەتیرە پێکمانەوە دەنا، تەنانەت ڕۆژنامەی ئەو ڕۆژگارە کە دەردەچوو، هەموو جارێ یەک دوو ڕیکلامی بۆ سینەماکانی بەغدا تێدا بوو، ئەوانەشمان کۆ دەکردەوە، بەم شێوەیە ڕیکلامی فیلمەکانمان کۆ دەکردەوە، شتێکی جوان بوو، هەر ئەوەش بوو وای لێ کردین ناوی ئەکتەرەکان و دەرهێنەرەکانی ئەو سەردەمە تا ئێستا لە مێشکماندا بمێنێ.

**ڕامان:** لەگەڵ عەلی نووری و سەلاح بالابەرز بە یەکەوە بۆ سینەما نەدەچوون، یان هەر خۆت بە تەنیا دەچووی؟

**نەوزاد مەجید:** هەر خۆم بە تەنیا دەچووم.

**ڕامان:** هاوڕێیەک، کەسێک نەبوو لەگەڵت بێتە سینەما؟

**نەوزاد مەجید:** نا، لەمەش زیاتر، پارچە فیلممان دەست دەکەوت، ئەم پارچە فیلمانەمان دەدایە بەر عەدەسە، یان بە گڵۆپێکی سادە لە دیوارێکمان دەدا، تۆزێک بە لێڵی دەردەکەوت، وامان دەزانی سینەمایەکی ڕاستییە و هی خۆمانە، لە دالانێکدا، یان لە شوێنێکی تاریکدا ئەوەمان دەکرد، ماڵی سەلاح بالابەرز دالانەکەیان زۆر درێژ و تاریک بوو، سەر تەنووریش بوو، بۆ منالان و گەوران پێشانمان دەدا.

**ڕامان:** دیارە وێنەکانتان بەبێ جووڵە پێشان داون؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، (گرتەی جێگیر — اللقطة الثابتة) بوون، هەر فیلمەکە بوو دەمانخستە بەر عەدەسەکە و بە ڕووناکییەکی کەم پێشان دەدرا، ئەوەش یەکێک بوو لەو هۆیانەی کە پاڵنەرێک بوو بۆ ئەوەی حەزم لە سینەما بێ، حەزم لە کامێرا بێ.

**ڕامان:** باوکت پێی ناخۆش نەبوو ئەوەندە دەچیتە سینەما؟

**نەوزاد مەجید:** نەمدەهێشت بزانێ دەچمە سینەما.

**ڕامان:** هەموو باوکێک پێی ناخۆشە مناڵەکەی فێری چوونە سینەما بێ، پێی وایە کار لە دەرس و دەورەکەی دەکا.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، وەک پێشتر گوتم، من کە براکەم مردووە، خۆم دزیوەتەوە و چووم بۆ سینەما، سینەماکە لێمانەوە نزیک بوو ، خێرا دەهاتمەوە و خۆم دەرنەدەخست کە لە سینەما بووم.

**ڕامان:** کەس بۆنی سەروقژی نەدەکردی، بزانێ بۆنی جگەرەی گرتووە، یان نا؟

**نەوزاد مەجید:** نا، ئەوسا جگەرەکێش کەم بوو، هەست دەکەم ئەودەم جگەرەخۆر نەبوو، ژمارەیەک هەبوو، بەڵام زۆر کەم بوون، سینەماکانیش ئەوەندە قەرەباڵغ نەبوون، مەگەر پێشەوەی.

**ڕامان:** هیچ جارێک ڕێکەوتووە لەبەر قەرەباڵغی جێگەت بەرنەکەوتبێ؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، یەکێک لەو فیلمانەی

کە بۆی چووم و جێگام بەرنەکەوت و ئێستاش هەر لەبیرمە، «الفاتح العظیم»ی جۆن واین بوو، ئەکتەرێکی دیارە، لە کۆتاییدا زانیم کە جۆن واین یەکێکە لە کەسایەتییە هەرە گرنگەکانی ئەمریکا، یەکێک بە یەکێک دەڵێ ئەرێ خۆ جۆن واین نیت، لە باڵا و جەستە و لەشولار، ئەو دەوری جەنگیز خانی دەبینی، باوەڕ بکە ئەوەندە قەرەباڵغ بوو، تەنانەت لەسەر قادرمەکان و لەسەر هیچ شوێنێک جێگات بەر نەدەکەوت.

**ڕامان:** قەت ڕێک نەدەکەوت جارێکی دی فیلمەکە ئیش بکاتەوە و ببینیی؟

**نەوزاد مەجید:** با، ڕێکەوتی وا هەبوو، بەڵام لەوانەیە دەرفەتەکەی من هەر ئەو ڕۆژە بووبێ.

**ڕامان:** لەو سەردەمەدا لە سلێمانی بینەری سینەما چۆن بوو، بینەری زۆر بوو؟

**نەوزاد مەجید:** ئەگەر بە گشتی بڵێین، بەڵێ زۆر بوو.

**ڕامان:** بەتایبەتی گەنجەکان بۆ سینەما دەچوون؟

**نەوزاد مەجید:** گەنج و منداڵ زۆر دەچوون، تەنانەت خێزانەکانیش بە کچ و ژن و کوڕەوە دەچوون، پیریشیان لەگەڵ بوو.

**ڕامان:** ئەو ڕۆژگارە لە سینەماکان لۆجی خێزانیی هەبوو.

**نەوزاد مەجید:** لۆج هەبوو، خێزانەکان لەوێ دادەنیشتن، کە فیلمەکەش تەواو دەبوو، بۆ ئەوەی لە قەرەباڵغییەکەوە نەڕۆن، لە دەرگای دواوە دەهاتنە دەرەوە.

**ڕامان:** لەو کاتانەی تۆ سەردانی سینەماکانت کردووە، هیچ ڕێک نەکەوتووە تووشی گرفتێک، شەڕێک بووبی و لەبیرت مابێ؟

**نەوزاد مەجید:** ئەم قسەیەم ئەگەر نەبێتەوە بە ریکلام، ئەو نەوەیەی ئێمە کە زۆریان مردن، نەوەیەکی زۆر لەسەرخۆ، بەختەوەر، بەڕێز بوو، نەوەیەک بوو زۆر ڕێزی خەڵکی دەگرت، با یەک شتی ساکاری ئەو نەوەیەت بۆ باس بکەم، دایکم کە دەیویست شفتەیەکمان بۆ بکات، خەمی لێ دەهات، خەمی چی لێ دەهات، دەیگوت دەرگاکە داخە ڕۆڵە بۆنەکەی بەسەر ئەو ماڵانەدا دەڕوا.

**ڕامان:** دایکت پێی ناخۆش بوو دەرودراوسێ بۆنی شفتەکەی ماڵتان بکەن؟

**نەوزاد مەجید:** ئا، دەیگوت گوناحن، ئیتر شفتەیەکی دەکردە پارچەیەک نانەوە، منداڵێک، یان یەکێک لە گەڕەک ڕەفیقم بووایە، دەیگوت ڕۆڵە ئەوە بەرە بۆ ئەو، شفتەیەک دوو شفتەی هەر دابەش دەکرد، ئەو خواردنانەی بۆنیان هەبوو، ئاخر شفتە بۆنی زۆر دەڕوا، ئەمە هەر مەبەستم لە نەوەکەی خۆمانە، تەنانەت ڕێزەکە ئەوەندە زۆر بوو، حەزی نەدەکرد بۆنی خواردنێک بڕوا، نەوەکا حەزیان لێی بێت و ئیمکانیەتیان نەبێ بیکڕن، یان بیکەن و بیخۆن.

**ڕامان:** بێجگە لە کەسانی هونەرمەند، پیاوماقووڵانی ئەو کۆڵان و گەڕەکەتان کە لەو شارەدا ناوبانگیان هەبوو، کەسیانت لەبیر ماوە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، دیارە ئێمە گەڕەکەکەمان هەمووی پیاوماقووڵ بوون، ئەوەی لەبیرمە، یەکێک لەوانە ڕەمزی قەزاز بوو.

**ڕامان:** ئەوە لە گەڕەکی قەزازەکان بوو؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، کە گەڕەکی گۆیژەیشی پێ دەڵێن، ڕەمزی قەزاز و ساڵح عەلی قەزاز دیار بوون، ساڵح عەلی خزمی ڕەمزی قەزازیش بوو، یەکەم وەرزشوانی سلێمانی بوو کە لە لەندەن خولی کەشافەی بینی، پیاوماقووڵی

سلێمانی و دەرچووی خوێندنی لەندەنیش بوو، حاجی برایم ئاغا.

**ڕامان:** حاجی برایم ئاغای کێ، باوکی ناوی چی بوو؟

**نەوزاد مەجید:** ئێستا شوێنەکەیان کردووە بە بەشی ناوخۆیی کچان.

**ڕامان:** ناوی باوکی چ بوو؟

**نەوزاد مەجید:** هەر حاجی برایم ئاغا بەناوبانگ بوو، حاجی سلۆ، وشکە و شتی وای دەفرۆشت، سەید عەلی بازرگان، ئەوانە ئەو پیاوە ناودارانە بوون و ئێستاش ناویان هەیە.

**ڕامان:** هیچ ڕێک کەوتووە لەگەڵیان دابنیشی و قسەیان لەگەڵ بکەی؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، بەڵێ.

**ڕامان:** هاتوون بۆماڵتان؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، هاتوچۆ هەبوو، لە کۆڵانەکە هەرچی تووشمان دەبوو بە تووشی یەکترەوە چاک و چۆنی و جەژنە پیرۆزەمان لە یەکتر دەکرد، دایمە هەموو دەچووین بۆ لای یەکتری، ئیتر کۆڵانەکانیش ماڵەکانیان گەورە بوون، بەتایبەت ماڵی ڕەمزی قەزاز و سالح عەلی قەزاز، دەچووین لە ماڵەکانیان یاریمان دەکرد.

**ڕامان:** لەگەڵ مناڵەکانی ئەو ماڵانە یاریتان لە ماڵەکانیان دەکرد؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، بۆ یاری دەچووینە ماڵیان.

**ڕامان:** ئەی لەگەڵ ئەو مناڵانە بە یەکەوە سەعیتان دەکرد؟

**نەوزاد مەجید:** ئەگەر بابەتێک پێویستی بکردایە، تاقیکردنەوەیەک هەبوایە و نەمانزانیایە، بە دووقۆڵی لەوێ دادەنیشتین و لە یەکتریمان دەپرسییەوە، بەتایبەتی شیعر ئەوە هەر هیچ، بابەتی شیعر زوو زوو بە قوتابیان دەدرا، من کتێبەکەم بۆ ڕەفیقەکەم دەگرت بزانم لەبەریەتی، ئەو بۆ منی دەگرت بزانێ لەبەرمە، هەوڵی زۆر هەبوو، بۆیە ئێستاش ئەو نەوەیەی ئێمە و نەوەی پێشووتر لە بواری ئەدەبیات و خوێندنەوە و هونەردا زۆر زیرەکتر بوون، ئەو سەردەمە هیچ ماڵێک نەبوو شەش حەوت کتێبی تێدا نەبێ، تەنانەت هەندێ ماڵ کتێبخانەیەکی گەورەیان هەبوو، ئێستا بەهۆی ئەم تەکنۆلۆژیا تازەیەوە کتێب باوی نەماوە.

**ڕامان:** ئەمەی دەیڵێی زۆر ڕاستە، من سەد لە سەد لەگەڵتم.

**نەوزاد مەجید:** ئێستا کتێب باوی نەماوە. لەسەر کتێب یەک شتی خۆشت بۆ بگێڕمەوە، من کاتێک لە بەغدا بووم، یان کە هاتوچۆی بەغدام دەکرد، دوو هاوڕێم هەبوو کتێب خوێنەرەوە بوون، یەکیان پێیان دەوت ئەنوەرە گۆج، خوێنەرێکی باش بوو، هەمیشە پێی دەوتم نەختێ کتێب لەگەڵ خۆت بێنەرەوە. ڕۆژێکیان کە زانیبووی لە بەغدا هاتوومەتەوە، منیش کۆمەڵێک کتێبم کڕیبوو، لەوانە (لمحات من تاريخ العالم)، دەمویست بێمە دەرێ، ئەوسا لە ئیسکان بووین، پاش ئەوەی باوکم خانووی لە ئیسکان وەرگرت.

**ڕامان:** ئەوە کتێبەکەی جەواهر لال نەهرۆیە.

**نەوزاد مەجید:** بیرم نەماوە، ویستی کتێبەکە ببات و بیخوێنێتەوە، پێم وت جارێ مەیبە تا تەواوی دەکەم. وتی کەی تەواوی دەکەی؟ وتم دووسبەی. پاش دوو ڕۆژ هاتەوە، وتی تەواوت کرد؟ وتم نەوەڵڵا. وتی چۆن تەواوت نەکردووە، خەڵک بە دوو ڕۆژ تەواوی دەکات، دیارە تۆ باش ناخوێنیتەوە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم خەڵکی تا ئەوڕادەیە پەرۆشی خوێندنەوە

بـوون.

**ڕامان:** ئیتر لە قەزازەکانەوە چوون بۆ ئیسکان؟

**نـەوزاد مەجیـد:** باوکـم خانـووی لـە ئیسـکان وەرگـرت.

**ڕامـان:** گوتـت یەکـەم گـەڕەک لـە سەرشـەقام بـوون، خەڵکـی وای لـێ بـوو ناسـراو بـن؟

**نـەوزاد مەجیـد:** ئا، بۆ نموونـە عەبدەی ئۆتۆمبێلچی لـە سەرشـەقام بەناوبانگـە، باوکـی نەجاتـی عەبدە و ئـەوان، عومـەرە سـووری عەرەبانچی هەبوو.

**ڕامـان:** دۆسـتایەتیت لەگـەڵ هونەرمەنـد نەجاتـی عەبدە و براکانـی هەبوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** بەڵـێ، ئێسـتاش دۆسـتایەتیم لەگەڵـی هەیـە، نەجاتـی عەبدە ئێسـتا لە سـویدە، مەبەسـتم ئەوەیـە لـەو گەڕەکەشـدا پیاوماقـووڵ هـەر هەبـوو.

**ڕامـان:** بۆچـی کـە خانـووی ئیسـکانتان وەرگـرت پێـت خـۆش بـوو؟

**نـەوزاد مەجیـد:** لـە زەمانـی عەبدولکەریـم قاسـم، لـەو گەڕەکـی ئیسـکانەی سـەروو جامیعـە، سـێ سـەد خانـوو دروسـت کـرا، یەکێـک لەوانـەی خانـووی وەرگـرت باوکـم بـوو، بەڕاسـتی لـەلام خـۆش بـوو، بۆچـی لام خـۆش بـوو، هەسـتم دەکرد ئیتـر شـوێنێکمان هەیـە و تێیدا جێگیریـن.

**ڕامان:** پێشتر کرێچی بوون؟

**نـەوزاد مەجیـد:** کرێچـی بوویـن، کرێچێتییەکـەش چـی بـوو، جـاری وابـوو لـە سـاڵێکدا دوو جـار، سـێ جـار دەمانگواسـتەوە، شـوێنێک، هۆدەیـەک، یـان ماڵێـک چـۆڵ دەبـوو، ئەویـان خۆشـتر بـوو، دەچوویـن بـۆ ئـەوێ.

**ڕامـان:** هـەر لـە هەمـان گـەڕەک ئـەو گوێـزە گوێزەتـان دەکـرد؟

**نـەوزاد مەجیـد:** بەڵـێ، هـەر لـە عەینـی گـەڕەک، ئـێ شـتومەکیش وەک ئێسـتا ئەوەنـدە زۆر نەبـوو، هـەر خۆمـان بوویـن، دوو سـێ دەسـت نوێـن و تـەواو، ئیـدی شـتی زیادمـان نەبـوو، کورسـی و مێـز و تەلەڤزیـۆن و ئەمانـە نەبـوو، ڕادیـۆش زۆر کـەس نەیبـوو، دەمانگواسـتەوە، بـەڵام لـەوێ جێگیـر بوویـن، لـە ئیسـکان هەسـتم بە خۆشـییەک دەکـرد کـە لـەوە پێـش هەسـتم پـێ نەکردبـوو، ژیانەکـە لـەوێ خۆشـتریش بـوو، ئەویـش هـەر نزیـک بـوو، لەبـەر دەرکـی سـەراوە بـۆ ئیسـکان، زۆر دوور نەبـوو.

**ڕامـان:** خـۆی سـلێمانی هـەر ئەوەنـدە بـووە، گەڕەکـی ئیسـکان کۆتاییەکـەی بـووە.

**نـەوزاد مەجیـد:** ئـەو فلکـەی تـووی مەلیکـە کـە پێـی دەڵێـن تـووی مەلیـک، دواییـن شـوێن بـوو، بـەڵام ئەمـە هەمـووی دەشـت بـوو، ئێسـتا هەمـووی بـووە بـە خانـوو.

**ڕامـان:** بژێـوی ژیانتـان چـۆن بـوو، دەسـتکورت و هـەژار نەبـوون؟

**نـەوزاد مەجیـد:** نـا، ناتوانـم بڵێـم هـەژار، یـان دەسـتکورت بوویـن، بـەڵام مامناوەنـدی بوویـن و پەکمـان نەکەوتـووە، باوکـم ئـەو مووچەیـەی خـۆی هەبـوو، دەمانزانـی چـۆن پێـی بژیـن، مـن خـۆم وەک لـە سـەرەتاوە باسـمان کـرد، بـەردەوام ئیشـم کـردووە، لـە دارتاشـییەوە بیگـرە، تـا کارگـەی شـەهلا.

**ڕامـان:** لـە کارگـەی شـەهلا چـۆن (سـۆدە و سـیفۆن)تان بەرهـەم دەهێنـا؟

**نـەوزاد مەجیـد:** سـۆدە و سـیفۆن و عەسـیر، عەسـیر، شـەربەتی پڕتەقـاڵ بـوو، بـە غـازەوە دەکرایـە شووشـەوە، سیفۆنەکە تۆزێک لـەو هەرزانتر بـوو، سۆدەکە بـۆ مەعیدە بـوو، ئەوانەمـان دەکـرد، وای لـێ هـات مـن بـووم بـە وەسـتاش، ڕۆژانـە ئیشـەکانمان دەکـرد.

**ڕامان:** چەند ساڵ ئەو ئیشەت کرد؟

**نەوزاد مەجید:** دەتوانم بڵێم لە پۆلی سێی سەرەتاییەوە هەتا دەرچووم کارم کرد، تا سێی ناوەندیش، ئەمە شەش، حەوت ساڵێکی خایاند.

**رامان:** ئەی چەند ساڵ ئیشی دارتاشیت کرد؟

**نەوزاد مەجید:** دارتاشییەکە پێش سێی ناوەندی بوو، چوار پێنج ساڵ، دارتاشیم کردووە.

**رامان:** شاگردی کێ بووی؟

**نەوزاد مەجید:** شاگردی وەستایەک بووم پێیان دەگوت حەسەنی قالە، هەر بە تەنیشت کارگەی شەهلاوە بوو، من بە منداڵی ئیشەکەشم زۆر زۆر قورس بوو، بەو منداڵییەی خۆمەوە، ئەو کاتە ئامێر نەبوو، وەستاکەمان حەسەنی قالە کە دووکانەکەی لە شەقامی کاوە بوو، دەچوو لە بازاڕی دارفرۆشەکان دارێکی گەورەی دەکڕی، پێیان دەگوت موور، موورێکی گوێز بوایە، توول بوایە، سی سانتیم، سی و پێنج سانیتم بوایە، دەیهێنا و لە سێ گۆشەیەکی دەبەست، ئەوجا بە مشاری گەورە، کە پێیان دەگوت شەققە، ئەو لە سەرەوە پاڵی دەنا، من لە ژێرەوە ڕامدەکێشا.

**رامان:** ئەو موورەیە لە چییەوە هاتووە؟

**نەوزاد مەجید:** موور، دارێک کە گەورە دەبێت و دەیبڕنەوە، پێی دەڵێن موورەدار.

**رامان:** موورەدار، وشەیەکی جوانە.

**نەوزاد مەجید:** داری گوێز، توو، سوورەچنار هەبوون، وەستاکەمان بە گوێرەی جۆری ئیشەکان داری دەکڕی.

**رامان:** ئەی کارتان لەسەر داری کەوت نەدەکرد؟

**نەوزاد مەجید:** کەوت کەمە، دارێکی بۆنخۆشە، لێرە کەمتر هەیە، لە چیاکان و ناوچە شاخاوییەکان زیاترە، ئەو ئیشانەمان دەکرد، وەستاکەمان هەموو ئیشەکەی دوو شت بوو، یەکەمیان کورسی، کورسیی قەنەفەی سێ چوار کەسی، کە ئێستاش لە چایخانەکان باوە، کانتۆریش بە شێوەیەکی ئاسایی دەکرا، ئیتر ئیشەکان هەر ئەوانە بوون.

**رامان:** ئەو مامۆستای سروودەتان کە گوتت سروودی (خوایە وەتەن ئاوا کەی) و ئەوانەی دی پێ دەگوتن، بە عودەوە سروودەکانی پێتان دەگوتەوە، یان بەبێ ئامێری مۆسیقا بوو؟

**نەوزاد مەجید:** سروودەکان هەروا بە دەم دەگوتران، ئەوسا ئامێر نەبوو.

**رامان:** حەزتان لە وانەی سروود بوو، وانەکەتان پێ خۆش بوو؟

**نەوزاد مەجید:** زۆر حەزمان لێ بوو، من خۆم یەکێک بووم لەوانە، باشترین بەڵگەش بۆ ئەوە ئەوەیە تا ئێستاش لەبەرمن، هەموو سروودەکانی ئەو دەمەم لەبەرە، مەگەر چۆنها وشەیەکم لەبیر چووبێتەوە، هەموو قوتابیان زۆر بە گەرمی لە گۆڕەپانەکاندا دەیانگوتنەوە، چونکە هەموو ڕۆژێ ڕیزکردنمان هەبوو، پشکنینمان هەبوو.

**رامان:** ئێستا قسەمان لە قۆناغی سەرەتایی کرد، لەوێش باسی چەند کەسێکمان کرد کە ئیشی هونەرییان کردووە وەک سەلاح باڵابەرز و نووری عەلی و لەولاشەوە نەجاتی عەبدە و ئەمانە، ئەوانە هەتا سەر هاوڕێت بوون، مەبەستم تا ساڵانی دوایی ژیانیان وەک هاوڕێ مانەوە؟

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، هەتاکوو ساڵانی دوایی تەمەنیان هاوڕێم بوون، چونکە هەردووکیان عەلی نووری و سەلاح باڵابەرز عەمری خوایان کرد.

**رامان:** بەڵام هێشتا نەجاتی عەبدە ماوە.

**نەوزاد مەجید:** بەڵێ، نەجاتی عەبدە ماوە، ئەو ئێستا لە سویدە.


# پێوەندی بنەماڵەی خادم السجادە لەگەڵ هەریەک لە مەولانا خالید و نالی و حاجی دا

پ. د. عوسمان دەشتی
(زانکۆی کۆیە – فاکەڵتی پەروەردە/ بەشی زمانی کوردی)
( ٢- ٢ )

**گەڕانەوە بۆ بنەماڵەی خادم السجادە لە کۆیە**

ئەو بەرماڵە پیرۆزەی پێغەمبەری مەزن (د.خ) تا چارەگی کۆتایی سەدەی هەژدە لە کۆیە و لەلای بنەماڵەی خادم السجادە ماوەتەوە. جارێکیان لە سەردەمی ژیانی مەلا سەعددا و بە فەرمانی سوڵتان عەبدولمەجید (١٨٢٣ تا ١٨٦١ز حوکمڕانی کردووە) بەرماڵەکە براوەتە ئیستەنبوڵ و دواتر بە هەوڵ و تەقەلالای مەلا سەعد گەڕێنراوەتەوە. لە سەردەمی حاجی ئەمینەفەندی کوڕەزای مەلا سەعددا لە کەرکووک (١٨٤٥- ١٩١٣ز) بۆ جاری دووەم بە فەرمانی سوڵتان عەبدولحەمید (١٨٧٦ بۆ ١٩١٨ز حوکمڕانی کردووە)، بەرماڵەکە دەبرێتەوە بۆ ئیستەنبوڵ، بەڵام دووبارە دەگەڕێنرێتەوە بۆ کەرکووک و ئەم سەفەرەیان بە فەرمانی سوڵتان، نزرگە و مەزارێکیشی بۆ دروست دەکرێت لە پاڵ مزگەوتێکدا لە گەڕەکی (بلاغ)ی شاری کەرکووک، هەروەها مووچە و بەراتێکیش بۆ بەڕێوەبردنی مەزارەکە تەرخان دەکرێت (جاف، ٢٠٢٣، ١٢٨).

دوور نییە مەسەلەی پەرت بوونی بنەماڵەی خادم السجادە و گوێزانەوەی بەشێکی ئەو بنەماڵەیە بۆ کەرکووک و جێگیربوونیان لەوێ، لەدوای کۆچی دوایی مەلا سەعددا، پێوەندی بەو کێشە و گرفتانەوە بووبێت، کە لە نێوان دەسەڵاتداران لە بەغدا و لە ئیستەنبوڵ و مەلا سەعد و کوڕەکانییەوە دروست بووبێت، ئەویش هەر لە پای ئەو بەرماڵە پیرۆزەوە بووە کە دەسەڵاتداران چاویان تێ بریوە بیخەنە ژێر چنگ و دەسەڵاتی خۆیان تا لە ئاکامیشدا هەر وا دەرچوو. لێرەدا سەرجەلەی بنەماڵەی خادم السجادە، لە مەلا سەعدەوە بۆ خوارەوە بەپێی بەڵگە و دۆکیومێنتەکانی بەردەست دەخەینە ڕوو:





## حاجی و بنەماڵەی خادم السجادە

مەلا سەعدی خادم السجادە دوو ژنی هەبووە، ژنە گەورەکەی تەنیا کچێکی دەبێت بە ناوی (زەینەب)، وەک لە بەراییدا باسمان کردووە، زەینەب خان شوو بە حەزرەتی نالی دەکات و دەبێت بە هاوڕێی سەفەریشی بۆ وڵاتی حیجاز. ژنی دووەم و بچووکەکەی مەلا سەعد، خوشکی (فاتێ – فاتیمە)ی دایکی حاجی قادر بووە، واتە مەلا سەعدی خادم السجادە و مەلا ئەحمەدی باوکی حاجی قادر (ئاوەڵزاوا– هەڤلنگ)بوون، یان بە دەربڕینێکی دیکە مەلا سەعد مێردی پووری حاجی قادر بووە. دیارە کە حاجی هاتووەتە کۆیە حەتمەن لە مزگەوتی خادم السجادە و لەلای مەلا سەعد خوێندوویەتی، کەواتە ئەم سێ کوچکەیە (مەولانا– نالی– حاجی) هەم شاگرد و فەقێی مەلا سەعد بوون، هەم پێوەندی خزمایەتی لە نێوانیاندا هەبووە، بەڵام ئایا ئەم سێ کوچکەی زەمان و ڕۆژگارە، ئەم سێ کەڵە مرۆڤە شاعیر و زانا و ناودارە، ئەم سێ ئەستێرە پڕشنگدارەی ئاسمانی ئەدەب و ئایین و زانست لە کوردستاندا، دەشێت لە یەک کات و سەردەمدا لە دەوری کوانووی زانستی خادم السجادەدا لە کۆیە کۆ بووبنەوە و بۆ پەروەردە و فێربوون چۆکیان دادابێتەوە؟

ڕەنگە بەهۆی فەرق و جیاوازی تەمەن و بارودۆخی ڕۆژگار هەریەکەیان لە کات و سەردەمێکدا لە کۆیە بووبن و درێژەیان بە خوێندن و فەقێیەتی دابێت، بەڵام ئەگەری کۆبوونەوە و هامشۆ و هەڵسوکەوتیان لە تەک یەکتر، وەک سێ خزم و سێ هاوڕێ خوێندکاری ماڵی خادم السجادە و سێ کەسایەتی دیار و بەرجەستەی ئەو سەردەمە ڕێگا لە بەردەم ئاشنایەتی و دۆستایەتی ئەم زاتانە بە کراوەیی دەهێڵێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەیەکی گردەبڕ ئەمە نازانرێت، بەڵام ڕوونە حاجی هەمیشە پێیەکی لە سلێمانی بووە و لە کۆڕ و کۆبوونەوەی شاعیراندا کەسایەتییەکی بەرجەستە و ناسراو بووە. وەک چۆن بۆچوونی واش هەیە دەڵێت حاجی و نالی لە ئیستەنبوڵ یەکیان گرتووەتەوە و یەکتریان بینیوە، (حەسەن، ٢٠١٢، ١٥٥)، بەڵام لە بارەی مەولاناوە دەنگوباسێکی ئەوتۆ لە ئارادا نییە.

ئەوجا هەر لەو درێژەی ئەو پێوەندی خزمایەتییەی لە نێوان حاجی و مەلا سەعدی خادم السجادەدا هەبووە، مەلا ڕەئووفەفەندی کوڕی مەلا مەحموودەفەندی، کە دەکاتە نەوەی مەلا سەعد، (زەهوە خان)ی کچی (خورشید ئەفەندی/ ١٨٥٩– ؟) خواستووە، ئەم خورشیدەفەندییەش کوڕی محەمەد

سەعیدەفەندی و ئامۆزای حاجی قادریش بووە، کەوابێ خزمایەتی حاجی لەگەڵ بنەماڵەی خادم السجادە لە دوو سەرەوە بووە، ئەگەرچی لە ڕێگەی ژن و ژنخوازیشەوە بووبێت. لەم نەخشەیەشدا ئەم مەسەلەیە ڕوون کراوەتەوە:




لەمەڕ پێوەندی خزمایەتی نێوان حاجی و ماڵی خادم السجادە دوو بەڵگەی مێژوویی بەردەستن، یەکەمیان ئەوەیە (دڵدار) لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی و دەڵێت؛ ((من ناوم یوونس ڕەئووفە کوڕی مەلا مەحموودی کوڕی مەلا سەعدیم لە بنەماڵەی خادم السجادەین، ... دایکم ناوی زەهوەی کچی خورشیدەفەندییە، فامیلیای دایکم عالم زادەن، لە زەهاوەوە هاتوونەتە قەراغ زێی کۆیە و ئیسکانیان کردووە تا حاجی قادری کۆیی مەشهوور لەم فامیلیایەیە)) (عەلائەددین، ٢٠١٩، ٢٩).

بەڵگەی دووەمیش دیدارێکە لەگەڵ هونەرمەندی گەورە (تاهیر تۆفیق) کە لە گۆڤاری (کەکۆن) دا بڵاوکراوەتەوە. مامۆستا تاهیر باسی ڕۆژگاری سەرەتای خوێندن و فەقێیەتی خۆی دەکات و دەڵێت: ((لە مەرحەلەی فەقێیەتیم لە سێ شوێنم خوێندووە: (مزگەوتی گەورە، مزگەوتی خادم السجادە، مزگەوتی مەلای ڕەش)، لە مزگەوتی مەلای ڕەش سیپارە (ئەلف و بێ)م خوێند، لە مزگەوتی گەورەش قورئانم خوێند و لە مزگەوتی (خادم السجادە)ش (گوڵستان و بۆستان) و هەندێکم (حافزی شیرازی) خوێندووە لەگەڵ نالی و حاجی قادر. نالی و حاجی قادر هەر خزمی ماڵی خادم السجادە بوون، هەر بۆیە هەر فەقێیەک لەوێی خوێندبا، نالی و حاجی قادریان فەرز دەکردە سەری، وەک دەرسی قورئانی بە فەقێیانیان دەخوێند، بەڵام ئەو زەختە لە مزگەوتەکانی دیدا نەبوون)) (کرمانج، ٢٠٢١، ٦٧).

دیارە مەبەستی بەرودوای ئێمە لەم باسوخواسەدا تیشک خستنە سەر لایەنێکی ئەم بنەماڵە و ئەم کەسایەتییانەیە، ئەویش پێوەندی و خزمایەتی نێوانیان، وەک لە ناونیشانی باسەکەدا هاتووە، کە ئەمەش چەمکێکی بچووکە لە پایە و مەقامی زانستی و ئایینی، تەنانەت ئەدەبی و ڕووناکبیریشیان، کە هەم لە کوردستان و عیراق و هەم لە وڵاتانی دەوروبەریشدا دەنگی داوەتەوە. حاجی نەمر گوتوویەتی:

**هەروەکو شارانی تر کەس ئاشنای کۆیێ نەبوو**

**شوهرەتی ئەبیاتی من خەڵکی لەسەر کۆکردەوە**

بەڵام کۆیە لە سەردەمی بنەماڵەی خادم السجادە، بەتایبەتیش مەلا سەعددا ڕۆژگارێکی زێڕینی تێپەڕاندووە. ئێمە لەسەر زاری کەسانی وەک مامۆستای مودەڕیس و شێخ محەمەدی خاڵ و (تاهیر تۆفیق)دا دەگێڕینەوە کە گوتوویانە

کۆیە لەسەردەمی مەلا سەعدی خادم السجادەدا شوێنی زانکۆی ئەزهەری لە کوردستان گرتبووەوە، یان چۆن تاهیر تۆفیق دەڵێت: ((ئەو عائیلە و بنەماڵەیە کۆڵەگەی حەزارەتی کوردین، هەر هەموویان لە باب و باپیران عەللامە و زانا و موفەکیر بوونە، حاجی قادر و نالی و مەولانا خالیدی نەقشبەندی لەوانە بوونە، برۆ تەحقیقیان لەسەر بکە دەزانی ئەوانە کێنە!)) (کرمانج، ٢٠٢١، ٦٩)

مەلا سەعد شاعیریکی گەورەی عەسری خۆیشی بووە، بە زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی و کوردی شیعری نووسیوە، بەڵام مخابن هەم کتێبخانە و هەم بەشێکی زۆر لە کتێب و دانراو و شوێنەوارەکانی ئەو بنەماڵەیە لەگەڵ ڕووداوەکانی زەمانەدا لەناوچوون و فەوتاون، کە ئەویش چیرۆکێکی تراژیدی خۆی هەیە. (غەمبار، ٢٠٢١، ٧٢). تا ئەوەی دەگوترێت دیوانی دەسخەتی نالی و حاجی و شاعیرانی تریش لە کتێبخانەکەی ئەو بنەماڵەیەدا هەبوون. چاپی یەکەمی دیوانی حاجی قادر، کە لە ساڵی (١٩٢٥ز) داو لەلایەن عەبدولڕەحمان سەعیدەوە بە ناوونیشانی (کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی) لە بەغدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە لەسەر ئەو دیوانە دەستخەتە ئامادەکراوە کە لە کتێبخانەی بنەماڵەی خادم السجادەدا هەبووە.

## شیعریش وەک بەڵگەنامە قسەی خۆی دەکات

شیعر و مێژوو دوو ژانری جیاوازن، بەهۆی زاڵبوونی ڕەگەزی ئەندێشە و خەیاڵ لە شیعردا زۆر کەڕەت لە واقیع و لە ڕاستی زۆر دوور دەکەوێتەوە، بەڵام ئەمە ڕێگر نابێت لەبەردەم ئەوەی کە تێکستی ئەدەبیش، بەتایبەتیش تێکستی شیعری وەک بەڵگەنامەیەکی مێژوویی سوودی لێ وەربگیرێت و لە خزمەت لیکۆڵینەوەی زانستی مێژوودا بێت. بەو هۆیەی بەشێک لە ڕاستییەکان و ڕووداوەکانی تێدا ڕەنگ دەدەنەوە.

حاجی لە ئاست گەورەیی و شانوشەوکەتی مەلا سەعدی خادم السجادەدا گوتوویەتی:

**ئەی عوتارید لە دەرت خادیمی سەججادە بە شان**
**وەی لە کۆیی فوسەحادا قەڵەمت سنجقەشان**
**حاجی، قادر نییە بەیتێکی وەکوو ئێوە بڵێ**
**ئەسپی کۆن زەحمەتە دەرچێ لەگەڵ ئاهوڕەوشان**
(میران شارەزا، ١٩٨٦، ٦٧)

عوتارید ئەو ئەستێرە بچووک و ڕووناکەی دەوری خۆرە کە بە بەرێوەبەری گەردوون دەناسرێت و لە ئەفسانەکاندا ڕەمزی ژیری و داناییە. حاجی دەڵێت؛ عوتارید بە هەموو دانایی و ژیری و شانوشەوکەتییەوە، وەک خزمەتکارێک لە دەرگای تۆوە وەستاوە، تۆیەک کە بەرماڵ لە کۆڵی حەزرەتی پێغەمبەری (د.خ). ئەوە قەڵەمی ئێوەیە لە کۆڕی دانایان و ڕەوانگۆیاندا لە چەشنی ئاڵا دەدرەوشێتەوە. بێ شک لە توانایی کەسێکی وەک (حاجی) دا نییە، تاقە بەیتێکی وەک ئێوە بڵێت، ئاخر ئەسپی پیرۆنە و بە ساڵاچوو، لە ڕەوت و ڕۆیین و بەزیندا کوا لەگەڵ ئاسک ئاساکاندا دەردەچێت. مەلا ڕەئووف خادم السجادە لە پارچەیەکی چەند دێڕیدا کۆبەندی هەموو سەرەداوەکانی هێناوەتەوە و بەیەکەوەی گرێی داونەتەوە. بەم کارە زۆربەی کێشە و بیر و بۆچوونەکانی یەکلاکردووەتەوە. ئەم چەند دێڕەی مەلا ڕەئووف بووەتە ئاوێنەیەکی باڵانما و هەموو ئەو ڕاستییانە لەخۆ دەگرێت کە لەم وتارەدا گەنگەشەمان لەبارەیانەوە کردووە؛

**لە جوابی مەلەکدا دەڵێم، من عەبدێکی کورد زوبانم**
**هەزار هێندەم لێڕابخوڕن، غەیری ئەوە هیچ نازانم**

**تەوەلودم لە کۆیە بووە، کوردستانە مەفتەنی من پیر میکائیل جەددی منە و دەڵێن لە ئاڵی عوسمانم عەللامە سەعدی باپیرم، بنعامی حاجی نالی بوو هەم کیژی خۆیشی پێی دابوو، هەر ئەوەندەی لێ دەزانم مەولانا خالید قەدەمێک لە نالی دوورتر بوو لێمان خزمایەتی حاجی قادر، لە دایکم خاڵە و خاڵۆانم پوورزای مەحموودی باوکمە و هەم دوو قەندیلەی کۆییانم ئامۆزای باوکی زەهوەیە، هاو حەیات نووری چاوانم (ڕەئووف)ێکم عەبدی خودا و خزمەتچی قاپی کۆیەمە هەروەکوو باوکیشم فەرمووی، کۆیە نەسەبە و عینوانم**
(غەمبار، ٢٠٢١، ١٧٨)

دیـارە (نالی)یـش لـەو بەهـرە و خەڵاتـەی ماڵـی خـادم السـجادە بێبـەش نەبـووە، بەڵکـوو لـە هەمـووان زیاتـری پـێ بـڕاوە، بۆیـە زمانـی حاڵـی تەعزیـم و سوپاسـگوزاری بـە پارچەیـەک بە ناوونیشـانی (ئـەی شـاهی مـن، ئـەی خادیمـی سـوجادە) هاتووەتـە گۆ و ئەگـەر خـوا یـار بێـت و تەمـەن باقـی بێـت، لـە پـاڵ زۆر شـتی تـازەدا چاومـان بـەو تێکسـتە شـیعرییە نایابـەش ڕووناک دەبێتـەوە. (٤)

ڕەنگـە لێـرەدا بـەو خاڵـە گەیشـتبینەوە کـە لـە سـەرەتادا وەک گریمانـە هێنامانـەوە و دەسـتمان پێکـرد و پوختەکـەی ئەوەبـوو؛ کـە مێـژوو لـە کـۆن و لـە تـازەدا نـەک هـەر غـەدری لـەم بنەماڵەیـە کـردووە!، بەڵکـوو وەک بڵێیـت بـە دەستی ئەنقەسـت پەردەیەکی تاریک بـە ڕوویاندا دادراوەتـەوە و لـە ئاسـت پێشـینە و مێـژووی پرشـنگداریان بـێ دەنگـی هەڵبژێـردراوە.

خـودا خێـری بـرای ڕووناکبیـر و ماندوویـی نەنـاس (عەبدوڵـڵا زەنگەنـە) بنووسـێت، کـە بـە چـاپ و بڵاوکردنـەوەی (دیوانـی زەینـەب خـان) پـوورەی هەنـگ و زەردەواڵـەی لـە ناوەنـدی ئەدەب و ڕۆشـنبیریی کوردیـدا وروژانـد و هەرایەکـی بەرپاکـرد بـە خێـری زانسـت و لێکۆڵینـەوەی مێژوویـی گەڕاوەتـەوە و تـا ئێسـتاش هـەر بەردەوامـە. (عوبێـد، ٢٠٢١، ١٣).

**پەراوێزەکان:**

٤- هاوڕێمـان د. هێمـن عومـەر خۆشـناو نالـی ناسـی ورد و تێکۆشـەر، زانیـاری تـازە و نوێـی لـەو بـارەوە لەبـەر دەسـتە و ئـەو تێکسـتە شـیعرییەی (نالی)شـی لـە ئەرشـیڤخانەکانی ئیسـتەنبوڵ بـە دەسـتهێناوە، بـەو هیوایـەی بـەم زوانـە چـاوی تامەزرۆیانـی ئـەو بـوارەی پـێ ڕۆشـن بکاتـەوە.

**سەرچاوەکان:**


١- تۆفیـق، د. زرار سـدیق، ٢٠٢١، لەبـارەی مێـژوو و کولتووری کوردییەوە، دەزگای ڕۆشـنبیری جەمـال عیرفـان، سـلێمانی.

٢- جـاف، خالیـد عەلـی، ٢٠٢٣، لـە زاری بەڵگەنامەکانـەوە، ب٤، (هێشـتا چـاپ نەکـراوە).

٣- حەسـەن، د. مەولـود ئیبراهیـم، ٢٠١٢، ئایا ... حاجـی قـادری کۆیـی نالـی شـارەزووری دیـوە؟ لـە گۆڤـاری ئەکادیمیـای کـوردی، ژمـارە (٢٣)، هەولێـر.

٤- خادم السجادە، علي، ١٩٣٧، تاریخ السجادە النبویة، طبعت بمطبعة الحداد بالموصل.

٥- سـالار، سـەلاح، ٢٠٢١، هێنـدێ زانیاریـی نـوێ سـەبارەت بـە نالـی، گۆڤـاری خـاڵ، ژمـارە (٣٤)، سـلێمانی.

٦- سـەید برایـم، ڕەهبـەر، گەنجینەیەکـی شـاراوە (مـەلا ڕەئـووف خـادم سـوجادە)، ٢٠٢٣، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر.

٧- عەلائەددیـن، عەبدولخالـق، ٢٠١٩، دڵـدار، بیرمەنـد و شـاعیری شۆڕشـگێڕی کـورد، چ٢، چاپخانـەی زانکـۆی سـەلاحەددین، هەولێـر.

٨- عوبێد، د. ئازاد، ٢٠٢١، دیسان کچە کورد، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە (٦١٨٦)، هەولێر.

٩- غەمبار، د. کەمال، ٢٠٢١، دیوانی ڕەئووف، چاپخانەی فێربوون، هەولێر.

١٠- فەتاح بەگی جاف، کەریم بەگی، ١٩٩٥، تەئریخی جاف، چاپی یەکەم، چاپخانەی ؟، بەغدا.

١١ - القرداغي، محمد علي، ٢٠٠٧، هوية كركوك الثقافية والادارية، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل.

١٢- کرمانج، تاهیر، ٢٠٢١، دیدارێکی زێڕین و مێژوویی لەگەڵ هونەرمەندی گەل مامۆستا (تاهیر تۆفیق)، گۆڤاری (کەکۆن)، ژمارە (٦٥)، کۆیە.

١٣- مدرس، مەلا عبدالکریمی، ١٩٧٩، یادی مەردان، ب١، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا.

١٤- مدرس، مەلا عبدالکریمی، ١٩٨٤، بنەماڵەی زانیاران، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەفیق، بەغدا.


١٥- موفتی، عوسمان ڕەشاد، ٢٠٢١، زەینەب خان و چەند بیرەوەرییەک، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

١٦- میران، سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، ١٩٨٦، دیوانی حاجی قادر کۆیی، ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر.


**پاشکۆ:**

**سەرجەلەنامەی دەستاودەستکردنی بەرماڵی پیرۆزی پێغەمبەر (د.خ):**

**چەند سەرنج وتێبینی لە بارەی خشتە و زنجیرەی ئەم سەرجەلەنامەیەوە:**




١- لەسەرەتا و دەستپێکی زنجیرەکەوە، واتە لە حەزرەتی عوسمان کوڕی عەفانەوە تا دەگات بە نەوەی ژمارە (١٧) (عەبدولقاسمی دووەم، کە لە ساڵی ٩٩٤ک/ ١٥٨٥ز) کۆچی دوایی کردووە، مەلا ئەبووبەکری موسەنیف هێناویەتی و لە سیپارەیەکدا زنجیرەکە بە ناوی (صحيفة ابي بكر) تۆمارکراوە. ناوبراو لە کۆتایی سیپارەکەیدا نووسیویەتی؛ ئەم سیپارەیە بە یارمەتی یەزدانی مەزن تەواو بوو، ئەوەی تێیدا هاتووە متمانەی پێ بکە، چونکێ لە لایەنی بەندەوە سەلمێنراوە و ڕاستودروستە. منی داماو ئەبووبەکری کوڕی هیدایەتوڵڵای حوسەینی، خودا لە من و لە هەموو موسوڵمانان خۆش بێت، ئامین سپاس و ستایش بۆ یەزدانی مەزن.

مۆر

**شانازی ئەم زنجیرەیەم**
**لە شاهی ویلایەتەوە بۆ ماوەتەوە**
**بە پشت بەستن بە خودا لە لایەن**
**ئەبووبەکری هیدایەتەوە.**

هەروەها لە وتارەکەی (د. زرار سیدیق)یشدا، وەک لە پەراوێزی ژمارە (١)دا ئاماژەی بۆ کراوە، جارێکی دیکە لە سەردەمی پیرمیکائیلی دەودانیدا (سەدەی چواردەی زایینی) ڕاستی و دروستی ئەم سەرجەلەنامەیە سەلمێنراوەتەوە. پێویستە پەنجە بۆ ئەو مەسەلەیەش ڕابکێشرێت کە ئەم زنجیرەیەی لێرەدا تۆمارکراوە لە نەوەکانی ژمارە (٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٤)دا لەگەڵ ئەوەی لە وتارەکەی (پ.د. زرار سدیق)دا هاتووە، جیاوازی هەیە.

٢- ئەم زنجیرەیە لە دوو سەرچاوەدا هاتووە، یەکیان نامیلکەکەی (عەلی ڕەفیقەفەندی)یە بە ناوونیشانی (تاریخ السجادة النبویة) وەک لە لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە. دووەمیان کتێبی (بنەماڵەی زانیاران) لە نووسینی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس. پێ دەچێت سەرچاوەی مامۆستا مودەڕیسیش هەر نامیلکەکەی عەلی ڕەفیقەفەندی بێت، هەروەها دەڵێت بەخۆم چاوم بەو سەنەدو بەڵگەنامە و دۆکیومێنتانە کەوتووە کە بنەڕەت و دەستاودەستکردنی بەرماڵەکە دەسەلمێنێت.

٣- مەرج نییە هەموو جار بەرماڵەکە بەپێی زنجیرەکە پشتاوپشت دەستاودەستی کردبێت، واتە وەنەبێ هەمیشە لە باوکەوە بۆ کوڕ و نەوە هاتبێت. وا هەیە لە برای گەورەوە گوێزراوەتەوە بۆ برای بچووک و ئەوجا گوێزراوەتەوە بۆ کوڕی یەکێکیان، بۆ نموونە: ئەوانەی لە ژمارەکانی (٢٤، ٢٥، ٢٦)دا ناویان هاتووە، واتە (ئیبراهیم و ئەبی بەکر و سەعدەددین) هەرسێکیان برابوون و کوڕانی پیرمیکائیل بوون، بەرماڵەکە یەک بە دوای یەکدا کەوتووەتە لایان، ئەوجا گەیشتووەتە ژمارە (٢٧. مەنسوور)ی نەوەی پیرمیکائیل.

# بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری گرایس
# لە تەنزی کوردیدا

## «کۆچیرۆکی (تەنزستان) بە نموونە»

ئاشنا فەرزندە خدر
(زانکۆی سۆران - فاکەڵتی ئاداب)

(٢ - ٢)

**٣-٢-٤- بنەمای شێواز**

ئـەم بنەمایـە پێوەنـدی بـە شـێوازی گوتنـەوە هەیـە، کـە ئایـا جـۆری دەربڕینەکـەی قسـەکەر چۆنـە. پێویسـتە قسـەکەر لـە کاتـی قسـەکردندا، دەربڕینەکانـی ڕوون و ڕێـک و ئاشـکرا بـن، دوور لە مەبەسـتی شـاراوە و فرەواتایـی بێـت، «بنەمـای شـێواز پەیوەسـتە بـە شـێوازی گوتنـەوە، نـەک بـەوەی دەگوترێـت» (شـەرمین ڕەسـوڵ ئەحمـەد، ٢٠١٧: ٣٧)، ئەمـەش جۆرێـک لـە هونـەری دەربڕیـن. لـە بنەمـای شێواز پێویستە «قسـەکەر پەیـڕەوکاری چەنـد یاسـایەک بێـت:

١- دوورکەوتنەوە لە تەمومژی و لێڵی دەربڕین.

٢- دوورکەوتنەوە لە درێژدادڕی.

٣- دوورکەوتنەوە لە فرەواتایی.

٤- پابەنـد بـوون، بـە ئاشـکرایی و ڕێکوپێکـی» (شـەرمین ڕەسـوڵ ئەحمـەد، ٢٠١٧: ٣٧)، بەمـەش قسـەکەر دەتوانێـت، شـێوازێکی دەربڕینـی ڕێکوپێک و ڕوونـی هەبێـت، وەک:

ا: چ بەشێکت تەواو کردووە؟

ب: بەشی ئاداب کوردی.


قسـەکەری یەکەم، کاتێک پرسیار لە قسـەکەری دووەم دەکات، قسـەکەری دووەم، وەڵامدانەوەکـەی بەربـڵاو نـاکات، کـە تەمومـژ لای قسـەکەری یەکەم دروسـت بـکات، بـەم پێیـەش لێـک تێگەیشـتن لەنێوان قسـەکەر و گوێگـر خێراتـرە.

**٣-٣- بەزاندنـی بنەماکانـی هاریـکاری گرایـس لـە کۆمەڵـە چیرۆکـی (تەنزستان)**

زۆرجـار کۆمـەڵ لەنێـو کۆمەڵگـەدا بنەماکانـی ڕەسـەن و خۆڕسـکی ئاخاوتـن دەبەزێنێـت، ئـەم بەزاندنـە دەکـرێ بـە مەبەسـت بێـت، یـان بـێ مەبەسـت. بەزاندنـی بـێ مەبەسـت لـە بنەماکانـی هاریـکاری، پێوەنـدی بـە پـەروەردە و کولتـوور و کۆمەڵگـەوە هەیـە، کـە تاکـی تێـدا ژیـاوە، یـان پەیوەسـتە بـە بیـری گوێگـر، کـە تەمومـژ لـە بیـری دروسـت دەکات. بەزاندنـی بـە مەبەسـت لـە بنەماکانـی هاریـکاری، پەیوەسـتە بـە تاکەکەسـەوە،

لە شوێن و کاتێکی دیاریکراو هەوڵ دەدات لە بنەماکانی ڕەسەنی ئاخاوتن لابدات، یان دەیەوێت خۆی لە بابەتێک ڕزگار بکات، بۆیە پەنا دەباتە بەر دروستکردنی تەمومژ و لێڵی لە ئاخاوتن، بە چەند ڕێگایەکی وەک: (داشۆرین، ئامۆژگاری، گاڵتەپێکردن، شانازی پێکردن، بێزارکردن، ...تاد). بەزاندن لە ئاخاوتن بەپێی کەسایەتی و کولتوور و کۆمەڵگە دەگۆڕێ، هزرێکی ڕادەیی و ڕێژەیی لەخۆ گل دەداتەوە، هەرچەندە هەندێک کات بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری هۆکارێکە بۆ تێکچوونی شیرازەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دوورکەوتنەوە و بێزارکردنی گوێگرانە، جۆرێک لە هزری نێگەتیڤ لە پێوەندییەکان دروست دەکات، بەڵام هەندێک جاریش سوود و گرنگی خۆی هەیە، کاتێک لە ناچاری و پێویستیدا پەنا دەبردرێتە بەر بەزاندن، بۆیە «مەرج نییە، قسەکەر لە هەموو کات و سات و دەوروبەرێکدا بتوانێ ڕاستگۆ بێت و کورتبڕ بێت» ( نەزیرە سابیر مستەفا، ٢٠٢١: ٢٤٩).

بنەمای هاریکاری یەکێک لەم بوارانەی، کە ڕادەی بەزاندنی یاساکانی ئاخاوتنی تەنزمان بۆ لێک دەداتەوە، چونکە بنەمای هاریکاری کار لەسەر واتا و پێکهاتەی ئاخاوتن دەکات و بەزاندن لە یاساکانی بەکارهێنانی زمان بە چەند شێوازێک دەردەخات، ڕادەی بەزاندنیش لە زمانی تەنزدا بەشێوەیەکی بەرچاو دەردەکەوێت، بەجۆرێ ئەگەر تەنز لە بەزاندن بێتە دەرەوە، فۆرم و تایبەتمەندی تەنزایەتی خۆی لەدەست دەدات، چونکە بەشێکی گرنگی تەنز بریتییە لە دروستکردنی تەمومژ لەپێناو حەشاردانی هەندێک زانیاری، بابەت و ڕەخنەگرتن بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆی گاڵتەوگەپ، بۆیە هونەرێکی زمانی تەنز ناڕوونییە لە دەربڕین،



**میقداد شاسواری**

چونکە «ڕوونکردنەوەی میکانیزمەکان، لە دەقی گاڵتەوگەپدا، دەبێتە هۆی لەناوبردنی کاریگەری گاڵتەوگەپ» (هێرش چەتۆ حوسێن، ٢٠٢٠: ٦٥)، ئەم بەزاندنەش هۆکارێکە بۆ دروستبوونی لێکەوتەی ئاخاوتن، کە بنەمای هاریکاری بەزاندنەکانی تەنز لە ئاخاوتن بە چەند شێوەیەک لێک دەداتەوە و ڕاستیودروستی دەربڕینەکانمان بۆ دەخاتەڕوو. نموونە:

«ا: ئێ گێنجۆ.. تۆ جارێ پێم بڵێ بۆ ئاوها خۆت کردۆتە مریشکە ڕووتە؟ تۆ و ئێرە.... ئێرە و تۆ...

ب: ئیتر...» (تیرۆگبایی: ٢٣)

لەم دەقە تەنز ئامێزەدا، دەتوانین لە ڕێگەی بنەماکانی هاریکاری بەزاندن و لێڵی نێو ئەم ئاخاوتنە دەربخەین و بزانین کام جۆری بنەمای هاریکاری و کام جۆری نێو بنەماکانیش، بە چ شێوەیەکیش ئاخاوتنەکە بەزێنراوە. گرایس لە بابەتی بەزاندن لە بنەماکانی هاریکاری لە نێوخانی هەر بنەمایەکی هاریکاری، چەند

شێوەیەکی بەزاندن دەخاتەڕوو.

**٣-٣-١- بەزاندن لە بنەمای چەندیەتی**

بەزاندن لە بنەمای چەندیەتی لە دوو شێوە دەردەکەوێت:

٣-٣-١-١- کورتکردنەوە: قسەکەر زۆرجار دەربڕینەکەی، یان وەڵامدانەوەکەی کورتترە لە مەبەستی قسەی قسەکەری بەرانبەری، بەم پێیەش کەسی بەرانبەر زانیارییەکانی پەیوەست بە پرسیارەکەی بە تەواوی وەرناگرێت، ئەمەش پێچەوانەی گوتەی گرایسە، کە دەڵێت: «با گوتنەکەت ئەوەندە زانیاری بەخش بێت، کە پێویستە» (هێرش چەتۆ حوسێن، ٢٠٢٠: ٦٨). نموونە:

«مام شەریف: جینگڵ کوڕم بزانە ئەوە چ هەرایە لە کۆڵان.

/.../ جینگڵ: وابزانم حاجی خەلیلی دراوسێمانە بابە..

مام شەریف: چییەتی...؟

جینگڵ: وابزانم.. وابزانم دوور بێ لەو مەجلیسە.. مردووە!» (مامۆستا تی ڤی....: ١٣)

لەم دەقەدا، جینگڵ وەڵامێکی تەواوی بەپێی پێویستی پرسیارەکەی (مام شەریف)ی نەداوەتەوە، کورتبڕی کردووە لە وەڵامدانەوەی، بۆیە مام شەریف دووبارە پرسیاری لێ کردووەتەوە، ئەگەر جینگڵ لە سەرەتادا بەپێی پێویستی پرسیارەکەی مام شەریف وەڵامی دابوایەوە، مام شەریف بۆ جاری دووەم پرسیاری نەدەکردەوە.

٣-٣-١-٢- درێژکردنەوە: قسەکەر زۆرجار زانیارییەکان زیاد لە پێویست دەداتە بەرانبەر، بەبێ ویستی بەرانبەرەکەی، بەمەش بەزاندن ڕووی داوە لە بۆچوونی دووەمی گرایس کە دەڵێ: (با گوتنەکەت، زیاتر زانیاری بەخش نەبێ، لەوەی کە پێویستە). نموونە:

«ا: کوڕی ئیستعلاماتە سەرەکییەکەی؟

ب: بەڵێ قوربان... چاپچییەکەی ئێرەش هەر برامە، هەردووکیشمان دەبینە برای مەنسولی ئیدارە. سبوغچییەکەی بەر دەرگاش برای هەرسێکمانە! خوشکێکم نووسەرە لەبەشی تابیعە، زاواکەشمان مەنسولی موشتەریاتە...» (تیرۆگبایی: ٢٠)

لەم دەقەدا، کاتێک (ا) پرسیار لە (ب) دەکات، (ب) دەیتوانی بە بەڵێ، یان نەخێر وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە، بەڵام (ب) لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی درێژدادڕی دەکات، چەند زانیارییەک دەردەبڕێ کە پەیوەست بە پرسیارەکە نییە و زیاترن لەوەی کە قسەکەری یەکەم لە مەبەستی وەڵامی پرسیارەکەی پێویستیەتی.

**٣-٣-٢- بەزاندن لە بنەمای چۆنیەتی**

بەزاندن لە بنەمای چۆنیەتیدا، پەیوەستە بە ناڕاستی و گومانی قسەکەر، چونکە بەزاندن لەم بنەمایە «کاتێک دروست دەبێت، کە نێرەر، نایەوێت زانیارییەکان بە ڕاستیودروستی بگەیەنێتە وەرگر، یان کاتێک گومان لە ئاخاوتندا هەبێت و بەڵگەدار نەبێت» (حوسێن، ٢٠٢٠: ٧٠) ئەم بەزاندنەش، چەند شێوەیەک لەخۆ دەگرێت «توانج لێدان، خواستن، ئاماژەکردن، زیادەڕۆی، کەمکردن» (سروە فیصل عزیز، ٢٠١٠: ٧٥).

٣ -٣ -٢ -١ - توانج لێدان: واتە باس کردنی بارودۆخێک، یان گێڕانەوەی ڕووداوێک، بەشێوەیەکی گاڵتەپێکردن و توانجدان لە بەرانبەر. ئەم بەزاندنە بەشێوەیەکی مەبەستدار و ویستی خودی خۆیەتی قسەکەر بەرانبەر کەسێک، یان لایەنێکی دیاریکراو. نموونە:

«ا: مامۆستا جەوەر تەلەفزیۆنی کڕیوە!!

پـووره ئەسمەر: نا بەخێری گیانی مامۆستایە و گوایـە تـێ ئـەگا! بـا بچـێ زگـی منالّەکانـی تێـر بـکات، ئەلّێـی مشـکی مالّـی بـێ ئـاردن! تەلەفزیۆن ئەکڕێ!!» (مامۆستا تی ڤی....: ٥)

لـەم دەقـەدا، پـووره ئەسـمەر لـە هەوالّـی کڕینی تەلەفزیۆنـی م. جـەوەر دەبێـت، بـە شـێوەی توانج وەلاّمـی هەوالّەکـەی (ا) دەداتـەوە، بـە دەربڕینـی «بـا بچـێ زگـی منالّەکانـی تێـر بـکات، ئەلّێـی مشـکی مالّـی بـێ ئـاردن» ئـەم توانجـە ئاماژەیـە بـە هـەژاری و خراپـی بارودۆخـی دارایی م.جەوەر، کەچی م.جەوەریش پـارە بـۆ هەندێـک شـتی تـر سـەرف دەکات، لەجیاتـی مندالّەکانـی.

٣-٣-٢-٢- خواسـتن : خواستن بەشـێوەیەکی بەربڵاو لە گفتوگـۆی ژیانی مرۆڤەکان بەکاردەهێنرێ، زۆجـار قسـەکەر خواسـتن بەکاردەهێنـێ، بـۆ دەربڕینێـک کـە بیـەوێ ناڕاسـتەوخۆ پەیامەکـەی بگەیەنێـت، بەجۆرێکـی دیکـە، خواسـتن زۆربـەی جار کاتێک بەکاردێت «کاتێک قسـەکەر بیـەوێ، قسـەیەک بشـارێتەوە لـە گوێگران، یان بەشـێوەیەکی تـر تـێ بگـەن» (سـروه فیصـل عزیـز، ٢٠١٠: ٥٩)، لـەم کاتـەدا قسـەکەر پەنـا دەباتـە بـەر خواسـتن. نموونـە:

«ا: ئەعوزوبیـلا تەلەفزیـۆن بۆخـۆی شـەیتانێکە لەمالّـەوە! ئـەو ژنانـەی تیـا دەرئەچـێ نـە لەچکێک لەسـەریانە، نـە عەبایـەک نـە چارۆکێـک!.. ئاخـر زەمانـە

ب: جـا پیرەژنێکـی وەک تـۆ چوزوانێ تەلەفزیۆن چییـە! ئەگـەر پـارەم ئەبـێ شـەرت بـێ سـەحن بکـڕم!

ا: بـە قەبـری ئـەو باوکـەت هەتـا مـن مابـم ئـەو فسـق و فەسـادە نابـێ بێتـە ئـەم مالّـەوە!..» (مامۆسـتا تـی ڤـی....: ٧)

لـەم دەقـەدا، (ا) لـە قسـەکردن لەسـەر بابەتـی تەلەفزیـۆن، وشـەی (فسـق و فەسـاد)ی لـە جێگـەی تەلەفزیـۆن و بابەتەکانـی نـاو تەلەفزیـۆن بەکاردەهێنـێ، بەهـۆی هەبوونـی کۆمەڵـێ بابـەت لەنـاو تەلەفزیـۆن دوور لـە یاسـای ئەخلاقـی و بیرکردنـەوەی کۆمەڵگـە، بۆیـە (ا) وەک ناڕەزاییـەک بەرانبـەر بـە بابەتەکـە پەنـای بردووەتـە بـەر خواسـتنەوە بـە فسـق و فەسـاد نـاوی تەلەفزیـۆن دەبـات.

٣-٣-٢-٣- ئاماژەکـردن: کاتێـک قسـەکەر بـە هەڵـە وەلاّمـی پرسـیارێک، یـان قسـەیەک دەداتـەوە، بەرانبـەر بـە هەڵـە بەرپەچـی دەداتـەوە، بـۆ هەسـتکردن بـە هەڵـەی خـۆی، واتـە « قسـەکەر کاتێـک گوێبیسـتی وەلاّمێکـی هەڵـە دەبێـت، بـە هەڵەیـەک ئامـاژە بـە هەڵـەی بەرانبەرەکـەی دەکات» (ئاگریـن شـەوکەت هـادی، کەلسـووم خالیـد، نەریمـان عەبدوڵـلا خۆشـناو، ٢٠٢١: ١٩)، ئـەم شـێوازی وەلاّمدانەوەیـەش لەپێنـاو هەسـتکردنی بەرانبەرەکەیەتـی بـە هەڵەکـەی، نموونـە:

ژنەکەی قیژاندی: ئاوها ڕاگره زۆر باشه!

پیاوەکە: جا ما هەر ئەوها ڕاوەستم

لـەم دەقـەدا (ب) بـە ئامـاژە هەڵـەی فیکـری ژنەکـە دەخاتـەوەڕوو، کـە بـە جووڵانـی ئـەو، کارەکـەش دەجووڵـێ و تێکەچـێ.

٣-٣-٢-٤- کەمکـردن: قسـەکەر شـتێک لـە ڕاسـتی خـۆی زیاتـر بچووکتـر دەکاتـەوە، بارودۆخێـک شـتێک، کەمتـر و بچووکتـر لـەوەی کە هەیـە بـاس بـکات، یـان «کەسـێک کارێکـی گـەوره و خـراپ بـکات، بچووکـی بکاتـەوه و دایپۆشـێت». (ئاگریـن شـەوکەت هـادی، کەلسـووم خالیـد، نەریمـان عەبدوڵـلا خۆشـناو، ٢٠٢١، ل١٩) نموونـە:

«ا: کـوڕی خـۆم خـۆ کار لـە کار نەتـرازاوە...

مەبەستم...

ب: پەلەی چیتانە... زۆرمان نەماوە!....

حاجی ڕەئووفە: باش بوو هەر لەوەندەیش گەڕایەوە.» (هەڵەیەک ڕووی داوە: ٤٦)

لەم دەقەدا کاتێک لە بابەتەکەدا کار لە کارترازایە، کەچی حاجی لە گوتەکەی بابەتەکی گەورەی لە دەست دەرچوو لەوە بچووکتر دەکاتەوە کە هەیە.

٣-٣-٢-٥- زیادەڕۆیی: قسەکەر زیادەڕۆیی لە گێڕانەوەکەی دەکات، گەورەتری دەکات لەوەی کە هەیە، واتە «گەورەکردنی شتەکە لەگەڵ واقیع ناگونجێ و پێچەوانەی کەمکردنە، زۆر لە قەبارەی خۆی گەورەترە» (ئاگرین شەوکەت هادی، کەلسووم خالید، نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ٢٠٢١: ١٩). نموونە:

«ا- مامۆستا جەوەر تەلەفزیۆنی کڕیوە!!

مام عەوڵا: کاغەز نەماوە قەرزی مامۆستای لەسەر نەنووسم، ئەچێ تەلەفزیۆن ئەکڕێ!!» (مامۆستا تی ڤی....، ل٥)

لەم دەقەدا، مام عەوڵا کە دەڵێ «کاغەز نەماوە قەرزی مامۆستای لەبەر نەنووسم»، دەیەوێ بە (ا) بڵێ م.جەوەر قەرزداری ئەوە، بەڵام زیادەڕۆیی دەکات لە باسکردنی بابەتەکە، بابەتەکە زیاد لەوەی کە هەیە گەورە دەکات.

**٣-٣-٣- بەزاندن لە بنەمای پێوەندی**

بەزاندن لەم بنەمایە کاتێک دروست دەبێت، کە قسەکەر قسە لەسەر بابەتێک دەکات، وەڵامدانەوەی بەرانبەرەکەی لە دەرەوەی بابەت و پرسیاری قسەکەرە، واتە «وەڵامی وەرگر لەگەڵ داوای نێرەر ناگونجێ، بە ئاسانی هەست بە پێشێل کردن لەلایەن ئاخێوەرەوە دەکرێ». (ئاگرین شەوکەت هادی، کەلسووم خالید، نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ٢٠٢١: ٢٠)، ئەمەش دەبێتە هۆی گرفت دروستکردن لە گفتوگۆ و پێوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر.

«ا: بڵێی ئەمشەو کارەبا بێتەوە؟!

ب: ڕۆژ گەلێ درێژ بووە!!» (مامۆستا تی ڤی....، ل٩)

لەم دەقەدا، کاتێک (ا) پرسیار لە (ب) دەکات، (ب) وەڵامی پرسیاری قسەکەر ناداتەوە، بەڵکوو بابەتێکی دیکەی ڕووژاندووە، جیاواز لە بابەتی قسەکەری یەکەم، بەمەش پێشێل کردن لە بنەمای پێوەندی دروست کردییە.

**٣-٣-٤- بەزاندن لە بنەمای شێواز**

بەزاندن لەم بنەمایە کاتێک دروست دەبێت، کە قسەکەر نایەوێت، ڕاستەوخۆ شتێک بە بەرانبەرەکەی بڵێت، بەمەش بە مەبەست تەمومژی و لێڵی لە دەربڕینەکانی دروست دەکات، تاوەکوو تێگەیشتن لە قسەکانی، لای بەرانبەر ئاسان نەبێت، واتە «نێرەر بە مەبەست لەم مەرجە لادەدات، تاوەکوو بەشێوەیەکی شاراوە، زانیارییەکە بگەیەنێت» (هێرش چەتۆ حوسێن، ٢٠٢٠: ٧٥). بەزاندن لە بنەمای شێوازیش لە شێوەی (تەمومژی لێڵی، درێژدادڕی، پاش و پێش، فرەواتایی).

٣-٣-٤-١- تەمومژی و لێڵی: واتە قسەکەر جۆرێک لە ناڕوونی و تەمومژی لە مەبەستی قسەکەی دروست دەکات، بەمەش گوێگر بە ئاسانی لە مەبەستی قسەی قسەکەر تێ ناگات. نموونە:

«ا: خەبەریان ناردووە سنەوبەر (وەزعی) تەواو نییە و ئەهـ..

ب: یەعنی چی وەزعی تەواو نییە؟ نەخۆشە؟

ا: کوڕە نانا.. هەر (وەزعی) تەواو نییە و ئا..» (عەبەی برامان فەوتا: ١٧)

لەم دەقەدا، کاتێک (ا) هەواڵی یەکێک بە

(ب) ڕادەگەیەنێت، (ب) هەست بە لێڵی دەکات لە مەبەستی (ا)، بۆیە پرسیار لە مەبەستی (ا) دەکاتەوە، بەڵام (ا) بە گوتنێکی تریش لێڵییەکەی بە باشی ناڕەوێنێتەوە. ئەگەر لە سەرەتادا (ا) هەواڵەکەی بە ڕوونی بە (ب) گەیاندبا، ئەم لێڵییە دروست نەدەبوو.

٣-٣-٤-٢- فرەواتا و هاوبێژی: واتە قسەکەر جۆرێک تەمومژی بەهۆی هاوبێژی و فرەواتاوە لە قسەکەی دروست دەکات لە مەبەست، نموونە:

«ا: بایدەم؟

ب: بایدە.. بایدە

ج: ئەوە چ بایدەم بایدەتانە مامۆستا! ئەڵێی پرۆڤەی سەمای باڵێ دەکەن...! بەم شەوە ئیسراحەتی خەڵکی گەڕەکتان هەڵگرتووە کاکە.. وا نابێ..» (مامۆستا تی ڤی....: ٦)

لەم دەقەدا، لەکاتی گفتوگۆ لە نێوان (ا) و (ب)دا، بەکارهێنانی وشەی بایدە فرەواتایان لەبیری (ج) دروست کردووە، قسەکەری (ا) و (ب) لە گفتوگۆکەیان بایدەیان بۆ مەبەستی سووڕاندنی سەتەلایتەکە بەکارهێناوە، بەڵام (ج) لەکاتی بیستنی وشەی بایدە، سەمای باڵێ بەرانبەر مەبەستەکە بەکارهێناوە، بەمەش بووەتە هۆی دروست بوونی فرەواتا.

٣ -٣ -٤ -٣ - درێژدادڕی: ئەم شێوازە، جۆرێک زیادەڕەوی کردنە لە وەڵامدانەوەی پرسیاری قسەکەر، بەڵام زیادەڕەوی کردن بە درێژکردنەوەی بابەتێکی دیاریکراو کە قسەکەر دەتوانێت، بە کەمترین وشە وەڵامی پرسیار، یان قسەکەی بەرانبەری بداتەوە، کەچی شێوازێکی درێژدادڕی بەکاردەهێنێ، ئەمەش دەبێتە هۆی بەزاندن لە بنەمای شێواز. نموونە:

«ا: /.../ ئەوە چۆن ڕێگەت کەوتە ئەم ناوە؟...

ب: حاجی شەمخە دونیا هەزار مەرگ و مردنە... ئێمەیش پێیەکمان وا لەسەر لێواری قەبرەکەوەیە... گوتم با دۆستە قەدیمەکانم بەسەر بکەمەوە و گەردەنی خۆمیان پێ ئازا بکەم....» (خوازبێنی: ٣٦)

لەم دەقەدا (ب) لەکاتی وەڵامدانەوەی پرسیاری (ا) درێژدادڕی دەکات لە قسەکانی، کۆمەڵێ بابەت دەردەبڕێ، کە دەیتوانی تەنیا بە چەند وشەیەکی کەم پرسیارەکەی بکات. وەک وتنی (وتم پێش بمرم سەردانێکی هاوڕێ کۆنەکانم بکەم.)

٣-٣-٤-٤- پێش و پاش کردن: لەم بنەمایەدا، قسەکەر بەزاندن لە یاساکانی ڕیزبەندی سینتاکس و بنەمای شێوازی ئاخاوتن دەکات. کاتێک قسەکەر وەڵامی پرسیارێک دەداتەوە، یان زانیاری، یان شتێک بە بەرانبەرەکەی دەڵێت، دەبێ شێوازی هۆنینەوەی وشەکان و بەیەکەوە بەستنیان پەیوەست بێت، بە چوارچێوەی بابەت و پرسیارەکە، بەڵام زۆرجار قسەکەر بەزاندن لەم شێوازە دەکات و پێش و پاش بە بابەتەکان دەکات، بەمەش جۆرێک لە تەمومژی لە بیری گوێگردا دروست دەکات. نموونە:


«- قوربان! کۆمەڵەی پیرەژنانی جەنابتان هاتوونە بۆ پیرۆز...» (تیرۆگبایی: ٢٤)

لەم دەقەدا، کاتێک قسەکەر دەیەوێ خۆی بناسێنێت، پێش و پاشێکی زۆر لە دەربڕینەکانی بەکاردەهێنێ، دەربڕینی وشەکانی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک نەخستووەتە ڕوو بەپێی بابەت، لەکاتی باسکردن، وەک بنەمایەکی سینتاکسی پێویستە لەم ڕستەیەدا بڵێت قوربان کۆمەڵەی پیرەژنان هاتوونە بۆ پیرۆزبایی جەنابتان.


**ڕێـژەی بەزاندنـی بنەماکانـی هاریـکاری گرایـس لـە وەحـدەی یەکەمـی چیرۆکـە تەنزییەکانـی کۆمەڵـە چیرۆکـی (تەنزسـتان)**

بەزاندنـی بنەماکانـی هاریـکاری گرایـس لـە وەحدەی یەکەمی کۆمەڵە چیرۆکی (تەنزستان) لـە کـۆی ١٢٩ بەزانـدن

لـەڕووی جـۆری بەزاندنـەکان. جـۆری توانج لـە بنەمای چۆنیەتی بەشێوەیەکی بەرچاو بەزاندنی تێـدا بـەدی دەکـرێ بـە پلـەی یەکـەم دێـت لـە کـۆی جۆرەکانـی بەزانـدن، بـە ڕێـژەی (٢٠٪)ــە، خواستنیش، وەک یەکێـک لـە جۆرەکانی بنەمای شـێواز، بـە پلـەی دووەم دێـت کـە ڕێـژەی (١٧٪) یـە، درێژدادڕیـش بـە ڕێـژەی ١٤٪یـە. جـۆری ئامـاژەش کەمتریـن بەزاندنـی لەخـۆ گرتـووە بـە ڕێـژەی ١٪ــە، هۆیەکـی زۆری دەرکەوتـەی توانج و خواسـتن بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، کـە زمانـی




تەنـز زمانێکـی ناڕاسـتەوخۆیە، شـتێک دەڵێـت، بــەڵام شــتێکی دیکــەی مەبەســتە و تەنزنــووس ئامانجەکانـی پێـی دەپێکـێ.




**بەزاندنـی بنەماکانـی هاریـکاری گرایـس لـە وەحدەی یەکەمی کۆمەڵە چیرۆکی (تەنزستان)**

بەزاندنـی بنەماکانـی هاریکاری لـە کـۆی وەحدەی یەکەمـی کۆمەڵـە چیرۆکـی تەنزسـتاندا، بنەمــای چۆنیەتــی بــە پلــەی یەکــەم بەزاندنــی لەخـۆ گرتـووە، بـە ڕێـژەی ٤١٪، بنەمـای شـێواز بـە پلـەی دووەم بـە ڕێـژەی ٣٠٪، بنەمـای چەندییەتـی بـە ڕێژەی ٢٤٪ بەزاندنـی بەخۆیـەوە دیـوە، کـە بـە پلـەی سـێیەم دێـت، بنەمـای پێوەنـدی کەمتریـن بەزاندنـی لەخـۆ گرتـووە، بـە ڕێـژەی ٥٠٪ دەرکەوتـەی هەیـە.

**ئەنجام**

لـە کـۆی توێژینەوەکـەدا بـە چەنـد خاڵێـک گەیشـتم:

١- هونـەری تەنـز دوو سـەرەیە، وەک هونەرێکی ئیستێتیکا و گلەدەرەوەی بیـر و هەسـتی نووسـەر دەچێتــە نێــو ئەدەبیاتــەوە، لــە ڕێگــەی زمانــی خەڵـک و کۆمەڵـەوەش دێتـە نێـو زمانەوانییـەوە.

٢- پراگماتیـک مامەڵـە لەگـەڵ زمـان و چۆنیەتی دەربڕینـی ئاخاوتنـەکان لەلایەن ئاخێوەران دەکات، چونکـە زمانـی تەنـز، زمانێکـی ڕەخنەگرانـەی

ناڕاستەوخۆیە، بە بەزاندن لە سیستمی زمان و بنەمای ئاخاوتن، پەیامی خۆی ئاراستە دەکات، پراگماتیکیش لە واتای پشتەوەی ئەم زمانە ناڕاستەوخۆیە دەکۆڵێتەوە، بەمەش تەمومژەکانی واتایی لە بیری وەرگر دەرەوێنێتەوە.

٣- بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری لە زمانی تەنز بەشێوەیەکی زاڵ دەردەکەوێت، هۆی سەرەکی زۆری ڕێژەی ئەم بەزاندنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە تەنز ئامانجی سەرەکی دەرخستنی کەموکووڕی و لایەنە دزێو و ناشرینەکانی کۆمەڵگەیە، بە بەکارهێنانی زمانی خەڵکەوە، لە کۆمەڵە چیرۆکی تەنزستان، کە دیاردە و نەریتە ناشیرین و خراپەکانی کۆمەڵگەی کوردی نیشان داوە، دەرخستنی ئەم لایەنە نەرێنییەش وای کردووە کە دەرکەوتەی بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری بەشێوەیەکی زاڵ لە زمانەکەی دەرکەوتەی هەبێت.

٤- بەزاندن لە بنەماکانی هاریکاری لە هەموو دۆخ و شوێنێک وەک یەکتر نییە، بەڵکوو بەپێی فەزای دۆخی دەوروبەر و شوێنەکان دەگۆڕێ، لە گفتوگۆیەکی توند و دووبەرەکی بەزاندن زۆرترە وەک، لە گفتوگۆیەکی ئاسایی.

٥- لە وەحدەی یەکەمی کۆمەڵە چیرۆکی تەنزستان. بنەمای چۆنیەتی زۆرترین ڕێژەی بەزاندنی لەخۆ گرتووە، پاشان بنەمای شێواز، دواتر بنەمای چەندیەتی دێت، کۆتا بنەما، بنەمای پێوەندییە کە کەمترین ڕێژەی بەزاندنی لەخۆ گرتووە.

٦- زۆرترین بەزاندن لە وردە بنەماکانی هاریکاری لە کۆمەڵە چیرۆکی تەنزستاندا لە جۆری توانج و خواستنەوەیە، توانج بە پلەی یەکەم، خواستنیش بە پلەی دووەم دێت، هۆی سەرەکی زۆری دەرکەوتنی ئەم دوو بنەمایەش بۆ ناڕاستەوخۆبوونی زمانی تەنز دەگەڕێتەوە.

**پەراوێزەکان:**

(١) خواستن: کەرەستەیەک لە جێگەی کەرەستەیەکی دیکە بەکار دێت.

(٢) فرەواتا و هاوبێژی: یەکەی سینتاکسین، «فرەواتا وشەیەک زیاتر لە واتایەکی هەیە» (دزەیی، ٢٠١٤: ١٢٧). کریستەڵ لە پێناسەی هاوبێژیدا دەڵێت: «زاراوەیەکی واتاسازییە لە شیکردنەوەی واتادا ئاماژە بۆ وشەی فەرهەنگیانە دەکات، کە لە فۆڕمدا یەکن، لە واتادا جیاوازن» (پەروین عوسمان مستەفا، ٢٠٠٩: ١٢٥).

**سەرچاوەکان:**


* ئاگرین شەوکەت هادی، کەلسووم خالید، نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، (٢٠٢٢)، لادان لە بنەمای هاریکاری (کتێبی ڕشتەی مرواری بە نموونە)، گۆڤاری ئەکادیمایی کوردی، ژمارە (٤٧). http://journal.kurdish-academy.dev.krd/index.php/ka/article/view/69/58

* ئەحمەد شەفیق خەتیب، (٢٠٢١)، پراگماتیک. و. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی هێڤی.

* پەروین عوسمان مستەفا، (٢٠٠٩)، واتا و وەرگێڕان، چاپی یەکەم، چاپخانەی هەولێر، ڕۆژهەلات.

* جەبار ئەحمەد حسێن، (٢٠١٢)، بینای ساتیرا لە کورتە چیرۆکی کوردیدا- کوردستانی عێراق (١٩٧٠_ ١٩٩٠). هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.

* سروە فیصل عزیز، (٢٠١٠)، بنەمای هاریکاری لە چوارچێوەی نواندنی کوردیدا، نامەی ماستەر، هەولێر، زانکۆی سەلاحەددین.

* شـەرمین ڕەسوڵ ئەحمـەد، (٢٠١٧)، بنەماکانی هاریـکاری گرایـس لـە پێوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانـدا «کـوردی ناوەڕاسـت»، تێـزی ماسـتەر، هەولێـر، زانکـۆی سـەڵاحەددین.
* شـێرزاد سـەبری عەلـی (٢٠١٤) پراگماتیـک، چاپـی یەکـەم، هەولێـر، چاپخانـەی حاجـی هاشـم.
* عەبدولواحیـد مشـیر دزەیـی، (٢٠١٠)، زانسـتی سیمانتیک، چاپـی یەکـەم، هەولێر، چاپخانـەی پـاک.
* غازی حەسـەن محیەدین، حاجـی عەبدولڕەحمان، (٢٠٢٢)، گوتـار و بنەمـای هاریـکاری لـە ڕۆمانـی هایێ ل مـن شـەنگال. گۆڤـاری ئەکادیمیایـی کـوردی ژمـارە (٥٠)
https://doi.org/10.56422/ka..50.37.
* غـازی حەسـەن، (٢٠٢٠)، شـیکردنەوەی پراگماتیکـی شـیعرەکانی حەمـە عەبـاس، چاپخانـەی مـاد (تـاران).
* محەمـەد محەمـەد عەلـی، (٢٠١٠)، سـەرەتایەک بـۆ زانسـتی واتاسـازی و پراگماتیـک، و. نەریمـان خۆشـناو، چاپـی یەکـەم، هەولێر، چاپخانـەی منـارە.
* نـەوزاد ئەنـوەر عومـەر، (٢٠١٦)، میتـودی بنیادگەریـی و تێڕوانینێکـی پراگماتیکـی (مۆبایلـە شـیعر) بـە نموونـە. زانکـۆی کۆیـە، فاکەڵتـی پـەروەردە، بەشـی زمانـی کـوردی، ژمـارە (٣٧).
https://sites.google.com/a/koyauniversity.org/gzk/issues/gzk2016 -37/002
* نەزیـرە سـابیر مسـتەفا، (٢٠٢١)، پراگماتیـک و شـێوازگەری، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی هەولێـر، ناوەنـدی ئاوێـر.
* هـاوکار محەمـەد ڕەشـید، (٢٠٢٠)، تەنـز لـە چیرۆکەکانـی پێکەنینـی گـەدای حەسـەن قزڵجـی دا، پژوهشـنامە ادبیـات کـردی، ١٣٩٩، دورە (٦)، شـمارە (١٠).
https://jokl.uok.ac.ir/article_61763.html
* هێـرش چەتـۆ حوسـێن، (٢٠٢٠)، شـیکردنەوەی نوکتـەی کـوردی بەپێـی بنەمـای هاریـکاری، گۆڤـاری توێـژەر، ژمـارە٣، پاییـزی.
https://twejer.soran.edu.iq/home
* یاسین کریمی (١٣٩٥) طنز چیست؟.
http://heimeg.blogfa.com/post/52

* به سەرپەرشتی:
م. ی. گوڵچین عەزیز محەمەدئەمین.

# خوێندنەوەیەک بۆ شیعری "سیفری هەڵفڕین"

محەمەد ڕەمەزانی
(بۆکان)

**سیفری هەڵفڕین**

یوونس ڕەزایی
(بۆکان)

لە ڕۆژنەژمێر هاتوومەدەر
دەیەمی مانگی زریانە
سێ ڕۆژی ماوە بۆ گریان

من لادەدەم لە هەرچی هەنیسکە
پێدەکەنم بە قەڵافەتی ڕابوردوو
بە تەرمی ڕاکشاوی چرکەیەک
چەقۆکانی شاردووەتەوە
لە کاتژمێری کەڤناردا

سێ ڕۆژی ماوە بۆ خەنجەرێکی سەرشێت
گاڵتە دەکا بە تەنیاییم
گەمە دەکا بە بیرەوەری داهاتووم

دێمە دەر لەو وەرزانەی تاریکن
ژنیان؛ لێڵ بە شەقامەوە

بسکی خەفەتێک شانە دەکەن نادیار

کیژیان؛ ڕوون بە کۆڵانەوە
هێڵی سوور بەسەر لەشی وشەی سەوزدا دێنن
مەمکی زەرد
بە دەستی نەبەدی تارمایی دەبەخشن

کات نزیک نوێژی نیشتمان
بانگ دەدەم بە گوێی چیادا
با سەری دانەوێنێ بۆ کچێک
سەمفۆنی شینی دەریا بوو
دەستەکانی
بانگ دەدەم بە گوێی کانیدا
با دەستی ببەخشێتە پێدەشتەکانی تینوێتی
کە کاراسکێک بە ناویاندا هەڵوەدایە

کات لە خاک تێپەڕیوە تەنانەت
سێ جار ژامەکان دەزرینگێنمەوە
من کڵێساکان دەزانم
منارەکانیش دانە دانە بە حینجەی کۆتر

ئێستا سیفری تێپەڕینە
تێپەڕین لە کات تەنانەت
ئەو دەمەی شوێن دەبێتە من

ئێستا سەرەتای گوورانی گۆرانییەکە؛
نیلی نییە لەمەولا
گۆرانییەک بە نێوان دوو ڕووباردا دەگوترێ
و
پڕاوپڕیشە لە ماسی

غەزەلی غەزەلەکانی دەریا دەڵێمەوە بەردەوام
لەسەر گەمییەکان لەنگەر دەگرم
و
پاڵ وە قاڵییەکانی نیشتمانەوە دەدەم
کە تاراوگەی هەزار ماسی
هەواری هەزار دەستی کچ
لە تان و پۆیدا
هەزار ئایەت لە بزربوونی ئەوینیش

غەزەلی غەزەلەکانی شەقام دەخوێنمەوە
کە ژنە
چاوی کاتژمێری منە
کازیوە نیشان دەدا بە تەمەنی شاخەوە

بسکی بەسەرهاتی دوێنێم
هەم داڵدەی سەردەمی سەنگەر
هەم سەردەمێک لە تەنیاییم

دەیەمی مانگی شەماڵە
سێ ڕۆژ تێپەڕیوە لە گڕ
لادەدەم لە نەریتی شەپۆڕ
و
دارەکان کووک دەکەم



یوونس ڕەزایی

## لە سەر بەستەی هەور

میلۆدی چاوی کچێک دەچێنم
لەسەر پاناوکی خوێنی خۆم
شەپۆل دەڕوێ لە جەستەی زەمانمدا
کە هەر تینوویە بەردەوام

ئاوازێک دادەگیرسێنم
بە بنارەکانی زاممەوە
کۆفارەی هەڵفڕینە لەشی من

سێ کاتژمێری دیم ماوە ببمە کۆتر
بە مەزەندەی چەکەکان
کە لە پیر بوونن

باڵم دەبێ سەرەتای سەدەیەکی تازە بچێژێ
باڵم
ڕەنگە دوایین دەرفەتی دوێنێ هەڵفڕێ
کە تۆمار دەکرێ لەسەر خۆڵەمێش

**هاتمە دەر لە چوارچێوەی بەستەڵەک**
**ئێستا ئۆقیانووسی سەهۆڵینی باکوور جێ دێڵم**
**وێڕای ئیسکیمووەکان ئەوین ڕاودەکەم**
**سواری سوورتمەیەک دەبم**
**تا کۆتایی بەفر دەچم**

**لێرە هەر کەس لەسەر ئایینی چاوێکە**
**هەر باڵندەیەک منارەیەکە لە سبەی**
**هەر پەنگوەنێک هەزار و یەک شەو لە بەستەڵەک**
**هەر ئاسۆیەک تا بێ سنوور بۆ تێپەڕین**

**هەر کچێکیش ئاوڕێک لە شمشاڵیدا**
**تا مرۆڤ ئاشنا کاتەوە**
**بە هەرێمە گەرمەکان**
**هەر ژنێک نانێک لە سیمایدا شاراوە**
**بۆنی گەنم و**
**کەروێشکەی هەمیشەی زەمان**
**لە زماندا**

**کات هێندی نەماوە لە خوێن تێپەڕێ**
**من نەهەنگێکی بەلەسەی دەریا داژۆم**
**با لە شارێک بگیرسێتەوە**
**ئێستا بێ**
**هەموو چراسوورەکان تێپەڕ دەکەین**
**و**
**لە وێستگەی یەکەمی سبەی ڕادەوستین**

**تێکڕای شەقامەکان خوازەیەکن لە چۆم**
**گشت کیژەکانیش جێناوێکن بۆ ماسی**

**کاتژمێر سیفر نیشان دەدا بە کاتی شەقام**
**ڕۆژێ نوێم هاوکاتی نەهەنگەکانە دەستپێکی**

**من کتێبی پیرۆزی دەریا لەبەر دەکەم**
**و**
**غەزەلی غەزەلەکانی نیشتمان دەڵێمەوە**
**وێڕای ماسییەکان**
**کە جوگرافیای ئەوینمن**

ئەم شیعرەی یوونس ڕەزایی بە هەموو وێنەگەریی دەنگ و ڕەنگەکانییەوە، لە چەشنی پۆلێکی گەورە، لە سەدان پەلەوەر بە ئاسمانی خەیاڵتدا دێن و هەر تاوێ بە شێوەیەک پۆل دەبەستن؛ تاوێک دەبنە گۆیەکی خڕ، چرکەساتێکی دی دەبنە تاووس، قەدەرێکی دی دەبنە هەوری لە چەشنی شەپۆلەکانی دەریا.

لێرەدا ئیمازی دەنگ زاڵترە بەسەر ئیمازەکانی دیدا. ئایا ڕێکەوت بێ، یان بە دانستە گرینگ نییە، بەڵام لە ناو پیتەکانی کە جەستەی مووزیکاڵی ئەو شیعرەیان پێک هێناوە، دەنگی «س» و «ش» زاڵە. تۆ کە باش گوێ دەدەیەی، وەک ئەوەی با، یان شنەبایەکی بە هێز ئەو دەنگانەت بە گوێدا دەدەن.

سـ شـ س س ش ش ... ئەمە دەنگی سرپە و سرتەیە، هەواڵێک لە گۆڕێدایە، ئەو خەبەرە چییە؟

وەکی لە زمانی وەگێڕ، یان ڕاوی تێ دەگەین، ئەم لە چەشنی مەلێک بە زەبری هزر و کارزانی خۆی، لە داو و تەپکەی کات دەرباز بووە:

**لە ڕۆژئەژمێر هاتوومە دەر**

کات: نەکاتی ئێستایی پڕ لە هیوا و تازەگەری و خاوەنی چاوێکی تیژ و ژیر بۆ داهاتوو، بەڵکوو کاتێکی بۆژۆی پاشماوەی هەزاران ساڵی تار، تاڵ، داسەپێنراو و بێ جووڵە، لە چەشنی گۆڕ. گۆڕی هەموو جوانی و ئاواتە جوانەکان.

کەواتە بزاڤێک لەگۆڕێدا.

شیعرەکە بێ ئەم لا و ئەو لا حیماسییە، بەڵام وەک شیعرێکی غینایی، لە جوانییەکانی سروشت کەڵکی وەرگرتووە، بۆ وێنە چیا، سەمفۆنی شینی دەریا، کانی، کاراسک، کازیوە، بە تەمەنی شاخەوە، شەماڵ، زریان، میلۆدی چاوی کچێک، ئۆقیانووسی سەهۆڵینی باکوور، تا کۆتایی بەفر، ژن و کچ.

دووپات بوونەوەی وشەی «سێ» بۆ وێنە لە «سێ ڕۆژی ماوە بۆ گریان»، یان «سێ جار ژامەکان (زەنگەکانی کڵێسە) دەزرینگێنمەوە» وشەی «سێدارە»، وەبیر دێنێتەوە، کەواتە هەواڵێکی دڵتەزێن بەڕێوەیە؛ ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕ دژی ئێستای بۆژۆ و گەندەڵ. بارودۆخی ئێستا چۆنە؟

**ژنیان لێڵ بە شەقامەوە**

**کیژیان ڕوون بە کۆڵانەوە**

**هێڵی سوور بە سەر لەشی وشەی سەوزدا دێنن**

دەی دەرکەوت کە ژنان و کچان لە ژێر سێبەری ڕەشی دیکتاتۆری ئایینیدا دەژین و بۆ وەچنگ هێنانی ئازادی، خوێنی خۆیان و گیانی خۆیان بەخت دەکەن. دەستەواژەی «ژنان لێڵ بە شەقامەوە»، ئاماژەیە بۆ کەسایەتی دزراو و شاراوەی ئافرەتان لە ناو چارشێو و دەسماڵ و ڕووبەندی ڕەشدا، کە ئایین بەسەریدا سەپاندوون و چارشێو و ڕووبەندی لێڵ بووەتە قەبر و زیندانی وان. ئەو دەستەواژەیە تازەگەری تێدا و ئەوە تایبەتمەندیی هەر شاعیرێکی خاوەن توانست و داهێنەرە، کە گرامێری تایبەت بە خۆی لە زماندا دەئافرێنێ؛ ئاوەڵناوی تازە، ناو و فرمان و ئاوەڵ فرمانی تازە، خوازە و سەمبۆلی تاکەکەسی خۆی. جارێکی دی سەیری ئەو لاینە بکەین:

**(کیژیان) هێڵی سوور بە سەر لەشی وشەی سەوزدا دێنن**

لە باری ئۆرتۆگرافی Orthohgraphy (١) سەرنجی پیتەکانی س س ش ش ێ ێ بدەی، عیسان وەبیر شۆلاوگەی خوێن دەخاتەوە.

تا ئێستا نەبوونی ئازادی و سەرکوتی ژنان و کچان، وەک بارودۆخێکی نالەبار هاتووەتە بەرچاومان، هەر لە سەرەتای شیعرەکەوە، گوێمان لە «گریان» و «هەنیسک» بووە. شاعیر ویژدانی ئینسانەکان گاز دەکا و بۆ بانگ کردن و وەخەبەر هێنان، دەبێ چ کەرەسەیەکی بە دەستەوە بێ. لە شیعری «نیما یووشیج» و «ئەحمەدی شاملوو» و «فرووغی فەرۆخزاد»دا، «کەڵەشێر» و «بەرەبەیان» هاتوون. نیما دەڵێ:

**قوقولی قو قوو خروس میخواند**

**از درون نهفت خلوت ده.(٢)**

شیعری «سیفری هەڵفڕین» بۆ وەئاگا هێنانەوەی مرۆ، لە زەنگی کڵێسە کەڵکی وەرگرتووە. وەکی دەزانین زەنگی کڵێسە جگە لە گازکردنی خاوەن بڕوایانی خاچپەرست، بۆ نوێژ، یان شایی و شین، بۆ ڕاگەیاندنی هەواڵی ڕووداوێک بەکار دەبرێ. وێدەچێ زەنگی کڵێسە لە کاتی شەڕی خاچپەرستیدا، لە بانگی موسوڵمانان وەرگیرابێ؛ گۆیا قەشەیەکی عارف و ئاشتیخوازی ئیتاڵی بە ناوی فرەنسیس ئەسیسی (٣) تا کۆتایی تەمەن بانگەوازی ئەوەی دەکرد کە خاچپەرستان بە ئاشتی و تەبا و ڕەبایی لە ناو موسوڵماناندا ژیان بەرنە سەر. ئەم لەگەڵ سوڵتانی میسری بەناوی «الملک الکامل» چاوپێکەوتنی کرد لە جەنگەی شەڕی خاچپەرستیدا، گۆیا بانگدانی مزگەوتان، ئەمی خستە سەر ئەو بیرۆکەیە کە بە خاچپەرستان ڕاگەیەنێ؛ بە دەنگی زەنگی

کڵێسە، خاوەن بڕوایان بانگ کەن بۆ نوێژ. لەو شیعرەدا لە مۆتیڤی بانگدانیش کەڵک وەرگیراوە:

*** کات نزیک نوێژی نیشتمان**

*** بانگ دەدەن بە گوێی چیادا**

یان

*** بانگ دەدەم بە گوێی کانیدا.**

دەی ئەم جار کە مرۆ ئاگا بوونەوە، شاعیر چییان پێ ڕادەگەیەنێ؟ خەبات و بەرخۆدان لە جیاتی شین و ڕۆ ڕۆ:

*** من لادەدەم لە هەرچی هەنیسکە**

شیعرەکە ئاماژە بەوە دەکا کە لە مێژە و هەر لە زووەوە نەتەوەکەی جەنگاوەر بوون و مۆتیڤی چەک و ئەسڵەحە بەکار دێنێ:

*** چەقۆکانی شاردووەتەوە.**

*** سێ ڕۆژی ماوە بۆ خەنجەرێکی سەر شێت**

*** سێ کاتژمێری دیم ماوە ببمە کۆتر**

**بە مەزەندەی چەکەکان کە لە پیر بوونن**

شیعرەکە خوێن و توندوتیژی و شەڕی بێ کۆتایی پێ ئامانج نییە و بە شوێن ئاشتی و تەبا و ڕەباییەوەیە:

**کات هێندی نەماوە لە خوێن تێپەڕێ**

دەقەکە لە سەر بنەمای ئاشتیخوازی، ناسنامەی نەتەوەکەی لە بین‌النهرین دەدۆزێتەوە:

**نیلی نییە لەمەولا**

**گۆرانییەک بە ناو دوو ڕووباردا دەگوترێ**

**پڕاوپڕیشە لە ماسی**

وەکی دەزانین ڕەنگی نیلی، یان خومی شین، لە ڕۆژگاری کەونارادا ڕەنگی تایبەتی تازیەباریی بووە. لە شانامەی فیردەوسیدا، ئەگەر پادشایەک دەمرد، دەست و پێوەند و دەرباری و سەربازان، شانیان لە خومی شین هەڵدەکێشا، ئەو ڕێورەسمە لە ناو کوردیشدا هەبووە و ئێستاش دەڵێن: «خۆم لە خومی شین هەڵدەکێشم». ئەو نەریتە ئێستاش لە ناو بەختیارییەکاندا هەر باوە.

(هێمن)ی شاعیر لە «شینی گۆران»دا دەڵێ:

**هەر لە بۆتانەوە هەتا سۆران**

**هەموو سۆرانی شینە بۆ گۆران**

وێدەچێ ئایینە کەوناراکانی بین‌النهرین، کە پتر لە سەر پەرستنی تەوتەم و دیاردەکانی سروشت بوو، ئاشتیخوازتر بووبێتن لە ئایینە پڕ توندوتیژییەکانی یەک خوایی. شاعیر لەوێوە پاڵ وە قاڵی نیشتمانەوە دەدا و بە نەخشی ماسییەکانی ناو فەرش، کە وەبیر هێنەرەوەی جوانی سروشت و نیشتمانن ئۆخژنی دەشکێ.

ئەم وەک هێمن گوتەنی؛ کە ئازادی هەبێ، کەی خرمەی شەست تیر و گرمەی مینی دەوێ؟ بۆیە دەیەوێ کە جوگرافیای ئاشتی بەرین بکا، هەر بۆیەشە وەک هێمایەک دەستەو داوێنی ئیسکیمۆکانی ئاشتیخواز دەبێ و گەرمای باشوور و بەستەڵەکی باکوور وە دەم یەک دەدا کە شاعیر، وەک ئیمپراتۆری ئاشتی و تەبایی بە سواری نەهەنگ پەیامی ئاشتی بە گوێی شەپۆلەکانی دەریا و ئۆقیانووسدا ڕاگەیەنێ. جێگای سەرنجە کە دەڵێن لە قامووسی زمانی ئیسکیمۆکاندا وشەکانی «شەڕ» و «مرۆکوژی» نییە.

**پەراوێزەکان:**

**١ -وشەی ئۆرتۆگرافی Orthohgraphy بنەچەی یۆنانی هەیە و لە دوو بەشی ortho بە واتای دروست و geaphos، واتە نووسین پێکهاتووە. مەبەست شێوەی نووسینی وشەکانە.**

**٢-کەڵەشێر دەخوێنێ**

**لەناو دڵی شاراوەی تەنیای گونددا**

3- Francis of Assisi(1181-1226)

**ورمێ، ١٨ی ئەیلوولی ٢٠٢٣**

# فەلسەفەی هزری ئیسلامیی سەردەم

پ. د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب)

## پێشەکی

١- دوای سەردەمی هەر چوار خەلیفەی ڕاشیدین، بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، بە تایبەتی لەسەردەمی بەنی ئومەییە و عەباسییەکان، ئەوجا دوای ئەوەی تورکی عوسمانی جڵەوی بەڕێوەبردنی کاروباری میللەتانی موسڵمان و دەوڵەتە ئیسلامییەکانی گرتووەتە دەست، ئایینەکە ڕەوتێکی تری بەسەردا سەپێنراوە و لە هەندێک لایەن و ڕەهەندەوە لە سەرچاوەکان دوورکەوتووەتەوە کە پتر بەلاڕێدابردن چووە!

گومان لەوە ناکرێ کاتێک ئایینەکە سنووری وڵاتی نەجد و حیجازی بەزاندووە و ڕووی لە میللەت و وڵاتانی دیکە کردووە کە عەرەب نەبوون، ڕووبەڕووی کولتووری ئایینی و سیاسی و ئابووری جیاواز بووەتەوە، ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیەی ئەم دوو کولتوور و کەلەپوورە لە یەکتری جیاوازە، ئایینێکی یەک ڕەهەندی کە تەنیا سەرچاوەکەی هەر قورئان و فەرموودەی پەیامبەری ئیسلام (حەدیس) بووە، لەگەڵ ئەو کولتوورە فرەڕەنگییەی وڵاتانی تازە بوون بە ئیسلام کە پشت ئەستوور بە فەرهەنگ و شارستانیەتێکی پێشکەوتوو بووە (لە گشت ڕەهەندەکانی: سیاسی، ئابووری، دەوڵەت، قانوون، بەڕێوەبردن) کاریگەرییەکی گەورە و گرانی (ئاریٚ ناریٚ)ی لەسەر ئایینە هاوردەکراوەکە بەجیٚ هێشتووە، ئایینەکە بە ئاشکرا سروشت و خەسڵەتی

ژینگەی بیابان و بادیە و دابونەریت و کەلەپووری عەرەبی کۆچەریی (بەدەوی) پێوە دیار بووە و بەرجەستەی کردووە.

لەو وڵاتانەدا کە کراون بە موسڵمان (یان وەک عەرەبەکان گوتوویانە - بەغەزا فەتح کراون)، هەموو پێداویستییەکی ژیانی شارستانی لەبەردەستدا و لە ئارادابووە، ئیتر هەر لەسەردەمی معاویەوە (ڕابەری بەنی ئومەییە) سوود لەو کولتوورە وەرگیراوە و ئایینەکەی بەرەو قۆناغێکی نوێ، جیاواز لە جاران بردووە، بەڵام ئەو قۆناغە نوێیە، ڕاستە ئایینەکەی لە کۆمەڵگەدا جێگیر کردووە و ئاوێتەی سیاسەت و کاربەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی کردووە، کەچی دیارترین خەسڵەتی بووە بە گۆڕانی سەرتاپاگیر، بەڵام گۆڕانێک کە بێ گومان و چەند و چۆن لێکردن بەلاڕێگادا بردن بووە. بۆ نموونە مەسعوودی لە (مروج ئەل زەهەبدا) گوتوویەتی معاویە هیچ کاتێک خەلیفە نەبووە و خەمی ئایینی نەبووە، بەڵکوو بە جۆرێک ژیاوە و کاروباری کۆمەڵگە و ئایینەکەی بەڕێوەبردووە وەک ئەوەی شایەک بووبێ (یان یەکەم شا- مەلیک- بووە- لە ئیسلامدا).

٢- ئەو گۆڕانە ڕەهەندی جۆراوجۆری بەرجەستە کردووە:

**یەک:** کولتووری قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆریەتی سنوور بەزێنی فارس (ئێران، میسۆپۆتامیا - عێراقی ئێستا، شام و ئیسرائیلی ئێستا، یەمەن) زمان و کولتووری فارس و فارسی باڵادەست بووە.

**دوو:** لە میسری ئێستا (دۆڵی نیل) کولتووری بەپێزی قیپتی لە ئارادا بووە.

**سێ:** لە باکووری ئەفەریقا (کە ئێستا بوون بە عەرەب: لیبیا، توونس، جەزایر، مەراکیش) کولتووری زمانی ئەمازیغی (بەربەر) هەبووە.

**چوار:** ئەو گشت وڵاتانە لەلایەن حەوت خێڵی عەرەبەوە کە حەوت زاراوە زمانی جیاوازیان هەبووە (هوزەیل، سوقەیف، هەوازن، خوزاعە و قورەیش...) قورئان کردوونی بە یەک زمانی عەرەبی، کۆنترۆڵ کراون و ئەو کولتوور و شارستانیەت و دابونەریت و زمانانە ئەگەر نەسڕدرابنەوە و پاکتاو نەکرابن، لاواز کراون و عەرەبی وەک زمان بەسەریاندا سەپێنراوە. کولتوورە فرە ڕەنگە بەپێزەکەش بە تۆمەتی گومڕایی (کوفر و ئیلحاد) تاڕادەیەکی بەرچاو و هەست پێکراو لەناو براوە، ئەنجامەکەشی:

- میللەتی عەرەب بووە بە میللەتێکی گەورەی ناوچەکە.

- ئەو کولتوورەی تاڕادەیەک لەگەڵ ئایینەکە هاتووەتەوە، کراون بە عەرەبی و دوای ئەوە وەرگێڕانە عەرەبییەکە پارێزراوە و کولتوورەکەی وەرگێردراوە (ئەسڵەکە) لەناوبراوە. کلیلە و دومنەی کراو بە عەرەبی ماوە، بەڵام فارسییەکە لەناو براوە!!

- ئایین بە تەواوەتی سروشت و ناوەڕۆک و ڕوخسارێکی نوێی پێ بەخشراوە کە دەکرێ بگوترێ سەرەڕای ئەوی بڕوا و باوەڕ (عەقیدە و ئیمان) بووە تێکەڵی سیاسەت کراوە و کراوە بە ئامرازێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کۆمەڵگە و خزمەتکردنی سوود و قازانجی ئەو سەرکردانەی ناوی خەلیفەیان لەخۆیان ناوە، هەر لە معاویەی بەنی ئومەییەوە تاوەکوو عەباسییەکان، ئەوجا کاربەدەستە ستەمکارە عوسمانییەکان و زەبروزەنگەکانیان کە گشت سنووریکی بەزاندبوو. دوور نییە لێرەدا ڕەخنەگرتنێک لەسەر شێوەی پرسیار بێتە ئاراوە:

- ئیسلام خۆی ئایینێکی جیهانییە (انە ذکر للعالمین) و جیاوازی لەنێوان نەتەوەکان ناکات،

گرینگ لێرەدا خواپەرستییە (تەقوایە) نەک نەتەوە!؟

– ئەو ڕەخنەیە ڕاستە، بەڵام کاتێک سەرنجی مێژووی ئایینی ئیسلام بدرێت و پشت بە سەرچاوە مێژووییەکان ببەسترێ، هیچ کاتێک ئەو بنەما سەرەکییەی ئایینی ئیسلام نە پەیڕەو و نە پیادە و نە جێبەجێ کراوە، دەرکەوتنی ڕێبازی پێشکەوتنخوازی ناسراو بە (شعوبیەت) لە سەردەمی عەبباسییەکاندا بەڵگەیەکە ئەو ڕاستییە پشت ڕاست و ڕەخنەکە کاڵ دەکاتەوە:

٣ – توێژینەوەیەک ئەگەر بکرێ خەسڵەتی زانستییانەی پێ ببرێ، دەبێ ڕێبازە مێژووییەکە (هیستۆریزم) پەیڕەو بکات و ڕووداوەکە، کولتوورەکە لەو هەلومەرجەی هەڵکەوتی لە ئارادابوویدا دانەبڕێ و ناکرێ بە چاوی ئەمڕۆ و سەردەم و لە ڕوانگەی جیاواز لە سەردەمی خۆی تاووتوو و شرۆڤە بکرێ!! ئەو بۆچوونە ڕاستە، سەردەمی ئەمەوی و عەباسی و حوکمڕانی زەبروزەنگی تاریک و نووتەک و ستەمی عوسمانی شتێک بوون و سەردەمی ئێستا شتێکی ترە، بەڵام لەو ڕاستییەش کاڵ نابێتەوە کە ئەو ئەنجامانەی لەو پرۆسە درێژخایەنە مێژووییە کەوتوونەتەوە کە بەسەر ئایینەکەدا هێنراوە و تێپەڕێنراوە، نابێ بە ئاستەنگ و بەربەست لەبەردەم لێکدانەوەی زانستییانەیان، بۆچی و چۆن ئەو دەرکەوتانە سەرئاو کەوتوون و چ نیاز و مەبەستێک لە پشتیانەوە بوون و بە چ ئامانجێک پیادە کراون؟! ئایا ئەو گۆڕانانەی، دوای کوژرانی خەلیفەی دووەم و سێیەم و چوارەم بەسەر ئایینەکەدا هێنراون چ لەسەر خان، یان لەژێر خانەکەیدا ئامراز بوون، یان ئامانج و بە چ مەرەیەکیان بردووە؟!

– ڕاستە لە سەردەمی عەبباسییەکاندا فەلسەفە و کولتوورە بەپێزەکەی میللەتانی دیکە کراون بە عەرەبی، هەروەها هەر لەو سەردەمەدا ئایینەکە دوا ڕوخسار و ناوەڕۆکی پێ براوە، چ وەک ئایین، چ وەک ئامرازی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت و کۆمەڵگە. ئەوەی لێرەدا سەیر و سەرنجڕاکێش و نامۆیە، بەڵام هەڵکەوتی ڕاستەقینەی لە ئارادابوو بووە، گشت ئەوانەی ئەو کارەیان کردووە و ڕەنگی ئەو کولتوورەیان ڕشتووە و خەت و خاڵیان پێداوە، تاکە کەسێکیان هەر لە زانا و فەیلەسووف و مەلا و ئەدیب و شاعیر و شەریعەتمەدار، عەرەب نەبوون. خۆ ئەگەر بە عەرەبی نووسیبیان، لە ڕەچەڵەک و بە نەتەوە فارس(١) بوون (ئەوکات) بە (ئەعجەمی) ناوبراون.

٤– ئەمە هۆکاری هەڵوێستی ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپاییەکان بووە کە گوتوویانە ئیسلامی سەردەمی عەبباسی و لە هی قۆناغی پێشتر جیایان کردووەتەوە کە ئەگەر ئیسلام لە قەڵەمڕەوی عەرەب و بە زمانی عەرەبی سەری هەڵدابێ و پەیدابووبێ، دوای هاتنە دەرەوەی بۆ وڵاتانی دیکە و بڵاوبوونەوەی لەنێو میللەتانی دیکە کە خاوەن کولتوور و شارستانی پێشکەوتوو بوون، ئەو ڕۆڵ و دەست پێشخەرییە لەدەست مرۆڤی عەرەب دەرهێنراوە و مرۆڤی قەڵەمڕەوی ئێرانی (فارس) بە پێکهاتە و زمان و کولتوورە جیاوازەکانییەوە ئەو ئەرکەیان گرتووەتە ئەستۆ و ئەو نەخشەڕێگایەیان داناوە کە بووەتە مایەی ئەو خەتوخاڵ دانەی ئەو ئایینەی ئێستا لە ئارادایە (بە ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە) کە لە سەردەمی عەبباسییەکاندا ڕەنگی بۆ ڕێژراوە. ڕەنگڕێژەکانیش هەر لە زانای ئایینی و زانایانی فیقهو شەریعەت و بنەماکانی (ئسووڵی) ئایین تاوەکوو زانستی کەلام و فەلسەفە و ئەدەب و شیعر و مێژوو، لە ڕەچەڵەکی ئێرانی بوون، ئەگەرچی لەو

قۆناغـەدا (سـەد سـاڵی یەکەمـی) فەرمانڕەوایـی بەنـی عەبـاس (عەباسـییەکان) جـۆرە ئازادییەکـی دەڵەمەیـی هەبـووە و ڕێبـازی زانسـتی کـەلام (موعتەزیلـە) بوێرانـە لـە سـنوورێکی دیاریکـراودا هەوڵیـان داوە گـۆڕان، ئەگەرچـی هەندەکـی و لـە وردەکارییەکانـدا بـووە، بـەدی بهێنـن، بـە تایبەتـی لـە هـەردوو بابەتـی کێشـەئامێزی خەسـڵەتەکانی خـوا و کۆنـی و ناکۆکـی (داهێنـان- خەڵقـی) لـە قورئانـدا ڕەنگـی داوەتـەوە. ئـەو کۆششـە ئەگـەر لـە ڕوانگـەی فەلسـەفەوە سـەرنج بدرێـت و هەلومەرجـی خۆیـی و بابەتـی نوێـی ئایینەکـە لـە ژینگـە نوێیەکـەدا (بەغدا، پایتەختـی ئێسـتای عێـراق) لەبەرچـاو بگیـرێ، دەتوانـرێ بگوتـرێ کە:

موعتەزیلـە بەو چالاکییەیان ویستوویانە سروشـتی ئەبسـتراکت و ترانسـندێنتی ئایینەکـە کاڵ بکەنـەوە و ئەگـەر بکـرێ وای لـێ بێـت ببـێ بـە پشـکێکی سـەرەکی ژیانـی مرۆڤـی موسـڵمان و لەگـەڵ کۆمەڵگـەدا بگونجـێ لـە تاووتـوو کردنـی کێشـەکانی مرۆڤـدا ڕۆڵـی کارای هەبـێ. لـەو کایەیـەدا بنەمـای (عەقیدە)یـان دانـا. گشـت چەمکـی سـەرەکی، هـزر و فەلسـەفە و کـەلام و ئایینیـان کـرد بـە بابەتـی سـەرەکی توێژینـەوە: خـوا، جیهـان، مـرۆڤ. لـە کاتێکـدا تەنیـا یەکـەم چەمـک بـە شـێوازێکی ڕەهـا بایەخـی پـێ دەدرا و ئەگـەر بشـێ بگوتـرێ، لـە توێژینـەوەدا پشـکی شـێری بەرکەوتبـوو، موعتەزیلـە هاوکێشـە لاسـەنگەکەیان بەرانبـەر کـرد و جیهـان و مرۆڤیـش لـەلای خۆیانەوە بەهەنـد دانران و بایەخیان پـێ دراوە، ئیتـر سووربوون لەسـەر ئازادی خواسـتی مـرۆڤ، ڕۆڵـی سـەرەکییان بەژێـر داوە لەبەرانبـەر (نەقـل- سـرووش) و بـۆ شـرۆڤەکردنی تێکسـتە ئاڵـۆز و تەمومژاوییـەکان کردوویانـە بـە سەرپشـک. ئـەو پرسـیارە نیگەرانـی کـردوون: ئایـا دەکـرێ بەبـێ تێگەیشـتنی جیهانـی دەوروبـەر (سروشـت) و ناسـینی مـرۆڤ، خـوا بناسـرێ؟! کەوابـوو ناسـینی خـوا بـەو پێوەندییـەی لەگـەڵ مـرۆڤ و جیهانـدا هەیەتـی دەناسـرێ و دیـار و دەستنیشـان دەبـێ! ئەگـەر داد و دادپەروەریـی خەسـڵەتی سـەرەکی ڕەببانـی بـێ، هـەر ئـەو دادە خـۆی پێوەنـدی دەسـتیاوی نێـوان مـرۆڤ، تاکـەکان لـە کۆمەڵگـەدا دیـار و دەستنیشـان دەکات! لـەو دادە ڕەببانییـەدا کـە دەبـێ لـە بەرانبـەر مرۆڤـدا دادپـەروەر بـێ، ڕەوشـی (یەکتایـی) یەکڕەنگیـی (وەحدانیـەت) دەکەوێتـەوە و سـەرئاو دەکـەوێ! بـەو پێیـە ڕەب کـە فرمانێـک دەدات و شـتێک دەکات دەبـێ سـوود و قازانـج و بەختـەوەری مرۆڤـی تێدابـێ و ئـەو لایەنە مەبەسـت بـێ، بۆیـە خواسـتی ڕەببانـی بریتییـە لـە کارکـردن بەپێـی توانایـی و زانینـی خـۆی، خواسـت خەسـڵەتێکی ڕەببانـی نییـە.

- لـە بەرانبـەر ئـەو ڕێبـازە بوێر و پێشـکەوتووەی (عەقیـدە)ی موعتەزیلـە کـە ئومێدێکـی زۆر و زەبەنـدەی لەسـەر هەڵچنـرا بـوو چاوەڕێـی ئـەوەی لـێ دەکـرا جیهـان و میللەتـە موسـڵمانەکان بـەو مەرەیـە نەبرابایـە کـە پێـی چـوون، عەقیـدە و ڕێبازێـک کـە پێـی لەسـەر ڕۆڵـی ناوەنـدی بوونـی مـرۆڤ لـە جیهانـدا داگرتووە و ژیری و ئازادییەکەی بـە بابەتـی گەوهـەری و سـەرەکی دانـاوە. پتـر لـەوەش پشـت ئەسـتوور بـە حەدیسـێکی قودسـی (کنـت کنـزا مخفیـا...) (٢) وای بۆچـوون کـە ڕەب لـە سـەرەتادا بـێ نـاو و خەسـڵەت بـووە و مـرۆڤ نـاو و خەسـڵەتەکانیان پـێ بەخشـیوە. مـرۆڤ لـە خۆیـدا ئـازادە، کارایـە، ڕۆڵـی سـەرەکی لـە بـوون و گـەردوون- جیهانـدا دەگێـڕێ. قورئـان داهێنـراوە و کـۆن نییـە، چونکـە لەسـەردەم و شـوێنی دیاریکـراودا کـراوە بـە عەرەبـی و ناکـرێ پێشـوتر بـە زمانـی عەرەبـی دانرابـێ و بـە عەرەبی هاتـووە و بـە پیـت و وشـەی دنیـای زمانـی ڕۆژانـە داڕێـژراوە و نووسـراوەتەوە.

- ئەشعەری و حەنبەلی ڕاپەڕیون و لێیان چوونەتە

سـەنگەر و هەوڵـی تێکـدان و پووچەڵکردنـەوەی ئـەو کۆششـەی موعتەزیلەیان داوە. ئەنجامەکەشی گۆشـەگیرکردنی ئایینەکـە جارێکـی تـر و بەخشـینەوەی خەسـڵەتی ئەبسـتراکت (ڕووت و پەتـی) و ترانسـندێنتی بـە بـاوەڕ و بـڕوا (عەقیـدە و ئیمـان) و بـێ بەشـکردنی مـرۆڤ لـە ئـازادی خواست. تیـۆری کەسبی ئەشـعەری نموونەیەکـی بەرچـاوی ئـەم هەوڵـەی گەڕانـەوە بـەرەو دواوە بـووە (٣).

بـەو پێیـە هـەر لـە سـەرەتاوە ئایینەکـە دوای بڵاوبوونـەوەی لـە وڵاتانـی تـر دووچـاری کێشـە و بەرەیـەک کراوە کە تا ئێسـتاش بەلایەکدا نەخراون و هۆکارێـک بـوون لـەو هۆکارانـەی دەرکەوتنـی ڕابەرانی چاکسـازی هـزری ئیسلامی هاوچـەرخ کـە بابەتـی سـەرەکی ئـەم توێژینەوەیەیـە.

پێداگرتـن لەسـەر پێشـکەوتنخوازی موعتەزیلـە و کۆنەپارێزیی ئەشـعەری کە لەگەڵ شـافیعی و غەزالی بنەمـای سـەلەفیەتیان دانـاوە، بـۆ ئـەو مەبەسـتە بـووە ڕوونـی بکەینـەوە بۆچـی (محەمـەد عەبـدە) دووەم ڕابـەری ئـەم بزووتنەوەیـە ویسـتوویەتی سنووری قەڵەمڕەوی عەقیدە و شـەریعە و مەزهەبی شـافیعی ببەزێنـێ و بگەڕێتـەوە سـەر موعتەزیلـە! موعتەزیلـەی مـرۆڤ دۆست و ڕابەرانی ڕێبـازی داد و یەکڕەنگـی و ئـازادی خواسـت و ژیـر! ڕێبازێـک بەپێـی سـەردەمی خـۆی کۆششـێکی جوامێرانـە بـووە بـۆ شـڵەقاندنی گۆمـی وەسـتاو.

٥- لـە چوارچێـوەی ئـەو بابەتەدا کە پەیوەسـتە بە دوو ئاراسـتەی:

- چاکسازی.
- نوێ کردنەوە و بووژاندنەوە.

دوو خـاڵ کـە ڕەوشـی ژیانـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی و ئابووری و شـەرعی و ئایدیۆلۆجـی ئـەو سـەردەمە ڕوون دەکەنـەوە، سـەرنج ڕادەکێشـن، بـە تایبەتـی لـە سـەدەی یەکەمـی فەرمانڕەوایـی عەبباسـییەکان کـە تێیـدا ڕۆڵـی چارەنووسساز لـە ڕشـتنی ڕەنگی نەخشـە ڕێگای سـەرخان و ژێرخانی ئایینەکـە گێـڕدراوە و تـا ئـەم سـەردەمەش لـە چوارچێوەکەیدا گیـری خـواردووە و فەرمانڕەوایـی سـتەمکاری دەوڵەتـی عوسـمانلی پتـر سـەخت و ئاڵـۆزی کـردووە، ڕوخسـار و ناوەڕۆکێکـی تایبەتـی بەسـەردا سـەپێنراوە کـە پتـر ئامانجـی سیاسـی و ئایدیۆلۆجـی سـوود و قازانجـی فەرمانـدار و کاربەدەسـتانی تێدا بـووە:

**یەک:** چاکسـازییەکە لـەو سـەردەمەدا بەڕابەرێتی مەزهەبـی شـیعە بـووە و ئەوانـەی سـوارچاکی ئـەو گۆڕەپانـە بـوون زانـای ئایینـی شـیعە بـوون! ئەمـە چـۆن لێکدەدرێتەوە؟!

**دوو:** ڕاسـتە بزووتنـەوەی زانسـتی (بـە واتـای ئـەو سـەردەمە) و ڕێبـازە ئایینییـەکان (عەقیـدە و شـەرع فیقهـ) و نەزمـی کۆمەڵایەتـی و ئەدەبـی بەرهەمـی کۆشـش و چالاکـی ماندوونەناسـی ئێرانییـەکان بـووە بـە گشـت ڕەگـەز و نەتـەوە و زمـان و مەزهەبەکانییـەوە، بـەڵام لاری لەوەش نییە کـە عەرەبـە خـاوەن ئایینـە نوێیـە هـاوردەکان لـە فـارس (ئێرانییەکان) و ڕۆم شارسـتانیەت فێربوون و سـوودیان لـێ وەرگرتـوون. ئێرانیەکانیـش لـە عەرەبـەوە زمانـی عەرەبـی و ئایینەکەیـان وەرگرتـووە. (٤)

- گواسـتنەوەی پایتەخـت لـە شـامەوە (سـوریا) لەسەردەسـتی عەبباسـییەکان بـۆ بەغـدا هۆکارێکی سـەرەکی گەشـەکردنی بزووتنـەوەی زانسـتی و کۆمەڵایەتـی و فەلسـەفە و ئایدیۆلۆجیا بـووە.

عێـراق وردە وردە بـوو بـە عـەرەب و زمـان و دەسـەڵاتی فـارس کاڵ بوونەوە، هەسـتی نەتەوەیی لـەلای عـەرەب توندوتـۆڵ بـووە و لـەوە بـە ئـاگا هاتـوون کـە بـوون بـە نەتـەوە و سـنووری خێـڵ و تیرەیـان بەزانـدووە و پێیـان ناوەتـە قۆناغێکـی تـرەوە و شـانازییان بـە عـەرەب بوونـی خۆیانـەوە

کـردووە و بـە چاوێکـی تـرەوە تەماشـای ڕۆڵـەی ئـەو نەتەوانـەی تریـان کـردووە کـە بـوون بـە موسـڵمان و وشـەی موالیـان بـۆ بەکارهێنـاون، هـەر لـەو قۆناغـەدا چینـی دەرەبـەگ (فیـودال) پێگەیشـتووە و خەتوخاڵـی داوە.

- بەپێـی ئـەوەی تـا ئێسـتا ڕوون کرایـەوە، دەردەکـەوێ کـە ئایینـی ئیسـلام:

**یـەک:** دوای کۆچـی دوایـی پەیامبەرەکـەی ڕووبەڕووی کێشـە و بەرەیەکی زۆر و زەبەندە بووە و ئـەو کێشـانەش ئەگـەر سروشـتێکی ئایینییـان هەبووبـێ، یان وا پـێ چووبـێ لـە ئایینەکـە خـۆی کەوتبنـەوە، ئـەوە ئـەوی ڕاسـتی بـێ گشـتیان پاشـخانێکی سیاسـییان هەبـووە و خزمەتـی سـوود و قازانجێکـی تایبەتیـان کـردووە. بـۆ نموونـە مـرۆڤ لـە مەزهەبی ئەشعەریدا بـووە بـە بـەرکار کـە هیـچ ڕۆڵ و هێـز و دەسـەڵاتێکی نابێ! بـەڵام ئـەو بڕیـارە کاربەدەسـت و سـەرکردەکانی دەوڵەتـی نەگرتووەتـەوە، بۆیـە هێـزی دەسـەڵاتدار ئـەو دەرفەتـەی قۆسـتووەتەوە و سـوودی لـێ وەرگرتـووە: ئیتـر بانێکـە و دوو هـەوا، لێـرەوە سـتەم، چەوسـاندنەوە بـووە بـە سروشـتی ژیانـی ڕۆژانـە.

**دوو:** لەلایەکـی دیکـەوە گۆڕانـی ئاییـن لـە ڕەوش و سروشـتی ترانسـندێنتی بـاوەڕ (عەقیـدە و ئیمانـەوە) بـۆ ئامـرازی سیاسـی بەڕێوەبردنـی کاروبـاری دەوڵـەت و کۆمەڵگـە، چەنـد کێشـە و پرسـیارێکی وورووژانـدووە و هـەر لـەو سـەردەمەوە تاکوو ئێستا نـە وەڵام دراونەتـەوە، نـە یەکجاری یەکلایـی کراونەتـەوە:

ڕابـەری ئیسـلام تاوەکـوو کۆچـی دوایـی کـردووە، چوارچێـوە و ڕێنمایـی و ڕێ و شـوێنێکی دیـاری کـراوی وەک پـرۆژە دەسـتوورێک دانەنـاوە و پێشـنیاز نەکـردووە تاوەکـوو ببێتـە بنەمـای ڕشـتنی ڕەنگـی دەوڵـەت! شـەریعەتیش کـە ئێرانییـەکان (بەخوراسـان و بوخـاراوە...) لـە سـەردەمی عەباسـییەکان دایـان نـاوە پێوەنـدی مرۆڤـی تـاک بـە ڕەب و پێوەندییـان بـە یەکترییەوە ڕێـک دەخـات، بـەڵام ئـەو شـەریعەتە بایەخێکـی ئەوتـۆی بـە قانوونـی گشـتی نـەداوە کـە دەوڵـەت ڕێنمایـی بـکات و لەسـەری بـڕوا و دابمـەزرێ.

ئاییـن لـەلای خۆیـەوە بابەتێکـی ڕەبانـی ئاسـمانییە و بـە سـرووش (وەحـی) هاتووەتـە خـوارێ و سروشـتێکی گشـتی هەیـە و بنەمـا و ڕێوشـوێنی هەمەکـی- ڕەهـای هەیـە، بۆیـە هـەر لەسـەرەتاوە لەگەڵ دەوڵەتـدا گرژییەکی بەردەوامی هەبـووە و بـە ئاسـایی نەهاتووەتـەوە (٥)، ئیتـر بۆیـە دەوڵەتـە دامەزراوەکـە هـەر لـە دەسـتپێکەوە خەسـڵەتێکی تیۆکراتـی سـتەم و زەبروزەنگـی هەبـووە! ئیتـر ڕەوایەتـی (شـەرعیەتی) دەسـەڵاتی سیاسـی دەوڵـەت هـەر لـە سـەرەتاوە جێـگای گومـان و وتووێـژ بـووە، ئەمـەش بووەتـە مایـەی ئـەوەی چەنـد ئاراسـتە و ڕێبازێکـی جیـاواز (کـە هەندێـک جـار) لـە یەکتـری چوونـە سـەنگەرەوە، هـەر لـە فیقهـەوە تاوەکـوو شـەرع و بنەماکانـی ئاییـن و زانسـتی کـەلام پەیـدا ببـن، ئـەوەی لێـرەدا سـەرنج ڕادەکێشـی، لـە خاریجییـەکان بـەدەر (ڕێبـازی خـەوارج) ئەوانـی تـر کـەم تـا زۆر، ئەگەرچـی سـتەم و بـێ دادی دەوڵەتەکەیـان لەبەرچـاو بـووە، داوایـان کـردووە، لەپێنـاوی بـە یەکگرتوویـی مانـەوەی (ئوممـەت) پێویسـتە لـە گشـت ڕەوشـێکدا مـرۆڤ ملکەچـی خـاوەن دەسـەڵاتداربێ، ئیتـر ئـەو دەسـەڵاتدارە، خەلیفـە، میـر، وەلـی بێـت!! تەنیـا کاتێـک دەکرێ کـە میر، خەلیفـە، لاببرێ کە نەسـاغ بێ، یان نەخۆشـییەکی ژیریـی هەبـێ و نەتوانـێ کاروبارەکانـی دەوڵـەت بەڕێوەببـات.

ڕاسـتە باسـی هەڵبـژاردن (بەیعـە) کـراوە، بـەڵام چ هەڵبژاردنێـک؟! تەنیـا چینـی دەسـتەبژێر

(ئەهلی حەل و عەقد) ئەو مافەیان هەیە، نەک تێکڕای میللەت! ئەو چینەش هیچ کاتێک بڕیاری داد و ئازادانەیان نەداوە کە سوود و قازانجی ئوممەتی تێدا بێ! ئەگەر تاک و تەرایان هەڵوێستێکی نواندبێ بەدڵی خەلیفە- میر- سوڵتان نەبووبێ، ئەگەر تەمبێش نەکرابێ بە مەرەیەک براوە بێ دەنگ بێ!

- ئیسلام وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی - مێژوویی بەپێی سروشتەکەی ئایینە، باوەڕ و بڕوایە (عەقیدە و ئیمان) دوو دەقی هەیە: قورئان و سوننە کە هیچ کاتێک دەرفەتی گۆڕان بە هیچ بارێکدا نادەن، بۆیە بابەتی لێکدانەوەی دەقەکان (تەفسیر) پەیدا بووە و سەرئاو کەوتووە. لەوە بەولاوە - لە چوارچێوە هەمەکییەکەی - ئایینەکەدا هیچ دەستپێشخەرییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێ.

سێ: دروست بوونی دەوڵەتی ئایینی کە بەبێ چەند و چۆن خەلیفەکە و سوڵتان و میر و کاربەدەستانی دەسەڵاتدار عەرەب بوون، لەلایەن میللەتە موسڵمانەکانی ترەوە کە عەرەب نەبوون، بە تایبەتی (ئێرانی ئەوسا) پەسند نەبووە و بە ڕێگا و شێوازی جۆراوجۆر و جیاواز بەربەرەکانی کراوە و بەگژیدا چوونەتەوە. پەیدابوونی بزووتنەوەی ناسراو بە (شعوبییەت) ڕاستی ئەو بۆچوونە پشت ڕاست دەکاتەوە. پرۆفیسۆر دوکتۆر قاسم غەنی لە شاکاری (تاریخ تصوف در ایران) (٦) بە ڕێکوپێکی ئەو لایەنەی ڕوون کردووەتەوە و گوتوویەتی: لە شەڕی مان و نەمان دژی داگیرکەرەکان (مەبەستی عەرەبەکانە) شکاین و سەرنەکەوتین، بۆیە پشتمان کردە ژیان و دنیا و لێرەوە ڕێبازی سۆفێتی (تصوف) سەری هەڵداوە.

ئەگەر شعوبییەت ڕکابەریکردنی دەسەڵاتی عەرەب بووبێ، ئیتر بە نووسین، یان بەهێزی چەکدار، شیروتیر، ڕەهەندێکی دیکەی پشت کردنە دنیا بووبێ کە بە ئاشکرا پەسند نەکردنی ئەو ڕەوشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییە بووە کە عەرەبەکان بە ناوی ئایینەوە سەپاندبوویان، دووخاڵ جێگیر دەکات:

:- کۆمەڵگە دامەزراو و ئۆرگانێکی زیندووە بە سووک و ئاسانی شتی لە دەرەوە هاتوو و هاوردەکراو وەک خۆی ناکرێ بەسەریدا بسەپێنرێ! یان دەبێ ئەو دیاردە - شتە هاوردەکراوە گۆڕانی بەسەردابێت، یان ئەوەتا بەربەرەکانی دەکرێ! دوور نییە گازندەیەک لە شێوەی پرسیارێکدا سەرئاو بکەوێ:

ئەو قسەیە لەگەڵ ئایینی ئیسلام و مەسیحیدا نایەتەوە، لە هەر ئایینە بە جیا ڕەوش و دیاردەیەکی تایبەتی کەوتووەتەوە:

- ئیسلام کۆمەڵگەکانی سەرتاپا گۆڕیوە بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بگونجێن. ئەوەتا کۆمەڵگەی فارس و تورک و عەرەب لە زمانەکەیان بەولاوە چییان ماوە، هەر لە لەدایک بوونەوە تاوەکوو مردن شوێنەوار و کاریگەریی دەستی بە عەرەب کردنی پێوە دیارنەبێ! لە ڕاستی دوور ناکەوینەوە ئەگەر بڵێین: تەنیا هەر کۆمەڵگەی موسڵمانی تورکی و فارسی و کوردی هەیە!

: بە پێچەوانەوە مەسیحییەت لە ئەورووپا دوای چەند سەدەیەکی هەژموونی تەفروتونا کارانە، ناچار بوو خۆی بگۆڕێ، تاوەکوو لەگەڵ کۆمەڵگەکاندا بێتەوە، بۆیە ناکرێ بڕیاری گشتی- هەمەکی بدرێ، دەبێ لە هەموو ڕەوش و هەلومەرج و دیاردەیەکدا وردەکارییەکان - هەندەکییەکان- لەبەرچاو بگیرێن.

**چوار:** سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی لە نێو ئەو میللەتانەی عەرەب نەبوون و بوون بە موسڵمان، سەر قافڵەی ئەو بزووتنەوەیە فارسەکان بوون.

نووسینی شاکاری (شاهنامە)ی فیردەوسی بەڵگەی ڕاستی ئەو بۆچوونەیە، بەلای میللەتانی ترەوە (مەبەست زانای ئایینی و ئەدیب و ڕۆشنبیرەکانیان)ـە لە زمانی عەرەبی بەولاوە، ئایینەکە هیچ پێوەندییەکی تری تایبەتی بە عەرەبەوە نەبووە، هەروەها لە بڵاوکردنەوەی ئایینەکەش بەولاوە هیچی تریان نەکردووە و لە دەست نەهاتووە، ئەوەتا عەرەبەکان (لە دەرەوەی دوورگەی عەرەب) لە فارسەوە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و دەوڵەت فێربوون، فارسەکان هەر لە سەردەمی عەبباسییەکانەوە سەرخانی ئایینەکەیان ڕەنگ ڕشتووە (فیقهو شەریعەت و بنەماکانی ئایین - ئسوڵ - و لێکدانەوەی دەقەکان - تەفسیر - دانانی مێژوو تۆمارکردن و نووسینەوەی...)، ئەوجا هەر عەرەبەکان لە یۆنان و ڕۆمەکانەوە فێری فەلسەفە و زانست و قانوون بوون و لایان ڕوون بووەتەوە چۆن ئەبستراکت و لۆجکیانە دەکرێ بیربکەنەوە، کەچی میللەتانی دیکە موسڵمانیان لە هەموو شتێک بێ بەش کردووە و پشکی شێریان بۆ خۆیان داناوە! کەواتە چۆن عەرەبەکان لەو بڕیارەی ئایین تێگەیشتوون کە (انە ذکر للعالمین)؟!

ئەگەر میللەتانی تر کە عەرەب نەبوون، بە گەرمی باوەشیان بۆ ئایینەکە کردبێتەوە و بە شانازییەوە بەرەو پیری چووبن، دوو بابەتیان لەبیر نەچووەتەوە:

- فارسەکان هەستیان بەوە کردووە کە سەربەخۆیی جارانیان لە دەست داوە و هەڕەشەی لەناوچوونی زمان و کولتوور و نەتەوەکەیان لەسەرە، زۆربەی زۆری ئەو بنەمایانەی ئایینەکە لەلایەن عەرەبە دەسەڵاتدارەکانەوە جێبەجێ ناکرێ، بۆیە وەک میللەتێکی موسڵمان حەزیان کردووە و ویستوویانە:

- خۆیان کاروباری خۆیان بەڕێوە بەرن (٧) و حوکمی خۆیان بکەن، نەک بەناوی ئایینەوە ژێردەستەی نەتەوە و میللەتێکی تر بن.

٦- بەو پێیە تێکڕای ئەو کێشانەی لە دەڤەر و قەڵەمڕەوی ئەو وڵاتانە سەرئاوکەوتوون کە لەژێر دەسەڵاتی ئیسلام (عەرەب)دا بوون و بەناوی ئایینەوە حوکمڕانی کراون لە سیاسی بەولاوە هیچی تر نەبوون، بۆیە دەکرێ بگوترێ تاوەکوو کۆتایی یەکەمین جەنگی جیهان ئەو کێشانە هەر بە گەرموگوڕی ماونەتەوە و چارەسەر نەکراون.

- ئەگەر سەردەمی ئێرانی سەفەوی لەو ڕەوتە مێژووییە بەدەربگیرێ، کە مەزهەبی شیعە بەسەر میللەتانی ئێراندا سەپێنراوە، بە تایبەتی فارس و ئازەری، دەرکەوتنی هەژموون و دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانی ستەم و زەبر و زەنگی عوسمانی بەناوی ئایینەوە، تاوەکوو کۆتایی یەکەمین جەنگی جیهان ١٩١٣- ١٩١٦ز و کۆتایی هاتنی ئەو دەسەڵاتە تۆتالیتێرە دژ بە مرۆڤە، پتر لە جاران ئایین کراوە بە ئامرازی سیاسی درێژەدان و مانەوە و پاراستنی ئەو دەسەڵاتە ناهەموارەی تورکی عوسمانلی و ڕەوادان بە حوکمی سوڵتانەکان و تەخت و تاراجیان، لەوەش سەیرتر خەڵکی سادە و ساکاریان وا تەفرە داوە کە یاخی بوون لە دەسەڵاتی سوڵتان، یاخی بوونە لە خوا. سوڵتان خەلیفەی خوایە لەسەر زەوی، ئەو ڕاستییە بە تەواوەتی زیندەبەچاڵ کراوە کە (ئیسلام پەیامە و سیاسەت و حوکمڕانی نییە و ئایینە دەوڵەت نییە) (٨) ڕاستە پەیامی ئایینی بەبێ ڕابەرێکی دەسەڵاتدار نابێ و ناگونجێ، بەڵام ئەو دەسەڵاتە ناکرێ بە هیچ پێوەرێک لەگەڵ دەسەڵاتی خەلیفە و پاشا و شا و سوڵتان و میرە ستەمکارەکان بخزێتە نێو دوو تای یەک

تـەرازووەوە و بـە یەکـەوە بـەراورد بکرێـن. لـە کاتێکدا ڕابـەری ئیسـلام خۆشەویسـت و جێـگای ڕێزلێنـان بـووە، نەفـرەت لـەو میـر و شـا و سوڵتانانە کراوە کە بەناوی ئایینـەوە حوکمڕانی وڵاتانیـان کـردووە و خەڵکیـان چەوسـاندووەتەوە.

٧- بـەو پێیـە، پشـت ئەسـتوور بـەو خاڵانـەی بـاس کـران، ئەوجـا هەڵوەشـانەوەی بەنـاوی (خەلافەتـی) عوسـمانی و گەشـەکردنی هەسـت و دەوڵەتـی نەتـەوە و بەرپابوونـی شۆڕشـی فەڕەنسـا (پێشـتر سـاڵی ١٧٨٩ز) لـە پاریـس و بڵاوبوونـەوەی دروشـمەکانی و هاتنـی ناپلیـۆن بۆناپـارت بـۆ میسـر و داگیرکردنـی، بوونەتـە مایـەی دەرکەوتنـی چەنـد کەسـانێک (ڕابەرێـک) وەڵامـی ئـەو پرسـیارە بدەنـەوە کـە دواتـر (شـەکیب ئەرسـەلان) لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتدا کردوویەتـی: بۆچـی ئەوروپـای مەسـیحی پێـش کـەوت و ئـەو گەشـەیەی کـرد و کولتـوور و شارستانیەتی بنیـاد نـا، کەچی جیهانـی ئیسـلامی هـەر بەدواکەوتوویـی ماوەتـەوە و لـە جێـگای خۆیـدا قەتیـس مـاوە؟! هۆکارەکـەی دەچێتـەوە سـەر چ بنەمایـەک؟! ئایین، یـان مـرۆڤ خـۆی؟!

- ئـەو ڕابەرانـە بـە تەواوەتـی لـەوە دڵنیابـوون کـە پشـت بەسـتنی دەوڵـەت و کارمەندانـی بـۆ بەڕێوەبردنـی (حوکمڕانـی کردنـی) کۆمەڵگـە و میللـەت لـە هیـچ جێـگا و کات و سـەردەمێکدا لەگـەڵ سروشـتی ئایینەکـە نەگونجـاوە و تەبـا نەبووە، بگرە لەگـەڵ خەسـڵەتی ژیری مرۆڤیش نەهاتووەتـەوە و بـە پێچەوانـەوە بـووە.

- ئـەو ڕابەرانـە بـە تەواوەتـی هەسـتیان بـەو تەنگژەیـە کـردووە، بگـرە لەگەڵیـدا ژیـاون کـە چنگـی لـە بینەقاقـای تـاک و کۆمەڵگـە قایـم کـردووە، بـەڵام لـە جـۆری تاووتووکردنـی و شـێوازی ڕووبەڕووبوونـەوەی و یەکلایـی کردنـەوە بـوون بـە سـێ ئاراسـتەی لـە یەکتـری جیـاواز.

لەگـەڵ ئەوەشـدا لارییـان لـەوە نەبـووە کـە لـە وڵاتانـی موسـڵماندا تاوەکـوو سـەردەمی ئـەوان، نەخشـەڕێگای پەرەسـەندن و گەشـەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتـی ئەگـەر بیـری لـێ کرابێتـەوە، هەوڵی ڕەنگڕشـتنی بەڕێکوپێکـی نـەدراوە. ئـەو کـەس و چیـن و توێژانـەی کاروبـاری بەڕێوەبردنـی کۆمەڵگە و دەوڵەتیـان بەدەسـت بـووە لـە پاراسـتنی کورسـی و سـوود و قازانجـی خۆیـان بـەولاوە خەمـی شـتێکی دیکەیـان نەبـووە، سـەرباری ئـەم دوو خاڵـە نـەزم و ڕژێـم و سیسـتمی جیهانـی بـە تایبەتـی ڕۆژئـاوا تەنیـا مەبەسـتیان داگیرکردنـی وڵاتانـی ڕۆژهـەڵات و بەرژەوەنـدی تایبەتـی خۆیـان بـووە، ئیتـر دەکـرێ ئـەو سـێ ئاراسـتەیەی گۆڕان - چاکسازی بـەو جـۆرە پۆلێـن بکرێـن، ئەگەرچی لـە هەرسـێک ئاراسـتەکەدا لـە بـێ ئومێـدی و دەسـتخەڕۆیی بـەولاوە شـتێکی تـر نەکەوتووەتـەوە کـە هەسـتی پـێ بکـرێ:

**یـەک:** ئـەو ئاراسـتەیەی بـە سـەلەفی ناسـراوە، بـە هەمـوو جۆرێـک تاقیکردنـەوە و کولتـووری هەمەڕەنگـی ئەوروپـا ڕەت دەکاتـەوە و بـە گومڕایـی و (بدعـە)ی دادەنـێ. وای بـۆ دەچـێ کـە کێشـەکە لـە بەلاڕێدابردنـی بنەماکانـی ئاییـن و دوورکەوتنەوە لەو ڕاستییانە و (هەقیقەتە) کە سرووش (وەحی) ڕەببانـی بـۆ موسـڵمانانی نـاردووە و داوا دەکات کـە شـەریعەت دەبـێ بەگشـت وردەکارییەکانییـەوە جێبەجـێ بکـرێ، ئیتـر گەڕانـەوە بـۆ سـەرچاوەی ئایینـی ئیسـلامی ڕاسـتەقینە دەسـتەبەری چارەسـەرکردنی ڕاستودروسـتی کێشـەکان دەبـێ. (٩)

**دوو:** ئەو ئاراسـتەیە، تاقیکردنەوە سەرکەوتووەکەی ئەوروپـا بـە سـەرچاوەیەکی بەپێـزی پێشـکەوتن دەزانـێ و داوای پەیڕەوکردنـی دەکات و پـێ لەسـەر چاکسـازی سیاسـی و پـەروەردە و خوێنـدن دادەگرێ.

**سـێ:** ئاراسـتەیەکە ڕێگای سـێیەم دەگرێتـە بـەر

و بەلایەوە دەبێ سوود لەو لایەنانەی کولتووری ڕۆژئاوا وەربگیرێ کە لەگەڵ ڕەوشی ئایین و دۆخی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتدا دەگونجێ و چاوخشاندنەوە و سەرلەنوێ لێکدانەوەی کولتوور و دەقەکان بە پێویست دەزانێ.

- تاقیکردنەوەکانی ژیانی ڕۆژانە و ڕەوشی هەڵکەوتی لە ئازادابوو ساغیان کردەوە کە ئاراستەی یەکەم لە ئاسنی سارد کوتانەوە و بەدواکەوتنی کڵاوی بابردوو هیچی تری لێ شین نەبووەتەوە، جگە لەوەی لە هەندێک باڵیدا گرووپی توندڕەوی لێ کەوتووەتەوە.

- ئاراستەی دووەمیش ڕەوش و دۆخی ڕاستەقینەی لە ئازادابووی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی قەڵەمڕەوی ئیسلام بە هەند وەرناگرێ و دەکرێ بە (نا واقیعی) ناوببرێ. تایبەتمەندی میللەتان و وڵاتەکانیان پشتگوێ دەخات.

- ئاراستەی سێیەم کە داوای نوێکردنەوە و بووژاندنەوە دەکات، ئەو لایەنە گرنگە لەبەرچاو ناگرێ کە ئەگەر دەقەکان بە جۆرێک شرۆڤە بکرێن تا چەند ئەم کارە کار لە ژیان و بیرکردنەوەی تاکی کۆمەڵگە دەکات؟!

لەو کەشوهەوایەدا چەند ڕابەرێک لە گۆڕەپانەکەدا دەرکەوتوون و هەوڵیان داوە بە شێواز و ئاراستەی جیاواز گۆڕان لە ژیان و کۆمەڵگەی موسڵماناندا بکەن و هەندێک لایەن نوێ بکەنەوە و لە کایەی تردا چاکسازی بکەن لەمانە:

یەک: جەمالەدینی ئەفغانی.

دوو: محەمەد عەبدو=ە.

سێ: شێخ عەلی عەبدولڕەزاق

چوار: محەمەد ئیقبال.

پێنج: عەبدولکەریم سرووش.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

١ - ابن خلدون: المقدمة، دارالشرق العربي، لبنان - بيروت، ٢٠٠٤م، ص٥٣٤: من الغريب الواقع أن حملة العلم في الملة الاسلامية أكثرهم الحجم (وليس في العرب حملة علم) لا في العلوم الشرعية ولا في العلوم العقلية، إلا في القليل النادر، وإن كان منهم العربي في نسبه فهو أعجمي في لغته ومرباه و مشيخته!

٢ - حەدیسە قودسییەکە بە زمانی عەرەبی بەم جۆرەیە: خوا فەرموویەتی: (كنت كنزا مخفيا فأردت أن أعرف فخلقت الخلق فبه عرفوني).

٣ - لە کتێبی: فەلسەفەی زانستی کەلام، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٤٨، بە تێروتەسەلی ئەو تیۆرییەمان تاووتوو کردووە.

٤ - احمد امين: ضحى الاسلام، بيروت، ٢٠٠٤، ص١٣، وفي اماكن آخرى.

٥ - فريتس شتيپات: الاسلام شريكا، (المسلم والسلطة)، ترجمة: عبدالغفار مكاوي، عالم المعرفة، الكويت ٢٠٠٤، ص١٦٣، وفي اماكن آخرى.

٦ - ئەو شاکارە کراوە بە عەرەبی: بڕوانە:

قاسم غني: تأريخ التصوف في ايران، ترجمة: صادق نشأت، القاهرة، مكتبة النهضة العالمية، ١٩٧٠م.

٧ - ئەحمەد ئەمین: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣ و لە چەند شوێنێکی تردا.

٨ - الشيخ علي عبدالرزاق: الاسلام و اصول الحكم، بيروت، ١٩٧٢، ص١٥٤.

٩ - فريتس شتيپات: سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢.

# ڕازی دەق

حەمەکەریم عارف
(سلێمانی)

(١)

دەق، بـە خوێندنـەوەوە زینـدووە و لەگـەڵ هـەر خوێندنەوەیەکدا تـازە دەبێتـەوە و دووبـارە لە دایک دەبێتـەوە، دەقـی داخـراو و دەقـی کـراوە هەیـە، لـە دەقـی داخـراودا تـاک مانایـی باڵادەسـت و زاڵـە و لە دەقـی کـراوەدا، چەنـد مانایـی باڵادەسـت و زاڵـە.. ئەفلاتـوون دەق بـە منداڵێکی سـێوی دەشـوبهێنێت، بابـی ناتوانێـت یارمەتـی بـدات؛ چونکـە نەمـاوە.

ڕاسـتە دەق بابـی نییـە، دەق سـەرەخۆرەیە، کـە لـە دایـک دەبێـت سـەری بابـی دەخـوات، ئیـدی بـەدەم ڕاڤـە و تەئویلـی بەردەوامـەوە تـازە دەبێتـەوە، تازەیـی دەق و زەینـی ڕاڤـەکار (تەئویلـکار) ڕەگیـان لـە چەنـد مانابیدایـە و سـیحری زیندوویەتـی دەق لەمەدایـە، ئەمـە دەگـەڵ بۆچوونـی «مەرگـی نووسـەر»دا بـە تەواوەتی تێک دەکاتـەوە. هەڵبەتـە لێـرەدا پێدڤییـە ئامـاژە بـۆ ئـەوە بکـەم کـە لـە دەقـی هونەریـدا، سـەروکارمان دەگـەڵ داهێنانـی هونەریدایـە، نـەک لەگـەڵ ڕادەی نواندنـەوەی واقیعـدا.. هـەر وشـەیەک کـە دێتـە ناو دەقـەوە، دەگۆڕێـت، ناکرێـت بـە هەمـان چەمـک و ماناکـەی دەرێـی دەقەکـە مامەڵـەی لـە تەکـدا بکرێـت، چونکـە لـە دنیـای دەقەکـەدا، دەکاتـە چـوار ڕێیانـی مانایـان، کاری نووسـەر ئەوەیـە ئیدراکێکـی حسـی تـازە بـە وشـە ببەخشـێت.

لەم حاڵەتەدا دەق بۆ خۆی تەئویل و خوێندنەوەی واقیعێکە، دەبێت خوێنەر مەدلوولەکەی بدۆزێتەوە، واتە دەقی کراوە، حیسابی هونەری بۆ وەرگر و زیرەکی وەرگر دەکات و ڕووبەڕووی جۆرە بۆشاییەکی هونەری دەکاتەوە، کە پێدڤییە ئەو پڕی بکاتەوە و لە میانی ئەم کردە هونەرییەوە بگاتە ئەو لەزەتە ئیستێتیکییەی کە لە هەر دەقێکی کراوەدا پەنهانە.. دەقی داخراو بە شێوەیەکی ئاسۆیی دەڕوات و لە ڕێڕەوی خۆی لانادات، چونکە پێشوەختە نەخشەی کۆتاییەکەی کێشراوە، بەڵام دەقی کراوە و جووڵەی دەقی کراوە، ئاراستە و ڕەهەندی جیاواز وەردەگرێت، بەڵام دەبێت ئەم جووڵەیە لە فەزایەکی ڕۆشنبیریدا ڕێک بخرێت، چونکە لە غیابی ئەم ئەتمۆسفیر و فەزایەدا، دەق دەلالەتەکانی خۆی لەدەست دەدات و دەبێت بە کۆمایەک وشەی ساردوسڕ و بێ مانا، ئیدی دەقی کراوە، لە فەزا ڕۆشنبیرییەکەی خۆیدا دەقێکی فرەڕەهەند و فرەئاستە و بەسەر یەکدا دەکرێتەوە و خوێندنەوەی هەمەجۆر هەڵدەگرێت.

دەق وەک تەوژمێکی ئیستێتیکی سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەیە، ئەرستۆ گوتەنی سەرەتا ئەوەیە هیچی لە پێشەوە نایەت، بەڵام شتی لە دواوە دێت، لێ کۆتایی بە پێچەوانەوە، ئەوەیە شتی لە پێشەوە دێت، بەڵام هیچی لە دواوە نایەت، لێ ناوەڕاست هەم شتی لە پێشەوە دێت و هەم شتی لە پاشەوە دێت، لەبەر ئەوەیە سەرەتا و دەستپێک لە دەقدا بۆ ڕاکێشانی خوێنەر زۆر گرینگە، بۆیە چەند مکوومتر و باڵکێشتر بێت، زیاتر خوێنەر ڕەموودەی دەقەکە دەکات و وای لێ دەکات تا کۆتایی لە خوێندنەوەی دەقەکە بەردەوام بێت، بەڵام سەرەتا و دەستپێکی خراپ و فشەڵ،



**عەبدولقاهر جورجانی**

سیحر و باڵکێشیی دەق بەتاڵ دەکاتەوە و خوێنەر تەوەلا دەکات و ناچێتە ژێرباری قورسی ئەو مانادۆزییەی دەق و خوێندنەوەی دەق دەیخوازێت، ئەو زەمینەیەی بۆ خۆش ناکات، لە دنیای واقیعەوە خۆی بکات بەو دنیا مومکینەدا کە دەقەکە لە خۆی گرتووە. هەڵبەتە هەر دەقێکی هونەری، بەدەم بەدەقبوونەوە، لۆژیکی هونەریی تایبەتی خۆی بەرهەم دێنێت و دەبێت بە گوێرەی ئەو لۆژیکە تایبەتییە خوێندنەوەی بۆ بکرێت، هەڵبەتە سەرەتا و دەستپێک زۆر گرینگە؛ چونکە سەرەتا پردێکە لە نێوان دنیای حەقیقی و دنیای دەقدا. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بگوترێت کە سەرەتا و دەستپێک لە بنیادی کارە هونەرییەکەدا ڕەگەزێکی جیاواز نییە، کە بەجۆرێک مامەڵەی لە تەکدا بکرێت، وەک ئەوەی بنیادێکی سەربەخۆ بێت و بەسەر خۆیدا داخرابێت، بەڵکوو پەیوەستە بە هەموو ڕەگەز و بەشەکانی دیکەی دەقەوە، ئەگەر سەرەتا و

دەستپێک نیهاد بێت، ئەوە دەق گوزارەیەکەیەتی، کە بەسەر چەندان جۆرە دەلالەتدا دەکرێتەوە.. وەک چۆن سەرەتا گرینگە، کۆتاییش، یان هەستکردن بە کۆتاییش لە دەقدا گرینگە، بە تایبەتی لە دەق و ئەدەبیاتی نوێدا؛ چونکە دەق جۆرە ڕیسکێکی نووسینەوانییە، دەلالەتەکانی بە کۆتاییەکەیەوە بەندن، کە لە دەقی تازەدا کۆتایی کراوەیە.. ئیدی دەق پردێکە لە نێوان نووسەر و خوێنەردا؛ خوێنەر چ ئێستا و چ لە ئایندەدا، چ خوێنەری دیار و چ خوێنەری نادیار، دەق کە نووسرا و قاڵبی خۆی وەرگرت، لەباری خوێندنەوەدا، ڕەهەندێکی گوتاری و دەلالی دوورتر لە زەمانی خۆی وەردەگرێت.

هەڵبەتە سیحری دەقی هونەری لە ناوەوەی دەقەکەدا پەنهانە، دەبێت وەرگر لە ناو دەقەکەدا بۆی بگەڕێت، نەک لە دەرەوەی دەقەکە. وشە کە دێتە ناو دەقەوە، ئیدی وشەکەی جاران نییە، حاڵەتێکی میتافۆری دەلالەتیی هونەری وەردەگرێت و دەبێت بە چوار ڕێیانی مانایان، بۆیە هەر خوێندنەوەیەک، دەکاتە سەفەرێکی ئەفسووناوی بە قەڵەمڕەوی مانادا، ئیدی لەم پێودانگەوە، لە دەقی کراوەدا، گۆنگی فیلیڤانی زەرووەت پەیدا دەکات و جادوویەکی ئیستێتیکی پێ دەبەخشێت.. هەڵبەتە دەق دەشێت ڕستەیەک بێت، دەشێت کتێبێک بێت، بۆ نموونە پەندی پێشینان و قسەی نەستەق دەقن.. دەقی کراوە هەمیشە بەسەر فرە ماناییدا کراوەیە، تازەبوونەوەکەشی لەو چەند مانایی و فرە کرانەوەییەدایە، واتە دەشێت بەو نەفەسەوە مامەڵە دەگەڵ دەقدا بکرێت کە بەرهەمێکی سیمایی بارگاوی بە مانایانە.

لێرەدا دووانەی دال و مەدلوول دێتە ئاراوە، دال مەفهوومە و مەدلوول، ماکی مەبەست و گوزارشتەکەیە و دۆزینەوەی لە سەر خوێنەر و وەرگرە، بۆیە کارکردن لە سەر زمان و بە زمان لە چوارچێوەی دەقی ئەدەبیدا زۆر زەرووری و پێدڤییە؛ چونکە وەک دەگوترێت هەر کارێکی فیلیڤانی، بوویەرێکی گرینگە لە ژیانی ئەو زمانەدا، چونکە داڕشتنەوەی نوێ بۆ ئەو زمانە دەکات، چەندان جۆرە شێوازی گوزارشتەوانی تازەی لێ دروست دەکات و وشە و مانایەک پەیدا دەکات کە پێشتر ئەو مانا و چەمکەی نەبووە.. ئیدی لە میانی دەقەوە، پێوەندی دال بە مەدلوولەوە بەرجەستە دەبێت. بەم پێیە دەق دەکاتە سیستمێکی زمانی و بەدەم بەدەقبوونەوە یاسا و ڕێسای خۆی و میکانیزمی تایبەتی خۆی بەرهەم دێنێت، کەواتە دەق یەکێکە لە تەجەلیاتەکانی زمان، چونکە دەقی ئەدەبی بەو زمانە دێتە بەرهەمهێنان کە وەک ئەوزاری گوزارشت بەکاری دێنێت.

کەواتە زمان بۆ ئەدەب و لە ئەدەبدا هەم ئامرازە و هەم ئامانجە، واتە دەق، بە زمان و لە ناو زمان و لە ڕێگەی زمانەوە کار بۆ کەشفکردنی تایبەتمەندی و ئیمکاناتە گوزارشتەوانییە پەنهانەکانی زمان و ڕێکخستنەوەی یەکە زمانەوانییەکان دەکات، نەک هەر مانای تازە، بەڵکوو وشەی تازەش بەرهەم دێنێت، دەق بە زمان کار دەکات و زمان بەرهەم دێنێت، دەق کە زمان بەکار دێنێت، توانستە گوزارشتەوانییەکانی ئەو زمانە بەرجەستە دەکات، هێما و ڕەمزەکانی دەخاتە گەڕ و لە بەکارهێنانی ئاسایی وەزیفییەوە، بۆ گوزارشتی ئیستێتیکی دەگوێزێتەوە.

لەزەتی دەق نووس لەوەدایە بەدەم چێبوونی دەقەکەوە کۆمەڵێک پێوەندی تازەی زمانەوانی کەشف دەکات و دەلالەتێن تازە بەرهەم دەهێنێت، بۆیە خوێندنەوەی دەق پێویستی بە زانینی

جفرەکانی زمان و میکانیزمی گواستنەوەی گوتارە لە نێرەرەوە بۆ نێردراو. دەق، بە حوکمی ئەوەی بەرهەمێکی زمانەوانییە و بە زمان بەرهەم هاتووە، هەم بە زمان و هەم لە ڕێگەی زمانەوە دەلالەتە فیلیڤانییەکانی دێتە کەشفکردن.

(٢)

بابەتی دەق، هەموو دنیایە، بەڵام بابەتی خوێندنەوە و ڕاڤە خودی دەقەکەیە، دەق بۆ خۆی بەرهەمێکی زمانەوانییە، بە زمان بەرهەم هاتووە؛ خوێندنەوە و تەئویلی واقیعێکە. هەر بە زمان و لە ڕێگەی زمانەوە دەلالەتە فیلیڤانییەکانی دێتە کەشفکردن، لێرەدا دوو زمان دێتە ئاراوە، زمانی یەکەم زمانی خودی دەقە ئەدەبییەکەیە کە بابەتەکەی هەموو دنیایە و زمانی دووەم، زمانی خوێندنەوە و ڕاڤەی دەقەکەیە، کە لە بنەڕەتدا دەکاتە کەشفی مانا، کە بابەتەکەی دەکاتە زمانی یەکەم، نەک هەموو دنیا، واتە ئەنجامی ئەم هاوکێشە و چالاکییە ڕۆشنبیرییە دەکاتە خوێندنەوەی خوێندنەوە.. کە هەردووکیان بە زمان و لە ڕێگەی زمانەوە بەرهەم دەهێنرێن، بابەتی زمانی یەکەم، واتە دەقەکە هەموو دنیایە، بەڵام بابەتی زمانی دووەم (خوێندنەوە و ڕاڤە) زمانی یەکەمە.. بەم پێودانگە زمانی دووەم، ناتوانێت لە دەرێی زمانی یەکەمدا مومارەسەی خۆی بکات، واتە زمانی دووەم (میتا زمان) سەروکاری دەگەڵ دەلالەت و پێکهاتە و دەنگ و ڕەنگی زمانی یەکەمدا هەیە، هەمیشە دەقی ئەدەبی لە پێش دەقی ڕەخنەوانییەوە دێت و دەقی ڕەخنەوانی بەبێ دەقی ئەدەبی چێ نابێت. بەم پێیە دەقی ئەدەبی نووسینە و دەقی ڕەخنەوانی خوێندنەوە و ڕاڤەی دەقە ئەدەبییەکەیە. هەڵبەتە وەرگر (خوێنەر و ڕەخنەگر) نابێت ئەوە فەرامۆش بکەن کە ئەدەب لە بنەڕەتدا ڕەمزاندنی واقیع و هەڵوێستەکانە، دەقی ئەدەبی کێڵگەیەکی ئەفسووناوییە بە چەندان جۆرە ڕەمز و ڕاز، مانا و دەلالەتان تۆو دراوە، پڕە لە نهێنی هونەری و هەر بن دێڕێکی بارگاوییە بە چەندان جۆرە ڕازی ئیستێتیکی، بۆیە ئەرکی خوێندنەوە (ڕەخنە و ڕاڤە) تەنیا دووبارە کردنەوەی گوتاری دەقەکە نییە، بەڵکوو تێدەپەڕێت بۆ ئەوەی نەوتراوەکانی گوتاری دەقەکەش بدۆزێتەوە و لە نەسەقێکی زمانەوانی نوێدا، هەموو دەلالەتەکان ڕێک بخاتەوە و پەردە لەسەر گۆنگی ڕەمزەکانی لاببات و دەنگی ڕاستەقینەی دەقەکە لە ناوەوەی دەقەکەوە، بەرجەستە و کەشف بکات، چونکە دەقی ئەدەبی ڕاستەقینە، ئەوەندەی لە خەمی دەقایەتی خۆیدایە، کە دەکاتە دەنگ و ناسنامەی دەقەکە، نابێت لە خەمی ئایدیۆلۆژیابازی و دروشمبازیدا بێت، چونکە بەوە هەژموونی ڕەهای دەقایەتی لە دەست دەدات، ئیدی بەمە ڕێگە بۆ ئەو ڕەخنە و خوێندنەوە لامسەرلاییانە دەکاتەوە کە لە دەرێی دەقەکەوە بەسەریدا دەسەپێنرێت و دەقە ڕەخنەوانییەکە، لە بابەتە سەرەکییەکەی خۆی کە زمانی دەقەکەیە دوور دەکەوێتەوە و نابێت بەو کلیلەی، کۆدە هونەرییەکانی دنیا ئەفسووناوییەکەی دەقەکەی پێ بکرێتەوە و هیچ هاوسەنگییەک لە نێوان زمانی یەکەم و دووەمدا نامێنێت. لەم حاڵەدا زمانی دووەم هیچ دەلالەتێکی تازەی دەقە ئەدەبییەکەی پێ کەشف ناکرێت، زیاتر دەکاتە دەنگدانەوەی ڕەخنەگر تا ڕەنگدانەوەی دەقە ئەدەبییەکە. لە کاتێکدا دەقی کراوە؛ فرە ڕەهەند، ئەو دەقەی چ لە سەردەمی خۆیدا و چ لە سەردەمانی پاشتردا خوێندنەوەی جیاواز

و هەمەجۆر هەڵدەگرێت. لە خەمی چارەسەری هیچ کێشەیەکدا، یان هەڤرکی هیچ گوتارێکی ئایدیۆلۆژی دیاریکراودا نییە، بەڵام زیاتر لە خەمی پەیداکردنی ئەدەبییەت و دەقایەتی خۆیدایە و لە ڕێگەی هێماوە ئاماژە بۆ دنیا دەلالی و ئیستێتیکییەکەی دەق دەکات؛ بەبێ ئەوەی جەوهەر و حەقیقەتی ڕەهای دەقەکە کەشف بکات، چونکە چ حەقیقەتێکی حەدی و ڕەها نییە تا دەقی ئەدەبی کەشفی بکات، بەڵکوو جۆرێک بینین هەیە، لە دەقی کراوەدا، هەوڵی ئەوە دەدرێت، هونەرییانە مامەڵە لەگەڵ ئەمری واقیعدا بە ئاراستەی ئەمری مومکیندا بکرێت.

هەڵبەتە دەبێت ئەوەش بگوترێت کە لەزەتی ئیستێتیکی هەر دەقێک، دەقی کراوە لەو مقاوەمەتەدایە، کە هەر دەقێک لە هەنبەر هەر خوێندنەوە و هەر خوێنەرێکدا دەینوێنێت. دەق لە نووسیندا و بە نووسین دێتە بەرهەم، واتە حازر و غایب دەدوێنێت، لە هەموو شوێن و کاتێکدا، لە سەردەمی خۆی و پاشتریشدا دەخوێنرێتەوە، چەند ئاراستەی خوێنەری حازرە، ئەوەندە و زیاتریش ئاراستەی خوێنەری ئیحتیمالییە، بەڵام قسە و زمانی زارەکی لە گوێگر تێناپەڕێت، واتە دەق، جۆرە دۆمدارییەک پەیدا دەکات، کە سنووری کات و شوێن تێدەپەڕێنێت و بە نەمانی نووسەر، یان وەرگرەکەی لەناو ناچێت، ئەوجا دەق بە حوکمی ئەوەی بە نووسین و لە نووسیندا بەرجەستە دەبێت و ئەدەبییەت و دەقایەتی پەیدا دەکات، دەکاتە خوێندنەوەیەکی هونەری بۆ بابەتی نووسینەکە، لەم حاڵەدا، خوێندنەوە و ڕاڤەی دەق، دەکاتە خوێندنەوەی خوێندنەوە؛ خوێندنەوەیەکی بە ئینساف و بێ لایەنانە..

نووسین دەکاتە کۆمەڵێک نیشانە و میکانیزمی تایبەتی و خوێندنەوەی جیاواز و جۆراوجۆری لێ دەکەوێتەوە؛ خوێندنەوە دەکاتە زادە و بەرهەمی نووسین. دەقی کراوە، هێما ئامێزە، ئاماژە بۆ مانا دەکات، بەڵام بە پاککراوی مانات ناخاتە بەردەست، بۆیە خوێندنەوە دەکاتە کەشفی مانا؛ بەتایبەتی مانا دوورەکان، واتە دەبێت بەو نەفەسەوە مامەڵە دەگەڵ دەقی ئەدەبی بکرێت. عەبدولقاهر جورجانی گوتەنی کە کانگەیەکە لە دەلالەتێن لە بن نەهاتگ.. هەر دەقێکی ئەدەبی؛ دەقی کراوە، لە هەنبەر خوێندنەوە و خوێنەردا، مقاوەمەتی نەکرد، دەبێت گومان لە گۆنگییە فیلیڤانی و ئیستێتیکییەکەی و ڕازە هونەرییەکەی بکرێت، واتە گومان لە ئەدەبییەت و هونەرییەتەکەی، کە جەوهەری دەقی ئەدەبییە، بکرێت..

تەنیا دەقی ئەدەبی کراوە تەئویل و ڕاڤە، کە هاوتای ڕامان و وردبوونەوەیە، هەڵدەگرێت؛ هەموو تەئویلێک ڕەگی لە درایەتدایە، بۆیە لەزەتی خوێندنەوە لەو مقاوەمەتەدایە کە دەقەکە نیشانی دەدات، دەقی داخراو، دەقی تاک ئاستە، بە پێچەوانەی دەقی کراوە و فرە ئاستەوە، ئەو لەزەتە بە وەرگر نابەخشێت و لەگەڵ یەکەم خوێندنەوەدا سیحری بەتاڵ دەبێتەوە، واتە وەک چۆن نووسینی فیلیڤانی (دەق) هونەرە، خوێندنەوە و ڕاڤەش بە هەمان ئەندازە و بە مەسئوولیەتی زیاتریشەوە هونەرە و دەبێت هونەرییانە بێت.. بەم پێیە ئەدەبییەتی دەق زۆر گرینگە، چونکە دەق دەکاتە کۆمەڵێک نیشانەی زمانەوانی و ئیستێتیکی و ڕەمز و ڕازی ڕۆشنبیری — هونەری، بۆیە شیکردنەوەی لە ڕوانگەی سیمیائیەتەوە، شرۆڤەکار (خوێنەر و ڕەخنەگر و وەرگر) دەخاتە ناو جەرگەی مومارەسەی سیمیائییەتەوە. نە

ڕەخنەگر لا لە هەموو دەقێک دەکاتەوە و نە هەموو دەقێکیش شایستەی ڕەخنەیە.. دەق بە حوکمی ئەوەی قەوارە و کیانێکی هونەری تایبەتییە و بە دەم بەدەقبوونەوە، بنیادی هونەریی خۆی پەیدا کردووە و لە هەر دەقێکی دی جیای دەکاتەوە، هیچ میتودێکی ڕەخنەوانی ئامادە و پێشوەختە قەبووڵ ناکات و ئەم جۆرە میتودە، نەک مانا و دەلالەتە تایبەتی و هونەری و ڕەمزی و پەنهانەکانی دەق کەشف ناکات، بەڵکوو بەها ئەدەبی و دەلالی و ئیستێتیکییەکانی دەقەکەش بە فیڕۆ دەدات و لەباری دەبات، بۆیە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییە بنیادی و هونەرییەکانی دەق، مەرجە بۆ سەرکەوتنی هەر ڕەخنە و خوێندنەوەیەک، چونکە سەرچاوەی هەر شیکردنەوە و خوێندنەوەیەک خودی دەقەکەیە، بەهەموو دەلالەتە جیاوازەکانییەوە، بە هەموو نەوتەنییەکانییەوە، بەهەموو ئەو بۆشاییە هونەرییانەوە، کە لە سەرانسەری دەقەکەدا بە پەنهانی داچێنراوە، بۆیە دەقی باش؛ دەقی کراوەی فرەئاست، چەند دەلالەتی، چ لە سەردەمی خۆیدا و چ لە سەردەمانی پاشتردا، خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرێت و خوێندنەوەش لە خوێنەری ئاساییەوە بۆ خوێنەری جیددی (ڕەخنەگر) دەگۆڕێت و جیاوازە.. خوێنەری ئاسایی، ئەدەبییەتی دەق لەو لەزەتە ئیستێتیکییەدا دەبینێت کە دەقەکە پێی دەبەخشێت، بەڵام خوێنەری پیشەیی (ڕەخنەگر) عەوداڵی دۆزینەوەی ئەو ڕەگەزە فیلیڤانیانەیە، کە ئەدەبییەت و دەقایەتی دەقەکەیان پێکهێناوە و پێکدێنن، واتە عەوداڵی کەشفی ئاستە دەلالییەکانی دەقە. دەق، لە دەقبووندا، سەربەخۆیی خۆی پەیدا دەکات و نووسەر دەچێتە خانەی مردووەوە. دەق پێوەندی بە خوێنەرەوە پەیدا دەکات.. نووسین، نووسینی فیلیڤانی بۆ خۆی خوێندنەوەیە، ڕەگی لە تەفسیر و تەئویلدایە، پێوەندی هەمیشەیی نێوان دال و مەدلوول دەپارێزێت. لە دەقی کراوەدا زەمەنی خوێندنەوە، زەمەنێکی کراوەیە.


بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

١ – فی معرفة النص، یمنی العید، دار الافاق الجدیدة، بیروت، ١٩٨٥.

٢ – آفرینش و آزادی/ بابک احمدی، تهران، نشر مرکز، چاپ دوم، ١٣٧٨.

٣ – نظریة النص من بنیة المعنی الی سیمائیة الدال. د. حسین خمري، منشورات الاختلاف، الطبعة الاولی ٢٠٠٧

٤ – ساختار و تأویل متن، بابک احمدی، تهران، نشر مرکز، چاپ چهارم ١٣٧٨.

٥ – درامدی بر فرمالیسم در ادبیات/ دکتر قدرت قاسمی پور/ نشر رسش، چاپ اول ١٣٨٦.

٦ – درامدی بر هرمنوتیک در ادبیات/ دکتر نصرالله امامی، نشر رسش، چاپ اول، ١٣٨٦.

# سێ هەنگاوی مەزن

محەمەد ئەدیب
(بۆکان)

ڕۆمـان ژانرێکـی نوێخـوازی نوێبـاوە، کـە لـە چـاو ژانـری شـیعر و دەقـی پەخشـان دەکەوێتـە کەوانێکـی مودێرنتـرەوە. ئـەم ژانـرە بـە نرخـە ئەدەبیاتییـە بـۆ پێشـەنگایەتی کردنـی سـەردەمیانەی ئەدەبیـات و نووسـراوەی ئەدەبـی چـێ کـراوە. مەیدانێکـە بـۆ گێڕانـەوەی ڕووداوەکانـی کۆمەڵگـە لـە چوارچێـوەی دەقێکـی ڕێکوپێـک، بـە تەکتیکـی پێنووسـی نووسـەر. ڕۆمـان دیالۆگی دیالکتیکییەکی لۆژیکانەیە کـە دەمەتەقـێ و دەمەقاڵێـی کۆمەڵگـە دیالیـز و پۆلێنبەنـدی دەکات.

ڕۆمـان لـە چـاو شـیعر و پەخشـان ئازادیـی ڕەهـای هەیـە و قافییـە و چوارچێـوە نایبەسـێتەوە و ئـەو خاڵـە دەبێتـە بەرفرەوانـی دەسـەڵاتی نووسـەر بـۆ ئەفرانـدن و خوڵقاندنـی دەقێکـی سـەرکەوتوو، هـەر بۆیـە ڕۆمـان باشـتر دەتوانـێ بەسـەرهات و ئـازار و خۆشـییەکانی چیـن و توێـژی کۆمەڵگـە باشـتر وەگێـڕێ.

لـە کۆمەڵگـەی کوردیشـدا ژانـری ڕۆمـان وەک باقـی دەقـە ئەدەبـی و هونەرییەکانـی دیکـە بـە تەواوەتـی جێـی خـۆی کردووەتـەوە و ڕەنگاڵەیـی و ڕەهەنـدی هونەریـی بوونـی خـۆی پێـوە دیـارە. زۆر نووسـەری دیـار و گرنگمـان هەبـووە و هەمانـە کـە ڕۆڵ و کاریگـەری پێنووسـیان زۆر بەرچـاو و ڕوونـە و گـرێ مەشـخەڵانی بیـر و زەینیـان نـە

تەنیا لە ئاسمانی ئەدەبیاتی گەلەکەماندا لە درەشانەوەدایە، بەڵکوو کەم نین ئەو قەڵەمە بە هەڵوێست و بە بڕشتانە لە باقی ئەدەبیاتی ناوچە و ئەورووپاشدا دیار و بەرچاون. یەکێک لەو نووسەرە جواننووسانە (جان دۆست)ە. بەرهەمەکانی جان دۆست بۆ زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی و زمانە ناسراوەکانی ئەورووپاش وەرگێڕدراون.

جان دۆست، یان باشترە بڵێین (جان دۆست)ی کۆبانی، کوڕی بنەماڵەیەکی ئایینی/ ئەدەبییە. باوکی مەلا و پێشنوێژی مزگەوت بووە، خاوەن کتێبخانەیەکی باش بوون و لە ماڵیاندا ئۆگرییان بۆ کتێب و موتاڵا کردن هەبووە و وەک خۆی دەڵێ ماڵیان پڕ لە کتێب بووە و براکانی شاعیر بوون. دیارە وەک زۆربەی نووسەرانی دیکە (جان دۆست)یش سەرەتا بە شیعر دەستی پێ کردووە و دواتر لە هەرێمی بلاڤێنی ڕۆمان دەگیرسێتەوە. وەسفی ژیانی فەقێیایەتی و هەڵسوکەوتی گوزەرانی خوێندنی ناو حوجرەی مزگەوتانی ناو ڕۆمانی سێ هەنگاو و سێدارەیەک دەگەڕێتەوە سەر ئاشنایەتی نووسەر لە گەڵ ئەو جۆرە ژیانە، چونکە بە هۆی ئەوەی باوکی مەلا بووە و ئەگەر خۆی فەقێ نەبووبێت لە نزیکەوە فەقێ و گوزەرانی ژیانی ئەوانی دیوە.

ڕۆمانی سێ هەنگاو و سێدارەیەک، ڕۆمانێکی مێژوویییە کە دەکەوێتە قەوارەی ژانری تراژیک. گێڕانەوەی ژیانی سەرکردەیەکی کاریزمای نەتەوەیی کورد، نیشاندانی هێما و پیرۆزییەکانی نەتەوەیەکی چەوساوە، زوڵم و زۆری، داگیرکاری و نیو کلۆنیالیستی ناوچەیی. لە بەرانبەردا خۆڕاگری، کۆڵنەدان و ملکەچ نەکردن بۆ داخوازی داگیرکەری ناحاڵی و لە ئاکامدا



**جان دۆست**

سەربڵندانە خۆ سپاردنە دەست سێدارە، نەک سەردانەواندنی سەرشۆڕانە. ئەوانە چەپکێک لە هێما و کۆدەکانی نێوئاخنی ڕۆمانن. ئەم دەقە لە لایەن (وریا غەفووری)یەوە لە کرمانجییەوە هێنراوەتە سەر زاراوەی کرمانجیی خواروو.

لە کولتووری کوردیدا «سێ» لەگەڵ «حەوت» گرنگییەکی تایبەتییان هەیە، لێرەشدا نووسەر سێ هەنگاوی بۆ ناوی ڕۆمانەکەی دەستنیشان کردووە. سێ هەنگاو، واتە سێ قۆناغ، سێ قات، سێ پەردەی شانۆی ژیان. کورد گوتەنی: یەک کەمە دوو خەمە، سێ خاتر جەمە. ئەو پۆلێنبەندیی تەمەنییە دەبێتە: قۆناغی منداڵی، قۆناغی لاوی، قۆناغی بەرهەم و پوختی تەمەن، واتە پیری و ئەزموونی ژیان. گرنگترین قۆناغ، قۆناغی سێیەمە. لێرەدایە سەرهەڵدان و ڕێکخەری دەگاتە ئاکام و چڵەپۆپە. لە قۆناغی دووەمدا تێک هەڵدەشێلرێ و ئەزموون دەستەبەر دەکرێ و فنداسیۆنی دواڕۆژ پوخت دەکرێ بۆ ئەوەی

قۆناغی سێیەمی لەسەر بنیاد بنرێ.

دەسپێکی ڕۆمان بە وشەی « پرسیار» دەست پێ دەکات. بە شوێن ئەودا «تینوویەتی» هێمای لۆژیک بوونی مرۆڤی خاوەن هەڵوێست و بیرمەندە. «پرسیار، پرسیاری سوێر» و «تینوویەتی» دوو وشەی هەڤاڵ و لفە و دووانەی لێک جیانەبووەوەن و هەتا کۆتایی ڕۆمان پشتی یەک بەر نادەن، واتە دوو وشەی زێڕین و ڕۆڵگێڕی سەرەکی ڕۆمانن. سێیەم کۆد وشەی ڕۆمان «ئەوین»ـە. ئەوین و خۆشەویستی واتای جێگری و بەردەوامی ژیانە. دڵخۆشی و هیوابەخشین بە گوزەری زەمان و ژینی مرۆییە. بە گشتی سێ چوکڵەی پرسیار، تینوویەتی، ئەوین. پێکهێنەری سەرەکی و تێمی زاڵی سەر ڕۆمانە. پرسیار نیشاندەری مرۆڤی خاوەن هەڵوێست و خۆڕاگر و ئەکتیڤە. بە شوێن ئەودا تینوویەتی، هێمایە بۆ داخوازی و بەرفرەوانی مرۆڤی داخوازیکار. لەو بەینەدا ئەوین، واتای ڕەنگاڵەیی ژیانە، بەردەوامی و وەگەڕخستنی ئایدیا و فەلسەفەی بوونی مرۆییە.

پرسیار پێوەری هەڵسەنگاندنە، بە ئاسانی و سادەیی قەبووڵ نەکردنی پێشهات و ڕووداوەکانی ژیانە. بوێری، نەپرینگاندنەوە، خۆ نیشاندان. «پرسیار کلیلی هەموو درگایەکی داخراوە.» و هەر لەو ڕستەی پێش ئەودا دەڵێ: «هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە ئەم کلیلە بکەم بە قوفڵی ئاسماندا.» لاپەڕە ١٠٩.

تینوویەتی، تامەزرۆییە، ئاخ و ئاوات خواستن و ئارەزوومەند بوونە. خۆزگەیەکە بۆ گەیشتن بە خواستی زۆرینە، هەر بۆیە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمان، واتا شێخ سەعید تینوویەتی ناشکێ، تەنانەت هەر بە زمانی وشک و بە تینوویەتییەوە دەستەملانی پەتی سێدارە دەبێ.

پرسیار، چرای ڕوونی ڕێگای ژیانی ڕۆمانە، تەنانەت ئەو پرسیارە هێندە قووڵ دەبێتەوە بەربینگی خاڵق و خوڵقێنەری جیهانیش دەگرێ و لە سێ هەنگاودا پرسیار و تینوویەتییەکەی لە ئاستانەی درگای خودادا دادەنێ.

**هەنگاوی یەکەم:** «ئەمە پەنجا ساڵە تینوویەتی ئەو نیوەڕۆیە بووەتە مشارێک لە گیانی مندا، بووەتە بیابانێک لە دەمی مندا و بە هیچ ئاوێک ناشکێ. بووەتە پرسێکی سوێر کە دەخوازم لە خودای بکەم و لێی ڕانابینم. من لە هەزار کانیی سارد و چەمی ڕەوان و ئەو ئاوی زەمزەمەی حاجییان لە مەککەوە دەیانهێنایەوە ئاوم خواردەوە، لێ تینوویەتیم نەشکا، ئەوەتا ئەو تینوویەتییە هەتا بەر ئەم گوریسە لەگەڵم هاتووە. نە نیگای گوڵی ئارامی چاوەکانت بەر لە مردن و نە ئەم تینوویەتییە گاورەی قوڕگم دەستم لێ هەڵدەگرن.» لاپەڕە ١٢٣.

**هەنگاوی دووەم:** دواتر لە لاپەڕەی ١٢٤دا خێرا بۆی دەردەکەوێ کە تەنیا هیممەت و کرداری پرەکتیکانەی خۆی و گەلە، دەتوانێ وەڵامی پرسیارەکەی بداتەوە و تینوویەتی بشکێنێ: «گیان کە تینوو بوو، خوداش ببێتە میراو (پاراو نابێ) تێر ئاو نابێ.»

**هەنگاوی سێیەم:** دوا هەنگاو و ئاکام و سەرەنجام کە ڕاست دەکەوێتە بەشی کۆتایی ڕۆمان، لێرەدا ڕاوی و بگێڕەوە تووڕەیی بە سەریدا زاڵ دەبێ و ویست و خوازەی دڵ بە سەر حەویقی ئاسماندا دەتەقێتەوە «... دوا نیگای بڕییە گوریسی چەور کراوی گەردنی خۆی، ڕووی کردە ئاسمانی کەڕ و لاڵ، ئاسمانێک کە ئیدی لە پێش چاوەکانی بووبووە گوێزێکی سووتاو(پووچەڵ) و لە سەرەوە هەڵواسراو. شێخ ویستی پرسیارەکەی لە خودا وەک گوێزێک

هەڵداتە سەر گومەزی نوورانی، ئەو گومەزەی خودا لە ژێریدا لە خەوێکی هەمیشەییدا بوو.» لاپەڕە ٢٢١.

پرسیارێک کە تەمەن و زەمەنێک پەنگی خواردبووەوە «... کورسی سێ پێی لە ژێر پێی شێخ دەرکێشا، پرسیاری سوێر لە دەمی وشکیدا بەر لە خۆی خنکا.» لاپەڕە ٢٢٢.

ئەم بڕگەیە ڕاست ڕۆمانی مێشەکەرانەی ئێتیل لیلیان وینچ-مان بیر دەخاتەوە. لە ئێپیزۆدی کۆتایی ڕۆماندا کارەکتەری سەرەکی ڕۆمان، واتە مێشەکەرانە، لە دوا وێستگەی تەمەنیدا، دوای گوللەباران کردنی، بەر لە گیان کەنشت بوونی، ڕوو لە قەشەی گەورەی کڵێسە دەکات و بە تەوسەوە دەڵێ: «پاپا! ئیدی خوداکەت بە دیتنی ئەم دیمەنە دەبێ کەیفی ساز بووبێ!»

ڕۆمان هەڵگری پەیامێکی ئاشنایە. وەرد دانەوەی بیرەوەرییەکی تراژیکی سەدان جار دووپاتەی مێژووییەکی کەکرەییە.

وێژمانی زاڵی ڕۆمان ئەوینە، ئەوین ڕۆچنەیەکی تیشکاوێژە بەرەو ژیانێکی پڕ لە ڕووناکایی و خۆشەویست بوون و دڵگەرمی، واتا هومێد. بەردەوامی ژیان. کاتێ مەرگی دڵتەزێن و سەربڵندانەی شێخ دەبینین، لە دوا بەشی ڕۆماندا بە جێگای ئەوەی خەم داتبگرێ و خەمۆکی ببێتە کونجی تاریک و تنووکی دڵت، دەبینین خەم دەبێتە دڵ فەریحی، نائومێدی بە ڕووی هیوادا دەگۆڕدرێ و پەریخانی ئەوین و گراوێی سەردەمانی لاویەتی شێخ دەردەکەوێ و: «لە ناو ئەم مژ و تاریکییەدا پەریخان لە پشت پەردەیەکی سەوزی خۆری حەوت تیشک لە سەر دەرکەوت. قژی زەردی بڵاوی (پەرێشانی) تەڕ بوو، ئاو لە جلەکانییەوە دەتکێ.» لاپەڕە ٢٢٣.

ئاو لە کولتووری کوردەواریدا هێمای ڕووناکی و بەرچاو ڕوونییە، نیشانەی بەردەوامی ژیانە. نەوەستان و کۆڵ نەدانە. سڵ نەکردن لە وەهمێکی دەروونی و نسکۆی دڕۆیینی داگیرکەرە. نەترسان و شانازی بە وەها مەرگێکەوەیە. مامۆستا هەژار گوتەنی:

**مەرگێک لە ڕێی نیشتمان بێ**
**هەزار ژیانی بە قوربان بێ**
**ئاواش نەبا هەر دەمردم**
**کەسیش یادی نەدەکردم**

پێشتر باسی سێ هەنگاوی دنیای ڕۆمانی گۆڕین کرا. پرسیار- ئەوین- تینوویەتی. لە لایەکی تریشەوە سێدارەیەکی ڕەش، دژ بە مرۆڤ و دژ بە نەتەوەیەک پۆستاڵی ڕەش لە خاک و زێدی تۆدا دەچەقێنن: لۆزان- داگیرکەر - کرمی ناوخۆ.

بە حوکمی دەسەڵاتی ئەنکارە و بە پشتیوانی دمەڵی لۆزان، هەروەها بە چاوساغی کوێر بینانەی کرمی ناوخۆ ئاواتی سەردەمیانەی شێخ سەعید و هاوبیرانی تێک دەشکێنرێ.

بەڵام هیوا هەر دەمێنێ و ئومێد و وره گوڵ دەکات و دەپشکوێ. دوا وتەی ڕۆمان ئومێد بەخشینە «هێدی هێدی ئەو گوێزانەی لە بەر پێڵاوەکانی تلێر دەبوونەوە و دەشکان و تۆزێکی سپییان لێ دەنیشت. ئەم تۆزە سپییە بوو بە ڕووناکییەکی سپی و دەر و دەشتی گرتەوە»

تیشکی ڕۆژ ڕووناکایی و گەرما دەبەخشێتە گیاندار و بوونەوەر. لێرەشدا هیوا و دڵگەرمی و نەپرینگاندنەوە و سڵ نەکردن لە مەرگ و شکست دەخاتە بەرچاو، هەر واشە. دەبینین لە دوای سەرهەڵدان و ڕاسانی شێخ سەعید دەیان گڕکانی بە جۆشوخرۆشی لێ کەوتووەتەوە.

«پەریخان» چڵەپۆپەی ئەوین و ئەویندارى ڕۆمانە و ئەوینیش هێمای ژیان، لە لایەکی

تریشەوە «قاسم بەگ»ی ئاوەڵزاوای شێخ سەعید تووتمی خۆفرۆشی و دۆڕاوی و سەرشۆڕییە. نموودی چاوحیزی و ترسنۆکی و خۆخۆرییە، ئا لێرەدا نووسەر فلاشباک و ڕەهەندێکی قووڵی مێژوویی لێ داوە. بۆ فەرامۆش نەکردن و لە بیر نەکردن. بۆ وشیار کردنەوەی بیری مێژوویی/ نەتەوەیی. کاتێ لە ڕوانگە و دەلاقەی مێژووەوە بەرەو ڕابوردووی دووری دوور دەڕوانین سەرچاوەی خیانەت و خۆفرۆشی دەگەیەنێتەوە بۆ سەردەمانی ئاستیاگ، دوایەمین پادشادی ماد؛ ئەو کاتەی وەزیری بڵند پایەی ئاستیاگ، واتا هارپاگە، یان هارپاگوس لە دژی ئاستیاگ لەگەڵ کۆروش پادشای پارسدا دەست تێکەڵاو دەکاو خیانەت لە پاشا و نەتەوەی ماد دەکات. بە نیشاندانی کارەکتەری قاسم بەگ کردەوەی هارپاگە ناپاکەکانمان بۆ زەق دەکاتەوە.

نووسەری ڕۆمانی سێ هەنگاو و سێدارەیەک ئەو کرداره مردەوەژی دەکاو خیانەتی قاسم بەگ وەک خاڵێکی ڕەش دەستنیشان دەکات کە دەبێتە هۆی دەستگیرکردنی شێخ سەعید و هاوڕێیانی وەفاداری.

خیانەتی هارپاگە بۆ نەتەوەی کورد هێندە قورس و تاڵ و نگریسە سینگ بە سینگ و نەوە بە نەوە هاتووە و لە کولتوور و ئەفسانەکانی کوردیشدا گوتراوەتەوە و ڕەنگی داوەتەوە.

«سوێند بە زاتی خواوەندی تەعالا، دەبێ ئەم مێزەرە لە سەر دانەگرم تاکوو، یان لە ڕێگای دین و میللەتدا شەهید دەبم، یان ئیستقلال لە ناو چنگی گورگی شین و فیرقەی خەلق بە زۆر دەردێنم.» لاپەڕە ١٦٩.

ئەو دێڕە دروشمی سەرەکی کارەکتەر و قارەمانی ڕۆمانە. دەرخەری بەرگری و کۆڵنەدان و هەوڵە بۆ خۆ نیشاندان و بوونی نەتەوەیەک. بە گشتی چەمکی مانایی ڕۆمان بەرگریایەتی و بەرخودانی نەتەوەیەک بەرجەستە دەکات. بەرگریایەتی و بەرەنگار بوونەوە لە ئەدەبیاتی کورددا خاڵێکی یەکجار بە هێز و گرینگە. لە ئەدەبی بەرگریدا پاسیڤ نەبوونی گەلێک نیشان دەدات و ڕۆمانی سێ هەنگاو و سێدارەیەک لە قەوارە و تێمی ئەدەبی بەرگریدا جێگیر دەبێ، چونکە لە ئەدەبی بەرگریدا فەزای دەق گشتییە و بە چوارچێوە، یان ناوچەیەکی بەرتەسکی تاکەکەسی نابەسرێتەوە. لێرەدا گێڕانەوەی ژیانی حەماسی کەسایەتییەکی کاریزمایی کە تێشووی بەرینی کولتووری نەتەوەیەکی لە پشتە و بە هاریکاری هۆزە جیا جیاکانییەوە لەخۆدەگرێ.

دوای شیکاری چەمکی مانایی و فەزای ناوەرۆکی ڕۆمان. خاڵی بە هێزی دیکە دەگەڕێتەوە سەر تەکنیک و تەکتیکەکانی دارشتنی ڕۆمان لە لایەن (جان دۆست)ەوە.

ڕۆمان لە چەندان بەشی جیا جیای پێکەوە لکێنراوی مانایی و پێکهاتەییەوە دارێژراوە. گرنگترین شتگەلێک بۆ سەرکەوتووبوونی ڕۆمان، یان چیرۆک، زمان، تێک هەڵشێلانی زەمان و شوێن. دارشتنی کەسایەتی و ڕۆڵ پێدانی دروستی کارەکتەر و ڕۆڵ گێڕانی قارەمان و پەیوەست کردنی ڕووداوەکان لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگە و بە جۆرێکی دەلالەت لە ڕووداوێکی گرنگ، یان کولتووری ناو کۆمەڵگەیەک بکات.

ئەم ڕۆمانە مێژوویی/ تراژیکە هەڵقوڵاوی بەسەرهاتێکی گرنگی کۆمەڵگەیە. نووسەر لەو بەستێنەدا خاوەن ئەزموونە بە هۆی ئەوەی تاکوو ئێستا چەندان ڕۆمانی مێژوویی دیکەشی لێ بڵاو بووەتەوە. وەک کۆبانی، عەفرین، مەهاباد و چەندان بەرهەمی بە پێزی دیکە. هەروەها نزیکی زێدی نووسەر لەگەڵ ناوچەی

شۆڕشی شێخ سەعید دا و هاوزاراوەبوونی نووسەر و شێخ سەعیدی هەرماندا، بوونەتە هۆی سەرکەوتوویی زیاتری ڕۆمان.

جیا لەوەی توانراوە بەشەکانی ڕۆمان بە جوانی پێکەوە گرێ بدرێن و خوێنەر هەست بە کەلێن نەکات، لە باری داڕشتنی زمانەوانیشەوە ڕۆمانێکی سەرکەوتووە. هەڵبەت لێرەدا جێی خۆیەتی هونەری وریا غەفووری لە پێش چاو بگیرێ، چونکە لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆماندا ڕستەکان زۆر ڕەوان و ڕێکوپێکن و داڕشتنێکی لێزانانەی پێوە دیارە.

ڕۆمان لە هەر بەشێکدا بە پێی زەمانی ڕابوردوو و ئێستا خاوەن بەشی کورت و پوختە. هونەری نووسەر لێرەشدا بە جوانی بەرجەستەیە و هەستی پێ دەکرێ. کاتێ بە ڕستە، یان بە گوڵوشەیەکی بەرچاو کۆتایی بەو بەشە دێنێ، هەر بەو گوڵوشەیە بەشی نوێی پێ دادەبەستێ، دەتوانین چەندان نموونە دەستنیشان بکەین:

«... وتی کاکی بازرگان، ئەگەر داری ئەم کەڵەکە لە یەکدی بکرێنەوە دەبنە سێدارە، تۆ سێدارەت بینیوە. سێدارە؟» لە بەشی داوتردا وشەی (سێدارە) حاکمی ڕستەیە: «پاش کەمێکی دی ئەم سێدارە تینوویەتی من دەشکێنێ.»

یان لە لاپەڕە ١٠٨، وشەی (کلیل) لە دوا بەش و لە سەرەتا بەشی نوێدا هاتووە.

«ئەوندەی بیابانێک تینوو» - «هەر ئەوەندە تینوو..» لاپەڕە ١١٣.

زۆر نموونەی دیکەی لەو چەشنە لە جوانکاری نووسەر دەتوانی تێدا دەستنیشان بکەی. ئەو جۆرە داڕشتنە لە زۆر ڕۆماننووسی دیکەشدا باوە و ڕەچاو کراوە. عەبباسی مەعرووفی ڕۆماننووسی فارس، زۆرجار کەڵکی لەو تەکنیکانە وەرگرتووە. لە ڕۆمانەکانی: ((سال بلوا. فریدون سە پسرداشت. ذوب شدە)) و یەک دوو ڕۆمانی دیکە.

وەک پێشتر گوترا نووسەر بە هۆی ئەوەی باکگراوەندێکی شاعیریی هەبووە و باندۆری ناسک و خەیاڵی شاعیرانەو بنەماڵەی ئەدەبی خۆی بە سەرەوە بووە، هەر بۆیە زۆر وشە و ئیدیۆم، تەنانەت ڕستەی ئەدەبی و شاعیرانەی شیرینت بەرچاو دەکەوێ، وەک: تەشیی زوڵم. دەندووکی مردن، قاڵیچەی خەو، تەسبێحی ترس، دیلانیی گوریس، بێژنگی خۆر، دەرزیی ترس، کەندری ئێش، چارشێوی شەرم.... و زۆر نموونەی دیکە.

چەند نموونەیەک لە ڕستە زێڕینەکانی ڕۆمان:

- تینوویەتی پرسێکی درێژە، ئاو وڵامەکەیەتی.
- دوگمەی خۆر بە نێوەڕاستی جبەی ئاسمانەوە دوورابوو.
- لە دڵیشیدا تەشی ئاگر دەستی بە ڕستنی بەنی ئەوینێک کردبوو.
- دار و دیوار و حەوش و بان کەوتنە بەر ددانی شانەی ڕوانینی.
- پشتێنی پێکەنینێکی درێژ ئاڵایە نێو قەدی ئەو جەماعەتە.

تەنانەت لە هەندێک شوێن پیت دەکاتە سەر قافڵەی ڕستە و برگە. وەهای بە جوانی داڕشتووە دەڵێی شیعرێکی درێژ و پڕ لە تەشبیهاتی ڕەنگینت بۆ دەخاتە ڕوو. چاو لە لاپەڕە ١٢ و ١٣ بکەی دەبینی بە «ئەلف» چ نەخشێکی جوان دەنەخشێنێ و لە یەک دوو برگەدا زیاتر لە ١٢ وەسف و وێکچووی جوراوجۆر دەخاتە ڕوو. لە دوو بەستێنی زەمەنی جیا و بە یەکەوە لکێنراوی ژیانی فەقێیانە (ڕابوردوو). ساتی بەر سێدارە (ئێستا)، بزانن ئەلف بە

چەندان جۆر چون دەشوبهێنێ: باڵای یار، مردنی هەڵواسراوی سێدارە، یەکەم پیتی فێر بوونی خوێندن و نووسین، ناوی ئەڵڵا، منارە، برووسکە، دار، سێدارە، ڕیزی قورینگان، ڕیز بەندی تەمەن، ئەلفی ڕەمڵ، پێنووس، ڕیزی داری کەنار چەم و ڕووبارەکان، هەنگاو...

ئەوانە هەموو مشتێکن لە خەرمانی بە پیتی پێنووسی جان دۆست.

ڕۆمانی سێ هەنگاو و سێدارەیەک، لە زۆر بارەوە هەڵگری تایبەتمەندی زێڕینی نووسینە. بە حەق دارشتنێکی مودێرنی ڕۆماننووسییە. وریا غەفووری توانیویەتی بە جوانی ئەو دەقە ڕۆمانە بکاتە سۆرانی. دیارە نیشانەی شارەزایی بە سەر زاراوەی کرمانجیدا پێوە دیارە، بەڵام لە سەر ڕووبەرگی ڕۆمان «وەرگێڕان» دەکار کراوە. لە بنەڕەتدا زاراوە گۆڕینەوە، وەرگێڕان نییە و دەبێ تەنیا بگوترێ کراوەتە سۆرانی، بۆ نموونە هەژاری بلیمەت لە سەر ڕووبەرگی (مەم و زین)ی خانی نووسیویەتی، «هەژار کردوویەتە سۆرانی.»، بەڵام لە وەرگێڕانی چوارینەکانی خەیامدا نووسراوە: «وەرگێڕاوەی هەژار». وەرگێڕان لە نێوان دوو زمانی جیاواز و سەربەخۆدایە، نەک لە نێوان دوو زاراوەی یەک زمانییدا. چاک وایە وەشانخانە و چاپەمەنییەکانیش ئەو خاڵە گرینگە ڕەچاو بکەن.

لەم ڕۆمانەدا لە باری ڕستە و برگەکانەوە زۆر بە جوانی شارەزایی خۆی نیشان داوە و زۆر جار هەست بە گۆڕینی زاراوە ناکەی، بەڵام لە چەندان شوێندا «وە» لە سەرەتای ڕستە دانراوە و هیچ پێویستییەکی تێدا بە دی ناکرێ، یانی ئەگەر ئێمە ئەو «وە»یانە لابەرین هیچ جیاوازییەکی مانایی و ڕێزمانی لە هیچ ڕستە و برگەیەکدا نابینین. ئەم شێوە نووسینە تەنیا لەم دواییانەدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن هەندێ لە نووسەران و شاعیرانەوە ڕەچاو دەکرێ، ئەگینا لە هیچ شوێن و مەکانێکی ڕەسمی و فەرمی باشوور و باقی هەرێمەکان و بەشەکانی دیکەی کوردستان نانووسرێ، نە شێرزاد حەسەن، نە شێرکۆ بێ کەس بەو گەورەیی و لێ زانییەوە ئەو کارەیان نەکردووە. ئەم کارە هاوردەی زمانی فارسییە و وا چاکە نەبێتە باو، چونکی بە زمانی کوردییەوە نالکێ و بە زۆریش ناکرێ پێوەی بلکێنرێ. هەر زمانێک سەربەخۆیە و خاوەن یاسا و ڕێسا و دیسیپلینی تایبەتی خۆیەتی. زمان بە گۆڕین و بە درێژایی زەمان بە پێی ناوەرۆکی ڕستەیی و تێکەڵاوبوونی وشەی نوێ و مودێرن دەتوانێ بگۆڕدرێ، بەڵام چوارچێوەی سەرەکی و بوونی زمانەوانی و وێژەی تایبەتی خۆی دەبێ بپارێزرێ.

لە کۆتاییدا، هیوادارم لەو بوارەو لە هەموو بوار و ژانرە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبیدا نووسەری لێزان و شارەزامان زۆر و زۆرتر بێ و بەرهەمی بە نرخی لەو جۆرە بئافرێنن. بەو هیوایەی وریا غەفووری باقی بەرهەمەکانی جان دۆست بێنێتە سەر زاراوەی سۆرانی و هەموو لایەک لەو گەنجینە بە نرخە بەهرەمەند بین.

# شەش خاڵ لەسەر لاس و خەزاڵ (*)

فەرامەرز ئاغابەیگی
(یەزد)

**١- سەری؛ سەرێ**

جاری وا لەناو دەقی بەیتەکان، ڕەنگە تاقمێ وشە هەبن کە ماناکەیان لە وشەنامەکاندا نەهاتبێ، یان ماناکەی بەو جۆرەی پێویستە، پڕاوپڕ مەبەست نەگەیەنێت، هەر بۆیە زەروورە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و بەدواداچوونیان بۆ بکرێ تا مانایەکی پڕ بە پێستیان بۆ وەدۆزرێ و لەپاڵ ماناکانی تری وشە، ئەو مانا تازانەش دەستنیشان بکرێن. وشەی«سەری؛ سەرێ» لەم وشانەیە کە بەپێی خوێندنەوەی بەیتەکان، مانای کەمتر بیستراوی لێ وەردەگیرێ. بەپێی ئەو نموونانەی خوارەوە لە بەیتی لاس و خەزاڵ، وشەی «سەری؛ سەرێ» مانای «ماوە؛ ماوەی» دەدا:

*** دەبێ بێیە دوو جواب و سوابێ خەزاڵێ شۆڕێ، سەری سێ ڕۆژانە لە کن خانزادی هەریرێ، بە کارەکەری کەتییە (لاس و خەزاڵ، ٢٠١١، ٧١).**

*** بلێ سەری چەند ڕۆژی دیکە شۆڕەسوارەکەی شارەزووری لە بۆ کاکە وەیسی وسووئاسکیان دێتە مەیدانێ (پێشوو، ٢٠١١، ٧٦).**

*** نەیدەزانی ئەو جۆتەسوارە خانزادێ هەریر بەگییە. سەرێ چەند ڕۆژانە قاسیدن، قاسیدن لە بۆ کاکە لاسی کوڕی ئەحمەد بەگییە (پێشوو، ٢٠١١، ٨٦).**

*** سەری نۆ ڕۆژانە لە شارەزوورێ بەڕێ کەتیمە لەبۆ خزمەت خەزاڵێ شۆڕێ مەلا**

**نەبییە (پێشوو، ٢٠١١، ٩٩).**


*** دەیگۆ دەستی خۆت باویێ ناو دەستی خەزاڵێ مەلا نەبییە. سەری چەند ڕۆژانە بەژن و باڵای تووم تێر نەدیتییە (پێشوو، ٢٠١١، ١٠٢).**

لە هەنبانەبۆرینەدا چوار مانا بۆ وشەی «سەری» هاتووە: ١- نۆبە ٢- پاژ ٣- کۆمەڵ، ئاژاوە ٤- یەک بن، سەلک (هەنبانەبۆرینە:٤٤٦). لە فەرهەنگی گیوی موکریانی، بۆ وشەی «سەری»، مانای دیدەنی و بۆ «سەرێ»، باکوور تۆمار کراوە (گیوی:١٩٩٩: ٥٧٩). لە (فەرهەنگی خاڵدا، وشەی «سەرە» بە سێ مانا هاتووە: ١- نۆرە ٢- مەردوومی نە زۆر گەنج و نە زۆر پیر ٣- گای سەرپەڕ (خاڵ:٢٠٠٥: ٢٧٤).

وەکی دەبینرێ ئەو مانایانە، هیچ کام ناتوانن مانای«ماوە» ببەخشن؛ کەوابوو دەکرێ بڵێین «ماوە»، مانایەکی ترە لەپاڵ ماناکانی تر بۆ وشەی «سەری؛ سەرێ»، کە بە یارمەتی بەیتەکان پارێزراوە.

**٢- شۆڕ؛ شۆڕێ**

یەکێک لەو وشانەی کە لە بەیتی لاس و خەزاڵ دا زۆر دووپات بووەتەوە، وشەی «شۆڕ، شۆڕێ»یە، کە وەک ئاوەڵناو بۆ خەزاڵ بەکارهاتووە. ئەم وشەیە لەگەڵ ئەوەی کە ناوبەناو جۆرێک ڕیتم و مۆسیقا بە دەقەکە دەبەخشێ، لەناو فەزای بەیتەکەشدا حاڵەتێکی ڕۆمانتیک بەدی دێنێ، لەم دەقەی کە من لێرەدا نموونەم لێ هێناوەتەوە، لە دوو شوێندا، بە هۆی ناولێنانی خەزاڵ بە «خەزاڵەشۆڕ؛ خەزاڵەشۆڕێ»، ئاماژە کراوە کە هەر دووکیان، یەک مانا دەگرنەوە، نموونەکان:



هەژار

*** قەدی گەلەک باریکە، کەمبەرەکی زیوی تێدا ختم کردییە. لەبەرە خۆی کردییە کراسەکی مەلەسی دەنک هەنارییە، کەوێیەکی بڕسەبییە. دوگمە و قەیتان و تەورێزە و یاقووت و بەریەنە و خاشخاش و خڕخاڵ و بازن و بەربازن و بنکەوشەی لە خۆی بارکردییە. دوو جۆتە بسکی تۆڕی بەردایتەوە، سەری ئەوان بسکان، لە بن گۆی کەمبەرەی دەرکردییە. لۆیە پێی دەڵێن خەزاڵە شۆڕی کیژێ مەلا نەبییە (لاس و خەزاڵ، ٢٠١١، ١٢).**

*** مامە دەروێش عەلییە، مەحتی جوانیی خەزاڵێی لەبۆ کردییە: بەژنی دارێ سووسنییە، گەردەنی سووسنێ کۆسرەتییە، مەمکی هەردووکی سێوی ڕۆستەم بەگییە، پەنجەی دەتگۆت بەفری یەک شەوییە، سینگی دەتگۆت بلەوری سەردەشتییە، قەدی گەلەک ناسک و باریکە کەمبەرەکی بیست و چار گۆی لە زیوی تێدا ختم کردییە، چل و چار دوگمەی**

**لە کەویێ بوڕسەیی بەستییە، دەهاتە خوارێ بەسەر دامەنییە، کراسی تەنکی دەنک شەربەتی و هەنارییە، دوو بسکی شۆڕی زەردی گەلەک درێژی پێوە بوو، سەری ئەو بسکانە لە بن گۆیێ کەمبەرەی خۆیان دەرکردییە، لۆیە پێی دەڵێن خەزاڵێ شۆڕێ مەزن مەلا نەبییە** (پێشوو، ٢٠١١، ٢٢).

بۆ ئاشنایی زیاتر، سێ نموونەی دیکە لە دەقی بەیتی لاس و خەزاڵ دێنینەوە کە تێیدا ئەم پێکهاتە (ترکیب)؛ واتە «خەزاڵەشۆڕ» بەکار هاتووە:

**(١) ئای لە من خانەوێرانێ، ئای لە من سەرگەردانێ، کەس نییە جوابەکی بداتە بەژنێ خەزاڵەشۆڕێ، بێتن دەستەکی بە بازن، قامکەکی بە ئەنگوستیلە، دابنێتە بن سەری کاکە لاسی ئەحمەد بەگی شارەزووری، ئەوشۆکە لە لای دیوەخانێ** (پێشوو، ٢٠١١، ٢٥).

**(٢) کاکە لاس دەستی بە بەندان کردییە، بەبێ ناچارەییە. دەیگۆ، خۆزگە بە خۆزیداران، دارەک بوومایە لە داری بییە، شین بووبوومایێ، سەرم بگەیشتایە عاسمانێ، بنم بگەیشتابووایە سەر عەرزییە. ئەمن دۆم بیانبڕیبوومایە بە حوکمێ مشار و تەوشییە. بیانکردمایە تەشیەکی جوانی دۆمانییە. سبیانان و ئێواران، خەزاڵەشۆڕێ مەلانەبییە مەرەزی پێ بڕێستمایێ بە دەستییە، بە کەیفێ دڵییە...** (پێشوو، ٢٠١١، ٣٩).

**(٣) دەیگۆ، خەزاڵەشۆڕت بە قوربان بێ، لاسی ئەحمەد بەگییە، گەلەک بەعەزیەت نەکوشی جۆتە شەمامە و شەمامەی ڕۆستەم بەگییە** (پێشوو، ٢٠١١، ١٠١).

لە «مەنزوومەی لاس و خەزاڵ»دا، گردەوەکۆیی قادر فەتاحی قازی، بەم جۆرەی سەرەوە، هۆی وەسفی خەزاڵی بە شۆڕێ، بە دەستەوە نەداوە:

*** چەلەنگی گوارە زێڕ، بە من دەڵێن: خەزاڵ و خەزاڵەشۆڕی مەلا نەبییە** (منظومە لاس و خزال، ١٣٧٩، ١.٧).

* **[لاس دەڵێ] لەبەر بەندۆکانت مرم ئەگەر لە پشتەوە تێکهاڵاون دەگەڵ زنجیرەی زولفان وەکوو ڕەشەڕیحانە و قۆپەنی پیرە لاولاوێ** (منظومە لاس و خزال، ١٣٧٩، ٢٠).

وەک دەبینین ئەم نموونانەی سەرەوە، زیاتر هۆی بەکارهێنانی ئاوەڵناوی «شۆڕێ» بۆ خەزاڵ شی دەکەنەوە؛ واتە هێندێ تایبەتمەندی کە ڕێگە دەدەن ئەو ئاوەڵناوە لەپاڵ ناوێک ڕێک بکەوێ، دەبێ ئەوەش لە بیر نەکرێت وشەی «شۆڕ»، مانای سەربەخۆشی هەیە؛ لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینەدا، سێ مانای بۆ تۆمار کراوە: ١- داهێڵراو (فروهشتە) ٢- جوان چاک: شۆڕەژن ٣- کارامە و چالاک: شۆڕەسوار. (هەنبانەبۆرینە:١٣٦٩: ٤٧٦). هەژار، لەم چوارینەیەدا بەجوانی وشەی«شۆڕ»ی بەمانای «جوان چاک و داهێڵراو» بەکار هێناوە:

**بەژن شۆڕ و کەزی شۆڕ و خەزێم شۆڕ**<br>
**سەرەوشۆڕم دەکەن سەرشۆڕ بەرەو گۆڕ**<br>
**هەژار و خوار و لەش بیمار و دڵدار**<br>
**دەبا وام لێ بێ، مافی خۆمە هەی گۆڕ!**

(خەییام، ١٣٧٠: ٩٥).

**٣- پسپۆڕ: وشەیەکی بەرفراوانکراو**

لە هەنبانەبۆرینەدا، بۆ وشەی «پسپۆڕ»، دوو مانا نووسراوە: ١. زانا لە پەزناسیندا (گوسفندشناس) ٢. چازان و لێزانی کار؛ خبیر و کاردان (هەنبانەبۆرینە: ١٣٦٩: ١٠٨). لە فەرهەنگی خاڵ، مانای وشەی «پسپۆڕ» بەم

جۆرە هاتووە: ئاژاڵدارێکە کە لە بەسەرکردنەوە و ناسینەوەی ئاژەڵدا زۆر وریا و شارەزا بێ. کەسێکە لە کارێکدا زۆر بزان بێ (خاڵ: ٢٠٠٥: ٧٠). لە فەرهەنگی گیوی موکریانی، وشەی «پسپۆڕ» زیاتر شی کراوەتەوە: ڕەچەڵەکناس، کاردار، زۆرزان، زۆرزانا، ئاژاڵدارێکە، کە لە بەسەرکردنەوە و ناسینەوەی ئاژاڵاندا زۆر لێهاتوو و شارەزا بێ بە پایەیێکی وا مەڕێکی گوم بووبێ کە چەند زگ و زای کردبێ بەهۆی دروشم و نیشانەکانییەوە بێچووەکەی دەناسنەوە (گیوی: ١٩٩٩: ١٧٦). فەرهەنگی گیوی موکریانی، بە دوای مانای وشەی «پسپۆڕ»دا، وشەی «پسپۆڕی و پسپۆڕێتی» مانا کردووەتەوە؛ «پسپۆڕی»: ڕەگەزناسی، ڕەچەڵەکناسی. پسپۆڕی گیایان: گیاناسی. پسپۆڕی دەرمانان: دەرمانان ناسی. پسپۆڕی مەڕان: مەڕناسی. «پسپۆڕێتی»: ڕەگەزناسێتی، ڕەچەڵەکناسێتی (پێشوو:١٧٦).

لەکۆی ئەم مانایانە کە بۆ «پسپۆڕ» لە وشەنامەکاندا نووسراوە، هەموویان بەجۆرێ ئاماژەیان بە کەسێ داوە کە لە بواری پەزناسی، شارەزا و لێزان بێ، مەبەست لە هێنانەوەی ئەم وشەیە ئەوە بوو کە بە وردبوونەوە لەو چەند دێرەی بەیتی لاس و خەزاڵ، کە دەڵێ: **خەزاڵیش کابانی ماڵێیە، تاقە کیژی بابییە. یەک برای هەیە لە داک و بابییە، ئەویش ناوی محەمەدە، بەویش دەڵێ پسپۆڕی شوانانە، هەموو ڕۆژێ لەگەڵ نۆ شوانان دەچێتەوە دەرێ بە تەمامییە/ محەمەدی براشم پسپۆڕە، گەلەک ماندییە. بەڕۆژ لە دەشتێیە لە لایی زۆری ئەوەتا خەوی لێ کەتییە»** (لاس و خەزاڵ، ٢٠١١، ٤٤، ٣١)؛ هەروەها بە تێبینی لە کەش و فەزای بەیتەکە، کە ئەم وشەیەی تێدا بەکار هاتووە، وا دەردەکەوێ کە لە زوودا، ئەم وشەیە تەنیا بۆ کەسێ بەکار هاتووە کە شارەزایی (تخصص) لە بواری «پەزناسی»دا هەبووە، پاشان بەرەبەرە ئەم وشەیە بەرفراوانی (توسع) بەخۆوە بینیوە و بە هەر کەس کە لە بوارێکدا لێزان بێ، بە پسپۆڕی ئەم بوارە ناودێر کراوە.

### ٤- ژمارەی ئەستوون و دیرەگ وەک «هێما»

لە کتێبی کورد لە سەفەرنامەکاندا، سەرەڕای باس لە هۆکارەکانی شێوە ژیانی خێڵەکیی کورد، لەمەڕ چۆنیەتی خێوەت و ڕەنگ و ژمارەی ئەستوونەکانی خێوەتیش هەر شیکاری کراوە کە چون لێرەدا پێوەندی بە سەر باسەکەوە هەیە، بەشێکی دێنینەوە:

«ئەندازەی خێوەت، هاوپێوەند لەگەڵ ژمارەی ئەندامی بنەماڵە بووە. چادری سەرۆکی ئێلی مەنگوڕ، باپیرئاغا، بەدرێژایی سێزدە گەز، گەورەترین خێوەتێک بووە کە دێ مۆرگان دیتوویە (فیلبێرگ، ١٣٧٢: ١٥٣). لەپاڵ ئەوەی خێوەتی سەرۆکی ئێل، گەورەتر لە خێوەتەکانی تر بووە، ڕەنگەکەشی واتە سپی، لەگەڵ خێوەتەکانی تر، جیاواز بووە (کەلانتەری، ١٣٤٥: ٢٧). ژمارەی ئەستوونەکانی خێوەت جیاواز بوون؛ ئەفەندی بایەزیدی، خێوەتی کوردیی خاوەن دوو تا نۆ ئەستوونەک زانیوە کە ژمارەی ئەستوونەکان، دۆخی ماڵیی (دارایی) خاوەن خێوەتەکەی نیشان داوە؛ بۆ وێنە خێوەتی فەقیر دوو تا چوار ئەستوونەکی هەبووە، مامناوەندی پێنج تا حەوت ئەستوونەک، دەوڵەمەند و سەرۆک، نۆ ئەستوونەک (ئەفەندی، ١٣٦٩: ١٧٩)» (ئاغابەیگی، ١٣٩٤: ١٠٩-١١٦).

لەناو بەیتی لاس و خەزاڵیش دا- وەک لەم

نموونانەی خوارەوە دەبینرێ _ هەم بە ژمارەی ئەستوون و دیرەگی سەردارعێل ئاماژە کراوە، هەم بە ڕەنگاوڕەنگیی خێوەت، نموونەکان:

* **دەیگۆ ئەو ڕەشماڵەی لەسەر بیست و پێنج دیرەگانە، ئەوە ڕەشماڵی ماڵێ ئاغا مەزن مەلا نەبییە. دوازدەی دیوەخانە، سێزدەشیان لە بۆ ماڵێ دابڕییە** (لاس و خەزاڵ، ٢٠١١، ٣١).

* **ئەو بیست و پێنج ئەستوندە لە خاسەڕەنگێیە، ئەو ڕەشماڵە بیست و چار تەختەیە، بەکارەمووی بەبێ قەیدییە. چل و چار ڕستەی لێ قەیم کرایە هەمووی لە خاسەڕەنگێ و لە ئاوریشمێ تەورێزییە، ڕەشماڵێ ماڵێ مەلا نەبییە، لەناو حەفسەت ڕەشماڵان جوانە و دیارە، قەت تاکی نییە** (پێشوو، ٢٠١١، ٤١).

* **[لاس] خێوەتی ڕەنگاوڕەنگ و نان و خواردەمەنیی حەفت شەو و حەفت ڕۆژی لەگەڵ خۆی هەڵگرتییە** (پێشوو، ٢٠١١، ٧٢).

* **[لاس] لە بن خێوەتی ڕەنگاوڕەنگ دەکەت بەبێ هۆشییە** (پێشوو، ٢٠١١، ٧٤).

لە دەقی لاس و خەزاڵ گردەوکۆیی فەتاحی قازیش، ئەم بابەتە هاتووە: **چادرێکیان بۆ [لاس] هەڵدابوو، لەسەر هەشتا ئەنگوستەکی سەر بە ئەڵماس دەسووڕا...** (منظومە لاس و خزال، ١٣٧٩، ٦٢). جێی ئاماژەیە کە جاری وا ئەنگوستەکی چادر بەهۆی هاتنی میوانی خاوەن شکۆ زیادکراوە: **بیست و دوو ئەنگوستەکی زیادی وەبەر چادر بدەن بە دەستووری شاهانە/ ئەو سوارەی بانگێشتنم کردووە و ئەگەر لە من بۆتەوە بە میوانە/ ئەمن نەمدیوە، بیستوومە بەڕێ و شوێنی دەڵێی وێسپی کەنهانە** (منظومە لاس و خزال، ١٣٧٩، ٢٠).

### ٥- چارشێو سووڕاندن، چارشێو لەخۆ هاڵاندن وەک هێمایەک بۆ «ئەرێ»

کاتێ میرحوسێنی باڵەکی (باوکی لاس) عاشقی سۆسەن کچی قادربەگ دەبێ، ڕۆژێک دەبێتە میوانی قادربەگ و ئەم نەهێنییەی دڵی لە لا دەدرکێنێ. قادربەگیش دەڵێ: ئەگەر کچەکەم ڕازی بێ، من قسەم نییە، جا بۆ ئەوەی بزانن سۆسەن مێردی پێ دەکا، یان نا، مەجلیسێک پێک دێنن. دەڵێن ئەگەر سۆسەن هاتە مەجلیس و چارشێوەکەی سووڕاند و پشتی کرد لە جەماعەت، ئەوە ڕازییە مێردی پێ بکا، بەڵام ئەگەر ڕاوەستا و وەرنەسووڕا، پێی خۆش نییە مێردی پێ بکا. بەشێک لە دەقی بەیتەکە:

* **هاتە ژوورێ، لێیان پرسی، کوتیان: ئەگەر مێردی پێ دەکەی، پێمان بڵێ، ئەگەر مێردی پێ ناکەی خاترجەممان کە: ئەبرۆی دڵی پیاوی دەگەزێ/ وەک توولە نەمام دایم دەلەرزێ/ کەسێک بیبینێ بەژنی دەتەزێ.**

**جا عافرەتەکە چاوی بە میرحوسێن کەوت، دەستبەجێ سووڕا و چارشێوەکەی لە خۆی هاڵاند. لە چەپڵەیان دا و کوتیان: پیرۆز بێ. لێیان مارە کرد** (منظومە لاس و خزال، ١٣٧٩، ٩-١٠).

وەک لەو نموونەیەی سەرەوە دەبینرێ، «چارشێو سووڕاندن؛ لەخۆ هاڵاندن» هێمایەک بووە بۆ دەربڕینی وەڵامی ئەرێ، یان نا لە لایەن ئافرەتەوە، کە ئایا مێرد بە خوازبێنیکەر دەکا، یان نا؟

### ٦- زینی ئاوێنەدار

بابەتێکی تر کە وەک خاڵێکی سەرنجڕاکێش دەتوانین ئاماژەی پێ بدەین «زینی ئاوێنەدار»ـە. ئەم بابەتە دەسەلمێنێ کە کورد لە بواری

ئەسپ و سواری و کەرەستەی پێویست چەند وردبین بووە کە تانەت بۆ زینی ئەسپەکەی ئاوێنەی دابین کردووە. زینی ئاوێنەدار لە بەیتی لاس و خەزاڵ دا، بەم جۆرە هاتووە: **چار ئاوێنەی مەڕمەڕی سابڵاغێی لە هەر چار کناری زینێ قەیم کردییە، لۆ ئەوەی بزانێ کێ لە پشتی دەڕوا و کێ پێشی هاتییە** (لاس و خەزاڵ، ٢٠١١، ٧٩). لەم بڕگەیەی سەرەوە، هاوکات بە چوار خاڵ ئاماژە دراوە:

١- جۆر، واتە جنسی ئاوێنە، کە مەڕمەڕیی بووە، ڕەنگە لە جۆرێک بەردی مەڕمەڕیی سازکرابێت کە پاش ساف و سۆڵ کردن وەک ئاوێنەی لێ دەهات.

٢- شوێنی سازدانی ئاوێنەکە، کە سابڵاغ بووە.

٣- جێگەی لێنانی ئاوێنەکان کە لە چوارکەناری زین قایم کراون.

٤- هۆی بەکارهێنان: بۆ ئەوەی سوار بزانێ لە دەوروپشتی کێ دێ و دەڕوا، بەم پێیە زینی ئاوێنەدار کە لێرەدا تیشکمان خستەسەر، لە ناوچەی کوردەواری دەسکردێکی تایبەت بووە کە بەیارمەتی ئەم بەیتە پارێزراوە و وەک بەڵگەیەک بۆمان بەجێ ماوە.

*** تێبینی: لەم وتارەدا، وەک دەقی سەرەکی، کەڵک لە کتێبی «لاس و خەزاڵ» وەرگیراوە لە ئامادەکردنی عەبدوللەتیف عەبدولمەجید گولی.**

**سەرچاوەکان:**

(١) افندی‌بایزیدی، محمود (١٣٦٩)، آداب و رسوم کردان، بەسعی و اهتمام شرق‌شناس مشهور روس الکساندر ژابا، با نظریات، مقدمە و مؤخرەی استاد عبدالرحمن شرفکندی«هەژار»، ترجمە و تعلیق و ضمائم از: عزیز محمدپور داشبندی، چ اول، بی‌جا: بی‌نا.

(٢) ئاغابەیگی، فەرامەرز (١٣٩٤)، کورد لە سەفەرنامەکاندا: کوردەکانی ئێران، لە سەردەمی سەفەوییەوە تا کۆتایی پەهلەوی، چ یەکەم، سنندج، علمی کالج.

(٣) بەیتی لاس و خەزاڵ (٢٠١١)، ئامادەکردنی: عەبدوللەتیف عەبدولمەجید گولی، چ یەکەم، هەولێر، ئاراس.

(٤) خاڵ، شێخ محەمەد (٢٠٠٥)، فەرهەنگی خاڵ، چ دووەم، هەولێر، ئاراس.

(٥) خەییام (١٣٧٠)، خەییام بە کوردی، وەرگێڕاوی هەژار، تهران، سروش.

(٦) شرفکندی، عبدالرحمن (١٣٦٩)، هەنبانە بۆرینە: فرهنگ کردی – فارسی هەژار، چ اول، تهران، سروش.

(٧) فتاحی قاضی، قادر (١٣٧٩)، منظومەی کردی لاس و خزال، تبریز، انتشارات دانشگاه تبریز.

(٨) فیلبرگ، س.ج (١٣٧٢)، سیاەچادر مسکن کوچنشینان و نیمەکوچنشینان جهان در پویەی تاریخ، ترجمەی اصغر کریمی، چ اول، مشهد، معاونت فرهنگی آستان قدس رضوی.

(٩) کلانتری، منوچهر (١٣٤٥)، ایل میلان، مجلەی هنر و مردم، تهران، شمارە ٤٣.

(١٠) گیوی، موکریانی (١٩٩٩)، فەرهەنگی کوردستان، چ یەکەم، هەلێر، ئاراس.

# پڕکردنەوەی زمانی، لە سەروبەندی ئاخاوتندا

عومەر عادل عەبدوڵڵا
(کەلار)

**ناوونیشانی توێژینەوەکە:**

ئاخاوتن پرۆسەیەکی بەردەوام و گرنگە، کە کۆمەکی مرۆڤ دەکات بۆ ڕایی کردنی کاروباری ڕۆژانەی و وەکوو هەموو پرۆسەیەکی دی، ڕووبەڕووی کێشە دەبێتەوە، لە یەکێک لە دیارترین ئەو گرفتانەش وەستانی ئاخاوتن و بەردەوام نەبوونە، بۆیە بە پێویستمان زانیوە (پڕکردنەوەی زمانی، لە سەروبەندی ئاخاوتندا) وەکوو ناوونیشانی توێژینەوەکە هەڵبژێرین.

**سنووری توێژینەوەکە:**

سنووری توێژینەوەکە، تەنیا باسکردنی پڕکردنەوەی زمانییە، لە سەروبەندی ئاخاوتندا و ئەو هۆکارانەمان خستووەتەڕوو کە وای کردووە ئەم پڕکردنەوە زمانییە بێتە پێشەوە و ڕۆڵ و کاریگەری خۆی بەسەر ئاخاوتندا بسەپێنێت.

**گرفتی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە خستنەڕووی ئەو هۆکارانەی کە وا دەکەن، مرۆڤ لە ناوەڕاستی ئاخاوتندا پەکی بکەوێت، چونکە هەرچەندە زیرەک بێت و خاوەن فەرهەنگێکی ئاوەزیی دەوڵەمەند بێت، هەر تووشی ئەو گرفتە دەبێتەوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی توێژینەوەکەمان، خستنەڕووی ئەو دۆخەیە لە ئانوساتی ئاخاوتندا ڕووبەڕووی ئاخێوەر دەبێتەوە و پڕکردنەوەی زمانی وەک فریادڕەسێک فریای ئاخێوەر دەکەوێت و ئەو بۆشاییە بە یەکەیەکی مۆرفۆلۆژی (وشەسازی)، یان سینتاکسی (ڕستەسازی) پڕ دەکاتەوە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

ناوەڕۆکی توێژینەوەکەمان لە چەند بابەتێک پێک دێت، کە پێوەندییەکی تەواویان بە ناوونیشانەکەوە هەیە. لە سەرەتاوە هەوڵمان داوە (چەمکی پڕکردنەوە) باس بکەین و تێگەیشتنێکی گشتگیرمان بۆی هەبێت، پاشان

لە بابەتی دووەمدا، سەرنجمان خستووەتەسەر (پڕکردنەوەی زمانی لە سەروبەندی ئاخاوتندا) و بەپێی تێڕوانینی خۆمان باسمان لێوەکردووە.

**پێشەکی:**

دروستبوونی زمان دەرئەنجامی دروستبوونی کۆمەڵ و کۆمەڵگەیە. مرۆڤ لە نێو کۆمەڵدا بە پلەی یەکەم زمانی ئاخاوتن بەکار دەهێنێت، بۆ ڕایی کردنی کاروباری ڕۆژانە و پێداویستییەکانی، چونکە زمانی ئاخاوتن خێراترین ڕێگەیە بۆ گەیاندنی بیر و مەبەستەکان بە کەسی گوێگر. بێگومان شێوازی ئاخاوتن لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگۆڕێت، بۆ نموونە کەسانێک هەن خێرا قسە دەکەن و کەسانێک هەن لەسەرخۆ وشەکان دەردەبڕن، ئەمەش پەیوەستە بە کەسایەتی ئاخێوەرەوە و ڕاهاتنی لەسەر ئەو شێوازە ئاخاوتنە. پێویستە ئەوەش بخەینەڕوو هەندێک جار ئەم ئاخاوتنە کێشە و گرفتی تێ دەکەوێت و ئاخێوەر دەستەپاچە دەبێت، لە بەرهەمهێنانی وشە، یان ناتوانێت وشەکان وەکوو ئاخێوەرێکی ئاسایی بخاتە چوارچێوەی ئاخاوتنەوە و بە ئاسانی گوزارشت لە هەست و بیروبۆچوونەکانی بکات، ئەوجا ئەم کێشەیە، بەهۆی نەخۆشییەوە، یان هەر گرفتێک بێت وەکوو گرفتەکانی دی. لەم توێژینەوەیەشدا، ئاوڕمان لە گرفتێک داوەتەوە کە لە سەروبەندی ئاخاوتندا ڕووبەڕووی ئاخێوەر دەبێتەوە، ئەوەش هاتنە پێشەوەی پڕکردنەوەی زمانییە، ئەو دەمەی ئاخێوەر هانای بۆ دەبات.

هەموو چالاکییەکی زمانی هەوڵێکە مرۆڤ بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەک ئەنجامی دەدات، کە لە دەروونیدا پەنگی خواردووەتەوە، چونکە چالاک نەکردنی زمانی ئاخاوتن و بەکارنەهێنانی لە ژیانی ڕۆژانەدا بۆشاییەکی گەورەی دەروونی دروست دەکات، کە دواجار هەر بە بەکارهێنانی زمان ئەو بۆشاییە پڕ دەبێتەوە.

ڕاستییەکەی چالاک نەکردنی زمان لەلایەن تاکەوە دووچاری گرفتی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، چونکە زمان یەکێکە لەو بزوێنەرە گەورانەی کە پێوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە ڕێک دەخات و تاکێکیش زمان بەکارنەهێنێت و بێدەنگی هەڵبژێرێت، دەبێت بە قوربانی ئەو بێدەنگییەی هەڵیبژاردووە.

**سەرەتایەک لە بارەی پڕکردنەوەوە:**

پڕکردنەوە، واتا شتێک بۆشایی تێدا بێت و کەسێک لە ژێر دەسەڵاتی توانستەکانی مرۆڤدا، یان لە دەرەوەی توانایی مرۆڤ پڕی بکاتەوە، ئەو بۆشاییە لە زۆر لە بوارەکاندا، پرۆسەی پڕکردنەوە بوونی هەیە، چونکە وەک پێویستییەک سەیر دەکرێت کە دەخرێتە ئەو شوێنەی کە شتە ڕەسەن و گونجاوەکەی نەهاتبێت، یان ون بووبێت، یان پڕکردنەوە، بە تەنێک، یان شتێک دەوترێت کە پێشتر شتێکی تێدا بێت و بە هەر هۆکارێک بێت بەتاڵ بووبێت، پاشان بە هەمان مادده پڕبکرێتەوە، بۆ نموونە تەنکی سەربانی ماڵان کە ئاوی تێدا نامێنێت و خاڵی دەبێت، پاشان هەر بە ئاو پڕ دەکرێتەوە.

لە فەرهەنگی (هەرمان)دا لە بارەی پڕکردنەوە هاتووە: "تێکردنەوەی دەفرێک کە جارێک، یان چەند جارێک بەتاڵ بووەتەوە.(٢). وەک خۆی لێکردنەوەی شوێنێکی هەڵکەنراو، قووڵەکەیان پڕ کردەوە. جێی کەسێک پڕکردنەوە: جێی کەسێک گرتنەوە. وەک کەسێک بوون، هەرچی کوڕی دنیا هەیە خۆشم دەوێ، بەڵام کەس

جێـی کوڕەکـەم ناگرێتەوە" (عەلـی نانـەوازادە، ٢٠٠٥:٥٨٤) هەروەهـا پێویسـتە ئـەوەش بڵێیـن: شـتێک پـڕ دەکرێتـەوە، کـە پێشـتر لـەو شـتە بەتاڵ بووبێت، بۆ نموونـە ئـەوەی کـە دەوترێت گڵاسـەکە پـڕ ئـاو بکـە، ئـەوە دەبێـت گڵاسـەکە نـە ئـاوی تێدابـێ، نـە شـتێکی تـر.

ئامانجـی پڕکردنـەوە، پەردەپۆشـکردن و داپۆشـینی شـوێنێک، یـان شـتێک بـە شـتێکی تـر، ئـەو شـتەش دەبێـت خاڵیـی بێـت لـەو ماددەیـەی کـە پـڕ بـە قەبارەی ئـەو شـوێنەیە، بۆ نموونـە چاڵێـک بـە خـۆڵ پڕکرابێتـەوە ناتوانرێت چیمەنتـۆی تـێ بکرێـت، مەگـەر ئـەوەی خۆڵەکـە دەربکرێـت، پاشـان بـە چیمەنتـۆ پـڕ بکرێتـەوە، چونکـە ئـەو چاڵـە قووڵـە سنووردارە، یـان ئەوەیە چیمەنتـۆی تـێ بکرێـت، یـان ئەوەیـە خـۆڵ، یـان تێکەڵەیـەک لـە هـەردوو ماددەکـە، هەروەهـا دەکرێـت، پڕکردنـەوە بـە مەبەسـتی جوانـکاری سـیمای شـتێک بێـت، بـۆ نموونـە مەبەسـتی پڕکردنـەوەی چاڵەکانـی ڕوخسـاری مـرۆڤ بـۆ بەدەسـتهێنانی ڕوخسـارێکی جوانتـر دێـت.

دەکرێـت ئـەو دوو شـتەی یەکێـک شـوێنی ئەوەکـەی تـر پـڕ دەکاتـەوە، لـە پێوەندییەکـی دژییەکـدا بـن، چونکـە بـە بۆچوونـی (ئیبـن سـینا) کـە دژیـەک بـەوە پێناسـە دەکات"بـە دوو پێوەنـدی ئەرێنـی و نەرێنـی دادەنرێـت کـە لـە خۆیانـدا پێویسـت دەکـەن کـە یەکێکیـان ڕاسـت بێـت، یـان ڕاسـت نەبێـت و ئـەوی دیکەیـان درۆ بێـت، بـۆ ئـەوەی نـە ڕاسـت و نـە درۆ نەتوانێـت لێیـان دەربچێـت، تەنانـەت ئەگـەر لـە هەندێـک لـە ئەگەرەکانـی خەڵکدا دڵنیـا نەبێت." (جـواد کاظم سماري، محمـد عبـد مهـدي، ٢٠١٥:١٦٢) کەواتـە، دژیـەک دوو شـتن لـە دژی یـەک دەوەسـتنەوە، نەبوونـی یەکێکیـان بـە مانـای بوونـی ئەوەکـەی تریـان دێـت، بـۆ نموونـە: ئەگـەر خـۆر بـە ئاسـمانەوە بێـت و دنیـا ڕوونـاک بێـت، ئـەوە هەمـووان دەزانیـن ڕۆژە و شـەو نییـە. لـە مەتەڵـی کوردیـدا لـە پەسـنەی (مـۆم)دا وتراوە:"بایـی پوولێکـە.... پـڕ بـە ژوورێکـە " (سـەردار فەتـاح ئەمیـن، ١٩٧٧:٩) واتـا: مـۆم وەک هێمایـەک بـۆ ڕووناکی لە جیاتی تاریکی وەستاوەتەوە و شـوێنی گرتووەتـەوە و تاریکـی ئەگـەر پـڕ بـە ژوورێـک بێـت، ئـەوە مـۆم ئـەو تاریکییـە پـڕ دەکاتـەوە، پڕ بـە ژوورەکـە ڕووناکـی دەبەخشـێت، یـان دەکرێـت، ئـەو شـتەی شـوێنی شـتێکی تـر پڕدەکاتـەوە، لـە پێوەندییەکـی بەرانبەریـدا بـن، واتـا شـتێک بوونـی نەبێـت، لـە بەرانبـەردا بـە شـتێکی باشـتر لـەو، یـان خراپتـر لـەو پڕبکرێتـەوە، بـۆ نموونـە کەسـێک هەمـوو سـبەینانێک چـا دەخواتـەوە، بـەڵام ڕەنگـە ڕۆژێـک چـا لـەماڵـدا تـەواو بووبێـت، یـان بـە هـەر هۆکارێـک، نەبێـت، ئـەوە دەکرێـت، لـە جیاتـی چـای شـیر بخواتـەوە، لێـرەدا بوونـی شـیر، شـوێنی نەبوونـی چـای پڕکردووەتـەوە.

لـە ڕووی چۆنیەتـی دروسـتبوونەوە، وشـەی (پڕکردنـەوە) لـە سـێ مۆرفێـم پێـک هاتـووە (پـڕ+کـردن+ ەوە). لـە (فەرهەنگـی شـێخانی) دا، پڕکـردن لـە بەرانبـەر (تەژیکـردن)دا هاتـووە و لـە شـێوەزاری بادینانـدا (پرکـرن)ی لـە بەرانبـەردا بەکاردەهێنرێت. مۆرفێمـی (پـڕ) ڕۆڵـی لـە ڕۆنانـی گەلێـک وشـە لـە زمانـی کوردیـدا هەیـە، وەک:

١- سـگپڕ: بـە ئافرەتێـک دەوترێـت کـە دووگیان بێت.

٢- دڵپـڕ: بـە کەسـێک دەوترێـت کـە خەمـی زۆر لـە دڵ گرتبێت.

٣- پرچـەک: بـە کەسـێک، یـان هێزێـک دەوترێت کـە هەمـوو کەرەسـتەکانی جەنگکردنی پـێ بێت.

ئـەم وشـانە و چەنـدان وشـەی تـر، کـە مۆرفێمـی

پـڕ ڕۆڵ لـە ڕۆنانیـان دەبینێت.

**پڕکردنەوەی زمانی، لە سەروبەندی ئاخاوتندا:**

لـە کورتتریـن پێناسـەی زمانـدا وتراوە:هۆکارێکـە بـۆ پێوەنـدی لـە نێـوان تاکەکانـی کۆمـەڵ. "شـێوازێکی مرۆییـە بـۆ گەیاندنـی بیرکردنـەوە و هەسـت و ئـارەزووەکان لـە ڕێگـەی پێڕەوێکـی نیشـانە مەبەستدارەکانەوە، هەروەهـا وەک ئامرازێک بـۆ پێوەندیکـردن لەگـەڵ توخمـە ئاڵۆزەکانـی ڕێزمانـی و بەرهەمهێنـراوی فۆنێتیـک بـۆ ئاڵوگـۆڕی پەیامـی بەسـوود لـە نێـوان قسـەکەرەکاندا پەسـنی دەکات." (عبـد المجیـد الطیـب عمـر، ٢٠١٠:١٨) لـەم پێوەنـدی کردنـەدا، مـرۆڤ هەندێـک جـار وەسـتانی تـێ دەکەوێـت و پێویسـت دەکات، ئـەو وەسـتانە بـە کەرەسـتەیەکی تـر پڕبکرێتـەوە، بێگومـان ئـەو کەرەسـتانەش هـەر کەرەسـتەی زمانیـن، چ لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی ڕاسـتەوخۆی زمانـەوە بێـت، یـان بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ و لـە ڕێگـەی زمانـی جەسـتەوە بێـت.

لـە بەرانبـەر ئـەم دەسـتەواژەیەدا، لـە دنیـای زمانەوانـی و زمانناسـیدا دەسـتەواژەیەکی دەگمـەن و نەبینـراوە و لـە زمانـی عەرەبیدا دەتوانین (الملء اللغـوي) بـۆ بەکاربهێنیـن. پڕکردنـەوەی زمانـی، یەکێکـە لـە بابەتـە نامـۆ و بـاس نەکراوەکانـی نێـو دنیـای زمانەوانـی و ڕەنگـە ئـەم دیاردەیـە لـە زۆر لـە زمانەکانـی جیهانـدا هەبێـت، چونکـە ئاخێـوەر لـە سـەروبەندی ئاخاوتنـدا، هەندێـک جـار وشـە و زاراوەکانـی لـەلا ون دەبێـت و بـۆ پڕکردنـەوەی ئـەو بۆشـاییە لـە کاتـی ئاخاوتنـدا پەنـا دەباتەبـەر کۆمەڵـە کەرەسـتەیەکی تـر، ئـەو کەرەسـتانەش، هـەر کەرەسـتەی زمانیـن، بـەڵام بـۆ ئـەو شـوێنە ناگونجێـن، بەڵکـوو ئاخێـوەر خـۆی هـەوڵ دەدات، لـە دەمەدەمـەی ئاخاوتنـدا بیگونجێنێـت.

نکوڵیکردنـی ئاخێـوەر لـە بەردەوامیـدان بـە ئاخاوتن، لەسـەروبەندی دروسـتبوونی بۆشـاییەکانی ئاخاوتنـدا، دەبێـت بـە پاڵنەرێـک بـۆ ئـەوەی بـە دوای پڕکردنەوەیەکـی زمانیـدا بگەڕێـت و بەردەوامـی بـدات بـەو پرۆسـەیەی دەسـتی پـێ کـردووە، ئەگـەر وا نـەکات، ئـەوە لـەو ئاخاوتنـە دەکشـێتەوە و بێدەنگـی هەڵدەبژێرێـت، ئەمـەش دەبێتـە کۆسـپ لەبـەردەوام ئاخاوتنێکـی ڕاشـکاو و دروسـتدا، چونکە ئاخاوتنی دروست بەردەوامی بوونـی ئاخاوتنـە، بەبـێ هیـچ وەسـتان و گرفتێـک.

پڕکردنـەوەی زمانـی خواسـتی تـاک نییـە بـۆ گۆڕینـی ڕێـڕەوی ئاخاوتـن و گرتنەبـەری ڕێگەیەکـی سـاغڵەمتر، بەڵکـوو ناچاربوونـی تاکـە بـۆ ئەنجامدانـی پرۆسـەیەکی پێشـبینیکراو کـە دەکرێـت ڕووبـەڕووی هەمـوو ئاخێوەرێـک ببێتـەوە، بـە تایبەتـی ئـەو کەسـانەی زۆرتریـن جـار زمانـی ئاخاوتـن بـەکار دەهێنـن، چونکـە لـە پەیڕەوکردنـی زمانـی ئاخاوتنـدا، زمـان زیـاد لـە هەمـوو جۆرەکانی دیکـەی زمـان بەکاردەهێنرێـت، زمانیـش شـایەنی هەمـوو هەڵـە و گرفتێکـە و وەکـوو ئەندامەکانی تری جەسـتە کێشـەی تـێ دەکەوێـت، بـەڵام ئاخێـوەری ژیـر، دەتوانێـت لـە ڕێگـەی زانینـی گرفتەکانـەوە، دەرچەیەکـی دەربازبـوون بـۆ خـۆی بئافرێنێـت.

لەبـەر ڕووناکایی تێگەیشـتن و دیـدگای ئێمـەدا، دەتوانیـن بڵێیـن پڕکردنـەوەی زمانـی بریتییـە لـەو دانـە زمانییـەی لـە سـەروبەندی ئاخاوتنـدا، جێگـەی دانەیەکـی زمانـی تـر دەگرێتـەوە. بێگومـان ئـەم پڕکردنـەوەش کاتێک ڕوودەدات کـە ئاخێـوەر توانایـی دەربڕینـی ئـەو وشـانەی نەبێـت، کـە پێشـتر پلانـی بـۆ دانـاوە. ئـەو کەرەسـتە زمانییـەی دێ، بەشـێک نەبـووە، لـە پرۆسـەی ئاخاوتنـی ئاخێـوەر، بەڵکـوو بـە هـەر هۆکارێـک بێـت، شـوێنی مەبەسـتە سـەرەکییەکە دەگرێتـەوە،

واتـا پڕكردنـەوەی زمانـی پلانـی (B)یش نەبـووە، هەربۆیـە لـە پێناسـەی پلانـدا وتراوە: "ئامادەكارییە بـۆ ئاییـنـدە لـە ئێسـتـادا" (هۆگر چەتـۆ، ٢٠١٥:٦) و هیـچ ئامادەكردنێـك لـە ئاخێـوەردا بوونـی نەبـووە، تـا ئـەو پڕكردنـەوە زمانییـە بەجـێ بهێنیـت، چونكە ئاخاوتـن لـە ڕووی دەروونییـەوە، جۆرێكـە لـە پاڵنـەر، كـە دەربڕینـی وشـەی یەكـەم هـۆكارە بـۆ بەردەوامیـدان بـە ئاخاوتـن، بـەڵام ئـەم ئاخاوتنـە لـە هەندێك كاتـدا وەسـتانی تـێ دەكەوێـت و ئاخێـوەر لـە بەردەوامیـدان بـە ئاخاوتـن بـۆ سـاتێك دەستەوەسـتان دەبێـت.

**هۆكارەكانی دروستبوونی پڕكردنەوەی زمانی:**

ڕاسـتە پڕكردنـەوەی زمانیـی چارەسـەری گرفتێـك دەكات، بـەڵام خـودی خـۆی دەبێـت بـە گرفتێـك و دەشـتوانین هـەر بـەو شـێوەیە لێـی بڕوانیـن، چونكە خـۆی بەرهەمـی چنـراوی چەندان گرفتـی تـرە. ئـەم پڕكردنەوەیـە دەرهاویشـتـەی كۆمەڵێـك هـۆكاری دەروونـی و كۆمەڵایەتییـە كـە هـەر هەموویـان بـۆ خـودی ئاخێـوەر دەگەڕێنـەوە، واتـا ئاخێـوەر خـۆی هەڵسـووڕێنەر و چەقـی ئـەم دیاردەیەیـە و هەمـوو هـۆكارەكان بـۆ خـۆی دەگەڕێتـەوە كـە بـۆ ئەمانـەی خـوارەوە دابـەش دەبـن:

**١- هەژاری فەرهەنگی ئاوەزیی:**

ئـاوەز هەڵسـووڕێنەری تـەواوی بیرۆكـە و بیركردنەوەكانـی ژیانمانـە. هـەر كارێـك بكەیـن، سـەرەتا ئاوەزمەندیمـان ڕێنماییمـان دەكات، بـەرەو كـردن و نەكردنـی ئـەو كارە، بێگومـان ئاخاوتنیـش، بـەدەر نییـە لـەو كارانـەی كـە بـە ئـاوەز سـپێردراون. زمـان بـە كـۆی پرۆسـەكەوە بـە ئـاوەزەوە بەسـتراوەتەوە، هـەر گرفتێـك لـە ئاوەزدا ڕووبـدات، ئـەوە كاریگـەری لەسـەر زمـان و چۆنیەتـی ئاخاوتنـی كەسـی گرفتـار دەبێـت.

ئاوەزمەندیـش سـیفەتێكە تایبەتـە بـە مـرۆڤ و بوونـەوەرە ژیـرەكان، واتـا ئـەو كەسانەی دەتوانن مامەڵـەی عەقڵانـی لەگـەڵ گرفتەكانـدا بكـەن.

"فەرهەنگـی ئاوەزیـی، كـۆگای وشـەكانی مرۆڤـە" (Magdolna Lehmann، ٢٠١٩،٢٧٧) و دەتوانیـن ئـاوەز وەك كۆگایـەك سـەیر بكەیـن، كـە وشـەكانی زمانـی تێـدا كۆكرابێتـەوە. "كاری فەرهەنگـی ئـاوەزی تەنیـا دانـە دانـە هەڵگرتنـی وشـەكان نییـە، لـە نێـو ئـاوەزدا، بەڵكـوو ڕیزیـان دەكات و بەشـێوەیەكی ڕێكخـراو دەریاندەبڕێت." (عومـەر عـادل عەبدوڵـڵا، ٢٠٢٢: ٨٣) بـەڵام ئـەم كۆگایـە، لـە مرۆڤێكـەوە بـۆ مرۆڤێكـی تـر دەگۆڕێت و ژینگـە و ژیـان و گەڕان و ئەزموونەكانـی مـرۆڤ كاریگەرییـان لەسـەر هەژاری و دەوڵەمەنـدی ئـەم فەرهەنگـە دەبێـت. بێگومـان یەكێـك لـەو هۆكارانـەی وا دەكـەن پڕكردنـەوەی زمانـی ڕوو بـدات، هـەژاری فەرهەنگـی ئاوەزیـی و نەبوونـی دەسـتەواژەی بەردەسـتە كـە ئەمـەش وا دەكات، بڕینێـك لـە ئاخاوتنـدا ڕوو بـدات. چونكـە هـەر وشـە و دەسـتەواژەیەك گەنـج كرابـێ، ئـەوە ڕاسـتەوخۆ دەبێـت بـە بەشـێك لـە زانیارییـە ئاوەزییەكانـی ئـەو تاكـە و بـۆ گوزارشـت لـە واتـا و پێویسـتییەكانی دەردەبڕێـت، پێچەوانەكەشـی ڕاسـتە، كەواتـە هـەر نەبوونـی ئـەم دەسـتەواژانە دەبنـە هـۆی پەیدابوونـی پڕكردنـەوەی زمانیـی و یارمەتیدانـی دەربڕینـی زانیارییـەكان.

هەروەهـا ئاخێـوەر لـە ڕێگـەی خوێندنـەوەی كتێـب و گوێگرتـن لـە كەسایەتییەكان، دەتوانێت فەرهەنگـی ئـاوەزی خـۆی دەوڵەمەنـد بكات و بـۆ هەمـوو مەبەسـتێك كـە ویسـتی دەربڕینـی هەیـە، وشـەیەكی خـوازراوی بـۆ بدۆزێتـەوە و پـەرە بـەو ئاخاوتنـە بـدات كـە دەسـتی پـێ كـردووە و

خۆی لە پڕکردنەوەی زمانی بپارێزێت، چونکە وەکوو زانراوە هەموو کتێبێک لە چەندان وشە ڕیزکردنێکی مانادار پێکهاتووە.

**٢- بوونی تابۆ:**

تابۆ پێشێلکردنی ڕەوشت و دابونەریتەکانی کۆمەڵگەیە، لە ڕێگەی زمانەوە، چ بەشێوەیەکی زمانی بێت، یان نازمانی، هەموو ئەمانەش لە ژێر دەربڕاوە زمانییەکاندا کۆدەبنەوە، یان "تابۆ بریتییە لە سەرجەم ئەو دەربڕاوە زمانییانەی کە لە ڕووی بەکارهێنانی کۆمەڵایەتییەوە دەربڕینیان شیاو نییە و ڕێزبەندییە ئاوەزدارییەکەی لەلای تاک کۆتوبەندکراوە، ئەمەش لەلایەکەوە وابەستەبوونیانە بە کۆمەڵێک لە ئۆرگانەکانی ئادەمیزادەوە، یان کردە سێکسییەکان، یان نەخۆشی و شتە شوومەکان، لەلایەکی ترەوە وابەستەی دەربڕینەکانە بە بابەت و شوێنە پیرۆزەکانەوە." (بژوێن یەحیا محەمەد، ٢٠٢٠:٤٤٠) جنێودان و ئەندامە هەستیارەکان زۆر کات دەبن بە تابۆ و دەتوانین چەند نموونەیەک وەکوو دیاری بکەین: مەمک، ئایدز، ...تاد، ئەو تاکەی لە کۆمەڵگەدا دەست بۆ تابۆ ئایینی و سێکسییەکان دەبات، ڕووبەڕووی سزای گشتی دەبێتەوە، لە هەموو جومگەکانی کۆمەڵگەدا، چ لە ئاستی خێزانیدا، یان لە دەرەوەی خێزان، هەر بۆیە تاک لە ترسی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم سزا کۆمەڵایەتییە خۆی بە دوور دەگرێت لە بەکارهێنانیان، کەواتە دەتوانین تابۆ بە یەکێک لەو هۆکارانە لە قەڵەم بدەین کە دەبنە هۆی دروستبوونی پڕکردنەوەی زمانی و ئاراستەی ئاخاوتنەکە دەگۆڕن، یان ئاخێوەر ناچار دەبێت هاووتا ڕێگە پێدراوەکەی بەکاربهێنێت، چونکە یەکێکە لە ڕێگەکانی دروستبوونی هاوواتایی تابۆیە و "ئەو کەرەستە و دەربڕینە زمانیانەی، ڕووی وتنیان نییە و هەڵگری واتای نەشیاو و ناپەسەندن و ناوهێنانیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەپێی هەندێک ئایین و کولتوور و دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان قەدەغە و ڕێگە پێنەدراوە، یان مایەی نەنگی و شەرمەزاری و بێ ئەدەبی و پێچەوانەی ڕەفتار و ڕێسا و ئاکارەکان پیشان دەدات، بۆیە بۆ دوورکەوتنەوە لە وشە تابۆیەکان و پیشاندانی خووڕەوشت و دەربڕینی شیاو و جوان کۆمەڵێک وشەی سینۆنیمی لە بەرانبەر ئەو وشانە دێنە کایەوە، کە تارادەیەک گوتن و بەکارهێنانیان ڕێگە پێدراوە." (ڕۆستەم محەمەد ئەحمەد، ٢٠١٦، ٥٤) ئەمەش هەر بۆخۆی جۆرێک لە پڕکردنەوەی زمانییە، چونکە هاوواتاکە دێت، جێگەی دەربڕاوە تابۆکە پڕ دەکاتەوە.

**٣- دەرنگکەوتنی زانیارییەکان:**

زانیارییەکان کۆمەڵێک بیر و هزرن، لە دەرئەنجامی ئەزموون و گەڕانەکان بە دەستمان گەیشتووە و لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە توانیومانە وەریان بگرین و لە ڕێگەی زمانەوە لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەیانخەینە ڕوو، ڕوونتر بڵێین: لە ژیانی ڕۆژانەدا، ئێمە لە ڕێگەی زمانی ئاخاوتنەوە زانیارییەکان پەخش دەکەین و کەرەستەی سەرەکی ئاخاوتن، دیارە کە وشەیە، وشەش تەنیا فۆرمێکی بەتاڵ نییە، بەڵکوو لەگەڵ ئەوەی فۆرمێکی واتادار، کۆمەڵێک زانیاری خۆی بەو وشەیەوە هەڵواسیوە، کە کۆمەکی ئەوەمان دەکات، لە ئاخاوتن بەردەوام بین، بۆ نموونە وشەی (سێدارە) بەهۆی بەرکەوتنی بوونەکی و نابوونەکیمان لەگەڵ ئەم وشەیە، هەڵگری کۆمەڵێک زانیارییە، واتا زانیارییەکان لە ڕێگەی

وشەکانەوە هەڵگیراون لە ئاوەزدا و کاتێک ئێمە وشە دەردەبڕین، تەنیا وشە دەرنابڕین، بەڵکوو زانیاری بڵاو دەکەینەوە. زانیارییەکان لە ڕێگەی ئەزموون و دنیابینییەوە بەدەست دەهێنرێن، هەرچەندە مرۆڤ زانیاری هەڵگرتبێت، ئەوەندە وشەی هەڵگرتووە. لە ئانوساتی دواکەوتن و درەنگکەوتنی زانیارییەکان ئاخێوەر لە کاتی ئاخاوتندا هەندێک بڕینی تێ دەکەوێت، چونکە مێشک لەو ساتەدا یارمەتی ئاخێوەر نادەن بۆ گەڕانەوەی زانیاری و ئامارەکانی نێو مێشکی ئاخێوەر، هەر بۆیە لەو کاتەدا ئاخێوەر ناچار دەبێت شوێنی ئەو زانیارییە، بە زانیارییەکەی تر پڕ بکاتەوە و لەو بۆشاییە ڕزگاری بکات.

**٤- نەخۆشی زمانی لە ئاستی دەنگسازی زماندا:**

نەخۆشییە زمانییەکان، یان (نەخۆشییەکانی ئاخاوتن) یەکێکن لەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی دروستکردنی ئاستەنگی لە سەرووبەندی ئاخاوتندا و باری ئاخێوەر گران دەکەن، لە کاتی ئاخاوتندا. بەشێوەیەکی گشتی نەخۆشی زمان بەم چەشنە ناسێنراوە "نەنگییەکە، یان لادانێکە کە کاریگەری لەسەر پرۆسەی قسەکردنی تاک دەبێت، ئەمەش کاریگەری لەسەر شێوازی قسەکردن و بەرهەمهێنانی دەنگەکان دەبێت." (ضحوي فوزية، محامدية صباح، ٢٠٢١:١٠) کەواتە هەر نەنگی و گرفتێک بەشێوەی نائاسایی ئاخێوەر لە کاتی ئاخاوتندا دووبارەی بکاتەوە، ئەوە دەکرێت وەک گرفتێک، یان نەخۆشییەکی زمانی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، هەروەها بوونی نەخۆشییە زمانییەکان بابەتێکی سەلمێنراون، چونکە "زمانی مرۆڤ زیندەوەرێکی زیندووە، بۆیە ڕەنگە وەک ئەندامەکانی تری جەستە تووشی تێکچوون، یان کەموکووڕییەک بێت و ئەم تێکچوونەش ڕەنگە فیزیۆلۆژی، یان پەرەسەندن بێت." (بدرة العيساني، ٢٠١٧:٥) نەخۆشییە زمانییەکان یەک لەو هۆکارانەن کە دەبنە هۆی تێکچوونی ئاخاوتن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، بێگومان چارەسەرکردنیشی زۆرجار بە پێی ڕێنماییە پزیشکییەکان دەبێت.

ئەم ڕاستییەش، لە زمانگرتندا ڕوون دەبێتەوە، بەو پێیەی زمانگرتن بریتییە لە درەنگکەوتن، یان نەتوانیی دەربڕینی هەندێک دەنگ بە ئاسانی لەلایەن ئاخێوەرەوە، بۆ نموونە لە زمانگرتندا هەندێک پیت بەلای ئاخێوەرەوە دەربڕینیان قورسە، ئەمەش وا دەکات ئاخێوەر هاوواتاکەی بەکاربهێنێت، یان ئاراستەی ئاخاوتنەکەی بگۆڕێت، بۆ نموونە: ئاخێوەر لە جیاتی ئەوەی بڵێت (ڕەوا نییە) دەڵێت (مەعقول نییە) بەو پێیەی دەربڕینی دەنگی (ڕ) هەندێک جار سەختە بەلای ئەو کەسانەوە کە نەخۆشی زمانگرتنیان هەیە، بەڵام بە پێچەوانەوە دەنگی (م) لە دەربڕیندا سووکترە.

**ئەنجامی توێژینەوەکە:**

١- پڕکردنەوە بریتییە لە پڕبوونی شتێک کە مەرجە بەتاڵ بێت، یان بە ئەندازەی ئەوەندەی مابێت کە بتوانێت پڕ بکرێتەوە.

٢- پڕکردنەوەی زمانی

بوونی پڕکردنەوەی زمانی لە زمانی کوردیدا، شتێکی نائاساییە، چونکە ئەم پڕکردنەوەیە دەرهاویشتەی کۆمەڵێک گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتییە و پاش تەواوبوونی ئەم توێژینەوەیە بۆمان ڕوون بووەوە کۆمەڵێک هۆکار هەن کە دەبنە هۆی چڕۆکردنی ئەم پڕکردنەوەیە، ئەو هۆکارانەش لە سەرەوە ئاماژەمان پێ داون.

سەرچاوە کوردییەکان:
١- بژوێن یەحیا محەمەد، ٢٠١٤، ترۆپکی تابۆ لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، E-Issn:٢٥٢٢-٧١٣٠.
٢- عومەر عادل عەبدوڵڵا، ٢٠٢٣، هەژاری فەرهەنگی ئاوەزی ئاخێوەران لە بەرهەمهێنانی وشە و زاراوەی نوێدا، ژمارە (٢٠)ی گۆڤاری دیوان.
٣- هۆگر چەتۆ، ٢٠١٥، پلاندانان و پلاندانانی ستراتیژی.
٤- سەردار فەتاح ئەمین، ١٩٧٠، خەرمانێک لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی.
٥- عەلی نانەوازادە، ٢٠٠٥، فەرهەنگی هەرمان، بڵاوکراوەی موکریانی، چاپی دووەم، هەولێر.
٦- ڕۆستەم محەمەد ئەحمەد، ٢٠١٦، سینۆنیم لە زمانی کوردی ناوچەی گەرمیاندا، نامەی ماستەر، کولێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

سەرچاوە عەرەبییەکان:
١- جواد كاظم الساعدي، محمد عبد المهدي سلمان، ٢٠١٥، مفهوم التناقض عند ابن سينا. Vol. 1 No. 23 (2015): Kufa Journal of Arts (Adab Al-Kufa) - March 2015.
٢- عبد المجيد الطيب عمر. (٢٠١٠). منزلة اللغة العربية بين اللغات المعاصرة : دراسة تقابلية. (أطروحة دكتوراه)، جامعة أم درمان الإسلامية، السودان.
٣- ضحوي فوزية، محامدية صباح، ٢٠٢١، اشكالية تعلم اللغة العربية عند تلاميذ المصابين بامراض الكلام "مدارس بسكرة انمودجا"، جامعة محمد خيضر مسكرة، مذكرة ماستر.
٤- بدرة العيساني، ٢٠١٧، الاضطرابات اللغوية (الصوتية – الصرفية – التركيبية – الدلالية)، جامعة محمد بوضياف، مذكرة ماستر.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:
Magdolna Lehmann: Models of the mental lexicon Argumentum 15 (2019), 277-289 Debreceni Egyetemi Kiadó.

# ڕەچەڵەکی کورد

## «توێژینەوەی زانستیی فرەپسپۆڕی»

پرۆفیسۆر فێردیناند هەنەربەشلەر
لە ئینگلیزییەوە: هەڵکەوت محەمەد پشدەری

(٢ - ٢)

**یەکەم:** (بڕوانە شێوە ٨) پێدەچێ وشەی ئومان -ماندا کۆچی هەڵگرانی R1a1 دەچەسپێنێ، یان یەکلا دەکاتەوە، وەک کلیۆسۆف دەڵێ «کاتەکانی کۆچکردنی هەڵگرانی جینی R1a1 لە ناوچەکانی باشووری ڕووسیاوە بەرەو باشوور بە ئەرمەنستاندا بۆ ئەناتۆلیا، باکووری ڕۆژئاوای ئێران و ناوچەی عەرەبی بە تەواوی لەگەڵ کاتی بەکارهێنانی وشەکەدا ٣٦٠٠ بۆ ٤٠٠٠ ساڵ، لەوانەیشە ٣٣٠٠ بۆ ٤٢٠٠ ساڵ پێش زایین، یەک دەگرێتەوە و تەبان».

### ڕەچەڵەکی سۆمەرییەکان لە باکوورە؟

**دووەم:**

کلیۆسۆف وای بۆدەچێ هاتنی وشەی ئومان -ماندا لە تەختە قوڕینەکان، لەوانەیە بەڵگەی کۆچی سۆمەرییەکان لە باکوورەوە بێ، دەڵێ «کاتەکانی کۆچکردن لەگەڵ کۆچی هەڵگرانی جینی R1b یش ، بە ئاسیای بچووکدا تەبایە، لەوانەیشە (ئەگەر ئەمە وابێ) بە ئێراندا بەرەو ئەوروپا بەر لە ٤٥٠٠ ساڵ کۆچیان کردووە. بەر لە ٦ هەزار ساڵ لە قەوقاز بوون، بەر لە ٥٥٠٠ ساڵ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، واتە سۆمەر و لبنان بوون، لە هەمان کاتدا لە ئاسیای بچووکدا هەبوون، واتا ٤٥٠٠-٥٠٠٠-٥٥٠٠-٦٠٠٠ ساڵ. بەشی هەرەزۆریان بە ئاسیای بچووکدا لە

نێوان ٤٠٠٠-٣٦٠٠ ساڵ پێش زایین تێپەڕیون، لەوانەیە هەندێکیان لەوێ نەگیرسابێتنەوە» سەرچاوە: هەنەر بیشلەر ٢٠١١، لاپەڕە ١٨٨، ٣٤٨. لە توێژینەوەیەکی نوێتری کلیۆسۆڤدا، لە ساڵی ٢٠١٢ بە ناوی (مێژووی کۆنی ئاربین — ئاربین، واتا هەڵگرانی جینی R1b) کلیۆسۆڤ دەرئەنجامی زۆرتر هەڵدەهێنجێ، تیشکی زیاتر دەخاتە سەر سۆمەرییەکان. باپیرە گەورەی سۆمەرییەکان بەر لە ١٦ هەزار ساڵ لە ناوچەی باشووری سیبیریا/ ئاسیای ناوەڕاستەوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و میزۆپۆتامیا کۆچیان کردووە و لەو کاتەدا شارستانیەتی سۆمەریان دامەزراندووە. بە بڕوای کلیۆسۆڤ ئەگەری زۆرە سۆمەرییەکان هەڵگری جینی R1b1a2 بن (واتا نەوەی هەڵگرانی R1b ن) و ئەوانیش باپیرەی ئاشورییەکان بن. (سەرنج: ئەو توێژینەوەیە لە کاتی چاپکردنیدا، لە شوباتی ٢٠١٢ وێنەیەکی بە من گەیشتووە).

### ڕەچەڵەکی سۆمەرییەکان و باسک

کلیۆسۆڤ لەسەر بنەمای لێکچوونی سیفاتی بۆماوەیی جینەکانی R1b1a2، گریمانەیەک دەخاتە بەردەست تێیدا ڕەچەڵەکی سۆمەرییەکان (بەتەواوی مردوون و نەماون) و دانیشتووانی ناوچەی باسک لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئەوروپا دەژین، بۆ یەک سەرچاوە دەگێڕێتەوە. باسکەکان هەڵگری بێگەردی جینی R1b1a2 ن و لێکچوونی زۆری وشەکانی زمان لە نێوانیاندا هەیە، بە تایبەتی چۆنیەتی بەکارهێنانی فرمانەکان لە زماندا (ئەو فرمانانەی لە ڕستەدا پێویستییان بە باس هەیە، لەگەڵ ئەو فرمانانای پێویست نییە باسیان لەگەڵدا بێت). کلیۆسۆڤ دەڵێ: «هیچ زانیاری سەبارەت بە جینی سۆمەرییەکان لەبەردەستدا نییە؛ بەڵام بنەمای گریمانەکەم ئەوەیە باسکەکان بە تەواوی هەڵگری جینی R1b1a2 ن، هەردوو زمان تا ئێستە لەلایەن زمانناسانەوە لە هیچ خێزانێک دانەنراون، هەندێ زمانناس هەردووکیان بە زمانێکی سینۆ - قەوقازی دادەنێ، بۆیە لەوانەیە سۆمەرییەکان هەڵگری جینی R1b1a2 بووبن، لە ناوەڕاستی ئاسیاوە بە قەوقازدا بۆ ئەناتۆلیا و لەوێوە بەرەو باشوور کۆچیان کردبێ».

کلیۆسۆڤ لە ناوەرۆکدا گریمانەی ئەوە دەخاتە بەردەست، سۆمەرییەکان و باسکەکان نەوەی هەمان گرووپی هەڵگری جینی R1b بووبن، ١٦ هەزار ساڵ لەمەوبەر لە باشووری سیبیریا/ ناوەڕاستی ئاسیادا هەبوون و بۆ چەند کۆمەڵێکی دیکە دابش بوون. باسکەکان هەڵگری جینی R1b1a2 بەرەو ڕۆژئاوا کۆچیان کردبێ، سۆمەرییەکانیش هەر لەوانەیە هەڵگری جینی R1a1b2 بووبن و بە قەوقازدا بەرەو ئەناتۆلیا، ئەوجا باشووری میزۆپۆتامیا، کۆچیان کردبێ. بۆ دڵنیابوونەوە و سەلماندنی گریمانەی کلیۆسۆڤ، وا باشە زانایانی سۆمەرناسی و شوێنەوارناسان هەرنەبێ پاشماوەی مرۆڤێکی سۆمەری، یان نەوەیەکیان بدەنە دەست زانایانی جیننناسی، تا نەخشەی جینەکانی سۆمەرییەکان ئاشکرا بکرێ و ڕەچەڵەکیان بدۆزرێتەوە.

### ئومان- ماندا و سۆمەر

لەبەر ئەوەی توێژینەوەی فرە-پسپۆری لە ڕەچەڵەکی سۆمەرییەکان جارێ لە دەستپێکدایە، بۆ گەیشتن بە قووڵایی زانیارییەکان، توێژەنەوەی زۆرتر پێویستە. ئەوەندەی بە تەختە قوڕینەکانەوە بەندە و لێیانەوە خواستراوەتەوە، هیچ ئاماژەیەک بۆ سۆمەرییەکان وەک ئومان

-ماندا نەهاتووە. لە ئەفسانەی ژیانی نارام سینی پاشای ئەکادییەکاندا (٢٢١٩ تا ٢٢٧٣ پ.ز) بە ناوی (ئەفسانەی کوتا) ناوی پاشایەکی سۆمەرییەکان (پاشا ئینمار- کار) دامەزرێنەری شاری ئوور لە باشووری میزۆپۆتامیا، بە خراپ ناوی هاتووە، چونکە دژ بە ئومان -ماندا نەجەنگاوە. خوایەکان بۆ دژایەتیکردن و تێکدانی شارستانیەت، ئومان-ماندایان دروست کردووە. ئەوان لە ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆلیاوە هاتوون، لە باکووری زێی گەورە هاتوونەتە ناو باکووری میزۆپۆتامیا، دواتر گوتییەکان و عیلامییەکانیان ڕووخاندووە، پاشان خوایەکان تێکیان شکاندوون. بڕوانە شێوە ٩.

«دەگوترێ مرۆڤەکان بێ هێز و توانستن و نابێ دەست لە کاری خوا بدەن و هەردەم گوێڕایەڵی بن، ئینمیرکاری سۆمەر وای نەکرد، بۆیە سزا دراوە. نارام سینی ئەکادی گوێی بۆ شەیتان هەڵنەخست، بەشێکی زۆری هێزەکەی لە دەست دا، دەرفەتی دووەمیان درایە، هیچیان نەکرد، بۆیە بە ویستی خوایەکان نەیانهێشت پاشایاتەییەکەیان بڕووخێت». بە تەواوی دیار نییە، ئایا ئەوە (جۆرێک لە دەقی ئاشتییانەی) ئەفسانەی ئەفراندن/ ڕەچەڵەک لەسەر بنەمای ئایین و نیشانەیەک بۆ مێژووی ڕاستەقینەی وەک گرتنەدەستی ئاشتییانەی دەسەڵاتە لە میزۆپۆتامیای کۆندا لە سۆمەرەوە بۆ ئەکادی تێدایە، یان کۆچە لە باکوورەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا، پێدەچێ بە واتایەکی سنوورداری ڕوونکراوە، ئاماژە بۆ پێوەندی نێوان ئومان-ماندا لەگەڵ سۆمەرییەکان و ئەکادییەکانە. لەویش زۆرتر، ئەگەر بۆچوونەکەی کلیۆسۆڤ ڕاست بێ، ئاشوورییەکان دەبنە نەوەی بابلییەکان. بەپێی گریمانە و خستنەڕووی کلیۆسۆڤ، بەڵگەکانی ئومان-ماندا، بە تایبەتیش لە باکووری ڕۆژئاوای میزۆپۆتامیا دەبێ دووبارە بۆ ئەگەری چالاکی (کۆچی) ئاشوورییەکان لە ناوچەکەدا، چاوی پێدا بخشێنرێتەوە. زانیارییەکان تا ئێستە وێنەیەکی ڕوون نیشان نادەن.

## گەڕان بە دوای باس لە فرمانەکاندا

لەگەڵ ئەوەی هەوڵی بەردەوامی زمانناس و زمانەوانەکان بۆ گەڕان بە دوای وەڵام بۆ ڕەچەڵەکی زمانی سۆمەرییەکان و دانیشتووانی میزۆپۆتامیا، بە گەڕان بە دوای لێکچوونەکانی زمانە کۆنەکان وەک هەبوون و نەبوونی باس بە گۆڕینی شێوازی فرمانەکان لە زمانەکاندا. لەو بارەیەوە زمانی باسک لەگەڵ زمانی سۆمەرییەکان لەیەک دەچن و پێدەچی ڕەگیان یەک بێت، بەڵکوو کاریگەرییان لەسەر زمانی ئاخاوتنی باپیرە گەورەی کوردەکانیش هەبووە. ئەو جۆرە فرمانانەی دەبێ باس لە ڕستەدا هەبێ، نەک تەنیا پتەوی زمانەکە دەردەخات، بەڵکوو لێکچوونی هەردوو زمانی باسک و سۆمەرییەکانیش نیشان دەدات. پێدەچی هەردوو زمان هەمان ڕەگیان هەبووبێ، تەنانەت کاریگەری لەسەر باپیرە گەورەکانی کوردزمانەکانیش هەبووە.

لە سەرنجێکی کورتدا: پیۆتر میکالۆڤسکی، پێشەنگی زانایانی زمانی سۆمەری و پسپۆڕی زمان و شارستانیەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک لە زانکۆی میشیگانی ئەمەریکا، پشت ئەستوور بە ئەنجامە گشتییەکانی یۆهانا نیکۆڵز، مامۆستای فەخری بەشی زمانەوانی زانکۆی کالیفۆرنیای ئەمەریکا، پێشنیازێکی فراوان بۆ ڕەچەڵەکی زمانی سۆمەرییەکان دەکات. بە بۆچوونی میکالۆڤسکی، بەر لە بڵاوبوونەوەی زمانی

سامی، زمانی سۆمەری ڕۆڵی سەرەکی لە کۆی زمانەکانی (پۆلێن نەکراو و لاچەپەکەکاندا وەک زمانی باسک — مەبەست لە لاچەپەک لێرەدا ئەو زمانانەن لەگەڵ دەوروبەردا کارلێکیان نەبووە) لە ڕۆژئاوای ئاسیادا (میزۆپۆتامیا)، هەبووە، هەرچەندە هەوڵی دۆزینەوەی ڕەچەڵەک و شوێنی سەرهەڵدانی سۆمەرییەکان نادات، بەڵام گریمانەکەی و ئەو لێکچوونانەی نیشانی دەدات، مایەی لێ وردبوونەوەیە.

بۆ نموونە شارەزایانی DNA وەک کلیۆسۆڤ لەسەر هەمان ڕێچکەن، بەڵام ڕای میکالۆفسکی لەسەر توێژینەوەکانی DNA کەمێک دژ بەیەکن. لە لایەکەوە هەوڵەکانی کاڤالی سفۆرزا بۆ پێکگەیاندنی دەرکەوتن و پێشکەوتنی زمان، دابەشبوون و هەمەجۆری زمان لەگەڵ سیفاتە بۆماوەییەکانی مرۆڤ، باس دەکات، بەڵام هێمای پرسیاری لەسەر دادەنێت و دەڵێ «مرۆڤ بەهەر جۆرێک لەو کارانە بڕوانێ». لە لایەکی دیکەیشەوە بەرزنرخاندنی توێژینەوەکانی زمانناس جۆوانا نیکۆلز وەک دەڵێ «کتێبەکەی جۆوانا سەبارەت بە فرەجۆریی زمان لە شوێن و کاتدا، زۆر کاریگەرە» (چاپخانەی زانکۆی شیکاگۆ ١٩٩٢) و وەک «شێوازێکی نوێی سەرکەوتوو لە نێوان مێژووی بۆماوەیی و زمانە خۆجێیەکاندا» ناوی دەهێنێت و وشەی بۆماوەیی لە تەنیشت وشەی ئارییایی بۆ ئاماژە بەوەی پێش زمانی سامی، زمانی سۆمەرییەکان بەردەوامیی زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بووە. بە شێوەیەکی سەرەکی، میکالۆفسکی لەگەڵ ئەو بۆچوونەیە، دەڵێ «زمانی سۆمەرییەکان لە دێرزەمانەوە زمانێک لە زمانەکانی میزۆپۆتامیا بووە، ئەگەر زمانی سەرەکیش نەبووبێت، بەبێ جادوویەک هەرگیز ناتوانین بۆ زمانی پێش سۆمەر بگەڕێینەوە». دەبێ ئەوە بزانین «تا ئێستە هیچ بەڵگەیەک بۆ زمانێکی دیکە پێش سۆمەرییەکان لە ناوچەکەدا نییە». لەبەر ئەوەیە کۆمەڵە زانیارییەکانی شوێنەوارناسی ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ «پێوەندی لە نێوان شوێنەوارەکان و زماندا نییە»، ئەو زانیارییانەی شوێنەوارناسی وەک ئاماژە بۆ هاتنی خەڵکی نامۆ بە میزۆپۆتامیا بەکارهاتووە. (لە تۆم جۆنز، کێشەی سۆمەرییەکان، نیویۆرک، وایلی ١٩٦٩ وەرگیراوە).

بۆ ڕەتکردنەوەی زانیارییەکانی شوێنەوارناسی، گوایە کاتێک سۆمەرییەکان بەرەو میزۆپۆتامیا کۆچیان کردووە کۆمەڵە مرۆڤی دیکە لەوێ ژیاون، میکالۆفسکی پێی وایە دەبوایە لەگەڵ زمانی سۆمەرییەکان زمانێکی دیکە لەگەڵ سۆمەری لە میزۆپۆتامیادا مابایەوە و دەبوایە لە نووسینەکانیشدا دەرکەوێ، بەڵام بە پێی میکالۆفسکی ئەو بەڵگەیە نییە، بۆیە ئەو ئەنجامانە ڕەت دەکاتەوە، چونکە لە ڕاستییەوە دوورن، بە تایبەتیش ئەوەی لە لایەن گەورە ئاشوورناسی سەردەمی خۆی بێننۆ لاندبێرگەری نەمساوی (١٨٩٠-١٩٦٨) گوتراوە، کاتێک لە سەرەتای ١٩٤٣ بیردۆزەکەی سەبارەت بە زمانی چینی جووتیار لە میزۆپۆتامیا لەسەردەمی ئۆباید (٤٥٠٠-٥٥٠٠ ساڵ پێش زایین) داڕشت. لەوانەیە ئەو بیردۆزەی لە کولتووری سامەرای (٤٨٠٠-٥٥٠٠ ساڵ پ.ز) سەر کەناری ڕووباری دیجلە وەرگرتبێ. لاندسبێرگەر ناوی لەو زمانە گریمانکراوەی خۆی نا «پرۆتۆ فورات». لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوو گۆنزالۆ ڕۆبیۆ لە شیکارییەکدا ڕوونی کردووەتەوە هەندێ ناوی ڕووبار، شارەکان و پیشەکان (وەک گڵسازی و مزگەری) بەر لە سۆمەرییەکان لە

میزۆپۆتامیادا، تەنیا گریمانەی زمانەوانین و نابنە سەلمێنەری ئەوەی زمانێکی دیکە هەبووبێت. بە بۆچوونی میکالۆڤسکی ئەوە بەڵگەیەکی دیکەیە دەیسەلمێنێ بەر لە سۆمەرییەکان کۆچکردن بۆ میزۆپۆتامیا نەبووە ، دەشڵێ لەگەڵ ئەوەیشدا «هێڵی جینەکان و پاشماوەی زمانی ئاریایی» لە لایەن جۆوانا نیکۆلز و دڵی خۆی بە هەوڵی هاوڕەگبوونی زمانە لا چەپەکەکان (وەک زمانی سۆمەرییەکان) خۆش دەکات و لە (ڕاگەیەنراوی گشتی، ١٩٩٤ لاپەڕە ٧٤)ی نیکۆلز دەخوازێتەوە کە زمانی باسک لەسەر بنەمای چۆنیەتی بەکارهێنانی کار و باس بۆ سێ خێزانی زمانە کۆنەکانی قەوقاز دەگەڕێنێتەوە «عیلامی، سۆمەری و هورۆ ئورارتیایی»، و نیشانی دەدا چۆنیەتی بەکارهێنانی کار و باس لە زمانەکاندا لەو زمانە ئارياییانەدا جێگیرە، لەبەر ئەوە ئەو زمانانە یەک هێشوو پێکدەهێنن.

میکالۆڤسکی لەگەڵ ئەو بۆچوونەی دواییدایە و دووپاتی دەکاتەوە کە زمانی سۆمەرییەکان ئەو سیفاتەی بەکارهێنانی کار و باسیان تێدایە، بەڵام بۆچوونی نیکۆلز بەوەی زمانی عیلامییەکان هەمان سیفاتی زمانەوانی هەیە و بەر لە هاتنی سۆمەرییەکان لە میزۆپۆتامیادا زمانێکی بڵاوبووە، ڕەت دەکاتەوە. میکالۆڤسکی ڕاستی دەکاتەوە و پێی وایە زمانی عیلامی هەمان سیفاتی بەکارهێنانی کار و باسی تێدا نییە، بۆیە زمانی عیلامی سەر بە خێزانێکی جیاوازی زمانە و لەبەر ئەوە ئەو بیرۆکەیەی دەڵێ ڕەچەڵەکی سۆمەرییەکان لە باشوور بووە و بەرەو میزۆپۆتامیا هاتوون، ڕاست نییە. ئەم گریمانەی مایکلۆڤسکی دەقاودەق بۆچوونەکانی دەرناخات، بەڵام سۆمەرییەکان بە شێوەیەکی گشتی وەک پاشماوەی زنجیرە زمانێکی گەلێک فراوانتر دادەنێ ئەگەر بە یەک گرووپیش تایبەت نەبووبێ، لە ڕۆژئاوای ئاسیادا بەر لە دەرکەوتنی زمانەکانی سامی، زۆر بڵاوبووە. لە چوارچێوەی ئەو زنجیرە زمانانەی لە ژێر کاریگەری ئەو سیفاتەی بەکارهێنانی کار و باسدان، میکالۆڤسکی هەردوو زمانی سۆمەری و هاتی پێکەوە دادەنێ و پێی وایە پێگەیەکی مێژوویيان لە ڕۆژئاوای ئاسیادا هەیە، وەک هەردوو زمانی (باسک و ئەتروسکان) لە ئەوروپا، وان. بەو شێوەیە پرسیارە سەرەکییەکان بێ وەڵام دەهێڵێتەوە، وەک پێوەندییە مێژووییەکانی نێوان باسک و سۆمەر، نەک تەنیا لەسەر بنەمای لێکچوونەکانی هەردوو زمان کە پێی وایە ئەو لێکچوونانە هەن، بەڵکوو پرسیارەکانی دیکەی گرنگتریش لە بارەی هاوبەشیی بۆماوەییان (بێ ئەوەی بچێتە قووڵایی باسەکەوە).

## باس و کار لە سۆمەری و گۆراندا

لێرەدا کەمێک بە درێژی بیردۆزەکانی ڕەچەڵەکی سۆمەرییەکان و ڕەگوڕیشەی سیفاتی بەکارهێنانی کار و باس لە ڕستەدا، باس دەکەین، چونکە ڕاستەوخۆ بە پێشکەوتنی ئەو خەسڵەتەی زمانە کۆنەکانی ئێرانەوە پەیوەستە، تیشکی زۆریش دەخاتە سەر ڕەگی زمانی کوردی. دەرکەوتن و گۆڕانی چۆنیەتی کار و باس لە ڕستەدا بۆ یەکەم جار لەلایەن زانای ئێرانناس گێرنۆت ویندفوهەر، لە یەکەمین بەرگی کتێبەکەی بە زمانی ئەڵمانی بە ناوی «دی هێرکونفت دێر کوردن- ڕەچەڵەکی کورد» باس کراوە (هەنەر بیشلەر ٢٠١٠، لاپەڕە ١٩٩-٢٠٨)، ئەوجا لە دوایین بەرگی زمانی ئینگلیزیشدا (هەنەر بیشلەر ٢٠١١، لاپەڕە ٣٧٥). ویندفوهەر باسی ئەو سیفەتەی زمانەکانی هیندۆئەورووپایی

دەکات و پێی وایە هەموو زمانەکان بەو قۆناغەدا ڕۆیشتوون، هەندێکیان لە قۆناغێکدا تەواو هەڵگری ئەو سیفەتە بوون.

بە بۆچوونی ویندفوهەر سەرەتای دەرکەوتنی ئەو سیفەتەی زمان لە (کۆمەڵگە شوێنەوارەکانی ناوچەی مارجیانا -باکتریا) لە باشووری ناوەڕاستی ئاسیا بووە، لە ناو زمانەکانی دیکەدا (زمانە ئێرانییەکان)، گۆڕانی گەورەیان بەسەردا هاتووە. لە دواییدا لە پێکهاتە و ڕستەکانی کاری ڕابوردوودا دەرکەوتوون. بەر لەوە کاری ناتەواو، لە ڕەگی کاری ڕانەبوردوو دەردەهێنرا (لە زمانێکدا ئەگەر لە ڕستەیەکدا یەک ناو هەبوو، ئەو ناوە بوو بە بابەت/ باس ئەو زمانە پێی دەڵێن nominative-accusative، بەڵام ئەگەر ناوەکە ناوێکی سادەی شتێک بوو، ئەوە ئەو زمانە پێی دەڵێن ergative-absolutive) تەنیا دوو لە زمانەکانی ئێرانی کۆن تا ئێستە هیچ هەنگاوێکیان بۆ جیاکردنەوەی کاتی کار نەناوە و وەک خۆیان ماونەتەوە، شێوەزاری گۆرانی لە زمانی کوردیدا لەگەڵ زمانی یەغنۆبی (گەلێکن لە تاجیکستان دەژین). هەردوو زمان بە جیا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بەڵام هەمان ڕەگی زمانیان هەیە و بەردەوامیی زمانەکانی باکووری ئێرانی کۆنە. زانای بواری جیناسی ئەناتۆلی کلیۆسۆڤ لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا هاوڕایە: زانیارییەکانی جینی هەردوو گەل ئەوە دەسەلمێنێ هەردووکیان هەڵگری جینی R1aی باب و باپیرانیانن (هەنەر بیشلەر ٢٠١٠، لاپەڕە ٣٧١).

شرۆڤە: ئەگەر چۆنیەتی بەکارهێنانی کار و باس لە کاری ڕابوردوودا کۆنتر بێ وەک لەوەی لە کاری ڕانەبوردوودا هەیە، ئەوە چەند لێکدانەوەیەک هەیە: (١) داتاشینی کاری ناتەواو لە ڕەگی کاری ڕانەبوردوو لە شێوەزاری (گۆرانی) کوردیدا کۆنترە لە شێوازی جیاکردنەوەی کاتی کار لە زمانی سۆمەریدا، بەڵام بەڵگە نییە زمانی گۆرانی (یان گۆرانی کۆن) لە کاتی سۆمەرییەکاندا هەبوو بێت. (٢) کەواتە ئەو شێوازەی کاری ناتەواو لە زمانی گۆراندا دەبێ لە شوێنێکی دیکەوە سەرچاوەی گرتبێ (کۆمەڵگە شوێنەوارەکانی ناوچەی مارجیانا -باکتریا لە باشووری ناوەڕاستی ئاسیا)، ئەوە واتای ئەوە دەگەیەنێ، هەرچەندە ناتوانین بە ڕاستەوخۆ هیچ لەبارەی ئەو سیفەتەی زمان لە سۆمەریدا بڵێین، بەڵام ئەگەری ئەوەی هەردوو زمان هەمان ڕەگوڕیشەیان هەبێت، ئاری بن و بۆماوەیی جینەکان لە نێوانیاندا هاوبەشی نیشان بدات و بۆ ناوەڕاستی ئاسیا بیانگەڕێنێتەوە، بە هێزە.

ئەو لێکچوونە زمانەوانییەی کوردی (گۆرانی) و یەغنۆبی ئەوە دووپات دەکاتەوە، کوردەکان ڕەچەڵەکیان لە باکوورەوەیە و بەرەو کوردستان کۆچیان کردووە، نەک لە باشوورەوە، یان باشووری ڕۆژئاواوە هاتبن، ئەوەیش کۆڵەکەی تێگەیشتنی دەرکەوتنی زمانی کوردییە.

## باپیرە گەورەی کوردی فرەزمان

لە رووی زمانەوانییەوە، دوو کۆچی گەورەی هەڵگرانی جینی R1a1 لە ئاسیاوە بە باشووری رووسیا و لەوێوە بە ئەرمەنستاندا بۆ ئەناتۆلیا ١١٤٠ -٢٢٤٠ ساڵ لەمەوبەر، ئەوجا بەشێکی بچووکیان بەرەو باکووری ڕۆژئاوای ئێرانی ئێستە ١٦٠٠ -٢٢٠٠ ساڵ لەمەوبەر رووی داوە، ئەوەی ئەناتۆلی کلیۆسۆڤیش بە شەپۆلی دووەمی کۆچی هەڵگرانی R1a1 لە تەختاییەکانی ئێرانەوە بۆ باکووری ڕۆژئاوای ئێران ٦٠٠-٧٠٠-٨٠٠ ساڵ

پێش زایین، دەژمێردرێ و پاڵپشتی بەڵگەکانی زمانەوانی دەکات کە چەند پرۆسەیەکی جیاوازی بە هیندۆئەوروپیکردنی زمانەکان هەریەک بە جیا، نیشان دەدات.

لەگەڵ ئەوەیشدا، وێنەیەکی تەواو بە ڕاستی دیار نییە، بەتایبەتی توخمەکانی زمانەوانی زمانەکانی هیندۆئەوروپی لە ناو زمانەکانی ڕۆژئاوای ئاسیادا لە نێوانی ساڵانی ١١٤٠-٢٢٤٠ پێش زایین. پێشەنگێکی شارەزایانی بواری زمانە هیندۆئەوروپیەکان زانای نەمسایی مانفرێد مایرهۆفەر (١٩٢٦-٢٠١١)، چەند بەڵگەیەکی سەبارەت بە زمانی (هیندۆ-ئاریان لە ڕۆژئاوای ئاسیای کۆندا) خستووەتە بەردەست (فەرهەنگی زاراوەکانی هیندۆ ئاری کۆن، هایدلبێرگ ١٩٩٢ -١٩٩٦). مایرهۆفەر دەڵێ «ڕاو بۆچوونەکان لەو بارەیەوە تا ئێستە کۆک نین»، دانیشی بەوەدا ناوە و دەڵێ «تا ئێستە هەر لایەک پاڵپشت و ڕەتکەرەوەی هەیە» (هەمان سەرچاوە لە زمانی ئەڵمانی وەرگێڕراوە، بڕوانە هەنەر بیشلەر ٢٠١٠، لاپەڕە ١٣١-١٣٣). سەیر لەوەدایە لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٦٥ مایرهۆفەر زاراوەی زا -ڵو-د/ تی/یش (زاڵودی، یان زایاڵودی) وەک زاراوەیەکی زۆر سەرەکی هیندۆئەوروپی ڕەت کردووەتەوە (بێ ئەوەی بە بنجوبناوانیدا بچێتە خوار و لێی بکۆڵێتەوە). زا-لو-د/ تی/یش لە نووسینەکانی (زوکراسی تێکست)ی سەدەی ١٧یەمی پێش زایینەوە، هاتووە.

هاتوسیلیسی یەکەم (١٦٢٠-١٦٥٠ پێش زایین) فەرماندەی ئومان-ماندا و سەربازانی هورییەکان بووە، هەرچەندە جارێ هاوڕایی تەواو لەسەر زاراوەی زا-ڵو-د/ تی/یش نییە، بەڵام پێوەندی تەواو لە نێوان کاتی کۆچی سەربازانی ڕێکخراوی ئومان-ماندا و کاتی کۆچی هەڵگرانی جینی R1a1 ئەناتۆلی کلیۆسۆڤیان هانداوە لەسەر بنەمای هیندۆئەوروپی بوونی ئەو کۆچانە، زاراوەکە بە ئاماژە بۆ سەرکردەی (خەڵکی دوور) دابنێ.

کلیۆسۆڤ دەڵێ «زالودی لە زمانی ڕووسیدا بە واتای «کەسی دوور» دێت، زا واتای دوور و لودی واتای خەڵک دەگەیەنێ، بۆیە دەڵێ «دەبێ ڕەچەڵەکی ئەو وشەیە هیندۆئەوروپی بێت» (سەرچاوە هەنەر بیشلەر ٢٠١١، لاپەڕە ٣٤٨). کلیۆسۆڤ بە دووری نازانێ ئەوە تەواو ڕێکەوت بێ، بەڵام توێژینەوەکانی زمانەوانی پرۆسەی (هیندۆئەورپاییکردن) لەسەر خاکی هورییەکان- میتانییەکان ٢ هەزار ساڵ پێش زایین هەر بە ئەگەرێکی کراوە و بێ وەڵام دادەنێن، بەڵام هێشتا بەڵگەی سەلمێنەری لایەک بەسەر لایەکەی دیکەدا لەبەردەست نییە.

بەو پێیە ڕایەکان تەواو لەسەر ئەوە کۆکن، کە کۆنترین تەختە قوڕینەی مێخی (مسماری) بتوانین پشتی پێ ببەستین بۆ کۆچی هەڵگرانی جینی R1a1 (ئەوانەی بە زمانەکانی ئێرانی کۆن دەدوان) بۆ سەر خاکی خەڵکی ڕەسەنی باکووری ڕۆژئاوای ئێرانی ئێستە، لە ناویاندا کوردەکان، بەو شێوەیە (پارسوا ٨٤٣ پ.ز، مادەکان ٨٣٤ پ.ز، سکیسییەکان سەدەی ٧ و ٨ پ.ز، ئەوجا پارسواش ٦٩١ پ.ز)، بەڵام پێشکەوتنی زمان لە باشووری ڕۆژئاوا تەواو جیاواز بووە و پێوەندی بە ڕەچەڵەکی کوردەکانەوە نییە. لەژێر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستن، گێرنۆت ویندفوهەر سەبارەت بە زمانی کوردی ئێرانی دەگاتە ئەنجامی ئەوەی «یەکەمین زمانی ئێرانیکراوی کورد بۆ سەردەمی پێش مادەکان و هەخامەنشینەکان دەگەڕێتەوە» (سەرچاوە

هەنـەر بیشـلەر ٢٠١١، لاپـەڕە ٣٨٣).
بۆ ئـەوەی زۆرتـر بـە قووڵایـی مێـژوودا بچینـە خـوار، ویندفوهـەر ئەگـەری هەبوونـی زمانـی پرۆتۆ هیندۆئەورووپـی بـۆ کوردەکانیـش دادەنێـت و دەڵـێ « هەمـوو ئەوانـەی بـە زمانـە ئێرانییـەکان دەدوێـن بـە زمانـی کوردیشـەوە، دەبـێ پێشـتر بـە زمانێکی نـا-ئێرانـی دوابـن» (هەنـەر بیشـلەر ٢٠١١، لاپەڕە ٣١٣). بـۆ ئـەوەی بەڵگە مێژووییـەکان کۆکەینەوە: تەختـە قوڕینەکانـی ٢١٠٠ سـاڵ بـەر لـە زاییـن ناوچەکانـی ناوەڕاسـتی زاگرۆسـی کوردسـتان بـە ناوچەیەکـی فـرە زمـان بـاس دەکـەن. بـە پێـی توێژینـەوەی ڕان زادۆک پسـپۆڕی نووسـینی مێخـی لـە میزۆپۆتامیـا لـە زانکـۆی تەل ئەڤیڤی ئیسـرائیل بـە نـاوی (شـێوازی نەژادیـی زمـان لـە باکـووری ڕۆژئـاوای ئێـران و کوردسـتان لـە سـەردەمی نوێـی ئاشـوورییەکاندا)، لـە نێـوان سـاڵانی ١٠٠٠ -٦٠٠ پ.ز، لـە «کوردسـتان» زمانەکانـی هـوری -ئورارتـی بـڵاو بـوون (سـەرچاوە: یافـای کـۆن ٢٠٠٢).

سـەرەڕای ئەوەیـش، ویندفوهـەر خاڵـی پێوەنـدی زمانـە ئێرانییەکانـی باکوور و شـێوازی بەکارهێنانی کار و بـاس لـە زمانـدا (هـوری -ئورارتـی)، ئەوجـا لـە کۆتاییـدا، ئـەو گۆڕانکارییانـەی لەگـەڵ بەسـەرچوونی کات بەسـەر زمانەکانـی ناوچـەی کوردسـتاندا هاتـووە، دۆزیوەتـەوە، بۆیـە لەگـەڵ ڕەوتـی مێـژوو، باپیرانـی کـوردەکان بـە چەنـد زمانێـک دواون، سـەرەتا بـەو زمانـەی ناونـراوە پرۆتـۆ- هیندۆئەورووپـی (واتـا زمانێـک پێـش دەرکەوتنـی زمانەکانـی هیندۆئەورووپـی)، دواتـر وەک تەختـە قوڕینـەکان باسـی دەکـەن ٢١ سـەدە پێـش زاییـن لـە کولتـووری فرەزمانـدا دواون و ژیـاون، ئەوجـا لـە سـەدەی ٩ ی پێـش زاییـن زمانەکانـی هـوری- ئورارتـی باڵادەسـت بـوون، ئـاوا کاریگەرییـە کۆنەکانـی زمانـە ئێرانییـەکان لەسـەر باپیـرە گـەورەی کـوردەکان لـە باکـووری ڕۆژئـاوای ئێرانـی ئێسـتە، دەردەکـەوێ. لـە کۆتاییـدا، بـەردەوام گۆڕانـی زمـان، کوردەکانـی وا لـێ کـردووە لـە زمانێکـی کۆنـەوە بـۆ زمانێکـی دیکـە بگوازنـەوە. بـە شـێوەیەکی گشـتی ئـەوە دەسـەلمێنرێ کوردزمانـەکان بـە شـێوازی دیکـەی زمانـی پێـش زاییـن وەک ئێرانـی کـۆن، دواون، وەک ئەنجـام، دەمانگەیەنێتـە ئـەوەی کـە ئـەوان بـەر لـە زاییـن هەبـوون.

**ک ر د: زاراوەی میزۆپۆتامیا**

ئاڵۆزتـر لـە گەڕانەوە بۆ ڕەگـی زمانە کوردییەکان، ئـەو زاراوە و نیشـانانەیە لـە دانیشـتووانی میزۆپۆتامیـای کۆنـەوە بـۆ وەسـفکردنی خەڵکـی چەنـد نـەژاد و زمانێـک لـە شـاخەکانی باکـوور و باکـووری ڕۆژهـەڵات، ماوەتـەوە.
لـەو کاتـەی لـە لایەکـەوە ئـەم توێژینـەوە فرەپسـپۆڕییە پاڵپشـتی چەنـد سـەرنجێکی توێژینـەوەی دیکـە دەکات، پێدەچـی تەنیـا بـە پشـت بەسـتن بـە نووسـینە مێخییەکانـی میزۆپۆتامیـا نەتوانیـن هەبوونـی هەمـوو گـەل و نەتـەوەکان بسـەلمێنین، چونکـە دانیشـتووانی میزۆپۆتامیـا هەرگیـز هێنـدە تێگەیشـتن و زانیـاری پتەویـان سـەبارەت بـە هاوسـێیەکانیان نەبـووە. هەنـدێ نموونـە، نـاوی گوتـی، سـیمیریان و مـادەکان بـۆ نـاوی یـەک کۆمـەڵ خەڵـک بەکارنەهاتـووە (سـەرچاوە: گوتـی، مـارک ڤـان دی میـرووپ): «بـەو پێیـە زاراوەی گوتـی بـۆ کۆمەڵێـک بەکارنەهاتـووە، بەڵکـوو بـۆ خەڵکـی بێ شارسـتانیەت و کولتـووری ناوچـەی زاگـرۆس بووە، دەکرێ بـۆ هـەر کۆمەڵـە گرووپێـک وشـەی گوتـی بەکارهاتبێـت. «لـە هـەزارەی یەکەمـدا گوتـی

لەگـەڵ چەنـد وشـەیەکی دیکـەدا، بـە واتایەکـی جوگرافـی بـۆ هەمـوو ناوچەکانـی زاگـرۆس لـە باکـووری عیـلام بەکارهاتـووە». سـیمیرییەکان: کارۆلا میتزنـەر-نیبیـل-سـیک: هیـچ زاراوەیـەک نییـە بـاس لـە سـیمیرییەکان وەک خەڵکێکـی جیـا بـاس بـکات، یـان پێناسـەیان بـکات («کیمیرییـر») تەنیـا وەک «کۆمەڵگەیەکـی کۆچـەری وەک سـەربازی ڕێکخـراو باسـکراون» (سـەرچاوە RGA ١٦ سـاڵی ٢٠٠٠، لاپـەڕە ٥٠٤ - ٥٢٣).

مـادەکان لـە سـەرچاوەکاندا بـە ئومـان -مانـدا ناویـان هاتـووە، کـە بـە سـادەیی واتـای دانیشـتووانی جیـا و زمـان جیـاوازی شـوێنە دوورەکانـی باکـوور (باکـووری ڕۆژئـاوای ئێرانـی ئێسـتە) دەگەیەنـێ. بڕوانـە هەنـەر بیشـلەر ٢٠١٠ لاپـەڕە ٩٩-٩٢، هەنـەر بیشـلەر ٢٠١١ لاپەڕە ١٨٤.

لە لایەکـی دیکـەوە بۆ نزیکـەی ٧٠٠ سـاڵ (٢٠٠-٦٠٠ سـاڵ پ.ز) بـە بـەردەوام لـە پاشـماوەکانی میزۆپۆتامیـادا (هەرچەنـدە بـە پێـی سیاسـەتی ئـەوکات کـەم و زیـاد بـووە)، هاوسـێیەکانی خۆیـان لەسـەر بنەمـای نـەژاد و زمـان و کولتـوور لـە چەنـد ناوچەیەکـی جیـاوازی باکـوور و باکووری ڕۆژهـەڵات وەک دانیشـتووانی چیـاکان/ چیانشـینەکان ناویـان هێنـاون. دانیشـتووانی میزۆپۆتامیـا چەنـدان زاراوەیـان بـۆ ئـەم مەبەسـتە بەکارهێنـاوە، ئـەوەی زانـراوە شـەش زاراوەی جیـا هەیـە، ئـەوەی لەناویانـدا بۆ چەنـد هـەزار سـاڵێک تـا ئێسـتە ماوەتـەوە زاراوەی سـۆمەرییەکانە بـە برگـەی (کـور) دەسـت پـێ دەکات و لەسـەر تەختـە قوڕینەکانیـان دۆزراوەتـەوە، ئـەو وشـەیە بـۆ ئامـاژە بـە چیانشـینەکان بەکارهاتـووە.

ئـەو زاراوەیـە ڕاسـتەوخۆ بـە باپیـرە گەورەکانـی کـورد بەسـتراوەتەوە، بـەو پێیـەی ئـەو ڕاسـتییە جێگیـر بـووە کـە باپیـرە گەورەکانـی کـورد لـەو ناوچەیـەدا ژیـاون و هـەر ئـەوان هەڵگـری هێڵـی جینـی J بـوون و بۆ نەوەکانیان ماوەتەوە، هەرچی کۆچەرەکانـی هەڵگـری جینـی R1a1 یشـە، هـەر باپیـرە گـەورەی کوردەکانـی ئێسـتە بـوون کـە لـە ناوچـەی کەواتۆکـەی بەپیتـی باکـووری یورۆئاسـیا جێگیـر بوویـوون. میزۆپۆتامیاییـەکان زۆربـەی جـار بـە شـێوەیەکی نادیـار باسـی هاوپەیمانییەتـی نێـوان چەنـد گرووپێکـی چیانشـین دەکـەن.

وەک ئامـاژە بـۆ پێکهاتەی خێڵەکیی گوندنشـینانی باکـووری دووری نـاو چیـاکان، بـە هەندێکیـان دەڵێـن (کـور -تـی). هـۆکاری سـەرەکی بـۆ مانـەوەی ئـەو وشـانەی برگـەی (کور)یـان تێدایـە ئەوەیـە: ئـەو زاراوەیـە بـۆ ماوەیەکـی یەکجـار دووروودرێـژ بەکارهاتـووە، جیـا لـە زۆر زاراوەی دیکـە بـە بەردەوامـی لـە تەختـە قوڕینەکانـدا هاتـووە و بـۆ هەمـان مەبەسـت بەکارهاتـووە. بـەر لـەوەی مێژوونووسـانی یۆنـان و ڕۆمانـەکان تێکـەڵ و پێکەڵـی بکـەن، تەنانـەت بـۆ زۆربـەی ئەوانـەی خوێندەواریشـیان نەبـووە تێگەیشـتنی ئـەو زاراوەیـە لەسـەر تەختـە قوڕینـەکان بـۆ کاتـی خـۆی زۆر سـادە و ئاسـان بـووە. زاراوەکان بـێ لایەنانـە لـەو تەختـە قوڕینانـەدا بـۆ ناوهێنانـی هاوسـێی ناوچـە شاخاوییەکانی باکـوور و باکـووری ڕۆژهـەڵات، هاتـوون. زاراوەی هاوشـێوە لای ئەکادییـەکان (کـواردو، کار-دا) بـۆ جەنگاوەرانـی چیـاکان بەکارهاتـوون، بـەڵام بـۆ نیشـاندانی بـێ شارسـتانییەتی چیانشـینەکان بەکارهاتـووە، چونکـە وەک میزۆپۆتامیـا لـە شـار و گوندەکانـدا ڕێکخـراو نەبـوون.

جێـی سـەرنجە ئـەو زاراوە دژە بیانییـە لەلایـەن میزۆپۆتامیـاوە بـۆ وەسـف کردنـی چیانشـینەکان لـە دوایـن هـەزارەی پێـش زاییـن سـەراوژوور

بـوو کاتێـک کۆچـەرە ئێرانییـەکان بـەرەو (مـاد لـە باکووری ڕۆژهەڵاتـی ئێرانـی ئێسـتە دەهاتـن) ناویـان نـرا (خەڵکـی شـوێنی دوور) لـە کاتێکـدا سـەرکردەکانی خۆیان وەک خاوەن شار ناودەنران. لـە دژوێژییەکـی سـەیردا، هاوپەیمانییەتـی نێـوان چیانشـینەکان لـە ٢٢٠٠ سـاڵ پێـش زاییـن بـە وشـەی «گوتـی» باسـی لـێ کـراوە، گوتـی بـە «بوونـەوەری مەیمـوون ئاسـا بـە پـژەڵ (غریـزة) و هەسـتی سـەگ» بەکارهاتـووە. بگەڕێـوە بـۆ «نەفـرەت لـە ئاگەیـد — ئـەوە چیرۆکێکـی سـەردەمی ئـور ٣ی میزۆپۆتامیایـە تێیـدا نـارام سـین لەگـەڵ ئەنلیـل ڕووبـەڕوو دەبێتـەوە «لـە ماڵپـەڕی https://etcsl.orinst.ox.ac.uk بـۆ شیکردنەوە و نیشاندانی زمانی مێخی و نووسینی سۆمەرییەکان، دێڕی ١٥١-١٥٨، لەوێدا ئاماژەی ئـەوە هەیـە وشـەی کـورد بۆ چیانشـینان لـە زمانی سـۆمەرییەوە هاتبـێ، سـەرچاوەکانی نووسـراوە سـۆمەرییەکان بەڵگـەی ئـەو بۆچوونـەن».

## بڵاوبوونی برگەی -کور

بەپێـی پـڕۆژەی پێنسـیلڤینیا بـۆ فەرهەنگـی/ قامووسـی سـۆمەری (http://psd.museum.upenn.edu)، زۆرتریـن بەکارهێنانـی زاراوەی زەوی/ چیـا لـە نێـوان سـاڵانی ٣٠٠٠-١٠٠٠ پێـش زاییـن بـووە. زاراوە لیسـت کراوەکانـی وەک (شـوبارتو، کل، کـەلام، مـادا، ئومـان-مانـدا، کـور، کورتـی، کاردا) بەکارهاتـوون.

وردەکارییـەکان: وشـەی کل ٣٢٢٧٩ جـار لـەو فەرهەنگـەدا هاتـووە، زۆرتریـن بەکارهێنانـی ٢٩٦٠٧ جارە بـۆ ٢٥٠٠-٢٠٠٠ سـاڵ بـەر لـە زاییـن دەگەڕێتـەوە، لـە نێوان سـاڵانی ٢٠٠٠-١٥٠٠ پێـش زاییـن ٢٤٣٣ جـار هاتـووە، هەرچـی وشـەی (کـور، کـور-تی)یـە لـە نێـوان ٣٠٠٠-١٠٠٠ سـاڵ پێـش زاییـن ٢٤٩٤ جـار هاتـووە، لووتکـەی بەکارهێنانـی ١٢٣١ جـارە لـە نێـوان سـاڵانی ٢٠٠٠-١٥٠٠ پێـش زاییـن. مـادا: بە شـێوەیەکی سـەرەکی ٢٥٠٠-١٥٠٠ سـاڵ پ.ز ١٤٤١ جـار هاتـووە، زۆرترینیـان لـە سـاڵی ٢٥٠٠ پ.ز بووە و ١١٢٢ جار بەکارهاتـووە. کـەلام: لـە نێـوان ٣٠٠٠-١٥٠٠ سـاڵ پ.ز ٧٠٤ جـار بەکارهاتـووە، زۆرترینـی ٦٠٩ جـار بـووە لـە نێـوان ٢٠٠٠-١٥٠٠ساڵ بـەر لـە زاییـن. لـەو ماڵپـەڕەدا ئامـاری بەکارهێنانـی ئومـان-مانـدا نییـە بـەڵام ٥١ سـەرچاوە ئامـاژەی بـۆ دەکـەن (ئێـس ئێـف ئـەلادی ٢٠٠٩)، بـە هەمـان شـێوە وشـەکانی (سـوبیر، شـوبیر و شـوبارتوم) و وشـەی (شـادو-هاوواتـای وشـەی سـۆمەری «کور»ــە). پاشـگری (کـی) وەک ئامـاژە بـە شـوێنی جوگرافـی (زەوی) لـە زاراوەکانـدا بەکارهاتـووە، بۆیـە وشـەکە وەک زاراوە نەمـاوە؛ مـادا: لـە سـەردەمی ئـور ٣ زۆر بەکارهاتـووە. وەک ئامـاژە بـۆ چیانشـینان و شـێوەی تەختایـی و شـاخاوییبوونی زەوی، بەرەبـەرە کـەم بووەتـەوە و لـە جیاتـی ئـەو پێشـگری (کـور) بەکارهێنـراوە، ئـەو زاراوەیـە بۆ ئامـاژە بـە زەوی و خەڵکـی دوور هاتـووە. لـە نیـوەی یەکەمـی هـەزارەی یەکەمـی پێـش زاییـن میزۆپۆتامیـا بـە دانیشـتووانی مادیـان گوتـووە فرەنـەژاد و فرەکولتـوور، ئـەو سـیفەتە بـە خەڵکـی دوورەدەسـتی ناوچەکانـی باکـوور و باکـووری ڕۆژهەڵاتـی (ئێرانـی ئێسـتە) گوتـراوە. زاراوەکانـی دیکـەی (سـوبیر، شـوبیر، شـوبارتوم و شـادو) هەرگیـز بـە بڵاوی لـە لایـەن نووسـەرانی میزۆپۆتامیـاوە بەکارنەهاتـووە و بـۆ ئامـاژە بـە چیانشـینەکان نەبوونەتـە زاراوەی دیـاری ئـەو سـەردەمە، هەرچـی وشـەی ئومـان-ماندایـە، بـۆ خەڵکـی ڕێکخـراو و سـەرباز ئاسـا بەکارهاتـووە، بـەڵام بۆ ناوچەیەکـی شـاخاوی دیاریکراو نەبـووە.

## ئەنجام

تازەترین زانیارییەکانی فرەپسپۆڕیی جینی پاشماوەکان، زانستی جینی DNA، شوێنەوارەکان، زاراوەکانی مێژوو، زمانەوانی و زانستی مێژوو، کە لەم توێژینەوەیە فرەپسپۆڕییەدا باس کراون ئاماژەی بەهێز بۆ ئەوە دەدەن لە پێش زایینەوە باب و باپیرانی کورد و کوردزمانەکانی دیکە، لەسەر خاکی باپیرانی خۆیان لە یورۆئاسیا هەبوون. لێرەدا پاش دەستکەوتنی ئەنجامەکانی هەردوو دۆزینەوەکانی زانستی جینناسی، DNA و پاشماوەکان، زانیاری مێژوویی گرنگ خراونەتە ڕوو. بەو هۆیەوە لە سەرووی هەموو شتێکەوە توانیمان خاکی باپیرە گەورەکانی کورد (کوردزمانەکان) لە باکووری ڕۆژئاوای یورۆئاسیا، تا ڕادەیەکی زۆریش لە دەرەوە و باکووری ڕۆژئاوای ئێرانی ئێستە، دیاری بکەین. لە ڕووی هێڵی جینەکانەوە دەتوانین زۆر بە ڕوونی بڵێین کوردەکان لە لقێکی والآتر و فرە کولتووری پێش هیندۆئەورووپاییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نزیک و یورۆئاسیاوە سەرچاوە دەگرن، لە یەکەمین چینە هەرە کۆنەکانی سەردەمی دەرکەوتنی کشتوکاڵ و شوانەکانی چاخی بەردینی نوێ بوون. لە ڕووی جینناسییەوە، پێدەچێ خزمایەتی زۆر نزیکیان لەگەڵ دانیشتووانی دیکەی ڕەسەنی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیک و یورۆئاسیا وەک ئەرمەنەکان و جوولەکەکان هەبێت (نیبیل و تیمەکەی، ل. یاپیسکۆپۆسیان).

لە ڕووی زانستی زمانیشەوە، دەتوانین ئاماژەکانی هەبوونی کوردەکان (کوردزمانەکان) لە مێژووی کۆندا بدۆزینەوە، بە تایبەتیش کارەکانی زانای ئێرانناس گیرنۆت وینفوهەر. وینفوهەر چەندان بەڵگەی یەکلاکەرەوەی بۆ دووبارە پێکهێنانەوەی قۆناغە سەرەتاییەکانی زمانی کۆنی کوردی خستە بەردەست. «سەرەڕای ئەو ڕاستییەی لە سەردەمی کۆن و ناوەڕاستی ئێراندا، بابە گەورەی زمانی کوردی نەزانراوە» (سەرچاوە: لودڤیک پۆل، زمانی کوردی، لە (Elr-online). هەموو زانیارییەکان ئاماژە بۆ کۆچ دەکەن، ئەوان شێوازی زمانی ئێرانی کۆنیان بۆ باب و باپیرانی کوردەکان لە یورۆئاسیا هێناوە، بە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێک زانایانی زمان، هیچ کۆچێک لە باشوور و باشووری ڕۆژئاواوە نەبووە. هەموو وردبوونەوەکان لە زاراوە سەرەکییەکان – لە ڕووی هێڵی جینەکان، زمانەوانی و جوگرافیا– پێدەچێ کوردەکان (کوردزمانەکان) فرەڕەچەڵەکن، یەک ڕەچەڵەکی تەنیایان نییە. ئەو تێڕوانینە لە لایەکەوە نیشانمان دەدات بەکارهێنانی هەندێ زاراوە وەک (کورتی)، یان (کاردۆخی) نە ئەوە دەگەیەنێ کوردەکان لە یەک خێڵەوە هاتوون، نە ئەوەیش کە لە ناوچەیەکی جوگرافی دیارەوە هاتوون.

لە لایەکی دیکەیشەوە ڕێ بە هەوڵەکانی لێکدانەوەی ئەوەی ڕەچەڵەکیان بۆ یەک شوێنی تەسکی جوگرافیا، جێنشینێک، تاکە خێزانێک، خێڵێک بگەڕێنرێتەوە، نادات. لەگەڵ ئەوەیشدا هەر بۆمان کرا بەڵگەی ئەوەی ڕەچەڵەکی کوردەکان بە واتایەکی والآتر (بەڵام لە ئەنجامدا لێڵتر) بۆ شارستانیەتی فرەڕەچەڵەکی فرەکولتوور و فرەهێڵی جین لە چیاکان بگێڕێنەوە، نیشان داوە. کولتوور و شارستانیەتی چیا بە شێوەیەکی سەرەکی لە کێڵانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆلیا تا

ڕۆژهەڵاتـی زاگـرۆس بەشـداربووە، نـە کەمتـر و نـە زۆرتـر. بـە واتـای ئـەوەی ئـەو دۆزینەوانـەی جوگرافیایەکـی بەرینـی جێنشـینی کـوردەکان نیشـان دەدەن هێشـتا جێی مشتومڕ دەبێت، دەبێ تـا کوێ کاریگـەر بووبـن، کـێ بـە وردی هـەر لـە سـەرەتاوە سـەر بـە شارسـتانیەتی کۆنـی چیـای کـوردەکان بـووە. وا دیارە گفتوگۆی بۆچوونـی دژ بەیـەک لەسـەر ئـەو بابەتانـە بـەردەوام دەبێـت. دۆزینـەوەی ڕەچەڵەکی کـوردەکان بـە شـێوەیەک هەمـوو پسـپۆڕییەکان لەسـەری کـۆک بـن، لـە ئاسـۆی نزیکـدا نییـە.

سـەرەڕای ئـەوە، دۆزینـەوە فرەپسـپۆڕییەکانی لێـرەدا هاتـوون ئامـاژەن بـۆ تێگەیشـتنی نـوێ سـەبارەت بـە کـوردەکان، وەک ئـەوەی لـە نـاوی (نەمسـا) بـە زمانـی ئەڵمانـی و ئینگلیـزی هەیـە. ئەوسـتریا (واتـە نەمسـا) لـە دوو وشـەی ئۆسـتار -ریشـی کـە بـۆ یەکـەم جار لـە مێـژوودا لـە سـاڵی ٩٩٦ی زاییـنی بەکارهاتـووە واتای ڕۆژهەڵات دەدات (ئۆست بـە ئەڵمانی، واتـا ئیست بـە ئینگلیـزی، ڕۆژهـەڵات بـە کـوردی)، وشـەی ئۆسـتلەر، واتـای ڕۆژهەڵاتیـی دەگەیەنـێ. ئـەو دەربڕینـە لێکـدراوە گشـتییە چەنـد زاراوەیـەک لەخـۆ دەگرێ. هەنـدێ دەنگـی وەک «ئۆستریشـەر- واتـا نەمسـایی»، «ئۆبـەر ئۆسـتریش- واتـا نەمسـایی سـەروو»، یـان «نەمسـاییەکانی باکـوور»، یـان «نیـدەر ئۆسـتریش — واتـا نەمسـایی ژێـروو، یـان نەمسـایی باشـوور». هەندێکـی دیکـە تـەواو جیـان «ڤیێنـەر — واتـا ڤیننایـی»، «سـتایەر- واتـا سـتایریایی»، «کارینتنـەر — واتـا کارینثیایـی»، «سـالزبێرگەر— واتـا سـالزبێرگەیی»، «تیرۆڵـەر - واتـا تیرۆڵیایـی» و «ڤۆرارڵبێرگـەر- واتـا ڤۆرارڵبێرگـەری». ئـەو نموونانـە نیشـانمان دەدەن هەمـوو نەمسـاییەکان هەمـان ناوی خێزانیـان نییە،

بـەڵام هەموویـان خۆیـان بـە نەمسـایی دەزانـن. بـە هەمـان شـێوە، پێدەچـی وشـەی کـورد لـە وشـەی گریمانـە کـراوی سـۆمەری (کـور) هاتبـێ، کـە بـەر لـە ١٠٠٠ سـاڵ پێـش زاییـن بـە واتـای (کور=چیا / زەوی) «دانیشـتووانی چیـاکان، چیانشـینەکان» یـان پێهەڵگەڕانـی چیـاکان ، تۆمـار کـراوە.

دەربڕینـی وشـەی «کـور» بـە هەمـان شـێوەی سـەرەوە چەنـد زاراوەیـەک لەخـۆ دەگرێ، هەنـدێ دەنگـی وەک «کـور-تـی» یـان «کار-دا»، یـان هەندێکـی دیکـەی تـەواو جیـاواز وەک گ/ک/قوتی، لولوبـی، ئەرەفـە، ئوربیلـوم، زامـوا، میهـری و بـا -بەنهـی، لەگـەڵ ئەوانـەی بـۆ یۆنانـی و ڕۆمانـی وەرگێـڕراون وەک کارداکیـس، کاردۆخـی، یـان سـیرتیی (سـیرتۆیی)، هەمـان شـیکردنەوەی سـەرەوە هەڵدەگـرێ و واتـای ئـەوە دەدات کـوردەکان هەمـان نـاوی خێزانیـان نییـە، بـەڵام هەموویـان بەخۆیـان دەڵێـن کـورد و بـە خاکـی خۆیـان کوردسـتان (خاکی کوردان) دەناسـرێنەوە. ئەوانـە ئامـاژەن بـۆ ئـەوەی کـوردەکان نـەوەی چەنـد لقێکـی بـاب و باپیرانیانـن لـە ڕۆژهەڵاتـی نزیـک و یورۆئاسـیادا، لەگـەڵ کات بەسـەرچوون بـە چەنـد زمانێـک دواون، ئـەوەی ئێسـتە بـە زمانێکـی خێزانـی ئێرانـی ناسـراوە، دواییەنیانـە.

سەرچاوە:

https://www.scirp.org/journal/paperinformation.aspx?paperid=19564

لـە بڵاوکراوەکانـی پەیمانگـەی بڵاوکردنـەوەی توێژینـەوەی زانسـتی، سـاڵی ٢٠١٢.

# ئیستێتیکا و تەکنیکی دراماتورگی لەلای مییرهولد

د. فازڵ جاف

مییرهولد سەرگەرمی سەرپەرشتیی ستۆدیۆ و ئەزموون و توێژینەوە کردەییەکانی بوو، هێشتا بەتەواوەتی پێی نەنابووە قۆناغی بیومیکانیک و بونیادگەرایی ( بینائیەت)ـەوە کە دەکەوێتە پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە، توێژەران و ڕەخنەگران، وەک ئەلپێرس لێکوڵینەوەیان دەربارەی مۆرکی دراماتورگییانەی نمایشەکانی دەکرد، هەر زوو لەوە گەیشتن کە ڕووبەڕووی ڕێژیسۆرێک بوونەتەوە بە شێوازێکی جیا دەڕوانێتە دەق و بەرهەمی ئەدەبی، ئەم شێوازە هەر لە سەرەتاوە مییرهولدی لە ڕێژیسۆرانی دی جیاکردەوە.

وەک لە وتارەکانی پێشووتردا باسم لێوە کرد، ئەلپێرس یەکەم کەس بوو کە دەستەواژەی ڕێژیسۆری نووسەری بەکار هێنا، بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ئەم دەستەواژەیە بۆ یەکەم جار بۆ مییرهولد بەکار هات، هەرچەندە سەرچاوەی دیکەش هەن، لەوانە توێژەری ڕووسی مییرهولدناس، ئەلکسەندەر یوری ڕیاپسۆڤ، کە پێمان دەڵێن گوایە مییرهولد خۆی بە نووسەری دووەم دەناساند، بەڵام پاشتر بۆ برێخت و چەندان ڕێژیسۆر بەکار دەهێنرا.

کاری دراماتورگیی مییرهولد هەر لە سەرەتای ڕەوتی هونەرییەوە وەک ڕێژیسۆر لە پێوەندیی ماستەر (ماستەر نازناوی مییرهولد بوو، بە واتای وەستا، ئەکتەر و هاوکارەکانی، مییرهولدیان بە ماستەر بانگ دەکرد، واتە وەستا) بە دەقی ئەدەبی شانۆنامەکەوە خۆی دەنوێنێ. مییرهولد بایەخێکی لە ڕادەبەدەری بە دەقی ئەدەبیی شانۆنامەکە، بە بنەماکانی پێکهاتی دەق، بە دارشتە و گرێچنی ڕووداوەکان، بە ڕەهەندەکانی کەسایەتییەکانی شانۆنامەکە، بە وشەسازی و داڕشتەی ئاخاوتن و مۆنۆلۆگەکان دەدا. لەم ڕووەوە مییرهولد لە سەرجەم ڕێبازەکەیدا دیدگە و ڕوانگە و ئیستێتیکای خۆی هەیە، کە بۆ داڕشتنی هونەری نمایشەکانی بەردی بناغەن.

ڕەخنەگران هەر لە سەرەتاوە پەییان بەم تایبەتمەندێتییەی مییرهولد برد و لە نووسینەکانیاندا ئاماژەیان پێ کرد، بەڵام کارەکەیان گشتگیر نەبوو، بگرە هەندێک جاریش تاڕادەیەک پچڕ پچڕ و پەرتەوازە بوو، واتە نمایش لە دوای نمایش سەرنج و تێبینی خۆیان دەربارەی ئەم دیدگە نوێیەی مییرهولد دەنووسی. ئەم کارە

بۆ تێگەیشتن لە نمایشەکانی میرهولد گرنگ بوو، چونکە وابەستەیی میرهولد بە جیهانی شانۆنامە و بیری نووسەر و هزری سەرەکی شانۆنامەکە و جیهانبینی نووسەرەوە، وەک بەردی بناغەی داهێنانەکانی پیشان دەدا. بەبێ تێگەیشتن لەم خاڵە، تێگەیشتن لە میرهولد زەحمەت و ئەستەمە. ئەرکی سەرەکی ڕێژیسۆر لەلای میرهولد قووڵبوونەوەیە لە سەرجەم بەرهەمەکانی نووسەر، نەک تەنیا قووڵبوونەوە لەو شانۆنامەیەی کە کاری دەرهێنانی بۆ دەکات، واتە خوێندنەوەی سەرجەم شانۆنامەکانی نووسەر و بەرهەمی دیکەی وەکوو شیعر و ڕۆمان و هەر نووسینێکی دیکەی نووسەر. ئەم قووڵبوونەوەیەی میرهولد هەر لە سەرەتاوە لە کاری دراماتورگی نمایشەکانی ئیبسین و مۆلێیر و مێتیرلینکدا دەرکەوت، بۆ شانۆکاران و بینەرانی نمایشەکانی دەرکەوت کە میرهولد تەواو شارەزای جیهانی نووسەری شانۆنامەکەیە، بۆیە بەو قووڵییە بەرجەستەیان دەکات. ئەوەبوو لە دەرهێنانی ( پشکنەر)دا ئەم دیدگەیەی گەیاندە لووتکە. میرهولد، وەک خۆی لە چەند شوێنێکدا ئاماژەی پێ کردووە، بەرلەوەی دەست بە پرۆڤە بکات، ساڵانێکی زۆر خەریکی خوێندنەوەی ئەدەبی گۆگۆل بوو، ئەوەبوو ڕەخنەگران پێیان وابوو کە ئەو نەک تەنیا شانۆنامەی پشکنەری خسووەتە سەر شانۆ، بگرە سەرجەم ئەدەبی گۆگۆلی خستە سەر شانۆ.

ڕیاپسۆڤ دەڵێ: میرهولد وەک ڕێژیسۆرێکی پیشەمەند بایەخێکی زۆر بە داڕشتنەوە و گرێچنی شانۆنامەکە دەدا، پێکهاتەی درامی شانۆنامەکە بۆ ئەو خاڵی دەستپێک بوو بۆ دەستکاری کردنی و گۆڕانکارییەکانی دەقی نووسەر، ئەم بایەخپێدانە لەو تێگەیشتنەوە سەرچاوەی دەگرت، کە دەرهێنەر پێویستە باش شارەزای یاسا و بنەماکانی نووسینی شانۆیی بێت، بەبێ شارەزایی لە بنەما و مەرج و ڕێساکانی شانۆنامە، بەبێ تێگەیشتنی قووڵ لە مەبەست و هزری نووسەر و جیهانی شانۆنامەکە، هەر کار و شیکردنەوەیەکی دراماتورگییانەی ڕێژیسۆر بیکا، کرچوکاڵ دەردەچێ، بگرە بۆ نمایشەکە بە خراپ دەشکێتەوە. ئەگەر لە ڕووی کاری دراماتورگییەوە بڕوانینە نمایشەکانی میرهولد، دەبینین ئەم بەهایە لە هەموویاندا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام لە قۆناغی دووەمی گەشەی ڕەوتی هونەریدا، واتە لە قۆناغی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، کە دەکاتە قۆناغی بیومیکانیک و کۆنستروکتیڤیزم (بیناگەرایی) کارامەتر و وەستایانەتر، ئەوجا ڕوونتر و زەقتر ڕەنگیان داوەتەوە، بە تایبەتیش لە نمایشەکانی (بوبوسی مامۆستا) و (ژن هێنان) و (دارستان) و ( پشکنەر).

بۆچی میرهولد تێگەیشتنی دەق و هزری نووسەری بە مەرجی سەرەکی دەزانی لە پرۆسەی دەرهێنانی شانۆییدا؟ دەبێ ئەوە بڵێم کە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بە شێوەیەکی ڕاستودروست ڕێگە بۆ گەیشتن لە سەرجەم میتودی میرهولد ئاسان دەکات، چونکە هەموو ڕەگەزەکانی شانۆواندن (التمسرح) و مەرجئامێزی و شێوازگەری و گرۆتێسک لە دروست تێگەیشتنی شانۆنامەکە و هزری نووسەرەکەیەوە دەست پێ دەکات، خۆ ئەگەر وا نەبێ، یان پێچەوانەکەی ڕاست بێت، ئەوە هەموو ئەو چەمکە هونەری و ئیستێتیکییانە، ڕووکەشانە و بە هەڵە پیادە دەکرێن.

میتودی میرهولد لە بنەچەدا لەسەر بنەمای باڵادەستی و زاڵبوونی کەرەستە و چەمکە شانۆییەکانە بەسەر لایەن و ڕەگەزە ئەدەبییەکانی شانۆنامەکەدا. کاری سەرەکی ڕێژیسۆر خۆی لە ئەرکێکی هونەریدا دەنوێنێ، ئەرکی زاڵکردنی هونەری شانۆ بە سەر دەقدا، بەڵام بە

شێوەیەکی قووڵ و داهێنەرانە، واتە لە ڕێگەی بەرجەستەکردن بە کەرەستە شانۆییەکان و چاندنی هونەری شانۆ لە سەرجەم پانتایی شانۆنامەکەی نووسەردا. مییرهولد پێی وابوو کە چاندنی هونەری پانتۆمیم و دەربڕین بە ماسک و جووڵە و ئاماژە و گرۆتێسک، نمایش لە باڵادەستیی نووسەر دەرباز دەکات، دەقی شانۆنامەکەش لە بەرهەمێکی ئەدەبییەوە دەکات بە نمایشێکی شانۆیی. هەر لەم دیدگایەشەوە تێدەگەین کە مییرهولد جووڵە و ئاماژە و پانتۆمیم بە کەرەستەگەلێکی کاریگەر و ئامرازێکی تەواو شانۆیی دەزانێ، بۆ بە شانۆکردنی دەق لە کارێکی ئەدەبییەوە بۆ هونەرێکی شانۆیی، بۆیە ئەوە دەخوازێ لە نووسەر کە چیرۆکی شانۆنامەکە و ڕووداو و کردارەکان بە شێوەی پانتۆمیم وێنا بکات، بەر لەوەی بە وشە گوزارەیان لێ بکا، واتە بە جووڵە و ئاماژە و پلاستیکا وێنایان بکا، بە ئەندازەیەکی ئەوتۆ وشەکان وەک خۆی دەڵێ: ببن بە نەخشی سەر جووڵەکان.

بەر لە سەرهەڵدانی پیشەی دەرهێنانی شانۆیی و دەرکەوتنی ڕیژیسۆران، مەسەلەیەک نەبوو بە ناوی ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی ئەدەبی کلاسیک لە شانۆدا، مەسەلەیەک نەبوو بە ناوی دیدگە و بۆچوونی جیاواز بۆ دەق، ئەم مەسەلەیە بە زەقی و ئاشکرا هەر لە سەرەتاوە لەلای ماکس ڕاینهارت و مییرهولد سەری هەڵدا، ئەم ئەرکە بوو بە یەکێک لە ئەرکە ئیستێتیکییە سەرەکییەکانی ڕیژیسۆرانی شانۆی مۆدێرن. جاران کە نووسەرانی شانۆنامە هەر خۆیان شانۆنامەکەی خۆیان بۆ شانۆ دەردەهێنا، هەر خۆشیان گوزارەیان لە جیهانبینی خۆیان دەکرد، بەڵام دوای دەرکەوتنی کەسایەتیی ڕیژیسۆر، وەک داهێنەری دووەم، پاش کەسایەتی نووسەر، ئیتر دەقی شانۆنامەی نووسەر کەوتە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی هونەریی ڕیژیسۆرەوە، واتە دەسەڵاتی کەسێکی ترەوە. لێرەوە دەسەڵاتی ڕیژیسۆر تا دەهات زیاتر پەرەی دەسەند، تا دەهات پانتاییەکی فراوانتری داگیر دەکرد، بەوەی کە ڕیژیسۆران، لە سەرووی هەموو ئەرکێکی ترەوە، ئەرکی دراماسازییان گرتە ئەستۆ. دەکرێ بڵێین کە مییرهولد، وەک گوتم، سەرقافڵەی دەرهێنەرانە کە ناوی ( نووسەری نمایش)، یان نووسەری دووەمی لە خۆی نا، سەرچاوەی ئەم دیدگە و بۆچوونە لەوەوە سەرچاوەی دەگرت، کە مییرهولد، تا دەهات زیاتر جێگەی جیهانبینی خۆی لە ناو دەقی نووسەردا دەکردەوە، ئەم جیهانبینییەی ئەو، وەک ڕیژیسۆر، لە هەموو نمایشەکانیدا بەتەواوەتی بە سەر دیدگەی نووسەردا زاڵ دەبوو، بەڵام گرنگە ئەو ڕاستییەش بزانین کە لە هەموو دۆخێکدا، هەردوو ڕوانگەکە، ڕوانگەی نووسەر و ڕوانگەی ڕیژیسۆر، لە چوارچێوەی داهێنانێکی هونەریی ناوازەدا خۆی دەنواند، داهێنانێک بە وێستگەیەکی جیاهەڵکەوتووی ڕەوتی شانۆ لە قەڵەم دەدرێ.

بەردی بناغەی ئەرکی دراماتورگیانە لەلای مییرهولد لە گرێچنی شانۆنامەکەوە دەست پێ دەکات، واتە گرێچنی تۆکمە و دامەزراو، بنەمایەکی ڕاستەقینەی بە پیتە بۆ کاری دراماتورگی و بۆ دراماتورگی دەرهێنەر، هەر بۆیە مییرهولد لە هەموو نمایشەکانیدا کاری لە سەر شانۆنامەی بەهێز و تۆکمە کردووە، لە ناو لیستی بەرهەمەکانیدا، تاکە یەک دەقی شانۆیی لاواز نادۆزینەوە. نایابترین و باشترین دەقەکانی ئیبسین و مێتیرلینک و مۆلێیر و ئۆستڕۆڤسکی و گۆگۆلی بە دیگەیەکی هاوچەرخانە و لێکدانەوەیەکی جیاواز و قووڵ نمایش کرد، ئەم شێوازە دراماتورگییە داهێنانێکی نوێ بوو کە ڕێگەی بۆ دەرهێنەرانی دوای خۆی ئاسان کرد.

دراماتورگی مییرهولدی، بەر لە هەموو شتێک،

پشت بە مۆسیقا دەبەستێ، باشە ئەم وتەیە چی دەگەیەنێ؟ واتە میرهولد پێکهاتی دەقی شانۆنامە وەک کارێکی سیمفۆنی دەبینێ، هەر بۆیە هەڵبژاردنی شانۆنامەی باش نووسراو، بۆ نمایشی سەرکەوتوو بە مەرج دەزانێ.

هەر لەبەر هەمان هۆکار، زۆرتر شانۆی کلاسیکی لەلای پەسەند بوو، چونکە بڕوای وابوو کە دەقی کلاسیک لە ڕووی ڕیتم و مۆسیقاوە تۆکمەتر و دامەزراوترە، ئەمەش نابێ وا لێک بدرێتەوە کە میرهولد کاری لەسەر دەقی هاوچەرخ و تازەنووسراو نەدەکرد، نەخێر ئەگەر بڕوانینە لیستی نمایشەکانی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ژمارەی شانۆنامە هاوچەرخەکان پشکی شێریان لە لیستکەدا هەیە.

بینای سیمفۆنی دراماتورگی میرهولد شێوەی زنجیرەی ئێپیسۆد وەردەگرێ، (ئێپیسۆد: واتە یەکەیەکی ڕووداو) ئەم تەکنیکە، تەکنیکی دابەش کردنی هەر دیمەنێک، یان هەر بەشێکی شانۆنامەکە بۆ چەندان ئێپیسۆد مۆرکی جیاکەرەوەی دراماتۆرگی میرهولدە لە هەموو کارێکیدا. ئەم تەکنیکە پاش میرهولد بوو بە ڕێچکەیەکی بەربڵاو بۆ کاری دراماتورگی و لەلایەن چەند دەرهێنەرێکی ناسراوەوە بەکار هات، لەوانە هەر بۆ نموونە، گرۆتۆفسکی و باربا، بەڵام لەلای باربا زەقتر و ڕوونتر دەردەکەوێ، بەبێ ئەوەی خۆی ئاماژەی پێ بدا.

دابەشکردنی شانۆنامە، یان دەقی ئەدەبی بەسەر چەند یەکەیەکی هونەری، دەرفەتێکی گەورەی بە میرهولد دەبەخشی تاکوو بنیادی دەقەکە بە شێوەیەکی نوێ، بەپێی یاسا و ڕێسای هونەری موزیک دابڕێژێت، واتە دەقی نووسەر لە ڕووی ناوەرۆک و ماناوە بە بینەران دەگەیشت، بەڵام بە پێکهاتێکی موزیکاڵانەوە، بە دەقی نوێوە، وەک ڕەخنەگران ناویان لێ نا ( دەقی نمایش).

دەقی نمایش بریتییە لە زنجیرەی ئێپیسۆدەکان، واتە داڕشتە و پێکهاتەکانی دەقەکە، بەپێی ڕووداو و زنجیرەی ڕووداوەکانی ناو شانۆنامەکە و کەسایەتییەکان ناچن بەڕێوە، ئەوەندەی بەپێی ئەو بیر و هزرە گرنگانە بەڕێوە دەڕوات کە لەلایەن ڕیژیسۆرەوە، یان لەلایەن ڕیژیسۆری دراماتورگەوە بەسەر شانۆنامەکەدا زاڵ کراون،

بۆیە دەکرێ بڵێین: ئەرکی گەورەی پرۆسەی دراماتورگی لە نمایشەکانی میرهولددا بۆ ئەوە بوو کە شانۆ لە ڕێچکە کۆنەباوەکەی ڕزگار بکا، کە بەر لە پەیدابوونی دەرهێنەر باو بوو، شانۆ تێیدا ئەوسا لە خزمەتی ئەدەبدا بێ، یان شانۆ تەنیا خزمەتکارێکی گوێڕایەڵی ئەدەب بێت، ئەوە نزیکەی پەنجا ساڵێکی خایاند تا ئەم ڕێچکەیە لە ژێر ناوی: دژ بە دەسەڵاتی دەق، یان دژ بە دەسەڵاتی نووسەر ئاراستەیەکی نوێی وەرگرت.

ڕیاپسۆڤ دەڵێ: دەرهێنانی شانۆیی لەلای میرهولد هونەری پلاستیکای جەستەیە. وشە، ئەو دەقەی کە ئەکتەر دەیڵێت، زۆر جار ناوەڕۆکێکی پێچەوانە دەگەیەنێت، ئەو دەڵێت:

ئەم ڕێبازە، بە درێژایی کارکردنی میرهولد لە سەر ڕێبازی سیمبۆلیزم، بە تایبەتیش لە سەر شانۆنامەکانی مێتیرلینک لەلایەک، بیر و هزری فەلسەفی و ئیستێتیکی نیتشە لەلایەکی ترەوە، هێنایە بەرهەم.

کاریگەرێتی مێتیرلینک و نیتشە لە سەر میرهولد وانەبێ ڕاستەوخۆ بێ: بیر و هزری مێتیرلینک لەژێر کاریگەرێتی شاعیری سیمبۆلیستی ڕووسی ڤێچسلاف ئیڤانۆڤ و بیر و بۆچوونەکانی نیتشەش لە ڕێگەی جۆرج فۆکسی ئەڵمانییەوە، ناڕاستەوخۆ گەیشتنە میرهولد.

لە ئەنجامدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە دیدگای دراماتورگی میرهولدی لەسەر بناغەیەکی هونەری و فەلسەفی و ئیستێتیکی(شانۆ و مۆسیقا و هونەری شێوەکاری) پتەو گەڵاڵە کراوە.

# ئاواز و گۆرانی هەورامان لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ بەردەوامە

دارا هەورامانی
(سلێمانی)

( ١- ٢ )

ئاواز و گۆرانی سەرچاوەی عیشق و تایبەتمەندیی فەلسەفییانەی خۆی هەیە. ئەگەر گۆرانی واچ، یان هەر هونەرمەندێکی گۆرانی واچ، فەلسەفیانە بیر بکاتەوە، ئەوە دەتوانێت ئەو ئاوازانە بە زەریفی (ئەدا) بکات، هەروەها پێشی بوترێت داهێنان. هەروەک ئاوێنەی بێ پەڵە، گیان و مۆرکی ئەو ئاوازانە، پەردەی تاریکییان لەسەر لاببات و ڕۆژی ڕووناکی، وەک: شۆڵەی چرا و مانگی چواردە لەلای نسارەوە بۆ دەم کەل ئاسۆیان ڕووناک بکاتەوە. ئەگەر لە هەر قۆناغێکدا، لە خۆمان بپرسین، چیمان دەوێت، ئەوە ئەو ئافرەتە گۆرانی واچانە، کە لە هەورامان هەن، ئەو ڕاستییانەمان بە بەڵگەوە بۆ دەسەلمێنن، چۆن ئەرکی خۆیان بەجێ هێناوە؟ ئەو کیژە زەریفانەی هەورامان، کە ئێستا ئاواز دەچڕن، چۆن ڕێچکەی هونەریی خۆیان ئاوێنە بەند کردووە؟

چۆن ئاواز و گۆرانی خۆیان بە شێوازی هونەری فەراهەم هێناوە؟ چۆن ئەو بەرهەمە هونەرییانەیان دەپارێزن؟

کەواتە: سەرچاوەی هونەریی ئەو هونەرمەندە ژنانە، کە لە مێژە ئاوازیان چڕیوە، بوونەتە (ئامیان) بۆ گۆرانی واچە نەوجوانەکان کە لە چەرخی ئەمڕۆدا، دەتوانن بە باشی ئاوازەکان بچڕنەوە، هەروەها لە ڕێڕەوی هونەری بەرزی خۆیان لایان نەداوە، پەرەیان بە هەموو ئاوازەکان داوە. بە هەمان شێوازی ئاواز چڕە کۆنەکانی هەورامان وەک: (نەکیسا، لیزا خانم، ڕێحان خانمی لوڕستان، فاتیمە لوڕەی گۆران، خاتوو مەی زەدە، دایە خەزانی سەرگەنی).

(خۆ ئەگەر ئەدەبیاتی کوردی ڕۆژێک لە ڕۆژان، بپرسێت، کە لە چ سەردەمێکەوە، ژنی داهێنەر هاتوونەتە ناو ئەدەبیاتی وڵاتەوە، ئەوە لە ناوی ئەو خانمە سەربەرزانەدا زیاترمان بەرچاو ناکەوێت. وەلێ مەخابن ئێستا پسپۆڕ و زانا و لێکۆڵەرانی کورد ئەو ڕاستییە بەلاوە دەنێن، یان نایبینن، یان باوەڕیان بە کەونیای کەلەپووری نەتەوەییان نییە) (١) کۆبەرهەم،

بەرگی دووەم، ل٢١٦.

ئەمەش بەلای منەوە هۆکەی ئەوەیە، کە مێژوونووسان لێکۆڵینەوەی مەیدانییان نەکردووە، یان توانایی داراییان نییە. خۆ ئەگەر توێژینەوە هەبێت، ئەوە سەرچاوەی مەیدانیی فراوانتر دەبێت، وەک ئێستا لەم زەمانەدا بەدەیان ژنی کارامە لە بواری هونەری ڕەسەنی هەورامانیدا، لە بواری گۆرانی چڕیندا، وەک: ئەستێرەی گەشاوە دەرکەوتوون. هەر لە گوندی، کەیمنەوە، وەک: مەریەم خان، بەیزاخان، شەمام خان و ئایشەخان لە گوندی بەڵخەی هەورامان، کە گیانی سیاچەمانەی ژنانەیان بە فراوانی پەرە پێ داوە، بەڵام ئەم چەرخەی ئێستا کە بەرەو هەزارەی سێیەم دەڕۆین، گۆرانی واچی ژن و کچان، پەردەی تاریکییان بەلاوە ناوە و زیاتر سەرچاوەی خۆیان کە هەورامانە ڕووناک کردووەتەوە، نموونەی ئەو هونەرمەندانە وەک: ناهید هەورامی، ئەقدەس هەورامی، سروەی مەنوچیهری ناهیدەی شۆشمەیی، (تارا جاف)ی چل چەنگ ژەن، ماریا هەورامی، کەویار هەورامی، مەهوەش دروستکار، (سرۆیا خدری)ی فەرهەنگناس، (شەیدای مەعازی)ی ئاواز دانەر لێمۆ هەورامی، سەعدییە بەڵخی. ئەم هونەرمەندە ژنانە کە ناوم هێنان، توانیویانە زۆر بە سانایی، ئاوازەکان بچڕنەوە، هەڵبەتە هونەرمەندی تری ژن هەن، کە هێشتا دەرنەکەوتوون، یان ڕێگەیان پێ نادەن.

(هەروەک زمان و ئەدەبی عەرەبی سەراپا بۆ سەردەمی جاهیلی بەر لە ئیسلام دەگەڕێتەوە. دیارە کە فەرهەنگی عەرەبی پێش ئیسلام کەلەپووری بتپەرستی و خواناسی بە مانای ئەمڕۆ (کوفر و شرک)یش لە تەکیدا هەبووە، بەڵام ڕووناکبیرانی عەرەب، تەنانەت توێژەرانی ئایینیش، ڕۆژێک لە ڕۆژان خەتیان وەک کولتوور، بەسەر فەرهەنگی جاهیلیدا نەهێناوە) (٢) کۆبەرهەمی بەرگی دووەم، ل٢١٦، بەڵام دەرگەیان بەڕووی هەر مەزهەب و زمان و کولتوور و فەرهەنگی گەلانی دیکەدا داخستووە.

هەندێک نووسەری بێگانە، بە تایبەتی عەرەب تا ئێستاشی لەگەڵ بێت هونەر و ئاواز و گۆرانیی وڵاتی (ئاریانڤاچ) ڕەت دەکەنەوە، بەڵام ئەو ئاواز و فەرهەنگەی سیاچەمەکان کە باسی سەربەستی مرۆڤ دەکەن، لە سەرتاسەری جیهان و مرۆڤایەتیدا بە لووتکە دانراوە، چونکە هەر لەسەرەتادا، چ هونەر، چ کەلەپووری زەردەشت باسی یەکتاپەرستی دەکات و لە فەرهەنگ و ئاوازە عیرفانییەکانی زەردەشت، دواتر لە یارساندا، بە باشی هەل بە هەموان دەدات. ئاواز و گۆرانی، خەم ڕەوێنە، سنووری بۆ نییە، فەرهەنگێکی بەرفراوانە، چونکە هەر وڵاتێک، ئازاد بوو، ئەوە بێگومان فەرهەنگ و کولتوور و هونەر و فەرهەنگیشی ئازادە، بۆیە ئافرەتان و ژنان و کچان، لەو بوارەدا ئازادن، چ گۆرانییەک بچڕن، یان شیعر ساز بکەن، یان هەموو بەشەکانی هونەر ئامادە بکەن، ئەوە هەموو بەشەکان لە چۆنیەتی ئەدا کردنەوە، هەر هونەرمەندە لە بوارەکەی خۆیدا ئازادە، بەڵام ئێمە تەنیا بواری ئاواز و گۆرانی باس دەکەین. هەر لە (نەکیسا)وە، یان پێشتر، یان دواتر بە نموونەوە دەهێنمەوە، هەرچەندە ئاماژەمان بە سرووتە ئایینییەکانی (زەردەشت) دا، لەو سرووتانەی باسی یەکتاپەرستی و باوەڕداری دەکەن، بەڵام خۆ دەبێت شوێنێکیش بۆ ئاواز و گۆرانی کەوناریانە بکەینەوە، نەخاسمە کە بەزمان و ئیدیۆم و ئەفسانەی کۆن، بەم خاکەوە بەندن..

هیچ نەتەوەیەکی زیندوو کەلەپووری خۆی پشتگوێ ناخات و نایخنکێنێت، وەک هەندێک توێژەری کورد دەرهەق بە فەرهەنگی کۆنی ئاریانڤاچ، پێش ئیسلام و دوای ئیسلام کردوویانە، تا ئێستاش نووسەری وامان هەیە، زۆربەی هونەری خۆمان بە هونەری بێگانە لە قەڵەم دەدات، ئەو نووسەرانە زۆر کەمتەرخەمن و گوێ بە سەرچاوەی خۆیان نادەن و بەدوایدا ناگەڕێن، بەڵام ئەگەر هونەری خۆمان بکەن بە هی جیهان، ئەوە سیاچەمانە و هۆرە و حەیران و لاوک بەرانبەر هەمووان دەوەستێتەوە، چونکە ئەو چوار قوتابخانەیە، بنەمای سەرەکی موزیکی وڵاتن.

جارێکیان باسی (نەکیسا)م کرد، چەند نووسەرێک گوتیان: ئەوە فارسە، دیارە ئەوانەی بەو شێوەیە بیردەکەنەوە، ئەوانە بێ ئاگان لە هونەری خۆیان (زۆر کەس لە توێژەر و ڕووناکبیرانی کورد، ڕەسەنایەتیی کورد، بوونی ئایین و کولتووری دەوڵەمەند و ناسراوی وەک: زەردەشتیش پشتگوێ دەخەن، هەوڵ نادەن ریشەی ئاڤیستا، لەنێو شێوەزار و فەرهەنگەلی ئێستای وڵات بدۆزنەوە، کە لە جیاتی خۆمان، بێگانەکان ئەوەمان بۆ دەکەن، کەواتە: هەموو ئەو هۆیانە، وایان کردووە، نەوەکانی تازەی کوردستان لە کولتوور و کەلەپووری خۆیان ئاگادار نەبن.) (٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٨.

ئەوەی هیچ گومانێک هەڵناگرێت ئەوەیە کە خاتوو نەکیسا، گاتاکانی بە ئاوازی بەرزە چڕ چڕیوە، ئەم شیعرەی (باباتاهیری هەمەدانی) (٩٣٥- ١٠١٠ن) کە باسی وەرزی بەهار دەکات، بۆ سیاچەمانە زۆر بەزەریفی دەلوێت و بەم شێوەیە دەڵێت:

**(فەسڵی وەهار مەی نەهەر جا گوڵێ**
**نە هەر باخێوە هەزار بولبولێ**
**نیمارۆ هەنگام بنیۆ مەکانێ**
**نەوا چون من بۆ پروزیا دڵێ)** (٤) هەمان سەرچاوە، ل٢٢٩..

ڕێحان خانمی لوڕستانی، فاتیمە لورەی گۆرانی هاودەمی باباتاهیری هەمەدانی، ئەم دوو خانمەش شاعیر بوون. خاتوو لیزا خانمی جاف، بە هەورامی شیعری لەسەر وەرزی بەهار گوتووە، هەروەها (دایە خەزانی سەرگەتی) و (خاتوو مەیزەدە) شیعریان بەسەر وەرزی بەهاردا وتووە، شیعرەکانیان بە ئاوازی بەرزەچڕ بە ئامێری (تەمیرە) چڕیوە و ئاوازەکانیان ساز و ئاهەنگێڕ کردووە، چونکە وەرزی بەهار و هاتنی ئەو وەرزە لەلای عاشقان و شاعیران و سیاچەمانەچڕان بۆ وەرزی ئاوازچڕین و خۆشی بەسەربردن ڕازاوەیە، بە ئازادی بۆ خۆیان عیشقی مەی کەدە بوون.

(ئەو ئاوازانە، کە ژنان دەیانچڕن، ئەوە ئەزموونی ئافرەت لەگەڵ خودی خۆی و لەگەڵ کۆمەڵگا و مێژوودا بازنەگەل و ڕێرەوگەلی جیاوازی هەیە لەوەی پیاو هەیەتی، ئەوە مەراقی ژنان لە سەفەری ڕۆحییاندا، سەرەتا یەکگرتنەوە لەگەڵ خودی خۆیاندا و ئاشتبوونەوە لەگەڵ جیهاندا. لە کاتێکدا سۆفی پیاو هەوڵ دەدات گۆشەگیر بێت و بە شێوەیەکی کاتیش بێت، خۆی لە کۆمەڵگە دابڕێت، تا (ئازادانە) سەفەرەکەی بباتە سەر، بەرزترین ئامانجی ژنان تێکەڵ بوونەوەیە بە کۆمەڵگە، ئەو کۆمەڵگەیەی کە پێشووتر، لە جیابوونەوە لێی ئازاریان چەشتووە، تا بۆ خۆیان جێگەیەکی لێبوردەیی لە کۆمەڵگەکە دەدۆزنەوە، قبووڵیان دەکات و دەرفەتی فراوانی ئازادییان بۆ بەجێ دێڵێت، ئەو ئامانجەش لە میانەی ئەزموون

لە سروشت، یان لە میانەی پێوەندی ئازاد و میهرەبانانەی ویژدانی مرۆڤایەتییەوە بەدەست دێن) (٥)، کۆ بەرهەمی سێیەم، ل٢٦٤ – ٢٦٥.

کەواتە: ئافرەت لە ئەداکردنی کارەکانیدا بە سەلیقەترە، بە تایبەتی کە بیەوێت ئاوازێک بچڕێت، زیاتر عیشقی مەعنەوی ئامانجی سەرەکییەتی، بۆیە ئەو ئاوازی لایەلایەی کە دەیچڕێت هەمیشە لە گوێی ڕۆڵەکانیدا بە باشی بەرهەم دێت و درەنگتر لەبیر دەچێتەوە، ئەوەش جێگەی متمانەیە، کە زۆربەی ئەو ئافرەتە هونەرمەند و شاعیرانە لە چەرخی، یان لە سەدەی چوارەمی کۆچییەوە، بە بەردەوامی لە هەورامان پەرەیان بەو بوارانە داوە.

سەداو دەنگی هەریەکە لەو ئافرەتانە لە بۆ ئاواز چڕین، لە دیاردەی زەریفی سروشتەوە! وەک خوڕەی هێمنی ئاو و جریوەی مەل و هی دیکەش، ئاوازی بە سۆز و قووڵی ئامێرەکانی موزیکە. جێگەی ئەو ئاوازانەش کەشوهەوای فرە لەباری هەورامان وای کردووە، جێگەیان هەر هەورامان بێت، چونکە ساڵەهای ساڵە مرۆڤ لە هەورامان سەقامگیر بووە. مرۆڤ لە کەشوهەوای ئارامدا بیر لە ژیاری و شارستانیەت دەکاتەوە. (لە زەمانی ئاڤێستای زەردەشتیدا، بەر لە (٢ – ٣) هەزار ساڵ و بەراوردی لەگەڵ ڕەگەزەکانی فەرهەنگی ئەمڕۆدا، هێشتا گرنگترە، ئەوە توێژینەوە گشت لایەنەکانی فەرهەنگی و شارستانی دەگرێتەوە: واژە و زاراوە و، هێما و ڕەمز، موزیک و گۆرانی، دابونەریتی کۆمەڵایەتی، هەندێک جەژنی کۆن، جلوبەرگ.)، (٦) بڕوانە کۆبەرهەمی بەرگی یەکەم، ل١٥٧.

ئەو هەموو خەسڵەتانە لە زێد زادەی (زەردەشت) لە هەورامان بوونیان هەیە، بۆیە ئەو هەموو ئاوازگەل و کولتوور و فەرهەنگە. هەریەکەیان خانەبەندی تایبەتی خۆی هەیە. بۆ نموونە سەربەستی ئافرەت بەبێ ترس و لەرز و سەربەرزانە، توانیویەتی ئاواز و گورانی، بە ئازادانە، دەنگ و سەدای خۆی بە زەریفی (ئەدا) بکات، چونکە بوار بۆ هونەر و ئاوازگەلی فرە ڕەنگ لە وڵاتی ئاریانڤاچدا، زۆر بە سەرکەوتوویی خۆی سازاندووە. هەروەک ئاماژەم پێ دا، هەر وڵاتێک جێنشین بێت، فەرهەنگ و ئاوازگەلی سەقامگیر دەبێت.

نموونەیەک لە گۆرانییەکانی، ناهێد هەورامی و ئەقدەس هەورامی بە دوو قۆڵی (ئەدا)یان کردووە، گۆرانییەکەش بەناوونیشانی ڕێحان (تۆ خەڵکی هەورامانی) بەم شێوەیە:

**ئەرێ ڕێحان تۆ خەڵکی هەورامانی!**
**دەخوایە کەریم شەو بە مێمانی**
**دانم سەرمەرە سەر کەلەی دەوار**
**گیڵو شونیتەرە هەوار بە هەوار**
**پۆکی حەز کەرو وەراوەر نیشیو**
**هەر تۆ نازکەری، من نازت کیشو**
**بردەکێ بە سوو بەتاڵێو بەنی**
**وێم مەۆڵاتۆ هەر یاگێو هەنی**
**ئەرێ ڕێحان تۆ خەڵکی هەورامانی!**
**دەخوایە کەریم شەو بەمێمانی)** (٧) بڕوانە: بەرنامە و هەوارگەوژەنێ، کەناڵی ژن تیڤی.

هەڵبەتە ئەم دوو ژنە فرە بە زەریفی ئاوازەکەیان (ئەدا) کردووە، بۆیە چەندان ئاوازی تریان بە دەنگە تیژەکەیان چڕیوە، ژنی هەورامان لە هەموو بوارەکانی ژیانیاندا زۆر سەرکەوتوون، چ بە ئاواز دانان، یان گۆرانی وتن، یان شیعر، یان فەرهەنگ شناسی. کەواتە: ژنانی هەورامان زۆر بوێرن، زۆر سەرکەوتوون، چونکە ژینگەی هەورامان ژینگەیەکی خاوێنە، لە توندوتیژی دوورە، بیریان فراوانە، بە

خێرایی، داد بەسەر شتێکدا نادەن، تا پلانی بۆ دانەنێن، هەروەها ئافرەتانی هەورامان لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا، هەوارە و هەوار دەکەن، چونکە هەوارگەکانی هەورامان بڕبڕەی ئابوورییە بۆ خێزانەکان، هەر کەسێک بچێتە هەوارگەی هەیشوور، {لە بۆنی سوورە هەراڵە و بۆژانە و لۆوکەما و بەرزەڵنگ، هەراڵە برێمی، گا و گوراڵ پووژیکی، کەپڵە، سەیراداد}، لەگەڵ عیشقی خاوێنی خانمانی هەوارەکان، بە ئارامی و بە هێمنی، ژیان ئاوێزان دەکەن، بە ئاوازی بەرزەچڕی سیاچەمانەی لەبن نەهاتووی هەوارگە و هەواری هەوارامانەدا.

یەکێکی تر لەو ژنە دەنگ خۆشانەی هەورامان، کە توانیویەتی بەسەرکەوتوویی هەموو بەزمەکانی گۆرانی بە زەریفی بچڕێتەوە ئەویش (مایجەمین وەڵەد بەگی)یە، بە ئامێری (دەف) لە تاران چەندان ئاوازی چڕیوە، دەنگی ئەم خانمە دەنگی تیژی ئاوێزان کردووە لەگەڵ ئامێری (دەف) و زۆر بەسەرکەوتوویی ئاوازەکانی (ئەدا) کردووە، یەکێک لەو ئاوازانە (لایە لایە)یە کە بۆ کۆرپەی شیرینی چڕیوە، ئەم ئاوازە، ئاوازێکی خاوە، بەم شێوەیە دەڵێت:

(ئای لاوە لاوە گیانی ئەوینم
لای لایت پەی کەرو شەوەی دێرینم
لای لایت پەی کەرو تا سوبحی سەحەر
تا گەلاوێژەکە، سەر بارۆ وەبەر
لای لایت پەی کەرو تاکوو بەیانی
تا وەرگنۆوە، کەش و دالانی
لای لایت پەی کەرو بەدڵ و بە گیان
یاخوا تۆ بووسی شەوی تا بەیان) (٨)

سەرچاوەی پێشوو.

ئەوەندە ئاوازەکەی بە زەریفی چڕیوە، مرۆڤ، لە بێ خەویدا، دەخاتە خەو، دەنگی (بلوێری)، سەدای ناڵەی (دەف) جۆشوخرۆشی ئای ئای بە ئاوازی شیرین، لە هەوارگەی دالانی و هانە و ڕێزاو ژاڵانە و کەش و (تەتەی) بە یەکجاری، بۆ سەدای ئەم خانمە دەنگ تیژە، ڕوجیار ئارام و ئەمین دەبێتەوە، بە تریفەی مانگەشەو کاروانی هەوارگەکان بێدار دەبنەوە، هەوارە و هەوار، ئاوازێکی تری ئەم خانمەیە بەم شێوەیە دەڵێت:

**ئای هەوار هەوار ئای هەوارنشین**
**لایۆ کەرەوە بەدڵێوی غەمگین**
**ئای هەوار، هەوار، هەوار، سەرهەوار**
**هورزە بۆرێ لام چەم سیاوی نازدار**
**هەوار بارش کەرد پەی سەرکەمەری**
**بێوەفێ نەیی مەیل کۆ نەکەری)** (٩)

سەرچاوەی پێشوو.

یەکێکی تر لەو ژنە هونەرمەندانەی هەورامان، خانم (گوڵچین ڕەحمانە) بەسەدای پڕخۆش، ئاوازی خاوەر خاوەری چڕیوە و دەڵێت:

**(١- ئەی خاوەر، خاوەر، شەکری جەپاڵ سەماوەر**
**بانێ قوربانەت، شوشمێ و نەوسوودەو زاوەر**
**کەڕاوا و ڕەزاو، دیسان دەگاگا**
**بووک و مارانی تۆ کەردەن ڕاگا**
**٢- دەگا دەگایەکی بە پلە هورەوەستێ**
**لوایمی مارانی کەپرێما بەستێ**
**هەرسەرو حەوزی تاهانە حەیران**
**نازارێ کۆنێ چی نمە یا سەیران)** (١٠)

هەمان سەرچاوە


ئەم خانمە هونەرمەندە، لەگەڵ سروشتی هەورامان، فرە بەزەریفی ڕاهاتووە، هەر ئەوەش وای کردووە، گۆرانی بەسەر گوند و شاخ و هاوینە هەوارەکانی هەورامانەدا بچڕێت، ئەم

ئاوازە دەچێتە خانەی جوگرافیاوە، هەروەها لە ئاوازەکەدا، خاوێنی ژینگە، بایەخدان بە سەوزایی، بە سروشت، زۆربەی ژنانی هەورامان زیاتر بایەخ بە سروشت دەدەن، تا پیاو، چونکە ژن زیاتر دەزانێت بناغەی ژینگە ژیانەوەی ژیانە، بۆ گۆرانی ژنانی هەورامان زۆر سەرکەوتوون. یەکێکی تر لەو هونەرمەندە ژنانە (سەلماخانی عەباسی)یە، ئەویش ئاوازێکی خاوی خۆی گوتووە: واتە؛ ئاوازەکە بەرهەمی خۆی بووە، هەر بە منداڵی ئارەزووی گۆرانی چڕینی هەبووە، هەروەها باوکی هانی داوە واز لە گۆرانی نەهێنێت. لەگەڵ باوکیدا درەوی کردووە و پێکەوە گۆرانییان چڕیوە و زۆریش پشتی گرتووە:

**(١- هەورامیەنا پەروەردەی چنوور**
**ئیسە گیرودەی خاکی شارەزوور**
**ئانە کوگە ملی چی منیچ مەبەری**
**چەنی خاڵەکات ئامێتەم کەری**
**٢- ژەرەژ مەوانۆ چا کاوە کاوا**
**پیتەو نەچیری هاڕەو وەرواوا**
**ئانا تۆ لوای پەی ئاوێسەری**
**بێوەفا نەبی مەیل کونە کەری)** (١١) هەمان سەرچاوە.

**سەرچاوەکان:**

١- فەلەکەددین کاکەیی، کۆ بەرهەم، بەرگی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی (٢٠١٥) زایینی، ل٢١٦.
٢- هەمان سەرچاوە، ل٢١٦.
٣- هەمان سەرچاوە، ل٢١٨.
٤- هەمان سەرچاوە، ل٢٢٩.
٥- فەلەکەددین کاکەیی، کۆ بەرهەم، بەرگی سێیەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی دووەم، هەولێر، ساڵی (٢٠١٥) زایینی، ل٢٦٤- ٢٦٥.
٦- فەلەکەددین کاکەیی، کۆ بەرهەم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر، ساڵی (٢٠١٥) زایینی، ل١٥٧.
٧- هەڵاڵە شەوکەت لهۆنی، بەرنامە و هەوارگەو ژەنی، ژن تیڤی، ساڵی (٢٠١٨) زایینی.
٨- هەمان سەرچاوە.
٩- هەمان سەرچاوە.
١٠- هەمان سەرچاوە.
١١- هەمان سەرچاوە.




# ڕەهەندی پەروەردەیی لە ڕۆمانی «بەندەر فەیلی»دا

م. بەڕێز عەباس عەلی
(کەلار)

ڕۆمانـی «بەنـدەر فەیلـی» لـە نووسـینی ڕۆماننووسـی ناسـراو «بەختیـار عەلی»ـە، سـاڵی ٢٠٢٢ لـە لایـەن ناوەنـدی ڕۆشـنبیریی ڕەهەنـد بـە قەبـارەی ٤٥٨ لاپـەڕە چـاپ و بڵاوکراوەتـەوە.

«بەنـدەر فەیلـی» لـە هاوینـی ١٩٨٠، ئـەو کاتـەی دایکـی لـە سـێدارە دەدرێـت، لـە یەکێـک لـە زیندانەکانـی بەغـدا لـە دایـک دەبێـت، ئیدی لەوێـوە پـەروەردە دەکرێت و تـا تەمەنـی ٦ سـاڵیش نازانێت لـە زینداندا لـە دایک بـووە، شـوێن لـە ڕۆمانەکـە بەغدادە و زەمەنـی ڕۆمانەکـە سـاڵانی ١٩٨٠ یـە تاوەکـوو سـاڵانی دوای ٢٠٠٣. زینـدان قوتابخانـەی ڕەسـمی ئـەوە و هـەر یەکـە و بـە شـێوازی خـۆی پـەروەردەی دەکات، بـەڵام چ جـۆرە پەروەردەکردنێـک، ئـەو پەروەردەیـەی فاشـیزم دەیەوێـت! ڕۆمانەکـە دەکرێـت لـە چەنـدان ڕەهەنـد و ڕوانگـە و دیـدگاوە خوێندنـەوەی بـۆ بکرێـت، ئێمـە لێرەدا تەنیـا لـە ڕەهەنـدی پەروەردەییـەوە لـە ڕۆمانەکـە دەنواڕیـن.

مامۆسـتاکانی بەنـدەر فەیلـی مامۆسـتای قوتابخانـە و خوێندنگـەی ڕەسـمی نیـن، پـەروەردە و فێرکردنـەکان، پـەروەردە و فێرکردنـی داو و دەزگایەکـی مەدەنـی ڕەسـمی نیـن، بـەڵام ئەگـەر بـە هەمـان میکانیـزم و ئامـرازی پـەروەردە و فێرکردنەکانـی نـاو زیندانیـش نەبێـت، ئـەو جـۆرە پـەروەردە و فێرکردنـە بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان لای مامۆسـتای قوتابخانـە و خوێندنگـەکان و کەشـی نـاو خێـزان و قوتابخانەکانـدا بەشـێوەیەکی گشـتی هەیـە، دواجـار ئەوانیـش دەچنـە خزمەتـی فاشـیزمەوە.

بەنـدەر فەیلـی لـە زیندانێکدایـە بـەردەوام بۆنـی مـەرگ دەکات و هـەر لـەو تەمەنـە کەمەیـەوە ئامـادەی بینینـی شـێوازەکانی لـە سـێدارەدان دەبێـت، ئەمـەش وا دەکات تـرس و دڵەڕاوکێی بۆ دروست

ببێت! لە ژینگەیەکدایە پڕە لە ترس و تۆقین و گومان و داخراوی، دنیا لای ئەو بریتییە لە چوارچێوەی زیندان و هێشتا بە دنیای دەرەوەی زیندان ئاشنا نییە! ئەو جارانە نەبێت کە جار بە جار بەمەبەست لەلایەن جەللادەکانەوە دەبرێتە دەرەوەی زیندان. پێچەوانەی ئەوانەی سەرپەرشتی دەکەن، ماڵی یەکەمی ئەو بریتییە لە زیندان.

بینینی دیمەنی لە سێدارەدان وردە وردە لای ئاسایی دەبێتەوە، داوا دەکات بەردەوام بۆ ژووری لە سێدارەدانی ببەن بۆ ئەوەی بزانێت ئینسانەکان لە دوایین ساتی ژیانیاندا چی دەکەن و چۆنن! جەللادەکانی زیندان بەو کارانەیان دەیانەوێت بەندەر بە جۆرێک پەروەردە بکەن کە لە خۆیان بچێت و سڵ لە توندوتیژی نەکاتەوە و مردن و کوشتن بەلایەوە ئاسایی بێت.

لە تەمەنی حەوت ساڵیدا، ئیتر لەلایەن بەڕێوەبەری بەشی سێدارە و بەڕێوەبەری زیندان بیر لەوە دەکەنەوە هەرچۆنێک بێت بەندەر بە ژیان، بە دەرەوەی زیندان ئاشنا بکەن، ئەم ئاشنا بوونە بە دەرەوەی زیندان لە خەمی ئەوەدا نییە فێرببێت و بەندەر وەک حاڵەتی منداڵی خۆی بژیت و ببینێت، بەڵکوو خەمەکە بە پێچەوانەوەیە و بۆ ئەوەیە چۆن ڕامی بکەن! بەڕێوەبەری بەشی زیندان لەبارەی پەروەردەکردنی بەندرەوە ئاوا بە سەید هاشمی خوزاعی بەرپرسی بەشی لە سێدارەدان دەڵێت: «پێم باشە ئەم منداڵە وا گەورەبێت بتوانێت ببێتە هاوکارێکی عاقڵ و دەستەمۆی ئیدارەی ئێرە. دەبێت وا گەورە بێت، سبەینێ ئێمەش خانەنشین بووین هێندەی هۆش و گۆش هەبێت، بتوانێت لێرە بمێنێتەوە و هەندێک کاروبار ڕابپەڕێنێت. هەق بە تۆیە سەید، من دەمەوێت لە منداڵەکە فەرمانبەرێکی بەشی سێدارە و خزمەتچییەکی دەوڵەت دروست بکەین لە خۆمان بچێت».

ترس لەوەی بەندەر دژیان بوەستێتەوە و دڵەڕاوکێی ئەوەی لە خۆیان نەچێت و لە دەستیان دەرچێت، پێیان باشە دنیای دەرەوەی زیندان ببینێت، ئەوەتا سەید هاشمی خوزاعی بۆ ئەوەی بەندەر وەک خۆیان دەیانەوێت پەروەردەی بکەن، دەڵێت: «ئەگەر کەمێک شتی فێربکەین و چاوی بکەینەوە و شارەزایی پەیدا بکات، وا دەزانم تێدەگات ببێتە فەرمانبەری ئێمە باشترە، بۆیە کارێکی نەشیاو نییە تۆزێک دنیای پیشان بدەین و بزانێت لە وڵاتێکدا دەژی ناوی عێراقە و لە شارێکدا گیرساوەتەوە ناوی بەغدایە و لە ژێر سایەی سەرۆکێکی بەڕەحمدا دەژی کە سەرۆکی هەموو عەرەبەکانی دنیایە».

بەندەر حەز و ئارەزووی دەچێتە سەر خوێندن و فێربوون، گەڕان دەست پێ دەکات بە دوای مامۆستایەک کە بەندەر فێربکات، بەڵام مامۆستایەک دەبێت لەناو زیندان بێت و لە زیندانیکراوەکان بێت، چونکە بەندەر بۆی نییە بچێتە دەرەوە و ئاشنای مامۆستا ببێت و لە قوتابخانە بخوێنێت، نابێت ئاشنا بێت بە زانستە جۆراو جۆر و هەمەچەشنەکان! بەڕێوەبەری زیندان و بەڕێوەبەری بەشی سێدارە بەدوای مامۆستایەک دەگەڕێن وەک ئەوەی ئەوان دەیانەوێت پەروەردە و فێری بکات، نەک ئەوەی فێربوون و پەروەردەیەکی هاوچەرخ دەیەوێت، پەروەردەیەکی ئاراستەکرا و دۆگما، ئەو پەروەردەیەی کە هەموو دەسەڵاتدارێکی ستەمکار پەنای بۆ دەبات و تا ئەو کاتەی دەیەوێت ئینسانەکانی پەروەردە و فێربکات کە خزمەت بە خۆی بکات!

پەروەردەیەک سبەی تەنیا وەلائی بۆ حزب

و سـەرۆک و کـەس هەبێـت و فێـری خوێنـدن و نووسـین بێـت، نـەوەک بوونەوەرێکـی بیرکـەرەوە و ڕەخنەگـر و پرسـیارکەر! مامۆسـتایەکی زیندانیکـراوی بـۆ دەدۆزنـەوە بەنـاوی مامۆسـتا «فوئـاد شـەبیب» کـە لـە یەکێـک لـە پەیمانگـە تەکنیکییـەکان مامۆسـتای بەشـی میکانیـک بـووە، ئـەم مامۆسـتایە پێچەوانـەی حـەز و خولیـای جەلـلادەکان بەنـدەر پـەروەردە دەکات. مامۆسـتا فوئـاد شـەبیب بە سـەید هاشـمی خوزاعـی دەڵێت: «هـەوڵ دەدەم فێـری بکـەم چـۆن بتوانێـت بـژی، هـا، چـۆن بـژی، ئەگـەر لـە نـاکاو، ئەگـەر لـە پڕێکـدا تەنیـا لـەم دنیـا گەورەیـەدا مایـەوە، فێـری بکـەم چـی بـکات، زۆر شـت، زۆر شـت، چۆن خـۆی لـە سـەگ بپارێزێـت، لـە مـار، چـۆن ئاگربکاتـەوە، بەڵـێ گـەورەم، لـە بـاران، لـە بـا، لە برووسـکە، هەتـا هـەوڵ دەدەم فێری مەلەی بکەم، لـە هـەوادا فێـری مەلـەی بکـەم، لـە هەمـوو شـت زیاتـر فێـری درۆی بکـەم... بەڵـێ گـەورەم، بۆیـە لـەم ژووری ئیعدامـەم، چونکـە کـەس فێـری درۆی نەکـردم. تـف لـەو پـەروەردە پیـس و پۆخڵـەی مـن... هـا...تف...تـف». مامۆسـتا فوئـاد لـە ژینگەیەکدایـە ڕاستگۆیی وای لـێ کـردووە بیخاتـە زیندانـەوە و پێـی وایـە درۆکـردن و فێڵکـردن لـە سیسـتمێکی فاشیسـتدا لـە زۆر شـت دەتپارێزێـت.

سـەید هاشـمی خوزاعـی بـە مامۆسـتا فوئـاد شـەبیب دەڵێـت: «گـوێ بگـرە هیـچ ئومێدێکـی تێدا سـەوز نەکەیت، هیـچ ترسـێکی لـە پێویسـتی تێـدا سـەوز نەکەیـت، هیـچ ڕێگایەکـی پیشـان نەدەیت بـۆ دەرەوەی ئـەم شـوێنە، چونکـە بـەوە دەیکوژیـت، تـێ دەگەیـت». بـە پێچەوانـەوە مامۆسـتا شـەبیب دەیەوێت بەنـدەر وا پـەروەردە بـکات بیـر لـە خـۆی و دنیـا بکاتـەوە و وای لـێ بـکات چۆن فێـری بـکات زینـدان جـێ بهێڵێـت و ئـازاد بێـت. بەنـدەر خۆیشـی حـەزی لـەو جـۆرە فێربوونەیـە، کەچـی جەلـلادەکان دەڵێـن دەبێـت ئـەوەی ئێمـە دەمانەوێـت بـا فێـری ئەمانـە بێـت و بنووسـێت «بەغـدا، بەعـس، سـەرۆک، بابـە سـەدام».

بەرپێوەبـەر حەفتانـە چەنـد وشـەیەکی دیـاری دەکرد و دەینـارد بـۆ مامۆسـتا بـۆ ئـەوەی فێـری بەنـدەری بـکات «وشـەکانی تەنیـا بـۆ ئـەوە بـوون دەری بخـات چ کادیـر و هەڵسوڕاوێکی حزبـە. هـەر یەک لە مەحکوومەکە و بەندەر لە دەستتێوەردانی بەردەوامـی بەرپێوەبـەر نائاسـوودەبوون. ئـەو هـەر بـە ناردنـی وشـەوە نەوەسـتا، دواجـار نامیلکەیەکی بچووکـی نـارد دەربـارەی مێـژووی حـزب کـە بـۆ منـداڵان نووسـرابوو» منداڵەکـە دەبێـت مێـژووی حـزب بزانێـت، تەنیـا لـەو ڕێگایـەوە دەبێـت بـە هاوو‌ڵاتییەکـی بـاش، دەبێـت بـە پەروەردەیەکـی حزبـی و نیشـتمانی گـۆش بکرێـت، چ سـوودێکی هەیـە بزانێـت بنووسـێت کەڵەشـێر و مریشـک، مشـک و پشـیلە، بـەڵام نـاوی سـەرۆک نەزانێـت». پـەروەردە و فێرکردنـی ئایدیۆلـۆژی، ئینسـانێکی تێکشکاو و مەترسـیدار دروسـت دەکات کە دواجار دژ بـە ژیـان و ئینسـاندۆسـتی دەوەسـتێتەوە.

بەڵام مامۆسـتا شـەبیب لەگەڵ ئەوەشـدا دەیویست بەنـدەر پـەروەردە و فێربکات، بـە پێچەوانەی ئەوەی ئـەوان دەیانـوت، دەیویسـت ئـەوە بگەیەنێتـە بەندەر کـە جەلـلادەکان جگـە لـە جەسـتەت دەیانەوێـت بیـر و هزریشـت زیندانـی بکـەن! جەلـلادەکان پیاوکـوژن و بـە ناهـەق خەڵـک زیندانـی دەکـەن و لە سـێدارەی دەدەن، تـۆ پێـش ئـەوەی بەنـدەر بیـت، فەیلیـت! مامۆسـتا شـەبیب ئـەوە فێـری بەنـدەر دەکات بـەوەی ئەمانـە ڕقیـان لـە جیاوازییـە و دژی هەمـوو ئەوانـەن لـە خۆیـان ناچێـت.

قسـەکانی مامۆسـتا شـەبیب کاریگەرییەکی گرنگ

لەسەر بەندەر فەیلی دروست دەکات، مامۆستا شەبیب بە بەندەر دەڵێت: «لەوانەیە کەسێکی ترت تووش نەیەت وەک من بەرچاوت ڕوون بکاتەوە. تێ دەگەیت... ها... تێ دەگەیت؟ ئەوەی من فێرت دەکەم هەر خوێندنەوە و نووسین نییە، بەڵکوو ئەوەیە ببینیت، بپرسیت من کێم، بۆ لێرەم. یەک شتی تریش، یەک شتی تریش، ئەوەیە هەمیشە ئامادەبیت، دەرفەتێکت بۆ هەڵکەوت لێرە هەڵبێیت. ژیان کۆمەڵێک دەرفەتە، دەبێت وریا بیت، دەبێت چاوبکەیتەوە کە زانیت بەشی ئەوە گەورە بوویت، لێرە دەربچیت، بڕۆ.»

وەک هەر مامۆستایەکی لێزان و بەسەلیقە لە شوێنە جیاوازەکانی ژیاندا کە کاریگەری لەسەر فێرخوازەکانی دروست دەکات، هەر دوای وانەکانی مامۆستا فوئاد شەبیب کە بەندەر دەگەڕێتەوە سەید هاشم خوزاعی و بەڕێوەبەری زیندانیش هەست بەکاریگەری وانەکان دەکەن و گومانی ئەوەیان بۆ دروست دەبێت کاریگەرییەکانی مامۆستاکەیەتی و بەندەر، بەندەری پێشتر نییە، هەڵبەت ئەوەیان پێ خۆش نییە و هەست دەکەن بەندەر هۆشیار و بە ئاگا بووە! بەڕێوەبەری زیندان دەگاتە ئەوەی بە دزییەوە گوێ لە وانەکان بگرێت بۆ ئەوەی بزانن چییان وتووە! ئەوە ئاشکرا دەبێت کە مامۆستا فوئاد شەبیب بەندەری فێری بیرۆکەی هەڵهاتن و ئازادی کردووە، بەمەش دەکەوێتە بەر پەلاماردان و دواجاریش لە سێدارەدان! مامۆستا فوئاد بۆ بەرگری لەخۆی پێی وایە ئەوانەی بە بەندەر فەیلی وتووەتەوە وەک مامۆستایەک پێی وتووەتەوە کە ئیشی ڕاستەقینەی هەموو مامۆستایەکە و دەڵێت: «دەبێت بزانێت کێ دایکی کوشتووە، کێ قەوم و میللەتەکەی قڕان کردووە، دەبوو یەکێک تێی بگەیەنێت ئەم مەحکوومانەی ئێرە بێ گوناحن، دەبوو فێربێت گوناحبار و بێگوناح لە یەکتر جیابکاتەوە. هەستم کرد وەک مامۆستا ئەوە باشترین کارێکە بیکەم، فێری بکەم بیر لە هەڵهاتن بکاتەوە. تف لە ناوی سەرۆک، چۆن دەمتوانی تەنیا فێری ناوی سەرۆکی بکەم و بە خۆم بڵێم مامۆستا.»

لە شوێنێکدا لە ڕۆمانەکە لەبارەی تەمەنی هەرزەکارییەوە دەربارەی بەندەر فەیلی ئەوکاتەی تەمەنی دەگاتە ١٥ساڵ تێکستێکی سەرنجڕاکێشی پەروەردەیی هەیە کە باس لەوە دەکات چۆن هەڵسوکەت لەگەڵیاندا بکرێت، لەو تەمەنە و تا چەند شارەزایی و ئاگابوون لەو قۆناغەی تەمەندا گرنگ و بە بایەخە کە دەڵێت:« لەم تەمەنەدا کوڕان بە دیوێکدا لە هەویر دەچن و بە دیوێکی تریشدا لە باروت، ئەگەر لێیان نەزانیت پیاتدا دەتەقنەوە و دوور نییە بتکوژن، ئەگەر لێشیان بزانیت بەو جۆرە دەیانشێلیت کە دەتەوێت».

دوای لە سێدارەدانی مامۆستا شەبیب بەوەی بەندەری فێرخوازی فێری بیرکردنەوە و ئازادی کرد و چەند وانەیەکی پەروەردەیی گرنگی فێرکرد کە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای باڵادەست و نەریتی فاشیزم دژ دەوەستێتەوە، جەللادەکان و بەڕێوەبەری زیندان لە مەترسی وەها مامۆستایەک تێ دەگات، بۆیە «بواری نەدایەوە بەندەر وانەی دی بخوێنێت و مامۆستای نوێ هەڵبژێرێت».

لە ساڵی ١٩٩٠ و ئەوکاتەی بەندەر تەمەنی دەبێتە دە ساڵ، شەڕی کەنداو دەست پێ دەکات و هێزەکانی عێراق پەلاماری کوێت دەدەن و لە پای ئەوە ئەمریکا پەلاماری عێراق دەدات و هێرشی سەربازی دەکاتە سەر و یەکێک لەو شوێنانەی خاپوور دەکرێت و بەر پەلاماردان

دەکەوێت زیندانەکەی بەندەر فەیلییە و لێرەوە وێستگەیەکی تری ژیانی دەست پێ دەکات، زیندانەکە تەواو خاپوور دەبێت، بەڵام بەندەر بە سەلامەتی ڕزگاری دەبێت و ئازاد دەبێت. جەلادەکان لێی ناگەڕێن، دوای ئەوەش بەدوای بەندەرەوەن بۆ ئەوەی بیگەڕێننەوە بۆ زیندان، بۆ ئەوەی شتی نوێ فێر نەبێت!

جەلادەکان دەیانەوێت بەندەر بە شێوەیەک پەروەردە بکرێت ببێت بە بەشێک لە خۆیان و تۆوی فاشیزم لە ناخیدا بچێنن، دەیانەوێت لە خۆیان دوورنەکەوێتەوە و ئیشی ئەوەی لەسەر بکەن لە داهاتوودا بیکەنە فەرمانبەری زیندان!

بەرێوەبەر ڕەزامەندی دەداتەوە بۆ دووبارە خوێندن و فێربوون، بەندەر هەمیشە مامۆستا نافەرمییەکانی لە چوارچێوەی زیندانن و کەسانی حوکمدراون و لە بواری جیاواز شتی فێردەکەن، بەڵام جەلادەکان داوای فێرکردنێک دەکەن لە شتی ئاسایی بەو لاوە نەبێت وەک بەرێوەبەری زیندان ئاماژەی پێ دەکات کە لە سەرووی خۆیانەوە دەربارەی چۆنێتی فێرکردنی بەندەر پێی وتراوە بەم جۆرە بێت: «دەڵێن با منداڵەکە هەندێک شت فێربێت، بەڵام زۆر نا، تۆزێک لە سەروو گەمژەییەوە. خۆ نایانەوێت خوێندەوار و زانا دەرچێت». بە بەرێوەبەری بەشی لە سێدارەدان دەڵێت: «گرنگترین شت لە کتێب بە دووری بگرە، بزانە من باس لە جۆرە فێربوونێک دەکەم کاری بە کتێبەوە نەبێت. بە جۆرێکی سروشتی ژینگەیەکی سادەی لە ناو ئەو دڕندانەدا بۆ دروست بکە، وەک چۆلەکەیەک بیخەرە بەر خوێندنگە لای هەندێک واشە و داڵ، دواتر سەیردەکەین بزانین چۆلەکە دەتوانێت چی لە داڵەکانەوە فێربێت».

ئامانج لە پەروەردەکردنی بەندەر لە لایەن جەلادەکانەوە ئەوە بووە چێژ لە ژیانی توندوتیژی ناو زیندان وەربگرێت و لەسەر ئەو ژینگەیە ڕابهێنرێت، هەموو شت دەکەن بۆ ئەوەی بەندەر لە سروشتی میهرەبانی خۆی دووربخەنەوە، تەنانەت شێوازی ئازاردان و لە سێدارەدانی حکومدراوەکان دەگۆڕن، بەڵکوو بەندەر لە سروشتی خۆی دووربخەنەوە و چێژ لە توندوتیژی وەربگرێت!

ترس لە فێربوونی ئازاد و پەروەردەکردنێک فێری بیرکردنەوە و پرسیارت بکات، هەمیشە لای جەلادەکانی زیندان ئامادەیی هەیە، بۆیە خۆیان دەیانەوێت ئەو وانانە هەڵبژێرن کە بەندەر دەبێت بیخوێنێت و لەو چوارچێوەیە دەرنەچێت، بەو جۆرە فێربکرێن و پەروەردە بکرێت کە لە خزمەتی سەرۆک و حزب و بەعسدا بێت!

بەندەر هێشتا خۆی ڕادەستی ئەو ژینگە توندوتیژە نەکردبوو، لەو دۆخەدا مرۆڤدۆستی خۆی پاراستبوو، سروشتی میهرەبانی خۆی لە دەست نەدابوو، زیاتر حەزی لە مامۆستا ژنەکان بووە وەک لە پیاوەکان، بەهۆی ئەوەی نەرمونیان و بەسۆزتربوون و لە مامەڵەکردن لە گەڵیدا لەکاتی فێربووندا توند نەبوون!


ترس هەیە لە پرسیارە وردەکانی بەندەر بەوەی کاریگەری لە دەوروبەر دەکات، عەقڵانی بیرکردنەوە، پێچەوانەی دۆخی باوە و نابێت بەندەر بیری لێ بکاتەوە! بەندەر تا ئەو کاتە باشە و گرفتی نییە، ئەگەر جەلادەکان هەرچییان وت، ئەمیش جێبەجێی بکات، ڕادەست نەبوونی بەندەر، واتە ئەوەیە ڕۆحێکی لادەر و شەڕانی چووەتە ناوییەوە و دەوروبەری دەشێوێنێت، ئەو تۆمەتەی هەموو سیستمێکی فاشیست دەیخاتە پاڵ ئەوانەی نایەنەوێت خۆیان ڕادەستی بکەن! دەگاتە ئەو ئاستەی ڕێگری بکرێت لەوەی

بەنـدەر شـتی تـر فێـر بکرێـت و ئاشـنا بێـت بـە زانسـت و زانیـاری نـوێ، چونکـە مەترسـییە بـۆ دەورووبـەر!

لـە هەمـوو سیسـتمێکی داپڵۆسـێنەردا، مرۆڤگەلێک هـەن بـەدوای ئازادیـدا دەگەڕێـن و جەوهـەری ژیـان ئازادییـە، هـەر شـتێک بزانیـت و فێربکرێـیت ئەگـەر ئـازاد نەبیـت، ئـەوە هەمیشـە نوقسـانییەکی گـەورە لـە ژیانتـدا هەیـە، چەنـد جـار هەڵهاتنـی بەنـدەر لـە زینـدان چ بەهەوڵدانـی خـۆی بـۆ ڕاکردنـی لـە زینـدان، یـان لـە ئەنجامـی جەنـگ و وێرانبوونـی بەندیخانەکـەوە و ڕزگاربوونـی بەشـێکی گرنگـی گـەڕان بـەدوای ئازادیـدا بـووە، جارێکیـان کـە بەنـدەر لـە زینـدان هەڵدێـت و دەکەوێتـە نـاو ژیانـی دەرەوەی زینـدان لـە گفتوگـۆ لەگـەڵ خۆیـدا گلەیـی لـە مامۆسـتاکانی خـۆی دەکات کـە فێـری شـتێکی گرنگیـان نەکـردووە ئەویـش ئازادییـە «مامۆسـتاکانم لـە زینـدان فێـری زۆر شـتیان کـردم، ئـازادی نەبێـت، بـۆ ناتوانـم ئـازاد بـم؟... بـۆ... بـۆ؟»..

بەنـدەر فەیلـی قوربانـی دەسـتی دەسـەڵاتێکی سـتەمکار و فاشیسـتە، چەنـدان جـار قوربانییـە، فەیلییە و شـیعەیە و کوردیشـە، ئەم سـێیانە بەسـن بـۆ ئـەوەی بسـەلمێنرێت کـە تاوانبـارە و هەمیشـە هەسـت بـەوە بـکات کـە دیلـە و لـە زینداندایـە!

بەنـدەر دایکـی کـە نـاوی ئیسـرا مەلەکشـاییە بـە تۆمەتـی پێوەنـدی لەگـەڵ حزبێکـی کوردیـدا زیندانـی دەکرێـت، لـە زینـدان ئەفسـەرێکی پلـە بـاڵا بەنـاوی یاسـر شـاهین ئەلبوحـەردان کـە لـەڕووی خێزانییـەوە نزیکـن لـە سـەرۆکەوە و خزمایەتییـان هەیـە، دەسـتدرێژی دەکاتـە سـەری و بەنـدەر لەدایـک دەبێـت. خێزانـی ئەفسـەرەکە بەنـاوی عەبیـر عەبدوڵـڵا ئەلبوناسـرە بـەم پێوەندییـە دەزانێـت و ئیـدی لێـرەوە بڕیـار دەدەن بەنـدەر زیندانـی بکـەن و بـۆ هەمیشـە لـەوێ بێـت بـۆ ئـەوەی تاوانەکـە پەردەپـۆش بکـەن! لەبـارەی پـەروەردەی بەنـدەرەوە، ئـەوان جەللادەکانـی زینـدان ئاراسـتە دەکـەن چۆنیـان بوێـت بـەو شـێوەیە ڕێنماییـان دەکـەن، بۆیـە جەلـلادەکان بەشـێوەیەک لـە شـێوەکان، ئەوانیـش قوربانیـن. دوای ٢٠٠٣ و ئەوکاتـەی ئەمریکییـەکان عێـراق داگیردەکـەن، بەنـدەر دیسـانەوە وەک قوربانییـەک بەکاردەهێنرێـت و ئەمریکییـەکان وەک کارتێـک و شـاهیدحاڵێک بـەکاری دەهێنـن بـۆ ئـەوەی پیشـانی دنیـای دەرەوەی بـدەن کـە هێرشـەکانیان ڕەوابـووە، ئـەوەش یەکێـک لـە قوربانییەکانـە کـە سـتەمکارییەکان دەگێڕێتـەوە. سـەید هاشـم خوزاعـی بەڕێوەبـەری بەشـی سـێدارە، نـازم تائـی بەڕێوەبـەری بەشـی زینـدان یەکـەم جـار و ڕائیـد دورەیـد بەڕێوەبـەری بەشـی زینـدان بـۆ دووەم جار کـە لەبـری نـازم تائـی دادەنرێـت، هەرسـێکیان دادگایـی دەکرێـن و حوکمـی لـە سـێدارەدانیان بـۆ دەردەچێـت ئـەوەی مایـەی سـەرنجە بەنـدەر بـەو لـە سـێدارەدانەوە و ئـەوەی ڕژێمـی نـوێ ئەنجامـی دەدات، ڕۆحـی تۆڵەسـەندنەوە و شـادمانی تێـدا بـەدی ناکرێـت.




# خەیاڵی مێژوویی لە ڕۆماندا

## «سەبارەت بە ڕۆمانی لە مێژە مردبووم»

داستان بەرزان
(سلێمانی)

لە «مێژە مردبووم»، ڕۆمانێکی خانمە نووسەری میسری (ڕەزوا ئەلئەسوەد)ـە، لەلایەن (د. ئەحمەد فاتیح محەمەد)ـەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی.

ئەم ڕۆمانە چیرۆکێکی خەیاڵی لە ناو مێژوودا دەگێڕێتەوە و لە ڕووی شێوازەوە دەچێتە خانەی ئەو چەشنە لە ژانری ڕۆمان کە بە ڕۆمانی (خەیاڵی مێژوویی) ناسراوە، هەڵبەت مەبەست لەو ڕۆمانانەیە کە چیرۆکەکەنیان لە مێژووەوە وەرگیراون و نووسەرەکانیان بەشێک، یان قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو کە دەکرێت لە ڕووی سەردەمەوە جیا بن، یان هاوسەردەم بن وەردەگرێت و جارێکی دیکە بە خەیاڵ و ئەندێشەی خۆی لە کۆنتێستێکی نوێدا بنیادی دەنێتەوە کە دواجار ڕەنگە جیاوازییەکی یەکجار زۆری لەگەڵ مێژووە ڕاستەقینەکەدا هەبێت، لەبەر ئەوەی وەک لە ناوەکەیدا دیارە خەیاڵ ڕۆڵی تێدا هەیە و نووسەر لە کارێکی وەهادا ئامانجی گێڕانەوەی مێژوو نییە وەکوو ئەوەی مێژوونووسان تۆماریان کردووە، یان لەسەری کۆکن، بەڵکوو لەو بارەدا مێژوو کەرەستەیەکە بۆ کاری ئەدەبی.

لەبەر ئەوە لە ڕووی زانستی مێژووەوە، ئەم جۆرە لە ڕۆمان ناکرێت وەک سەرچاوەی مێژوویی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و بکرێنە دۆکیومێنت بۆ پشتڕاستکردنەوەی مێژوویی، جیاواز لەو ڕۆمانانەی کە بە ڕۆمانی مێژوویی ناسراون و چیرۆکەکانیان بەسەرهاتی وڵاتێک، یان شارێک، یان کەسایەتییەکی ناو مێژوو دەگێڕنەوە بەبێ گۆڕانکاریی تەنیا کارێک کە دەکرێت جوانکاریی و ڕێکخستن و ئامادەکردنی ئەو داتایانەن کە سەبارەت بە بابەتە مێژووییەکە بەردەستن.

دەربارەی ڕۆمانی خەیاڵی مێژوویی، ئەوەی گرنگە نووسەر لەبەرچاوی بگرێت ئەو لۆژیکەیە کە بۆ لۆژیکە مێژووییەکەی هەڵدەبەستێت، پێویستە لە ناو ئەدەبیاتدا باوەڕپێکەر بێت و لە میانی دروستکردنی چیرۆک و ڕەگەزەکانی دیکەی ڕۆمانەکەیدا بەرجەستەیان بکات، واتە شێواندنێکی داهێنەرانە و لە پێناو بەرهەمهێنانێکی ئەدەبی داهێنەرانەدا بێت، گۆڕینی لۆژیکی مێژوویی بۆ لۆژیکی ئەدەبی، کە لەم ڕۆمانەدا نووسەر شارەزایانە لە ئەدەبیاتی ڕۆمان و شێوازی ڕۆمانی مێژوویی توانیویەتی لینکەکان پێکەوە گرێ بدات و چیرۆکە مێژووییەکان لەسەر چەند ئاستێکی تەکنیکی و گێڕانەوەیی یەکانگیر بکات، بەبێ ئەوەی لەنگی لە هیچ کام لە ڕەگەزەکانی ڕۆمانەکەیدا دروست ببێت.

لەم ڕۆمانەدا نووسەر چیرۆکی کارەکەی بەسەر چەند هێڵێکدا دابەش کردووە، کە هەریەک لەو هێڵانە هاوتەریب گەشەی درامی دەکەن و بۆ هەڵکشانی هێڵی سەرەکی بەرەوپێش دەچن، هەریەک پێکەوە دەبنە تەواوکەری یەکتر و هێڵی گشتی ڕۆمانەکە پێک دەهێنن، یەکێک لە هێڵەکان چیرۆکی عەشقێکی قووڵی پلاتوونییە کە بێگومان لەگەڵ قۆناغە مێژووییەکەی ڕۆمانەکەدا یەکانگیرە و هاوتەریبە لەگەڵ ئەو دیدە عاریفانەیەی کە باڵی بەسەر ئەتمۆسفێری ڕۆمانەکەدا کێشاوە، بە جۆرێک لە ماوەی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەیدا خوێنەری بە ئاگا لە دنیای عاریفان، هەست بە گیانی مەولانای ڕۆمی دەکات، وەک دیاریشە ناوونیشانی ڕۆمانەکەی لە دێڕە شیعرێکی مەولاناوە وەرگرتوو، بە کەمێک دەستکارییەوە.

زمانی ڕۆمانەکە لە زۆر جێگادا زمانێکی تەواو شیعرییە کە ئەوەش لەگەڵ هەر کام لە هێڵەکانی عەشق و عیرفان، تەنانەت مێژوویی ڕۆمانەکەدا دەگونجێت جگە لەوەی چێژی خوێندنەوەی ڕۆمانەکە زیاتر دەکات، خوێنەر بێزارناکات و هێزی زمان دەگەیەنێتە ئاستێکی باڵا، لەگەڵ ئەوەشدا ڕوونی و نیانییەک لە شێوەی گێڕانەوەدا هۆکارێکی دیکەیە بۆ ئەوەی خوێنەر ماندوو نەکات و بەش لە دوای بەش لەگەڵیدا بڕوات.

دیارە شێوازی سادە و ڕوون لەئێستای جیهاندا یەکێکە لە سیماکانی ئەدەبی گێڕانەوە و زۆرترین ژمارەی ئەو نووسەرانەی پڕ خوێنەرن، خاوەنی زمانێکی سادەن بۆ گێڕانەوەیەکی ڕوون و بێ ئاڵۆزی، تەنانەت ساڵانێکە خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەبیات دەبەخشرێتە ئەو نووسەرانەی کە ئەو لایەنەی نووسین لەبەرچاو دەگرن، خوێنەری ئەمڕۆش بەو پێیەی لە تۆڕێکی چڕی وەرگرتن و پێوەندیدایە، بە ئاسانی دەستبەرداری هەر بەرهەمێکی ئەدەبی دەبێت کە بەرەو ئاڵۆزی و جۆرێک لە تێنەگەیشتنی بەرێت، بێگومان مەبەست لەم خوێنەرە، جۆرە هەرە ئاسایی و بەربڵاوەکەی خوێنەرانی ئەدەبیاتن کە زیاتر ڕۆمان دەخوێننەوە، لە پێناو وەرگرتنی چێژ و زانیاری و دروستکردنی سەرگەرمیدا.

هەردوو گەلی کورد و ئەرمەن وەک دوو گەلی بەرچاوی ڕۆژهەڵات لەم ڕۆمانەدا کراونەتە کەرەستەی دروستکردنی چیرۆک و ئەو بەسەرهاتە سەرەکییەی کە نووسەر مەبەستی بووە کاری لەسەر بکات، واتە کۆی ڕووداوەکان لە چوارچێوەی کەیسی ئەو دوو گەلەدا یاری دەکەن.

هەڵبەت نووسەرانێکی بەرچاو لە دنیای عەرەبیدا، بە تایبەت نووسەرە میسرییەکان بە جۆری جیاواز لە نووسین کاریان لەسەر

کـورد کـردووە، بـەڵام بەشـێکی کـەم لـە کارەکانیـان کراونەتـە کـوردی، ئەمـەش لـەو کەمتەرخەمییـە کولتوورییـەوە دێـت کـە کـورد ساڵانێکە گرتوویەتییەبـەر، ئەگـەر نا دەبـوو ئـەو بەرهەمانـە لـە مێـژە لـە بەردەسـتی خوێنەرانـی کورددا بوونایە، لانی کەم بۆ ئـەوەی خوێنـەری کـورد بزانێـت لـە چـاوی گەلانـی دیکـەوە چـۆن دەبینرێـت و هەڵدەسـەنگێنرێت؟

ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە، لـەم ڕۆمانـەدا نووسـەر چیرۆکێکـی تۆکمـە و چنـراوی هونەریـی سـازکردووە بـۆ ئـەوەی لـە ڕۆمانەکەیـدا پێمـان بڵێـت: بنەچـەی هـەردوو گەلـی کـورد و ئەرمـەن دەچنـەوە سـەر یـەک و وای نیشـان دەدات ئـەم دوو گەلـە لـە بنەچـەدا یەکـن و ئـەوەی لێکتـری جیاکردوونەتـەوە، کاریگەرییەکانـی ئایینـە، کـە وای کـردووە بـۆ دوو نەتـەوەی جیـاواز دابـەش ببـن، ئەمـە جگـە لـەوەی هـەرکام لـە چیرۆکەکانـی دیکـەی ڕۆمانەکـە سەرنجڕاکێشـن و خوێنـەر دەخەنـە بـەردەم خەیاڵێکـی ئیسـتێتیکی و هونـەری، هەروەهـا تواناییەکـی بـەرزی نووسـەر، کـە شـایەنی باسـە وەرگێـڕی ڕۆمانەکـە لـە عەرەبییـەوە بـۆ کوردی توانیویەتـی بـە ئاسـتێکی شـیاو توانایـی و لێهاتووییەکانـی نووسـەر نیشـان بـدات، سـەرباری سـەلیقەی خـۆی لـە کاری وەرگێڕانـدا.

ڕاسـتە لـە ڕابوردوودا لێرە و لەوێ کـورد بووەتە بابەتـی بەرهەمـی کاری ئەدەبـی گەلانـی دیکـە، بـەڵام ئـەوەی مایـەی نیگەرانییـە زۆرینـەی جـار پێگـەی کـورد لـە نـاو کارەکانیانـدا نەرێنـی بـووە و وێنەیەکـی دزێویـان بـۆی کێشـاوە، کـە نـەک شـانازی، بگـرە مایـەی شـەرمێکی گەورەبـوون، ئـەوەش بێگومـان هـۆکاری مێژوویـی و هەنووکەیـی خـۆی هەیـە، کـە بەداخـەوە هەندێـک نووسـەر ناتوانـن یەکێـک لـە پرەنسـیپەکانی نووسـین کـە مرۆڤبوونـە لەبەرچـاو بگـرن و مرۆڤانـە بڕواننـەوە کایـەی ئـەدەب و کاری تێـدا بکـەن، بۆیـە بـە مەبەسـت کاری لـەو شـێوەیە دەکـەن.

سـەرەنجام کاری ئـەم نووسـینە خستنەڕوویەکی کـورت و سـادەیە بـۆ ڕۆمانێکـی قەبـارە مامناوەنـد کـە بـە خوێندنـەوەی، خوێنـەر دەتوانێـت باشـتر لـە کـۆی لایەنەکانـی تـێ بـگات، بۆیـە ڕەنگـە باشـترین پێشـنیاز بـۆ خوێنـەران ئـەوە بێـت کـە ڕۆمانـی (لـە مێـژە مردبـووم) بخوێننـەوە.

# چەپکێک نامە

**ئا: سەرنووسەر**

*** نامەی یەکەم**

هەولێر- ٢٧-٩-١٩٦٩

کەریم مستەفا حەوێزی

برای بەڕێزم کاکە تاهیر ئەفەندی

دەستەکانت دەگوشم و داوای بەرزییەتیتان بۆ دەکەم. نامەی شیرینت هات و هەروەها حەمەعەلی ئەفەندی عومەر(١) نامەکەی عەبدولڕەزاقیشی (٢) دایە من، منیش پاشی سێ ڕۆژ کە زانیم کەسی وام چەنگ ناکەوێ بچێ بۆ بەغدا و عەبدولڕەزاقی پێ بدۆزرێتەوە، عینوانیم لە خزمێک وەرگرت و بە پۆستە بۆم نارد، پاش ئەوەی زەرفەکەیم لێ گۆڕی. عینوانەکەی ئەمەیە: {بغداد- وزارة شؤون الشمال- الحقوق - عبدالرزاق محمد بيمار}.

فەوزی عومەریش (٣) گەڕایەوە لە بەغدا، ئەو پەرتووکەکەی لە ڕەشاد عەلی (٤) وەرگرتووە و بردوویەتییە لای عەبدولڕەزاق لە وەزارەتی کاروباری سەروو، ئەویش بە ڕوویەکی خۆشەوە لێی وەرگرتووە بۆ ئەوەی بیبا بۆ نەقابەی مەرکەزی لە وەزیریە، هەروەک لەسەر کیتاب و زەرفە گەورەکەی نەقابەی هەولێردا نووسرابوو، کە مامۆستا نەقڵ بووەکان بۆ بەغدا ئینفیکاکیان کرد، هەندێکیان ڕادەسپێرم لەوێ ئەوانیش سەردانێکی نەقابەمان بۆ بکەن بۆ وەرگرتنی ئەنجامی کیتابەکەی فەرعی هەولێر، ئیتر سڵاو و ڕێزی بێپایانمان بۆ زێنەب خان، ئەگەر لە سەردانی ڕووناک خان (٥) گەڕابێتەوە و بووبێتە نەنکی کوڕان!

منداڵەکان دەستتان ماچ دەکەن و دایکیشیان زۆر سەلامی هەیە بۆ هەمووتان، ئیتر بە خوام سپاردن.


برات

ئیمزا

کەریم مستەفا

**پەراوێزەکان:**

(١) حەمەعەلی ئەفەندی عومەر: ناوی تەواوی حەمەعەلی عومەر کەریم ئاسنگەرە، لە کۆیە، ساڵی ١٩٤٤ لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٦٨ لە پەیمانگەی مامۆستایانی سلێمانی دەرچووە،


هەولێر ١٩٦٩/٩/٢٧ برای بەڕێزم کاکە طاهر أفندی
کریم مصطفی حوێزی دەستەکانت دەگوشم و داوای بەرزیت تیا بوو دەکەم . نامەی
شیرینت هات و هەروەها حەمە علی افندی عمر نامەکەی عبدالرزاقیشی دایە من
منیش پاشی سێ ڕۆژ کە زانیم کەسی وام چنگ ناکەوێ بچێ بۆ بەغدا و
عبدالرزاقی بۆ بدۆزێتەوە عینوانیم لە خزمێک وەرگرت و بە پۆستە
بۆم نارد پاشی ئەوەی زەرفەکەیم لێ گۆڕی . عینوانەکەی ئەمەیە :
[ بغداد - وزارة شؤون الشمال - الحقوق - عبدالرزاق محمد بیمار ] .
فوزی عمریش گەڕایەوە لە بەغدا . ئەو پەرتووکەی لە رشاد علی وەرگرتوە و
بردوویەتیە لای عبدالرزاق لە وەزارەتی کاروباری سەروو ، ئەویش بە ڕوویکی
خۆشەوە لێی وەرگرتوە بۆ ئەوەی بیبا بو نقابەی مرکزی لە وزیریە
هەروەک لەسەر کتاب و زەرفە گەورەکەی نقابەی هەولێر دانوسرابوو .
کە مامۆستا ئەو بووەکان بۆ بەغدا انتقالیان کرد هەندیکیان یادەبێژم
لەوێ ئەوانیش سەردانێکی نقابەمان بۆ بکەن بۆ وەرگرتنی ئەنجامی
کتابەکەی فرعی هەولێر .

یەکەم دامەزراندنی لە گوندی سماقووڵی گرتک بووە، مامۆستایەکی بەهرەمەند بووە و لە بواری نیگارکێشان و مۆمیاکردن — تحنیط چەندان پیشانگەی کردووەتەوە، ساڵی ٢٠٠٧ خانەنشین بووە، لە ٢٠٠٧/١٢/١٠ کۆچی دوایی کردووە.

(٢) عەبدولڕەزاق بیمار، (٣) فەوزی عومەر: فەوزی عومەر حەسەن، (٤) ڕەشاد عەلی، (٥) ڕووناک خان: ڕووناک تاهیر ئەحمەد حەوێزی، لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیانەوە نووسیومانە.

*** نامەی دووەم**

**هەولێر- کەریم مستەفا شارەزا- ئیمزا**

**١٩٧٠-٣-٣٠**

**مامۆستای بەڕێزم تاهیر ئەفەندی حەوێزی**

**هیوادارم تەندروست و ئاسوودە بن. ئیستیمارە پڕکراوەکانی ئێوەم بەدەست گەیشت و بە یەکێکی خۆیی ناردمن بۆ دوکتۆر مارف خەزنەدار (١)، (وە) ئەوا لەسەر داوای ئێوە (وە)، ٦ دانەی دیشم بۆ ناردن بزانن هی وەکوو مامۆستا محەمەدئەمین مەعرووف (٢)، یا میرزا محەمەدئەمین (٣)، یان کێی دی بە نووسەر و شاعیر دەزانن با پڕی بکەنەوە، با ناوچەی کۆیەش دەنگێکی بیستراوی هەبێ، (وە) ٤ دانەشم بۆ جەبار مەلا کەریم (ئاشنا) (٤) نارد لەگەڵ نامە بۆ ناوچەی ڕانیە، تکایە بۆم ڕەوان بکەن. ئەوانەی ئیستیمارە پڕ دەکەنەوە شەرت ئەوەیە هەیئەی موئەسیسە لە بەغدا باش بیاننا‌سن و بڕیار لەسەر وەرگرتنیان بدەن، لەوێش هی وەکوو دوکتۆر مارف و بیمار و دلێرمان (٥) هەیە بماننا‌سێنن بە هەیئەی دامەزرێنەر، لەوانەیە پێش کۆتایی هاتنی مانگی نیسان بانگ بکرێین بۆ کۆنگرە لە بەغدا، ئیتر زۆر سەلام لە براژنە زێنەب دەکەین.**

**لە هەولێریش (بەلەدییەی هەولێر)، موافەقەی دەرچواندنی گۆڤارێکی کوردی وەرگرتووە، محەمەد مەولوود (مەم) (٦) سەرەک نووسەرە، بە تەمان لە مانگی نیسان یەکەم دانەی دەربچوێنن (من و مەجید ئاسنگەر (٧) و غەمبار (٨) و مەم و نووسەرەکانی هەولێر لە یەکەم دانەدا وتار و شیعرمان بڵاو دەکرێتەوە و حەز دەکەین بۆ ژمارەکانی تر، ئێوەش کورتەچیرۆک، یا وتار بنێرن بۆ بڵاوکردنەوە، گۆڤارە (کە) لە قەبارەی گەلاوێژ و هیوادا دەبێ و نزیکەی ٨٠- ٩٠ لاپەڕە دەبێ.**


**(وە) لە بەغداش ژمارە دووی (دەفتەری کوردەواری) (٩) دەردەچێ بەم زوانە و شیعرێکی منی تێدا دەبێ بەناوی (لە ئەشکەوتێکا)، (وە) وتار و شیعریشم ناردووە بۆ (هاوکاری (١٠) و گۆڤاری بەیان (١١)). پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەم بە بۆنەی بوونە وەزیری (ی) کاک نافز (١٢)، دووەم وەزیری کۆیی و یەکەم حەوێزی!**

**لە بارەی مێژووی ژیان و وێنە و شیعری**

شاعیرانی ناوچەی کۆیەش، خۆم بە تەمابووم بێم بۆ کۆیە بۆ ئەم کارە، بەڵام وا دیارە بۆم ڕێک ناکەوێ، جا تکایە لە زاری منەوە تەبلیغی مامۆستایان {مەلا عاصی (١٣) و مەلا محەمەد (١٤) و کاک ڕۆستەم (١٥) و کاک عەونی (١٦) و جەلال جۆبار (١٧) و عوسمان ئاگر (١٨) و حەبیب ساکار (١٩) و مەولوود ژاکاو (٢٠)} بفەرموون بۆ ئامادەکردنی شیعر و مێژووی ژیان و وێنەیان، ئیتر خۆش بن.

**پەراوێزەکان:**

(١) د. مارف خەزنەدار: ناوی تەواوی (مارف عەبدولقادر مارف ئەحمەداغا ڕەسووڵ ئاغای خەزنەدار، لە ١٩٣٣/١١/١ لە هەولێر لە دایک بووە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، ساڵی ١٩٥٧ بەشی زمانی عەرەبی لە بەغدا تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٨ بڕوانامەی دوکتۆرای لە سۆڤێتی جاران بە دەستهێناوە، تا ساڵی ١٩٨١ مامۆستای زانکۆ


هەولێر - کریم مصطفی شارەزا
١٩٧٠/١٢/٢٠ مامۆستای بەڕێزم طاهر افندی حوێزی
هیوادارم تەندروست و ئاسوودە بن. ١ ژمارە بڵاوکراوەکانی
ئێوەم بەدەست گەیشت و بە یەکێکی خۆی ناردم بۆ دوکتۆر
مارف خەزنەدار. وەکوو لە سەر داوای ئێوەوە ٦ دانەی
دیشم بۆ ناردن بزانن هی وەکوو مامۆستا محمد امین معروف یا میرزا
محمد امین... یان کێی دی کە بە نووسەر و شاعیر دەزانن با پێی بگەنەوە
با ناوچەی کۆیەش دەنگێکی بیستراوی هەبێ. وە ٤ دانەم
بۆ جبار مەلاکەریم (ئاشنا) نارد لەگەڵ نامە بۆ ناوچەی رانیە
تکایە بۆم رەوان بکەن. ئەوانەی ١ ژمارە پێم دەگەنەوە
شەرتە ئەوەیە هەریەکەی مۆسسە لە بەغدا باشی بیان باس
و بڕیار لە سەر وەرگرتنیان بدەن. لەوێش هی وەکوو دوکتۆر
مارف و بیمار و دلێر ... هەیە بجانە ناسێنن بە هەریەکەی دامەزرێنەر
لەوانەیە پێش کۆتایی هاتنی مانگی نیسان بانگ بکرێین بۆ کۆنگرە
لە بەغدا. ئیتر زۆر سڵاو لە برازنە زینەب دەکەین.

بووە، هەر لەو ساڵەدا خانەنشین بووە، لە ٢٠١٠/١٠/٢٥ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە.

(٢) محەمەدئەمین مەعرووف (٣) میرزا محەمەدئەمین، لە ژمارەکانی پێشوودا لەبارەیانەوە نووسراوە.

(٤) جەبار مەلا کەریم (ئاشنا): ناوی تەواوی (جەبار مەلا کەریم محەمەد ئەمین)ـە، لە شاری کۆیە، گەڕەکی بەفریقەندی، لە ساڵی ١٩٣٥ لە دایک بووە، دایکی ناوی خەجیجەیە، کچی (مەلا ڕەسووڵ بێتووشی)یە، لە خێزانێکی کاسب پەروەردە کراوە، شاعیرێکی سەر بە بەرەی چەپ بووە، ئارەزووی وێنەگرتنی هەبووە، دیوانە شیعرێکیشی هەبووە، ڕۆژی ١٩٩٥/١/٨ بە گوللەیەکی وێڵ، بە هەڵە لە شاری ڕانیە کوژراوە.

(٥) دلێر: مەبەست لێی خالید دلێرە، کە ناوی تەواوی (خالید مام واحید ئەحمەد مەلا سولەیمان زاهیر)ـە، لە شاری کۆیە، لە ١٩٣٣/٨/٢٠ لە دایک بووە، ڕۆژی ٢٠١١/١٢/١٦ کۆچی دوایی کردووە، دەرچووی قۆناغی دوا ناوەندی بووە، فەرمانبەر بوو، چەندان جار تووشی ئەشکەنجە و گیران بووە.

(٦) مەم (محەمەد مەولوود)، (٧) مەجید ئاسنگەر، (٨) کەمال غەمبار، لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیانەوە نووسراوە.

(٩) دەفتەری کوردەواری: لە دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، ئەو بڵاوکراوەیە بە شێوەی کتێب (٣) ژمارەی لێ دەرچوو، هەر ژمارەیەکی کۆمەڵێ نووسینی باشی لەلایەن چەند نووسەرێکی ناسراوەوە تێدا نووسراوە، ئەو بڵاوکراوەیە لەژێر چاودێری جەمال خەزنەدار دەرچوون، لە چاپخانەی ئەسعەد، لە بەغدا چاپ کراون، نرخەکەی تەنیا ١٥٠ فلس بووە.

(١٠) هاوکاری (١١) بەیان، پێشتر لە بارەیانەوە نووسراوە.

(١٢) نافیز جەلال حەوێزی: ناوی تەواوی (نافیز جەلال ئەسعەد حەوێزی)یە، ساڵی ١٩٢١ لە کۆیە، لە خێزانێکی ناسراو و کوردپەروەر لە دایک بووە. ساڵی ١٩٤٦ کۆلێژی سەربازی بەشی تۆپچی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٣ گوێزراوەتەوە بۆ بەسرە، دواییش پێوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە دەکات. دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ دەکرێتە وەزیری کشتوکاڵ. ڕۆژی ١٩٧٢/٧/١٠ نزیک گوندی دارەمان/ شوان، بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل گیانی لە دەست داوە، گومان دەکرێت ڕووداوەکە بە پیلانی ڕژێمی بەعس بووبێت.

(١٣) عاصی (١٤) مەلا محەمەد (١٥) ڕۆستەم حەوێزی (١٦) عەونی (١٧) جەلال جۆبار، لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیانەوە نووسراوە.

(١٨) عوسمان ئاگر: ناوی تەواوی عوسمان عومەر مام یەحیایە، شاعیر و کەسایەتی ناسراوی شاری کۆیەیە، ساڵی ١٩٣١ لە شاری کۆیە لە دایک بووە، نازناوی شیعریی پشکۆ بووە، لە شەڕی ناوخۆ، لە ١٩٩٥/٥/٢١دا (٣) کوڕی شەهید کراون، دواتر لە شاری هەولێر نیشتەجێ بووە، خاوەنی (١) دیوانە شیعرە بەناوی (بەهاری چل چیا) کە لە ساڵی ٢٠٢٠ بۆی چاپ کراوە، ڕۆژی ٢١-٢٠٠٠/١٢/٢٢ کۆچی دوایی کردووە و لە شاری هەولێر بە خاک سپێردراوە.

(١٩) حەبیب ساکار، (٢٠) مەولوود ژاکاو: لە ژمارەکانی ڕابوردوودا لە بارەیانەوە نووسراوە.

*** نامەی سێیەم**

**هەولێر**

**<u>چاخانەی نامیق عەبدولڕەحمان</u>**


**١-٦-١٩٧٠**

**کەریم شارەزا**

**برای بەڕێزم مامۆستا تاهیر ئەفەندی حەوێزی**

دەستەکانت دەگوشم و هەردەم داوای سەرکەوتن و تەندروستیتان بۆ دەکەم. برا ئەوا ١٤ دینارم بۆ ناردی لە پارەی کتێبەکانی کە فرۆشراون تا ئەمرۆ، سەری ئەم مانگە شێخ جەلالی سەید ئەحمەد (١) لە موحاسەبەی ئیبتیدائی دانیشتبوو، هەر مامۆستا (یا)یەی دانەیەکی پێ ئەفرۆشت، توانی بایی ٨,٤٠٠ دینار بفرۆشێ، خۆشم ئەوی ترم فرۆشتییە. دانەیەکم بۆ هەدیە، پێشکەش بە شێخ جەلال کرد لە جیاتی تۆ هەقی ئەو هیممەتەی کە کردی، ئیتر هەر خۆش بن برا.

سەلامی زۆرمان بۆ زێنەب خان و منداڵەکان. مردنی بیلال ئەفەندی (٢) جێگەی داخ بوو، تازیەنامەم بۆ داکی ئازاد (٣) و کاک واقف (٤)


هەولێر
چاخانەی نامیق عبدالرحمن
١/٦/٩٧٠ برای بەڕێزم مامۆستا طاهر افندی حویزی
کەریم شارەزا
دەستەکانت دەگوشم و هەردەم داوای سەرکەوتن و تەندروستیتا
بۆ دەکەم. برا ئەوا ١٤ دینارم بۆ ناردی لە پارەی
کتێبەکانی کە فرۆشراون تا ئەمرۆ، سەری ئەم مانگە شێخ
جلالی سید احمد لە محاسبەی ابتدائی دانیشتبوو هەر مامۆستایەی
دانەیەکی پێ ئەفرۆشت، توانی بایی ٨,٤٠٠ دینار
بفرۆشێ خۆشم ئەوی ترم فرۆشتیە. دانەیەکم بە
هدیە پێشکەش بە شێخ جلال کرد. لە جیاتی تۆ هەقی
ئەو هیممەتەی کە کردی. ئیتر هەر خۆش بن برا
سەلامی زۆرمان بۆ زینەب خان و منداڵەکان. مردنی
بلال افندی جێگەی داخ بوو تازیە نامەم بۆ داکی ئازاد و
کاک واقف نارد وە وەلامم وەرگرتووە .. خوا یارمەتی بۆ سەعادە
خۆشیش هەر دێمە سەردانیان،
براکەت

نـارد و وەڵامـم وەرگرتـەوە. خـوا یـار بـێ بـۆ سەرەخۆشـیش هـەر دێمـە سـەردانیان.

برات

ئیمزا

پەراوێزەكان:

(١) شێخ جەلالی سـەید ئەحمـەد، (٢) بیـلال ئەفەنـدی، (٣) داكـی ئـازاد: مەبەسـت دایكـی (ئـازاد بیـلال بەهائەددین)ـە كـە نـاوی (فاتمـە عەلـی قادر)ـە، (٤) كاك واقـف، لـە ژمارەكانـی پێشـوودا لـە بارەیانـەوە نووسـراوە.

*** نامەی چوارەم**

هەولێر

١٩٧٠-٧-٣١

برای بەڕێزم كاك تاهیر ئەفەندی حەوێزی

دەسـتەكانت دەگوشم و هەردەم داوای تەندروستی و كارگوزاریتـان بـۆ دەكـەم. بـرا وا دینارێكـی كۆنـە قـەردی كتێبەكانـی مێژووی كۆیـەم بـۆ وەرگرتـی و بـۆم ڕەوان كـردی، هەرچەنـدە دواش كـەوت.

بـرا: ئـەو بەینـەی كـە ئێـوە لـە هەولێـر بـوون زۆر پـڕ ئیـش و سـەرقاڵ بـووم بـە وەرگێڕانـی كتێبەكـەی جوغرافیـای یەكـی متەوەسـتە، لـە ٢٠ -٧ تەواومـان كـرد، هەروەهـا لیژنـەی ڕیازیاتیـش لـێ بوونـەوە و بەدەسـت ناردمانـە بەغدا، زۆریـان ڕا لێیـە، گوتیتیـان هەولێـر دەسـتی خـۆی پێـش خسـت، لە پێش لیژنەكانی سلێمانی لەخۆبوونەوە، بـە قسـەی كاربەدەسـتانی دیراسـەی كـوردی (١) بـەم زووانـە دەكەونـە ژێـر چـاپ بـۆ ئـەوەی لـە سـەرەتای سـاڵی دیراسـی (ی) نـوێ ئامـادە بـن، ئیتـر زۆر سـڵاو و ڕێزمـان بـۆ زێنـەب خـان، چـاوی وردیلـەكان مـاچ دەكـەم. داكـی پشـتیوان زۆر سـەلامی هەیـە، بـە خواتـان ئەسـپێرم.


ئیمزا

برات

كەریم شارەزا

پەراوێزەكان:

(١) دیراسـەی كوردی: بەڕێوەبەرێتیی خوێندنی كـوردی لـە بەغـدا، بەپێـی یاسـای ژمـارە ٢٢ی ١٩٧٢/٤/٣٠، بە بڕیاری ئەنجوومەنی سـەركردایەتی شـۆڕش (مجلس قیادة الثورة)، ژمـارە ٢٧٢، ئـەم بەڕێوەبەرایەتییـە لـە وەزارەتـی كاروبـاری باكـوور بەنـاوی (مدیریـة الدراسـة الكردیـة) دامـەزراوە، بەپێـی ئـەو بڕیـارە بەڕێوەبەرێكـی گشـتی بەڕێوەی دەبات، ئـەو بەڕێوەبـەرە دەبـێ خاوەنـی بڕوانامەیەكـی بـاڵا بـێ، شـارەزایی تـەواوی لـە كاروبـاری پـەروەردە و فێركـردن هەبـێ، بەرانبـەر بـە وەزیـر، لـە كار و كردەوەكانـی بەرپرسـیارە، بە تایبەتـی ئـەو پـلان و بەرنامـە پەروەردەییانـەی دەسـتەی پلاندانانی پەروەردەیی دایان دەنێ، یان ئەنجوومەنـی پـەروەردە لـە وەزارەتـی پـەروەردە


هەولێر
١٩٧٠/٧/٣١
برای بەڕێزم كاك طاهر افندی حوێزی
دەستەكانت دەگوشم و هەردەم داوای تەندروستی و كارگوزاریتان
بۆ دەكەم. برا وا دینارێكی كۆنە قەردی كتێبەكانی مێژووی
كۆیەم بۆ وەرگرتی و بۆم ڕەوان كردی، هەرچەندە دواش كەوت
برا: ئەو بەینەی كە ئێوە لە هەولێر بوون زۆر پڕ ئیش و
سەرقاڵ بووم بە وەرگێڕانی كتێبەكەی جوغرافیای یەكەم متوسطە
لە ٢٠/٧ تەواومان كرد، هەروەها لیژنەی ریاضیاتیش
لێ بوونەوە و بەدەست ناردمانە بغدا زۆریان ڕا لێیە
گوتیتیان هەولێر دەستی خۆی پێش خست لە پێش لیژنەكانی
سلیمانی لەخۆ بوونەوە، بە قسەی كاربەدەستانی دراسەی
كوردی بەم زووانە دەكەونە ژێر چاپ بۆ ئەوەی لە سەرەتای
ساڵی دراسی نوێ ئامادەبن، ئیتر زۆر سلاو و ڕێزمان بۆ زینەب خان
چاوی وردیلەكان ماچ دەكەم. داكی پشتیوان زۆر سلاوی هەیە.

دەریان دەچوێنێ. ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە بریتییە لە (٨) بەڕێوەبەرایەتی، وردەکاری ئەرکەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییە و هەر (٨) بەڕێوەبەرایەتییەکەی، بە پێویست نەزانرا لە بارەیانەوە بنووسین.

### * نامەی پێنجەم

هەولێر


١٨-٤-١٩٧١

برای شیرینم کاک تاهیر ئەفەندی

ڕۆژتان باش: هیوادارم هەردەم تەندروست و بەختەوەر بن لە ژیاندا. کاکی خۆم ئەو نامەی کە بەدەست ناردبووت و لە ڕۆژی ٨-٤دا نووسرابوو، دوێنێ ئێوارە بەدەستم گەیشت، نازانم بۆ وا دواکەوتبوو. (ڕێگەی دوور)م (١) ناردە کۆیە بۆ لای فەرەیدوون (٢) و کاک مەجید ئاسنگر(٣)، (وە) بە تەمام ٥،٤ دانەش لە نووسەری کورد (٤) بنێرم بۆتان و دانەی بە ١٢٥ فلسە، پارەکەش سەری مانگ بنێرن. برا نووسیبووت کتێبی (تەئریخ) و جوغرافیەی چاپی تازەی کوردی، هی پۆلی شەشەمم بۆ بنێرە. برا خوا ئاگادارە ئەم ساڵ بە قەدەر قوتابییەکانمان کتێب(م) لە مەخزەن وەرگرتووە، بە تایبەتی کتێبە نوێیەکان. ئەمڕۆ فەڕاشەکەمان دەنێرم بۆ مەخزەن، ئەگەر مابن سەرودانەت بۆ بکڕن. من هەموو جارێ سەرکۆنەی مەعاونەکەم دەکەم لەسەر ئەوەی کتێب تەنیا بە قەدەر ژمارەی قوتابیان دەینێ، من دەڵێم با چەند دانە زیاد بێ بۆ قوتابی نوێ و نەقڵ کراو بۆ قوتابخانەمان.

برا کاک مەجید ئاسنگر ئاگاداری کردیین کە لە ٣٠-٤-١٩٧١ ئاهەنگی یادکردنەوەی حاجی قادر دەگێڕن، ئێمەش لێرەدا ئەم هەواڵە گرنگە بە گوێچکەی هەموو ئەدەب دۆستێک ئەدەین تا لە ڕۆژی ناوبراودا بە مەوکبێکی ڕێکوپێک بێین بۆ بەشداربوون لە ئاهەنگەکەدا، بەڵام وا پەسندە کە لە دوای نیوەڕۆوە دەست پێ بکا، هەتا خەڵک بتوانێ لە بەیانی ڕۆژی هەینی ٣٠-٤ بەڕێ بکەوێ و پاش نیوەڕۆ بەشداری بکا لە ئاهەنگەکەدا، لە دەوروبەری سەعات ٣ تا ٣,٥ بێ.

برا: دوو وێنەم بۆ ناردنەوە هی کۆنفراسی یەکێتییەکەمان، هیوادارم دانەی کاک مەجیدت تەسلیم کردبێ. هیوادارم بەشی یەکەمی شەوچەرە زوو بکەوێتە بازاڕەوە، کە هات ئامادەم بۆت بەسەر هەموو کتێبخانەکاندا دابەش بکەم و لە کۆیەش سکاڵایێک بۆ پارێزگاری هەولێر(٥) بنووسە بۆ ئەوەی تەشجیعی کتێبەکەت بکەن بە بڵاوکردنەوەی بەسەر قوتابخانە و دائیرەکانی پارێزگای هەولێردا. ئەوکات ئەتوانین سەرو دانەیێک، یا دوو دانە بدەینە قوتابخانەکانی هەولێر تا بۆ مەکتەبەکانیان ب(ی)کڕن.


هەولێر　برای شیرینم کاکە طاهر افندی
١٨/٤/٩٧١
ڕۆژتان باش، هیوادارم هەردەم تەندروست و
بەختەوەر بن لە ژیاندا. کاکی خۆم ئەو نامەی
کە بەدەست ناردبووت و لە ڕۆژی ٨/٤ دا نووسرابوو
دوێنێ ئێوارە بەدەستم گەیشت نازانم بۆ وا دواکەوتبوو
ڕێگەی دوورم ناردە کۆیە بۆ لای فەرەیدوون و کاک
مجید ئاسنگر. وە بە تەمام ٤،٥ دانەش لە نووسەری
کورد بنێرم بۆتان و دانەی بە ١٢٥ فلس، پارەکەی
سەری مانگ بنێرن. برا نووسیبووت کتێبی (تاریخ)
و جوغرافیەی چاپی تازەی کوردی هی پۆلی شەشەم

بە کاک مەجید ئاسنگر بڵێ نامەکەی و بەشە تەرجەمەکراوەکەی گەیشتن و سەلامی لێ بکە، ئیتر هەر خۆش بن.

برا وا تەئریخەکەم بۆ لە مەخزەن کڕی بە ۹۰ فلس، جوغرافیا نییە. (وە) (٥) دانەم لە نووسەری کورد بۆ ناردن، دانەی بە ١٢٥ فلسە.

ئیمزا

برات

١٨-٤-١٩٧١

**پەراوێزەکان:**

(١) ڕێگەی دوور: کۆشیعرێکی م. کەریم شارەزایە، ساڵی ١٩٧١ لە چاپخانەی نوعمان، لە نەجەف، چاپ بووە، (٦٨) لاپەڕەیە، بە یارمەتی وەزارەتی کاروباری باکوور چاپ کراوە.

(٢) فەرەیدوون، (فرەیدوون محەمەد حەمەد مستەفا) (٣) مەجید ئاسنگر، (٤) نووسەری کورد (گۆڤار)، لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیانەوە نووسراوە.

(٥) پارێزگاری هەولێر: ساڵی ١٩٧١ پارێزگاری هەولێر ناوی عەبدولوەهاب ئەترووشی بووە.

*** نامەی شەشەم**


هەولێر

٣-٨-١٩٧٥

برای بەڕێزم مامۆستا تاهیر ڕۆژتان باش.

هیوادارم هەردەم تەندروست و ئاسوودە بن. ئەم سەرە مانگە حسابێکم لەگەڵ کتێبخانەی سوڵاف (١) و لقەکەی و کتێبخانەی هەولێر کرد، بە هەرسێکیان ٤٤ دانە شەوچەرەیان فرۆشت، وا پارەکەیانم بۆ ناردن (٤٤ X ١٦٠)، پاش گێڕانەوەی ٢٠٪ی فرۆشیار (خاوەن کتێبخانە)، دەکات ٧,٠٤٠ دینار، کتێبخانەی خۆشناو (٢) کە ئێستا خاوەنەکەی ناوی ناوی (المعرفة)، چوار پێنج دانەی فرۆشتبوو و خستبوویە بن کتێبان، جارێ حیسابم لەگەڵ نەکرد، تەنها ئەوە نەبێ کتێبەکانم پێ هێنایە بەردەمی کتێبخانە و با بزانم پاش ماوەیەکی دی چەندیان لێ دەفرۆشێ و لەگەڵ حیسابی جاری دووەمی کتێبخانەکانی دی، حیسابی لەگەڵ دەکەم، ئێستا ئەوا ٤٤ دانە سەرف بووە و ماوە ٥٤، هەرچۆنێک بێ لە هەولێر، لە هەموو جێیەکی دی باشتر ساغ بۆوە و کەوتە بەردەستی خوێندەواران، ئێدی با ئەوەندە پارە معاشە گچکەلەی سەردەمی (مەکتەبی شەوێ)ت بێ، ئەگەر موزرەکی (٣) بۆ پەیدا نەبێ!

ئێدی داکی پشتیوان زۆر سەلام لە جەنابتان و زێنەب خان دەکا و جەلالەددین ئێواران لە یانەی فەرمانبەران بە زۆری بەیەکەوە دادەنیشین، تەندروست و پۆشتە و پەرداخە و زۆر سەلامی هەیە بۆتان. زۆر سەلام لە مامۆستا عەبدولمەجید و کاک سەمەد و کاک ئیسماعیل و


هەولێر
١٩٧٥/٨/٢
برای بەڕێزم ماموستا طاهیر ڕۆژتان باش
هیوادارم هەردەم تەندروست و ئاسوودە بن. ئەم
سەرە مانگە حسابێکم لەگەڵ کتێبخانەی سولاف و لقەکەی و
کتێبخانەی هەولێر کرد بە هەرسێکیان ٤٤ دانە شەوچەرەیان
فرۆشت وا پارەکەیانم بۆ ناردن (٤٤ X ١٦٠) پاش
گێڕانەوەی ٢٠٪ی فرۆشیار (خاوەن کتێبخانە) دەکات
٧,٠٤٠ دینار، کتێبخانەی خۆشناو کە ئێستا خاوەنەکەی
ناوی ناوە (المعرفة) چوار پێنج دانەی فرۆشتبوو وخستبوویە
بن کتێبان، جارێ حسابم لەگەڵ نەکرد، تەنها ئەوە نەبێ
کتێبەکانم پێ هێنایە بەردەمی کتێبخانە و با بزانم پاش

سـەمەدئەفەندی و کاک حیسـامەددین دەکـەم و خواتـان لەگـەڵ.

برات

ئیمزا

کەریم مستەفا شارەزا

(١) کتێبخانـەی سۆلاف (٢) کتێبخانـەی خۆشناو (المعرفـة): لـە ژمارەکانـی پێشـوودا لـە بارەیانـەوە نووسراوە.

(٣) مـوزرەک: ئەگـەر کەسێکی زیانبەخشـی بـۆ پەیدا نەبێ.

*** نامەی حەوتەم**

بەڕێز مامۆستا تاهیر حەوێزی

دەتوانـن سبەی، یـان ڕۆژی شـەموو زوو سـەر لـە ئەمانەتـی گشـتی (ی) ڕۆشـنبیری و لاوان لـە هەولێـر بـدەن بـۆ عەقـدی کتێبەکـە و سـلفە وەرگرتـن، چونکـە دوای بەدواداچوونـی کاک سـەرداری سـکرتێری (١) تەعضید وای پـێ گوتـم و موافەقـەی وەزارەتـی مالیـە هاتـووە.

برات


ئیمزا

کەریم مستەفا شارەزا

٧-٣-١٩٨٤

**پەراوێزەکان:**

(١) کاک سـەرداری سـکرتێری تەعضید: مەبەست لێـی (سـەردار عەبدولحەمید میران)ـە، لـە ڕێکەوتی ١٩٤٠/٦/٢٢ لـە ڕەوانـدز لـە دایـک بـووە، قۆناغـی ئامادەیـی لـە هەولێـر تـەواو کـردووە، سـاڵی ١٩٦٢ بـۆ خوێنـدن چووەتـە ئەڵمانیـای ڕۆژئـاوا، بـەڵام خوێندنـی ئەوێـی پـێ تـەواو نەکـراوە، لـە سـاڵی ١٩٦٩ گەڕاوەتـەوە وڵات و لـە بەغـدا پەیمانگـەی ڕۆژنامەوانـی تـەواو کـردووە. باوکـی لـە سـەردەمی پاشـایەتی تـا شۆڕشـی (١٤)ی تەممـوزی ١٩٥٨ لـە سـپا ئەفسـەر بـووە، لـەو سـاڵەوە خانەنشـین کـراوە. سـەرەتای دامەزراندنـی لـە بەغـدا، لـە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری بـووە، دواتـر لـە سـاڵی ١٩٧٣ لـە بەڕێوەبەرێتیـی ڕۆشـنبیریی کـوردی کاری کـردووە، لەوێـوە بـۆ ئەمینداریێتیـی ڕۆشـنبیری و لاوان لـە هەولێـر گوێزراوەتـەوە. لـە ژمـارە (١)ـەوە سـکرتێری نووسـینی گۆڤـاری کاروان بـووە، کـە لـە سـاڵی ١٩٨٢ لەلایـەن ئەمنیداریێتیـی ڕۆشـنبیریی و لاوان دەرچـووە. خاوەنـی ئیمتیـازی گۆڤـاری (شـەقڵاوە) بـووە، تـا ڕاپەڕینـی ١٩٩١ زۆر پلـە و پۆسـتی کارگێـڕی بینیـوە، لە وەزارەتی ڕۆشـنبیریی حکومەتـی هەرێمـدا دوا پلـەی بەڕێوەبـەری گشـتیی دیـوان بـووە، زمانەکانـی کـوردی و ئەڵمانـی زانیوە، (٢) کتێبـی چاپکراوی هەیـە، لـە یەکێکیاندا لەگەڵ م. کەریـم شـارەزا هاوبەشـە، لـە ٢٠٠٥/١١/٢٣ لـە هەولێـر کۆچـی دوایـی کـردووە.


بەڕێز مامۆستا طاهر حەوێزی
دەتوانن سبەی یان ڕۆژی شەموو زوو سەر لە ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان لە هەولێر بدەن بۆ عقدی کتێبەکەو سلفە وەرگرتن. چونکە دوای بەدوا داچوونی کاک سەردار ی سکرتێری تەعضید وای پێ گوتم و موافقەی وەزارەتی مالیە هاتووە.
برات
کەریم مستەفا شارەزا
٧/٣/١٩٨٤

به بۆنەی بیست و شەشەمینساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# لە هەر ژمارەیەکی گۆڤاری (ڕامان)دا ئەوانەی بابەتیان بڵاو دەکرێتەوە، هەڵگری بیروڕای جیاوازن

**ئیسماعیل بەرزنجی**

دووبارە دەرچوونەوەی گۆڤاری ڕامان، لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا، هەموومانی دڵشاد کرد، چ ئەوانەی زۆر وتار و بابەتیان تێدا بڵاوکردووەتەوە، چ کەمنووسێکی وەک من.

سێ چوار برادەر بە یەکەوە دانیشتبووین، یەکێک لەوان قسەیەکی زۆر جوانی کرد و گوتی:

– بەڕاستی ئازاد عەبدولواحید، عاشقی ڕامانە. نووسەر، بە تایبەتی ئەگەر ئەدیبیش بێت و ئەرکی دەرکردنی گۆڤارێکی ئەدەبی لە ئەستۆ بگرێت، بێگومان عەشقی بۆ پیشەکەی لەناو گۆڤارەکەدا ڕەنگ دەداتەوە، من لەوەتەی ئازاد عەبدولواحید دەناسم، لە کار و ژیانی ئەدەبی خۆیدا نووسەرێکی جیددی بووە، لەناو ژاوە ژاوە و هەرا و هۆریادا، زۆر هێمنانە بیری کردووەتەوە.

ڕامان، لە تەمەنی خۆیدا، چەندان هەوراز و نشێوی دیوە، جاری وا هەبووە بە عاستەم نووزەی لەبەروە هاتووە، بەڵام کۆڵی نەداوە، هۆکاری ئەمەش بۆ جیددییەت و دڵسۆزی سەرنووسەر و ئەو دوو سێ کارمەندە دڵسۆزە دەگەڕێتەوە کە کاری تێدا دەکەن.


یەکێک لە نیشانە هەرە جیاکەرەوەکانی ڕامان ئەوەیە، کە لە مەعمەعە و پەتای سیاسەت، خۆی بە دوور گرتووە، لە هەر ژمارەیەکدا ئەو نووسەرانەی بابەتیان بڵاودەکرێنەوە، هەڵگری بیروڕای جیاوازن، بۆی هەیە لەنێوان خۆیشیاندا کۆک نەبن، بەڵام لەبن ساباتی ڕووگەشیی (ڕامان) دا یەکیان گرتووە.

نووسەر و ڕەخنەگر و شاعیری ناسراوی عێراق، عەلی جەعفەر عەللاق، کە بەم دواییانە خەڵاتێکی گەورەی پێ بەخشرا، دەڵێت:

– ئەم خەڵاتە لە پای دەقەکانم نییە، بەڵکوو فەزڵەکەی بۆ گۆڤاری – الأقلام – دەگەڕێتەوە کە سی ساڵ سەرنووسەری بووم.

ئومێدەوارم ڕامان، هەنگاوی دیکەی پڕ لە داهێنانی بەدواوە بێت، ئەگەر بارودۆخ لەبار بوو پڕۆژەی جوانتر بخاتە سەر ڕەوسەی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی، هیوای بەردەوامی و لەشساغی بۆ هاوڕێی دێرینم ئازاد عەبدولواحید دەخوازم، پەنجە و پەڕەمووچی قەرەنی جەمیل و سەرکەوت وەلی و باسم ڕەسام و کەریم سۆفی ماچ دەکەم، کە لەو گۆڤارە موعتەبەرەدا داهێنانی خۆیان نمایش دەکەن.



# پرۆژەی ساغکردنەوەی دیوانی شاعیران، لە ڕوانگەی عەرووزناسییەوە

د. یادگار ڕەسووڵ باڵەکی
(زانکۆی سۆران- سەنتەری توێژینەوەی زانستی)

لە مێژووی کورددا سامانێکی گەورەی ئەدەبی ماوەتەوە، کە بریتییە لە شیعری کلاسیکی کوردی. کەم تا زۆر شاعیران ناسێنراون و شیعرەکانیان ساغ کراونەتەوە و چاپ کراون. ئێستا بە دەیان، بگرە بە سەدان دیوانی چاپکراوی شاعیرانی کلاسیکی کوردی لەبەردەستدان و نووسەران و ئەکادیمیان و خوێنەران بۆ خوێندنەوە و توێژینەوە پشت بەو دیوانە چاپکراوانە دەبەستن.

وێڕای هەوڵی دڵسۆزانە و ماندووبوونی هەموو ئەو کەسانەی کە کاریان لەسەر ئەو دیوانانە کردووە، لە کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و لێکدانەوەی شیعری شاعیران، کە ئەمە جێی دەستخۆشی و پێزانینە، بەڵام گرفتێکی گەورە لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو دیوانانەدا هەیە، کە لەسەر بنەمایەکی عەرووزی ساغ نەکراونەتەوە.

عەرووز زانستێکە تایبەتە بە کێش و ڕیتم و مۆسیقای شیعری کلاسیکی و کۆمەڵێک پێوەر و بنەمایە، کە شیعری کلاسیکی پێ دەپێورێت. زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی کوردی، کێشی عەرووزییان لە شیعرەکانیاندا بەکار هێناوە. بەشێک لەوانەی شیعری کلاسیکی کوردییان ساغکردووەتەوە زۆر تەواو شارەزای زانستی عەرووز نەبوون و نین، بۆیە نەیانتوانیوە شیعرەکان لەسەر بنەمایەکی ڕاستودروست ساغ بکەنەوە و لەنگییان تێکەوتووە. بەشێکی تریان ئەگەرچی تا ڕادەیەک شارەزاییان لە زانستی عەرووز هەبووە، دیوانی شاعیرانیان باشتر ساغ کردووەتەوە، بەڵام کاری ئەوانیش بێ کەموکورتی نییە و بە باشی نەچوونەتە ناو وردەکارییەکانی زانستەکە و لە بەشێکی هەوڵەکانی ئەوانیش لەنگی و کەموکورتی هەیە.

بیرۆکەی ئەو پرۆژەیە لەوەوە سەری گرت، کە بۆ توێژینەوە و خوێندنەوەی شیعری کلاسیکی، هەمووان پشت بەو دیوانە چاپکراوانە دەبەستن، لە کاتێکدا لەنگی و کەموکورتییان لە ڕووی کێش و مۆسیقای عەرووزییەوە تێدایە، بۆیە لەم پرۆژەیەدا یەکە بە یەکەی ئەو دیوانە چاپکراوانەی شاعیرانی کلاسیکی کوردی دەهێنینەوە ناو دنیای توێژینەوە و لە ڕوانگەی زانستی عەرووزییەوە لێیان دەکۆڵینەوە و بە وردی لەنگی و کەموکورتییەکان دەستنیشان دەکەین و بەپێی بنەما و پێوەرەکانی زانستی عەرووز چارەسەریان دەکەین.

ئەم پرۆژەیە دەمێکە دەستی پێ کردووە و تا ئێستا دیوانی دوو لە شاعیران لە ڕوانگەی عەرووزییەوە ساغ کراونەتەوە، یەکەمیان دیوانی (نالی)یە، کە بووەتە پرۆژەی دوکتۆراکەمان بە ناوونیشانی (عەرووز وەکوو پێوەرێک بۆ ساغکردنەوەی شیعری نالی) و لە شێوەی کتێبێکی ٦٢٠ لاپەڕەیی لە کتێبخانەکاندا بەردەستە. دووەمیان دیوانی (مەلای جزیری)یە، کە پێنج توێژینەوەمان لەو بوارەدا پێشکەش بە گۆڤارە زانستییەکانی زانکۆکان کردووە و بڵاو کراونەتەوە. ئێستا کار لەسەر دیوانی سالم دەکەین و بەم نزیکانە کۆمەڵێک توێژینەوەی تری تایبەت بە شیعرەکانی سالم بڵاو دەکەینەوە.

ئەم پرۆژەیە بۆ شاعیرانی تری کلاسیکی کوردی بەردەوام دەبێت، یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی ئەو دیوانانە جارێکی تر و لەسەر بنەمایەکی عەرووزی و بەبێ لەنگی و کەموکورتی لە چاپ بدرێنەوە، دەرەنجامی ئەو کارانەمان دەبێتە مایەی ئاسانکاری بۆ نووسەران و ئەکادیمیان و خوێنەران، کە ڕاستودروستترین دەقی شیعری شاعیرانی کلاسیکییان لەبەردەستدا بێت.